# ئەدەب و دیالۆگ

# ئەدەب و دیالۆگ

## کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی

**وەرگێڕانی**

سەنگەر زراری

هەولێر - ٢٠١١

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ئەدەب و دیالۆگ**
- **کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی**
- **وەرگێڕانی:** سەنگەر زراری
- **نەخشەسازی ناوەوە:** رێدار جەعفەر
- **پیتچنین:** وەرگێڕ
- **بەرگ:** عەبدوڵڵا رەفیق
- **نرخ:** (٣٠٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم: ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی رۆژهەڵات(هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٠٨) پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب (٥٩٣)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

# پێرست


- بەر لە خوێندنەوە.......................................................٧
- گفتوگۆ لەگەڵ نەجیب مەحفوز ........................................... ٩
- گفتوگۆ لەگەڵ نەجیب مەحفوز .........................................١٩
- گفتوگۆ لەگەڵ ئاسیا جەبار...............................................٢٧
- گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولوەهاب بەیاتی ....................................٣٥
- گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ماغوت ..........................................٤٥
- گفتوگۆ لەگەڵ تەیب ساڵح.................................................٦٣
- گفتوگۆ لەگەڵ تەیب ساڵح.................................................٧٣
- گفتوگۆ لەگەڵ لەیلا عوسمان.............................................٨٥
- گفتوگۆ لەگەڵ واسینی ئەلئەعرەج. ......................................٩٣
- گفتوگۆ لەگەڵ فرناندۆ مارییاس .........................................١٠٣
- گفتوگۆ لەگەڵ سەباح زوین...............................................١١٣
- گفتوگۆ لەگەڵ د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم ....................................١٢٥
- گفتوگۆ لەگەڵ سەلاح فەزڵ ..............................................١٤١
- گفتوگۆ لەگەڵ عەلا ئەسوانی .............................................١٥٣
- گفتوگۆ لەگەڵ عەلا ئەسوانی .............................................١٦٣
- گفتوگۆ لەگەڵ فەزیلە فاروق...............................................١٧١
- گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد بنیس .............................................١٨٣
- گفتوگۆ لەگەڵ عەلەویە سوبح ............................................١٨٩
- گفتوگۆ لەگەڵ فوئاد ریفقە ...............................................١٩٥
- گفتوگۆ لەگەڵ هودا بەرەکەت ............................................٢٠١

- گفتوگۆ لەگەڵ مەنسوورە عزەدین ........................................ ٢١٥
- گفتوگۆ لەگەڵ فازل عەزاوی........................................ ٢٢٥
- گفتوگۆ لەگەڵ سەعدی یوسف........................................ ٢٤٥
- گفتوگۆ لەگەڵ ئەحلام موستەغانمی ........................................ ٢٦٣
- گفتوگۆ لەگەڵ سەنەعەڵڵا ئیبراهیم ........................................ ٢٧٩
- گفتوگۆ لەگەڵ رەجا ئەلعالم........................................ ٢٩١
- گفتوگۆ میرال تەحاوی........................................ ٢٩٧

# بەر لە خوێندنەوە

لەناو رۆشنبیریی ئێمەدا، هەوڵی کرانەوە بەرووی رۆشنبیریی جیهانی دەرەوەدا تاڕادەیەك هەیە، ئەویش لەلایەك خۆی لە هەوڵی ئەو رۆشنبیرانە دەبینێتەوە کە خۆیان فێری زمانی بێگانە دەکەن و لەناویاندا دەژین و هەوڵ دەدەن سوود لە سەرچاوە بیانییەکان وەربگرن بۆ کارکردن و خوێندنەوەی ئەو دیاردانەی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەن، سوود لە سەرچاوە بیانییەکان وەردەگرن بۆ ئەو نووسینانەی کە لە کایە جۆربەجۆرەکان دەینووسن... لە لایەکی دیکە، ئەم کرانەوەیە خۆی لەو وەرگێڕانە زۆرانەدا دەبینێتەوە کە لەلایەن هەندێ وەرگێڕەوە بۆ کتێب و بابەتەکانی دنیای دەرەوەی ئێمە ئەنجام دەدرێ.

هەڵبەت لەنێوان هەریەکێك لەم دوو جۆرە کەسانەدا، کەسانی بێویژدان هەن، مەبەستم ئەو جۆرە کەسانەیە کە بابەت یان بەشێکی بابەتەکان لە زمانە بێگانەکانەوە وەردەگرن و بەناوی خۆیان بلاوی دەکەنەوە، یان ئەوانەی وەرگێڕانی سەقەت دەکەن و زمانی ئەسڵی دەقەکان دەشێوێنن.

بەهەرحاڵ... ئەمە ئەوە نییە کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو کرانەوەیەی ئێمە تائێستاش سنوردارە، بە چەند کەسێکی دیاریکراومان گرتووە و تەنها دەقەکانی ئەوان دەخوێنینەوە و کاریان لەسەر دەکەین و تەنها دەقەکانی چەند کەسێکی دیاریکراو هەن کە وەریان دەگێڕین، ئەمە لەکاتێکدا کە گەلێ ناوی تر لێرەولەوێ هەن و ئێمە پێیان ئاشنا نین و ئاشنابوون پێیان کارێکی پێویستە.

لێرەوە.. ئەو چەند کەسەی من هەڵم بژاردوون و گفتوگۆکانیانم وەرگێڕاوە، (جگە لە هەندێکیان) زیاترینیان ئەوانەن کە تاڕادەیەکی زۆر خوێنەری کورد پێیان ئاشنا نییە، بەتایبەتیش ئەو نەوەیەی ئێستا کە رێژەیەکی کەم زمانی تری جگە لە کوردی دەزانن، لەکاتێکدا کە ناو و شۆرەتی ئەمانەش چ لە ناوخۆی جیهانی عەرەبی و چ لەسەر ئاستی

جیهانیدا کەم نییە، پێویستە ئێمە خویندنەوەکانمان بەرفراوان بکەین و لە سنوورێکی دیاریکراودا نەیهێڵینەوە.

که دەڵێم ئێمە بە چەند کەسێکمان گرتووە، مانای ئەوە نییە کە ئێمە کاری هەموو کەسە ناسراوەکانمان وەرگێڕاوە.. نەخێر، ئێمە لە وەرگێڕانی کارەکانی ئەوانیشدا کەموکووڕیمان هەیە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لەجیاتی کارکردن بەشێوەیەکی ستوونی و لەسەر چەند کەسێکی دیاریکراو، با بەشێوەیەکی ئاسۆی و بەرفراوان کار بکەین.

**سەنگەر زراری**

**هەولێر**

# من (مەجنوون)ی (لەیلا)ی ئەدەبم



## گفتوگۆ لەگەڵ نەجیب مەحفوز

**** لـه ژیـانی نووسـەردا نووسـینەوەی (یاداشـت) کـارێکی زۆر گـرنگ و گەورەیـە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ئەزموونێکی گەورەی نووسین و ئەزموونی مرۆڤایەتی و شارەزایی و تەکنیکدا دەژییت، تۆ لەکوێی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆتدایت؟***

- مەبەستت ئەوەیە کە من وێنەیەك دەربارەی ژیانی فیکـریم بنووسـم؟ مـن ئـەم کـارەم لـە ڕێگای بەرنامەی گشـتی لـە رادیـۆ و بەرنامـەی (دەنگـی عـەرەب)ەوە کـردووە، هـەروەها لـە تەلەفزیۆن و لە کتێبێکیشدا لەگەڵ (جەمال غیتانی) بەشێکی ئەم کارەم ئەنجام داوە، لە هەنـدێك بەشی چەند کتێبێکیشدا کارم لەبارەی ئەمەوە کردووە. وەکو دەڵێن: شتێکم نەماوە بیڵێم.

**** هیچ وەڵامێکی دی نییە کە حەز بکەی دەربارەی بدوێیی سەبارەت بە ژیـان و ڕێگـای نووسین و پەیوەندیت لەگەڵ خۆتتدا؟***

- بوارم بۆ گونجاوە هەموو ئەو شتانە بڵێم کە دەتوانرێ بگوترێ.

**** ئاسۆیەك هەیە وات لێ بکات کە خۆت ئامادە بکـەیت بـۆ نووسـینی ڕۆمـان یـان چیرۆك و ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بیت؟***

- ئێستا بەهۆی چاو و گوێمەوە لە دۆخێکی نالەباردام.. لەوانەیـە لـە کورتەچـیرۆك زیـاتر نەتوانم بنووسم، ئەویش بە ماندووبوون و بە هیلاکی.

**** ئەمە تاکە هۆکارێکە کە تۆ بەهۆیەوە کورتەچیرۆك دەنووسیت، یان گۆڕانێك لای تۆ ڕوویداوە لەڕۆمانەوە بۆ کورتەچیرۆك؟***

- نەکەوتوومەتە بەردەم بابەتێکی ڕۆمانئامێز تا لە خۆم بپرسـم کـە چـۆن هەڵسـوکەوتی لەگەڵدا بکەم.

**** کەواتە تۆ ئێستا مەیلت بەلای کورتەچیرۆکدا دەچێت؟***

- بەتەواوی وایە، ئەمەش بۆنەیەکە بۆ من، من ئێستا کورتەچیرۆك دەنووسم لەبەر هـەمان ئەو هۆکارانەی کە پێشتر وایان لێ دەکردم بنووسم، مرۆڤ نازانێ لەبەر چی؟!

**** ئایا ئەمە پەیوەندی بە میزاجەوە هەیە؟***

- وایە.. ئەمە کارێکی میزاجییە و بەبۆنەی بارودۆخ و میزاجیشەوە هاتووە.

**** ئەم کورتەچیرۆکانە دەتوانن نەجیب مەحفوز بە زەمانی ئێستا گرێبدەنەوە؟***

- لە ئێستادا پەیوەندیم لەگەڵ تەندروستیمدا گرنگە.

**** کەواتە نووسینی چیرۆك پەیوەندی بە دۆخی تەندروستیتەوە هەیە؟***

- بەڵێ وایە.

***پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٨)دا خەڵاتی نۆبڵت بەدەست هێنا و بەمەش شتێك لە شێوەی پەیوەندییەکی نوێ لە (نووسەر) لەگەڵ (خود)ی خۆیدا بەدەستهات، لەم کاتەدا چ گۆڕانکارییەك لای تۆ دروست بوو لە پەیوەندیت لەگەڵ خۆتدا؟ هەروەها پەیوەندی نووسەر لەگەڵ خودی خۆیدا لەڕووی زمان و ڕۆمانەوە؟ ئایا خوێنەر یان جەماوەرێکی بەرفراوان دەتوانێ لەدوای ئەم ڕووداوە بێتە ناخی (نەجیب مەحفوز)ەوە؟*

- جگە لە سەرسوڕمان و خۆشی، هیچ شتێك لەژیانی مندا نەگۆڕا، لەوانەیە سەبارەت بە منداڵەکانم گۆڕانکارییەك ڕوویدابێت. بەڵام من تەمەنم هەڵکشاوە، زەحمەتە مرۆڤ لەم تەمەنەدا بگۆڕێت.

***لەسەر ئاستی نووسین، لەو باوەڕەدای کە (قۆناغی نۆبڵ) جۆرە نووسینێکی دیکەی لای تۆ دروستکردووە، یان دروستی دەکات؟*

- من ساڵێك بەر لە خەڵاتەکە لە نووسین وەستابووم، ساڵێکیش دوای ئەوە هەر نەمنووسی، بۆیە ئێستا کە بابەتی چیرۆکێکم بەخەیاڵدا دێت دەینووسم، بەچاوپۆشی لە بەهایەکەی، تەنها بۆ دڵخۆشیم لە نووسین دەینووسم.

***چ بابەتێك لە ئێستادا نەجیب مەحفوز سەرقاڵ دەکات و دەیجوڵێنێ؟*

- بوونی مرۆڤ لەدنیادا، چارەنووسی و ئەو پێویستییانەی کە لەگەڵ تەمەنیدا دەڕۆن.

***دەزانین کە ڕۆمانی عەرەبی نوێ، قۆناغ و پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە بونیاد و پرسیار و نزیکبوونەوە لە خود و لە جیهانی بەخۆوە بینیووە. تۆ لەگەڵ ڕەوتی ئەم ڕۆمانەدا بووی و لە ئاستی جیهانی عەرەبیدا باوکی ئەم ڕۆمانە بووی، پاشان ئەم ڕۆمانە وێستگە و گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و چەمکە باوەکانی پێشتری تێپەڕاندووە، چۆن دەڕوانینە ئەم گۆڕانکاریانە و هەڵوێستت چییە؟*

- من بڕوام بە ئازادی نووسەر و بڕوام بە ئەزموون هەیە، زەوقێکی نەرمم هەیە، حەزم لە هەردوو جۆری کارکردنە چ بە تێڕوانینێکی هاوشێوە بێت یان تێڕوانینی جیاواز، خاوەن ڕوانینێکی تەقلیدی و کوێرانە و تەسکبین نیم.

***نێوانت لەگەڵ جیاوازیدا چۆنە؟ بەتایبەتیش ئەگەر گەیشتە رادەی دابڕان و وێرانکردنی میرات و بۆماوە؟*

- مادام هەر جۆرێك لە نووسین، نووسین و خوێنەر و ڕەخنەگری خۆی هەیە، من تەسلیمی دەبم، ئەگەرچی من لەگەڵ ڕایەکەی ئەویشدا نەبم، یان ئەو دژی ئەو شتانە بێت کە من

نووسیوومه، بەلاشمەوە گرنگ نییە کە ئایا خوێنەر بۆ ئەو شتانە دەگەڕێتەوە کە من نووسیومە یان نا. ئەگەر پێم دەڵێی بۆچی؟! دەڵێم چونکە من کەسێکم لە تموحەکانمدا خاکییم.

***ئەمڕۆ نەجیب مەحفوز بۆ کێ دەنووسێت؟**

– لەڕاستیدا من وێنای خوێنەر دەکەم، بەڵام نازانم دیارییان بکەم، خوێندنەوەیەکی بەرفراوانمان نییە کە بە وردی بتوانم بڵێم بۆ جوتیارەکان یان بۆرژوازییەکان یان بۆ کرێکار یان بۆ ئەرستۆکراتەکانی دەنووسم.

***پرسیار لە نەجیب مەحفوز دەکەم کە وەکو کەسێك و وەکو نووسەر پەیوەندیت لەگەڵ خودی نووسیندا چۆنە؟**

– وەڵا ئەمە ژیانمە، کاتێ لە نووسین دەوەستم، وا هەست دەکەم ژیانم هیچ مانایەکی نییە، ژیان هونەرە نەك پیشە.

***بەو مانایە، هەڵوێستت بەرامبەر بەو گوتەیە چییە کە دەڵێن: نووسین لە خودی خۆیدا مەبەستە؟**

– بەلای منەوە نووسین خەبات و تێکۆشانە.

***بەڵام ئەگەر ئەم نووسینە لە بابەتی واقعی دیاریکراو دابڕا، ئەو کاتە هەڵوێستی ئێوە چی دەبێ؟**

– سەبارەت بەمن ئەو کارە ناکرێت، چونکە نووسینی من بابەتی هەیە، بۆیەش لەو کەسانە تێناگەم کە زیادەڕەوی لە بابەت دەکەن، ئێستا تێیان ناگەم و بەهیچ شێوەیەك لە داهاتووشدا تێیان ناگەم، ئەمانە لە خاوەن و لایەنگرانی تیۆری (نا-ڕۆمان) دەچن، پێش چەند ڕۆژێك من ئەم قسەیەم بە ڕۆماننووسی فەرەنسی (کلۆد سیمۆت) گوت کە براوەی خەلاتی نۆبڵە لە ئەدەب و لێرەبوو لە قاهیرە.

***لەناو ڕۆمانی فەرەنسی و ڕۆمانی جیهانی نوێ، چەند ئاراستەیەك هەیە، بابەت تێیدا دەبێتە شت یان وشە، رات بەرامبەر ئەم ئاڕاستەیە چۆنە کە بابەتی سەرەکی یان ڕووداوەکە تیایدا بزردەبێت؟**

– (شت) ئامانجی نووسین نییە، من خۆم نووسەر و گێڕەرەوەی ڕووداوەکانم، کاتێك دەنووسم بە شێوەیەك لە شێوەکان چیرۆکێك پێشکەش دەکەم، کاتێ کە چیرۆکیش پێشکەش ناکەم، واتای ئەوەیە هونەر ڕۆیشتووە و ئامادە نییە، واتا ئێمە دەچینە ناو حاڵەتێکی نوێوە کە پەیوەندی بە هونەری چیرۆکەوە نییە، بەڵکو ئەمە سەر لێ شێواندنە، ئەوانەش کە دەڵێن نایانەوێ چیرۆك بنووسن ئازادن، لەم حاڵەدا هیچ کێشەیەك نییە، بەڵام کێشەکە لەوەوە دێت

كە ئەوەی دەینووسن ناوی دەنێن (چیرۆك)، نەك تەنها ئەمەش، بەڵكو بە هەموو ئەوانەش كە چیرۆك دەنووسن دەڵێن: تۆ چیرۆكنووس نیت، كەواتە چی مایەوە؟!

**** ئایا بەرای تۆ گونجاوە یان پێویستە كە تایتلێكی دیاریكراو ببەخشینە چیرۆك؟***

- ئەمە خۆی بەم جۆرە لە دایكبووە، خەڵكی لە كۆنەوە پێش داهێنانی نووسین، حیكایەتیان دەگێڕایەوە، كاتێكیش نووسین داهێنرا چیرۆكیان نووسی، وا نییە؟! ئەمانەش ناویان لێنرا چیرۆكنووس، هونەری چیرۆك، هونەری گێڕانەوەی چیرۆكە، لە ڕێگەی چیرۆكیشەوە شتێكی دیارییكراو و نەزمێكی مرۆڤایەتی دەگوترێت، ئەگەر چیرۆك نەما ڕوویێكی نوێ وەردەگرێت و چیرۆك ناگەڕێتەوە، چیرۆكێكی نوێ لێرەدا نییە، ئەمە كورتبینییە، كورتبینی شتەكانە نەك چیرۆك.

**** با گفتوگۆیەك دروست بكەین و وا دابنێین ئەم قسەیە ڕاستە، ئەمە مانای ئەوەیە كە دیاریكردنی چەمكی چیرۆك، دیاریكردنێكی مێژوویی و ڕابردوانەیە، لەسەر ڕابردوو وەستاوە و ناتوانێ پێشكەوێ؟***

- بەڵێ ئەمە دیاریكردنێكی مێژووییە.

**** كەواتە سەردەمی ئێستا پرۆسەیەكی گۆڕانكاری بەخۆوە دەبینێ كە درێژ دەبێتەوە بۆ دیاریكردنێكی سەلەفیانەی مانای چیرۆك، لێكدانەوە و هەڵوێستی تۆ بەرامبەر ئەمە چییە؟***

- ئەمە مانای دروستكردنی شتێكی نوێیە بۆ خۆی؟

**** ئایا دەتوانی ئەمە ناو بنێی چیرۆك؟***

- نەخێر.. بەلاّم من نموونەیەكت بۆ دەهێنمەوە، لەناو بوونەوەرە زیندووەكاندا شتێك هەیە و گەشە دەكات، ئێمەی مرۆڤ ناومان لێ ناوە (ڕووەك)، شتێكی تر كە دەجوڵێت ناومان لێ ناوە (ئاژەڵ)، شتێكی تر كە عەقلی هەیە ناومان لێ ناوە (مرۆڤ)، ناتوانی بە (مرۆڤ) بڵێی (ئاژەڵ) و بە (ئاژەڵ) بڵێی (مرۆڤ). چیرۆك لەوكاتەدا گەشەی كرد كە مرۆڤ حیكایەتی گێڕایەوە، لەڕێگای چیرۆكیشەوە ئەوەی دەیویست دەیگوت، شەپۆڵە نوێیەكان، هەندێكیان دەڵێن: ئەمە لایەنێكی سۆسیۆلۆژییە، هەندێكی دی دەڵێن: ئەمە لایەنێكی سایكۆلۆژییە و هەندێكیش دەڵێن لایەنی فیكرە.. ئەمە ریسكە، ئەگەر هەر حەزی كرد ریسكەكە بكات، مانای ئەوە نییە ئەمە چیرۆكە، بۆچی جیاوازی لەسەر ناولێنان هەیە؟ پاش نووسینی (داستان)، جۆرێكی تر لە حیكایەت نووسرایەوە كە دەربارەی پاڵەوان و

پاشاکان نەبوو، ئەمەش ناونرا (چیرۆك) یان (ڕۆمان)، کەواتە ناوەکەی گۆڕا و نەمان گـوت ئەمە ناوی (داستانی نوێیە).

**** ئایا دەتوانین جۆرێکی ڕەهای چیرۆك دیاری بکەین، جۆرێك کە نەتوانرێ بگۆڕێت؟***

- چیرۆك خۆی بەمجۆرە لە دایکبووە، واتا خەڵك حیکایەت دەگێرنەوە، بـەلاّم ئەگـەر حـەز نەکەن حیکایەت بلێن، قەیدی چییە؟ هەموو مرۆڤێك ئازادە، زەمـەن ئەمـە رەفـز دەکاتـەوە، بەلاّم مادام تۆ چیرۆك دەگێڕییەوە، کەواتە تۆ (چیرۆکنووس)ی، ئەگـەر دەربـارەی شـت بـدوێی ئەمە چیرۆك نییە، لەوانەیە نووسین دەربارەی شت لە چیرۆك باشتر بێت، ڕێگریم لەمـە دانییـە، بەلاّم نابێتە چیرۆك، خەڵکیش ئەگەر حەزیان کرد دەتوانن واز لە چیرۆك بێنن.

**** ئایا دەتوانن واز لە ناونانەکەش بێنن کە دەڵێن چیرۆك؟***

- نەخێر ناتوانرێ..چونکە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی کـە حیکایـەتێك بگێڕیتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە وەسفی شتەکانی بکەی، ئەمە جیاوازییەکی سەیرە.

**** هەڵوێستت بەرامبەر ئەوە چییە کە بە زاراوەی (ڕۆمانی نوێ) ناو دەبرێ؟***

- ڕۆمان و چیرۆك لەگەڵ سەردەمدا پێش دەکەون، ڕووداو یان چیرۆکی تەعبیری یـان چـیرۆکی سیمبولی یان چیرۆکی ناماقوڵ یان شەپۆلی هۆش.. هەموو ئەمانە چیرۆك دەگرنـەوە، بـەلاّم دوای ئەوەی ئەمە هات، لەگەڵ چیرۆك لێکدادەبڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە چیرۆك کۆتـایی هـات، من لەسەر هەموو شێوەکان ڕازیم، بونیادی داخراو و بونیادی کراوە و ئـەو ڕۆمانـەی گرنگـی بـە ناواخن و دەرەوە دەدات، هەروەها ئەوانەی جیهانی واقعی بـە تێکڕایـی دادەبـڕێنن و جیهـانێکی تەریب بەو دروست دەکەن، یان سوریالیستەکان، ئەمانە شێوەی نوێن و دانیان پێدانراوە، ئەمـەش لەناو چیرۆکدا گەشە دەکات، تەنها ئەوانە نەبێ کە ناوی دەنێن ڕۆمـانی نـوێ، بەڵگـەی ئەمـەش ئەوەیە کە لایەنگرانی ناوی دەنێن (نا-چیرۆك) ئەمەش گەواهیدانە لەناو خۆیاندا، هەوڵمدا کە لـە (نا-چیرۆك) و (نا-ڕۆمان) تێبگەم، بەلاّم تێنەگەیشتم، بەدڵسـۆزییەوە هەوڵمـدا، لـە ڕۆمـانێکی وەرگێردراوی (کلۆد سیمۆن) تێگەیشتم و پێم سەیر بوو کە گوتیان ئەمە نا-ڕۆمانـە، کتێبـەکانی (ئالان ڕۆب گرێ و ناتالی ساروت و مارگرێت دۆراس) لەم قوتابخانەیەن، نزیکـەی چـوار ڕۆمـانی (دۆراس) و هەندێ چیرۆکیشیم خوێندەوە و لێیان تێگەیشتم، ئەمانە چۆن پەیوەست دەکـرێن بـەم قوتابخانەیەوە؟ نازانم؟!! کتێبەکانی تر دەمەوێ بیانخوێنمەوە هیچ شـتێکیان لـێ نـازانم، کەسـێك دێت و تاوانکارییەك ئەنجام دەدرێت، نازانم کێ ئەنجامی داوە، ئایا تاوانەکە لە سـەرەوە ڕوویـداوە یان لە ناو واقعدا، ئەمە چ سەرسووڕمانێکە و بۆچی؟

**** لایەنگرانی (رۆمانی نوێ) دەڵێن ئـەم سـەردەمە بەتـەواوی ئـاڵۆزبووە و ئـەمانیش خراپ بوون و لێکهەڵوەشانەوە و وێرانییەکەی دەبینن، بۆیە ئەم ئاڵۆزییە دەگوازنـەوە و وای دادەنێن کە ئەمە رۆمان و چـیرۆکی نوێیـە و وای نـاو دەنـێن، کەواتـە سەرسـوڕمانییەکە لەکوێدایە؟***

- بۆچی؟! کارەکە بەو ئەندازە رەشبینییە نییە کە ئەمان باسی دەکەن، ئێمە لە سـەردەمی پیشەسازی گەشەسەندوودایین، خەڵك دەچنە ئاسمان و زانست و زانیاری پێش دەکـەوێت، بۆچـی باسی لێکهەڵوەشانەوە و وێرانبوون دەکەن؟!!

**** لەوباوەڕەدانی کە سەردەمەکە ئاڵۆزە؟***

- بەڵێ ئاڵۆزە.. بەلاَم ئەگەر بمانەوێ ئەو هۆکارانەی بەردەستمان بـەکاربهێنین، لـە توانـام دایە رۆمانێکت پێشکەشکەم کە تەعبیر لە هەموو ئەو مانایانە بکات، ئامرازی زۆر هەن، کە بە ئەندازەی هونەرمەندەکانن، مادام ئەمانە بیانەوێ لە رێگای چیرۆکەوە تـەعبیر لـە ئـاڵۆزی بکەن، ئەمانە چیرۆکنووسن، بەلاَم ئەگەر چیرۆك وەکو ئامرازێك نەیتوانی هەموو ئەم ئاڵۆزیانـە بگرێتەخۆ، هیچیان لەسـەر نییـە تـەنها دۆزینـەوەی ئـامرازی نـوێ نـەبێت کـە نـاوی نـوێی پێببەخشن.

**** واقعی رۆمانی عەرەبی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟***

- وەکو پێویست لەم واقعەم نەڕوانیووە، زەمەنێك دەبێ ناخوێنمەوە، بەلاَم ئەوەی خوێندوومەتەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە رۆمانی عەرەبی پێش دەکەوێت، شتی نوێ و زۆر بەشێوەیەکی رەسەن تاقی دەکەنەوە، هەندێ جاریش لاسایی نارەسەن دەکەنەوە، بەلاَم ئەمە کێشە نییە، چونکە من وای دادەنێم کە ئەمە ئەو جۆرە لاساییکردنەوەیە کە بەهۆیەوە دەگاتە رادەی پێگەیشتن و رەسـەنێتی، مـن زۆر دڵخۆشـم بـەم واقعـە و هەندێ لەو ئەزموونانـە بـۆ چـێژوەرگرتن دەخوێنمـەوە، تەنانـەت ئەگـەر هاودژیشـبن لەگەڵمدا.

**** لەم ئەزموونە دووورودرێژەی تۆوە، رۆمانی عەرەبی بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟***

- پرسیارەکە ئەوەیە کە کۆمەڵگای عەرەبی بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟ ئێمە رووبەڕووی پێشکەتنی زۆر گەورەین، هەر چ شتێك لە ئەورووپا و جیهـان روودەدات، رەنگدانـەوەی لەسـەر جیهـانی عـەرەبی دەبێـت، جیهـان بـە ئـامرازی گەیانـدنی سـەردەمییانە شـێوەیەکی نـوێ وەردەگرێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی چ شتێك؟ من نـاتوانم پێشـبینی ئەمـە بکـەم، بـەلاَم لـەو

باوەڕەدام کە بیری تیژی هونەرمەندەکان هەمیشە رایان دەکێشێت بۆئەوەی گوزارشتی لێبکەن کە بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات، چۆن تەعبیری لێدەکەن؟

***** کەواتە تۆ وای دەبینی کە واقعی عەرەبی گۆڕانکاری ریشەیی بەخۆیەوە دەبینێت، هەروەها لە نووسینیشدا ئەم گۆڕانکارییە دەبینرێ، کەواتە ئایا ئەو ئەدەبەی نەجیب مەحفوز نووسیویەتی، وەکو ئەدەبی قۆناغەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە؟**

- ناتوانم پێشبینی بکەم، ئەگەر ئەم ئەدەبە توانی بژییێت ئەمە باشە، ئەگەر نەشیتوانی، ئەوا لەکاتی خۆیدا وەزیفەی خۆی جێبەجێکردووە، من زۆر بەوە رازیم کە لەکاتی خۆیدا ئەرکی خۆم جێبەجێکردووە و واشی دەبینم هەر ئەوە لەسەر من بووە.

***** ئەگەر ئەوە بەتۆ درا کە ئەم سەردەمە بنووسیت، هەر بەو شێوەیەی دەنووسی کە نووسیوتە؟**

- نا.. ناتوانرێ.. چونکە کارەکان بەشێوەیەکی ترسناك گەشەیان کردووە.

***** ئایا وێنای رووکار یان تایبەتمەندییەکت لا هەیە کە لەسەری بنووسی؟**

- بێگومان من بۆخۆم رێگایەکم گرتۆتەبەر کە ئاوازێکی خێرای هەیە و لە گوتارەکاندا ئاماژەکان دەولەمەندی دەکەن، هەروەها تیایدا گرنگی بە پەخشانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەدەم.

***** لە ئاستی زمانیشدا؟**

- بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا زمانم گەشەی کردووە، کتێبەکانی (باقي من الزمن الساعة) و (حديث الصباح والمساء) جیاوازییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ (زقاق المدق) و (خان الخليلي) و (الثلاثية).

***** ئایا وای دەبینی کە نووسینکانی ئەم دواییەت، لەگەڵ گیان و قۆناغی سەردەمدا دەگونجێت؟**

- من سەردەم ناناسم تەنها لە رێگای خودی خۆم نەبێت، ئەوە دەنووسم کە بەختەوەرم دەکات، هیواخوازیشم ئەوەی کە بەختەوەرم دەکات گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمەکەمدا.

***** هەندێ جار رۆمانی عەرەبی، چارەسەری هەندێ ئیشکالیات دەکات کە هەندێ تایبەتمەندی و سروشتێکی ناوخۆییان هەیە، ئایا ئەم ناوخۆییە بەهایەکی ئەوتۆی دەبێت کە چوارچێوە بەرتەسکەکە تێپەڕێنێت بۆ بەربەستەکانی بەردەم مرۆڤایەتی؟**

- هیچ هاودژییەك لە نێوان ناوخۆیی و جیهانیدا نییە. ئەمانە یەك رەگیان هەیە و شێوەیان جیاوازە، هەڵوێستەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر ژیان و بیروباوەر و خۆشەویستی، ژیان و هاوسەرگیری، لەم شارەوە بۆ ئەو شار جیاوازە، هەروەکو میسر لە ئەوروپا جیاوازە، بەلاّم لە پشتی هەموو ئەمانەدا تۆ یەك غەریزە و یەك سۆز دەبینی، تۆ شتێك دەنووسی و وای دادەنێی کە سەدلەسەد ناوخۆییە، بەلاّم بێگانەیەك دەیخوێنێتەوە و چێژی لێوەردەگریّ؟

**** کتێبەکانت بۆ زۆر زمانی بێگانە وەرگێڕدراون، رات چییە بەرامبەر وەرگێرانەکان؟***

- ئەوانەی بەر دەستم کەوتوون دڵخۆشکەرن.

**** تا چ رادەیەك وەرگێرانەکان پاکن لەگەڵ گیان و ئەزموونی (مەحفوزیی)دا؟***

- ناتوانم حوکم بدەم، چونکە من لە زمانە بیانییەکان کارامە و لێهاتوو نیم تا ئەو رادەیەی حوکم لەسەر باشی و خراپی وەرگێرانەکان بدەم.

**** ئەمرۆ چ خەمێك نەجیب مەحفوز سەرقاڵ دەکات؟***

- پێش هەموو شتێك دۆخی ولاّتەکەم، کێشەی قەرز و دانیشتوان.

**** مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئاستی داهێنان؟***

- داهێنان راناوەستیّ، چونکە ژیان بەبیّ داهێنان وشکە، بە تایبەتی ئەگەر مرۆڤ ژیانی خۆی پێیەوە پەیوەستکرد.

**** نەجیب مەحفوز پێی خۆشە چ گوتەیەك ئاراستەی ئەدیب و نووسەرانی عەرەب بکات؟***

- وەسیەتم بۆ نووسەران ئەوەیە کە گیانی ئەم سەردەمە تاقی بکەنەوە، هەروەها ژیانی خۆیان بۆ ئەدەب بەخت نەکەن تەنها ئەو کاتە نەبیّ کە دەزانن ناتوانن وازی لیّ بێنن، ئەگەر بەختیشیان کرد، کەواتە ئەوانە خۆبەختکارن، گیانتان بە ئەدەب مەکوژن تەنها ئەو کاتە نەبیّ کە دەبنە (مەجنون) بۆ (لەیلا)ی ئەدەب.

**** بەم مانایە نەجیب مەحفوز کێیە؟***

- من مرۆڤێکی عاشق بە ئەدەبم، دەتوانم پێت بڵێم: من (مەجنوون)ی (لەیلا)ی ئەدەبم.

**سەرچاوە:**

**- پاشکۆی رۆژنامەی (النهار الثقافي).**

# به هیوای ئەوەم دەربارەی لادێ بنووسم وەکو چۆن دەربارەی گەڕەك نووسیم



گفتوگۆ لەگەڵ نەجیب مەحفوز

ئەم چاوپێکەوتنە زۆر گرنگ و پڕبایەخە، چونکە لەگەڵ کەسایەتییەکی گـرنگ و بایەخـدارە، دەرفەتێکی کەممان بۆ رەخسا، بۆیەش کەمێکمان لێی دروێنە کرد، بەڵام ئەمە بۆخـۆی سـەروەت و بەرهەمێکی زۆرە کە میوانەکەت ئەدیبی گەورەی جیهانی (نەجیب مەحفوز) بێت. جیهانی چیرۆك و رۆمانەکانی ئەو لە دەریایەك دەچێ کە شەپۆڵ دەدات و پڕە لە دوڕ و گەوهەر.. سەفەریشی لەگەڵ داهێنان و نووسیندا کە حەوت دەیەی خایاندووە، بە دیارکەوتنێکی گرنگ و بونیادێکی مەزن بـوو لە رۆمانی عەرەبیدا، وەرن با بەرهەمەکەمان بدوورینەوە و بچینە ناو گفتوگۆکەمان.

***پێم گوت:*** سەلامی خوات لێ بێ بەڕێزم.

***پێی گوتم:*** سەلامی خوا لە تۆش..

هەنـدێ شـت تووشـی سەرسـوڕمان و شـڵەژانیان کـردم، مـن کەسـێکی زۆر گـەورەم لەبەردەستدایە کە سەرسامی کردووم، هەروەکو چۆن ئەو کەسانەشی سەرسـام کـردووە کـە لـە دەرەوەی ئەم بەڵەکۆنەیەدان.

***بە دەنگێکی بەرز پێم گوت:*** دوای ئەوەی کە ئەدیبی گەورەی ئێمە زیاتر لە (٥٠) رۆمـان و چـیرۆکی پێشـکەش بـە کتێبخانـەی عـەرەبی کـردووە، چ کارێـك تـا ئێسـتاش لـە کـارە ئەدەبیەکانی تۆ کەمە و نییە؟

کەمێك بێدەنگی..

***بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم:*** بە هیوای ئەوەم کـە دەربـارەی لادێ بنووسـم وەکـو چـۆن دەربارەی گەڕەك نووسیم.

***پێم گوت:*** ئەی بۆچی هەوڵت نەداوە زیاتر لـە لادێ نزیـك ببیـەوە، بۆئـەوەی شـتی زیـاتر لەبارەی رووکاری لادێ بزانی؟

***پێی گوتم:*** کارێکی زۆر زەحمەتە.. ئەگەر مرۆڤ خۆی لە لادێ نەبێت، ناتوانێ ناخ و قوڵایی لادێ و نهێنییەکانی ئاشکرا بکات.

***پێم گوت:*** ئایا تەنها یەك سەردان بەس نییە؟

***پێی گوتم:*** ئەگەر چووم بۆ لادێ دەبمە مرۆڤێك روو لە بینین وەردەگێڕم و وەکو ئەوەم لێـدێ کە لە ئەستێرەیەکی دیکەدا بم، هەروەها بوونیشم پرسیاری زۆر دەربارەم دروست دەکات، دوای ئەوە من ناتوانم دەربارەی شتێك بنووسم کە ئاگام لێی نییە، یان بە باشـی نـایزانم، بۆیـە هـەر دەبێ هەموو بینین و بیستن و وردەکاری و رووداوەکان تێکەڵ بکەم، شوێنەکە بزانم و دەربـارەی بنووسم، ئەوکاتەش کە تیایدا دەجولێمەوە و ئەو خەڵکانەش کە تەعبیریان لێدەکەم.

بەتەواوی وایە..

***پێم گوت:*** کەواتە تەنها سەفەرێك بەس نییە..

- تەنها سەفەرێك بۆ شوێنێك، بۆ نووسینی ریپۆرتاژێك یان راپرسیەك دەبێ.

***پێم گوت:*** وەکو دەڵێن تۆ لە گەنجیدا کتێبی زانستی و فەلسەفیت خوێندۆتەوە، پاشان بووی بە ئەدیب... ئەمە چۆن؟

***پێی گوتم:*** چوومە ناو خوێندنی هونەر و بە ئەدەب درێژەم پێدا، پاشان دەستم کرد بە هونەری شێوەکاری و وێنەگری و پەیکەرتاشی و بیناسازی، ئینجا مێژووی هونەری فیرعەونی و ئەغریقی و چاخی رێنسانس و چاخی نوێم خوێندەوە، لە هەمووشی گرنگتر، من بە پێی ئامۆژگارییەکانی (عەقاد) کارم دەکرد.

***پێم گوت:*** گوتت (عەقاد) ئامۆژگاری کردووی؟ کەواتە تۆ چۆن دەڕوانیتە توانای (عەقاد) لە خولقاندنی داهێنانی فیکریدا؟

***پێی گوتم:*** ئەو خاوەنی یەکەم چیرۆکی شیکردنەوەی دەروونییە، کە (سارە) بوو، ئەمەش وای لە فەیلەسوفێکی وەکو (برناردشۆ) کرد کە بڵێت: لە ژیانمدا لەوە جوانترم نەخوێندۆتەوە.

***پێم گوت:*** ئەی تۆ شیعر یان هۆنراوە دەڵێیت؟

***پێی گوتم:*** کە گەنج بووم خولیام بۆی هەبوو، شیعری بە کێش و سەروام دەنووسی، کاتێ کە پێم گوترا ئەم دێرانە کەموکوڕیان هەیە، شیعرم بە تەواوی لە کێش و سەروا ئازاد کرد.

***پێم گوت:*** بە تێڕوانینی تۆ کێ یەکەم کەس بوو کە شیعری ئازادکرد.

***پێی گوتم:*** من یەکەم کەس بووم کە لەساڵی (١٩٢٥)دا شیعرم ئازاد کرد، من پێشەنگی قوتابخانەی شیعری بێ ململانێم.

## نەجیب مەحفوز:

ڕۆماننووسی ناوداری میسری نەجیب مەحفوز لە (١١ی كانوونی یەكـەمی سـاڵی ١٩١١) لە میسر لە دایك بووە.

لە ساڵی (١٩٣٦) بە نووسینی كورتەچیرۆك دەستی بە نووسین كردووە و تا ساڵی (٢٠٠٤) لە نووسین بەردەوام بوو.

ڕووداوەكانی هەموو ڕۆمانەكانی لە وڵاتی میسرن و زۆربەی هەرە زۆری كارەكـانی نـەجیب مەحفوز كراونەتە درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی.

یەكەمین عەرەب بوو كە لە ساڵی (١٩٨٨) خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشرا.

لە (٣٠ی ئابی ٢٠٠٦) كۆچی دوایی كرد.

كتێبەكانی بۆ نزیكەی (٣٣) زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.

## كتێبەكانی:

- مصر القديمة (ترجمة) (١٩٣٢)
- همس الجنون (مجموعة قصصية) (١٩٣٨)
- عبث الأقدار (رواية تاريخية) (١٩٣٩)
- رادوبيس (رواية تاريخية) (١٩٤٣)
- كفاح طيبة (رواية تاريخية) (١٩٤٤)
- القاهرة الجديدة (رواية) (١٩٤٥)
- خان الخليلي (رواية) (١٩٤٦)
- زقاق المدق (رواية) (١٩٤٧)
- السراب (رواية) (١٩٤٨)
- بداية ونهاية (رواية) (١٩٤٩)
- بين القصرين (رواية) (١٩٥٦)
- السكرية (رواية) (١٩٥٧)
- قصر الشوق (رواية) (١٩٥٧)
- اللص و الكلاب (رواية) (١٩٦١)

- دنيا الله (مجموعة قصصية) (١٩٦٢)
- السمان و الخريف (رواية) (١٩٦٢)
- الطريق (رواية) (١٩٦٤)
- بيت سئ السمعة (مجموعة قصصية) (١٩٦٥)
- الشحاذ (رواية) (١٩٦٥)
- ثرثرة فوق النيل (رواية) (١٩٦٦)
- أولاد حارتنا (رواية) (١٩٦٧)
- ميرامار (رواية) (١٩٦٧)
- تحت المظلة (مجموعة قصصية) (١٩٦٩)
- خمارة القط الاسود (مجموعة قصصية) (١٩٦٩)
- حكاية بلا بداية ولا نهاية (مجموعة قصصية) (١٩٧١)
- شهر العسل (مجموعة قصصية) (١٩٧١)
- المرايا (رواية) (١٩٧٢)
- الجريمة (مجموعة قصصية) (١٩٧٣)
- الحب تحت المطر (رواية) (١٩٧٣)
- الكرنك (رواية) (١٩٧٤)
- حضرة المحترم (رواية) (١٩٧٥)
- حكايات حارتنا (رواية) (١٩٧٥)
- قلب الليل (رواية) (١٩٧٥)
- ملحمة الحرافيش (رواية) (١٩٧٧)
- الحب فوق هضبة الهرم (مجموعة قصصية) (١٩٧٩)
- الشيطان يعظ (مجموعة قصصية) (١٩٧٩)
- عصر الحب (رواية) (١٩٨٠)
- أفراح القبة (رواية) (١٩٨١)
- الباقى من الزمن ساعة (رواية) (١٩٨٢)
- رأيت فيما يري النائم (مجموعة قصصية) (١٩٨٢)
- ليالى ألف ليلة (رواية) (١٩٨٢)

- أمام العرش (حوار بين الحكام) (رواية) (١٩٨٣)
- رحلات ابن فطومة (رواية) (١٩٨٣)
- التنظيم السرى (مجموعة قصصية) (١٩٨٤)
- العائش فى الحقيقة (رواية) (١٩٨٥)
- يوم مقتل الزعيم (رواية) (١٩٨٥)
- حديث الصباح و المساء (رواية) (١٩٨٧)
- صباح الورد (مجموعة قصصية) (١٩٨٧)
- الفجر الكاذب (مجموعة قصصية) (١٩٨٨)
- قشتمر (رواية) (١٩٨٨)
- أصداء السيرة الذاتية (مجموعة قصصية) (١٩٩٥)
- القرار الأخير (مجموعة قصصية) (١٩٩٦)
- وطنى مصر (حوارات) (١٩٩٧)
- صدى النسيان (مجموعة قصصية) (١٩٩٩)
- فتوة العطوف (مجموعة قصصية) (٢٠٠١)
- أحلام فترة النقاهة (مجموعة قصصية) (٢٠٠٤)
- عجائب الأقدار: ميسرة (التبسيطات) (١٩٨٩)
- أمام العرش : مبسطة وميسرة (التبسيطات) (١٩٩٠)
- كفاح أحمس: مبسطة و ميسرة (التبسيطات) (١٩٩٠)
- كفاح طيبة: مبسطة و ميسرة (التبسيطات) (١٩٩٠)

# قورئان دەقێکی شیعری نایابە



گفتوگۆ لەگەڵ ئاسیا جەبار

هەمیشە بەشانازییەوە باسی ئەوە دەکات کە سەرچاوەی ئیلهامەکانی ئەو وەکو ئافرەتێك، بەتایبەتیش وەکو نووسەرێك، کلتووری ئیسلامییە بە شیعر و شاکارە ئەدەبییەکانی و بەو زمانەی تەرکیزی دەکاتە سەر و هەندێك جار بە فەرەنسی پێی دەنووسێت.

لە ئاستێکی بالآدا ئافرەتی ئەدەب و هونەرە، لەسالّی (٢٠٠٥)ەوە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسییە، (ئاسیا جەبار) گەشتە ئەدەبییەکەی وەکو نووسەرێك لە سالّی (١٩٥٧)ەوە و لەگەڵ یەکەم رۆمانی بەناوی (تینوێتی) و لە قوتابخانەیەکی بچووکی گوندەکەی لە جەزائیر دەستپێکرد، پاشان بەرەو قوتابخانەیەکی بالآ رۆیشت کە یەکەم ئافرەتی جەزائیری بوو لەو قوتابخانەیە وەرگیرا.

مێژووی نوێی لە زانکۆی جەزائیر خوێندووە، کاتێ سەردەمی چاکسازی فێرکردن دەستی پێکرد و بەهۆیەوە زمانی عەرەبی لە زانکۆ سەپێنرا، ئەوکات و لەسالّی (١٩٦٥) ئاسیا سەردانی فەرەنسای کرد، بێ ئەوەی هەرگیز جارێکی تر بگەڕێتەوە جەزائیر. گەشتەکانی بەردەوام بوون و وێنەی گەلێ فیلمی درێژ و بەڵگەنامەیی گرت، (ئاسیا جەبار) لە فیستیڤالّی جیاجیادا خەلآتی بەدەست هێناوە، خۆی بینەری ئەو رووداوانە بووە کە ناوی لێنابوون "لادانە سیاسییەکانی یەکەم..." و گۆڕەپانەکەیان بۆ فەندەمێنتالیستەکان چۆل کرد و ترس و توندوتیژییان جێهێشت.

ماوەیەك.. دوو سالّی بە تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە دەقە مێژووییەکانی مێژوونووسانی عەرەب بەسەر برد، لەوانە: مێژوونووسی دیار و ناسراو (تەبەری)، ئەمەش بۆ بەدیارخستنی ئەو رۆلەی ئافرەت لەسەرەتاکانی ئیسلامدا گێڕاویەتی.

لە بواری شانۆ و دەرهێنانی سینەماییدا کاری کردووە.

لە گرنگترین بەرهەمەکانی "(تینوێتی)، (ئارامی بڕ)، (ئافرەتی جەزائیر)، (سێبەری خانمە سولّتان)، (خۆشەویستی و فەنتازیا)، (دوور لە شار)، (جەزائیری سپی)، (وەهران.. زمانی مردوو)، (شەوانیستراسبۆرگ)".

ئێستا (ئاسیا جەبار) لە نێوان پاریس و نیویۆرك دەژی و لە زانکۆ وانەی ئەدەبی فەرەنسی دەلّێتەوە. هەروەها خاوەنی چەندین کتێبە و چەند سالّێکە کاندیدی وەرگرتنی خەلآتی نۆبلّی ئەدەبییە، بەلآم تا ئێستا پێی نەبەخشراوە.

**** کاتێ باسی تۆ دەکەین، ئەم وشانە ئامادە دەبن: بەرگری و پابەندبوون؟***

- بەتەواوی وایە.. بەڵاّم لە جەزائیر ئافرەتی تێکۆشەر و پابەند زۆرن، بەدڵنیاییەوە لە من چالاكتر و بزێوتریشن، هەمیشە لەوە دەترسم کە خەڵکی وڵاتەکەی من، وا تێبگەن من خۆم واپێشکەش دەکەم، ئەمە راست نییە، من خۆم لە رێگای ئەو کتێبانەوە پێشکەش دەکەم کە دەیانووسم، ئەو کتێبانەی هەمیشە دەبنە هۆی میوانداریکردنم. هەمیشە خەم بۆ ئەو کەشوهەوایە فەرەنسییە دەخۆم، ئەوەی کە راستەوخۆ و بەردەوام بانگهێشتتان دەکات بۆ قسەکردن دەربارەی سیاسەت، کاتێك وا تێدەگات کە تۆ لە یەکێك لە کۆلۆنیالە کۆنەکانەوە هاتووی، تەنانەت کە تۆ ئەدەب دەنووسی، لەبەرەئەوەیە کە خۆشت دەوێ، ئەمەش شتێکە تۆ دەتوانی ئەنجامی بدەی و دەتەوێ ئەنجامی بدەی، بێ ئەوەی لە گوتاری سیاسی بگلێی. گرنگی بەو دەقە نادرێ کە تۆ دەینووسی، بەڵکو بەو کێبەرکێیە دەدرێ کە رۆژنامەنووسان بۆ پشکنین و جیاکردنەوەی ژیانی تایبەتی تۆ ئەنجامی دەدەن، بۆیە من لە نیویۆرك دڵخۆشم.

**** لە نیویۆرك دادەنیشیت، بەڵاّم لە فەرەنساش دەژی، لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە چوویتە ئەکادیمیای فەرەنسی، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەرتۆ هەبووە؟***

- راستییەکەی ئەکادیمیا بۆ من وەکو رووداوێکە، من تا دەتوانم موحازەرە بەرنامەرێژکراوەکانم ئامادە دەکەم، لەکۆتاییدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە لەناو ئەم گروپە لە زانایاندا کە لەگەڵیانم، هەروەکو لە هەر گروپێکی دیکەش وایە، خەڵکانێك هەن ئەدەبیان خۆش دەوێت.

**** بڕواتان بە (نەمریی رۆح) هەیە؟ خۆت وا دادەنێی کە ئافرەتێکی باوەڕداری؟***

- من لە ژینگەیەکی ئیسلامی لەدایکبوومە، ئایینی ئیسلامیش بە پێشینەکانی خۆمم دەبەستێتەوە، بە باپیر و دایك و باوکم و... تا ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆم لەگەڵ خۆمدا نەکردبوو، بەڵاّم من باوەڕدارم، لەوانەیە باوەڕدارێکی لاواز و خاوەن گوناهێکی زۆر بم، ئایین سەبارەت بە من پرسێکی زۆر تاکەکەسییە، هەرچەندە لەهەندێ بنەماش لامدابێت، بەڵاّم رێگا بە هیچ مرۆڤێك نادەم لەجیاتی من بڕیار بدات کە چۆن بژیم و چۆن پەیڕەوی لە باوەڕەکەم بکەم. دانیش بە هیچ هۆکارێکدا نانێم، لەو بڕوایەدام (وەکو لەمەزهەبی کاسۆلیکیش وایە) پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکەی راستەوخۆیە و هیچ هۆکار و ئامرازێك لە نێوانیاندا نییە.

**** کاتێ منداڵ بووی قورئانت خوێندۆتەوە؟***

- هەڵبەت... چوومەتە قوتابخانەی قورئانیش.. لەبەرکردنی قورئان بەشێکی کەسایەتی منی داپۆشیووە و بەشەکەی دیکەشی مۆرکی شاعیرە فەرەنسییەکانی بەسەرەوەیە.

ئایین بە دایك و باوكمم دەبەستێتەوە، بەڵام قورئان بەلای منەوە دەقێكـی شـیعری نایابـە، لەرووی جوانیناسییەوە بەتەواوی پێشی خستووم، هەروەكو كاریگەریشم بـە بـۆدلێر و رامبـۆ. قورئان ئاوازێكە بە دایكم و داپیرەمم دەبەستێتەوە، بە كەشوهەوای خێزانەكەمم دەبەستێتەوە، لەمنداڵیدا نزیكەكانم دەبینی نوێژ دەكەن، بەتایبەتیش داپیرەم، هەركاتێك لە ماڵە گەورەكـەی خۆیدا سەردانم دەكرد دەمبینی نوێژ دەكات.

**** كەواتە ئایین پێش هەموو شتێك پرسی ئافرەتە؟***

– كاتێ تۆ منداڵێكی بچووك بیت و لە ماڵێكدا لەگەڵ ئافرەتانی و دەبینی ئـەو ئافرەتانـە رۆژێ پێنج جار نوێژ دەكەن، تۆش وادەبیت، ئەوكات دەتبینی كە بەتایبەتیش ئافرەت و پیـاوە بە تەمەنەكان، بە پێچەوانەی گەنجەكانەوە بە رێكوپێكی نوێژەكانیان ئەنجام دەكرد، ئـەوەی لـە خێزانەكەمدا تێبینی دەكرا، ئەوەبوو كە زیاتر تەركیز دەكرایە سەر دروشمە بەكۆمەڵەكانی وەكو رەمەزان و قەدەغەكردنی گۆشتی بەراز و عەرەق. بۆنی عەرەق و گۆشتی بەراز هەمیشە دەبووە هۆی بێزهاتنەوەم و بێزاریان دەكردم.

**** هیچ سورەتێكی قورئانت لەبیرماوە لەوانەی لە قوتابخانەی قورئان لەبەرت كردن؟***

– دووسێ سورەتم لەبـەر بـوو، دوای ئـەوەی ناوەنـدیم جێهێشـت، لـەخۆم پرسـی سـوودی لەبەركردنی قورئان چییە ئەگەر تێی نەگەم؟ من تەنها بە زمانی عەرەبی باو قسە دەكەم، دەقی قورئانیش بە زمانی عەرەبی پاراو نووسراوە، ئێستا هەردەم دوو دانە قورئانم لایـە، یـەكێكیان بە عەرەبی و ئەوی دیكەشیان وەرگێڕدراو، من لە دەقە عەرەبییەكـەی تێناگـەم، راسـت نییـە ئەگەر بڵێم هەموو رۆژێك سورەتێك دەخوێنم، بەڵام ماوە ماوە دەگەڕێمەوە سەری.

**** ئایا كچەكەی خۆتت لەسەر ئیسلام پەروەردە كردووە؟***

– هەڵبەت.. عەرەبییەكەشی زۆر لە عەرەبییەكەی من باشترە.. ئێستا نازانم كە ئایین شـتێكی گرنگە لای ئەو یان نا؟ ئێمە لەوبارەیەوە هیچ گفتوگۆیەك ناكەین، بابەتەكە تایبەتە بەخۆی.

**** لە رەمەزاندا بەرۆژوو دەبن؟***

– بەپێی بارودۆخەكە، ماوەیەكی درێژ بە توندی و بەبێ ئەوەی كۆڵ بدەم بەرۆژوو دەبـووم، بەڵام ئەمڕۆ زۆرجار بەرۆژوو نابم، بەتایبەتیش ئەوكاتانەی بە نووسین سـەرقاڵم و دەبیـنم رۆژوو رێگا نادات لەسەر كارەكانم بەردەوام بم، جگە لەوەش من یـەكێكم لەوانـەی ئـاڵودەی قـاوەم، باوەڕم وایە كە كارەكەم گرنگترە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەست بە سۆزێكی زۆر دەكەم بۆ ئـەو دابونەریتەی لەگەڵ خێزانەكەمدا تیایدا ژیاوم.

**** رێککەوتووە کە نوێژ بکەیت؟***

- کاتێ هەڵدەچم، کاتێ لە شتێك دەترسم یان لە ساتێکی پەشیمانیدا دەژیم. لەو باوەڕەدام کە ئافرەتێکی یەهودی یان مەسیحیش هەمان وەڵامت دەداتەوە.

**** گرنگیت بە بیرمەند یان سۆفیگەرە موسوڵمانەکان یان هی هەر ئایینێکی دیکە داوە؟***

- بەڵێ.. من مێژوونووسم و مێژووش دەرگای چوونە ژوورەوەی ئایینەکانە، هەمیشە حەزم لە خوێندنەوەی دەقە سۆفیگەرییەکانی ئەدەبی فەڕەنسی و سۆفیگەری گەورە مەسیحییەکان بووە، نزیکەی (٢٥) ساڵیشە گرنگی بە دەروێشە گەڕۆکەکان دەدەم، ئەوانە ئەو ئەفریقیانەم بیردەخەنەوە کە کاتێ من منداڵ بووم بەگوندەکەماندا تێدەپەڕین، شەتەحاتیان دەکرد، وەکو شێوەی سەمای مەغریبی، دامەزرێنەری دیاردەی دەروێشەکان (جەلالەدینی رۆمی) منی پێشخست بەتایبەتیش بە هێزە شیعرییە بلیمەتییەکەی.

**** باوکت مامۆستا بووە و خاوەن رۆشنبیرییەکی لائیکی سۆسیالیستی بووە، چی بۆ جێهێشتی؟***

- ئەوکات مامۆستاکانی لە شێوەی باوکم تاکەکەس بوون کە رێگایان دەدا کچەکانیان لە دوای تەمەنی یازدە ساڵییەوە بخوێنن، لە بندەستی داگیرکەردا جەزائیرییەکان ئیسلامیان وەکو پەردەیەك بەکار دەهێنا بۆ قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی جەزائیرییەکان بە کەسانی ناموسوڵمان، وەکو ئەوەی بمانەوێ دوای ئەوەی هەموو شتێکمان دۆڕاند، پاکی و بێگەردی ئافرەتەکانمان: کچەکانمان، دایکەکانمان بپارێزین.

بۆ پاراستنی شوناسمان، بە هەموو ئەو شتانەی ئیسلام پابەندبووین کە داخراون، بەوەشدا کە ئافرەتان پارێزەری یادەوەرین، پێویستە زیاتر و تادەتوانرێ لە چوارچێوەی زمانی بەربەری و عەرەبی قەتیس بکرێ و دابخرێ، بەمەش دەکەونە دەرەوەی بازنەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەم ترسە زۆرە لێی و سووربوونێکی توووند لەسەر پاراستنی شوناس، جگە لە داخران هیچی دیکەی بۆ گەلەکەمان زیاد نەکرد. ئیسلام لەمە بەرپرسیار نییە، بەڵکو ئەو رێگر و مەترسییە توووندە لێی بەرپرسیارە کە گەلی کۆنترۆڵ کردووە بۆ پاراستنی کلتوورەکەی.

چەندە چینە کۆمەڵایەتییەکان ئاسوودەتر و بێ کێشەتر دەبوون، هێندە سووربوون لەسەر پاراستنی ئافرەت و گۆشەگیرکردنی زیاتر دەبوو.

خێزانی دایکم راستەوخۆ لەناو ئەم بارودۆخەدا ژیا، باپیری دایکم سەرکردەی شۆڕشی ساڵی (١٨٧١) بوو، باوکیشی (عیسا بورکانی) وەزیری جەنگی میر عەبدولقادر بوو.

***کەواتە هەڵکشانی ئیسلامییەکان دەرەنجامێکی راستەوخۆی داگیرکارییە؟**

- هۆکارەکان زۆرن، بەڵام جەزائیر، ئەو وڵاتەی من زۆر بەباشی دەیناسم، (١٣٠) ساڵ لەژێر داگیرکاری فەرەنسیدا ژیا و ئەمەش ناخی کۆمەڵگای جەزائیری تێکشکاند، ئەوەشی دەخەمەسەر کە ئەم هیوابڕان و تێکشکانەی دەوڵەتی سەربەخۆ، رق و کینەی دژی رۆژئاواییەکان هەڵگیرساند و ئایین بووە پەناگەیەکی بەهێز بۆ شوناس، بەداخەوە ئەمەش بووە هۆی خراپتربوونی دۆخەکە.

***بڕواتان بە پێکدادانی شارستانییەکان هەیە؟**

- لە دوای کارەساتی (١١) سێبتێمبەری (٢٠٠١)ەوە کە تا ئێستاش راستی رووداوەکە بەتەواوی نازانین، بەتایبەتیش لە دوای وێرانکردنی عێراقەوە، وای دانانێین کە رووبەڕووبوونەوەی نێوان مەسیحی و موسڵمانەکان رووی دابێت، ئەمە وەهمە، ئەگەر ئەم هەموو نەوتە لە وڵاتی چین هەبوایە، ئێستا گفتوگۆکان دەربارەی ئەو وڵاتە دەبوون نەك دەربارەی عێراق یان دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایینی ئیسلام کە ئێستا بۆتە شتێکی جەوهەری لە گفتوگۆکاندا.

***بە نیازن رۆژێك لە رۆژان بگەڕێنەوە جەزائیر؟**

- نازانم.. تەنانەت دڵنیانیم لەوەی کە ژیانم لە فەرەنساش بەردەوام دەبێت یان نا، من وەك خۆت دەزانی لە گۆشەگیری نووسیندا دەژیم.

**سەرچاوە:**

**http://ja-jp.facebook.com/note.php?note_id=77927239279**

## ئاسیا جەبار:

له (٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦) له ڕۆژئاوای شاری جەزائیری پایتەختی وڵاتی جەزائیر لەدایکبووه.

کاری نووسینی ئەدەبی و شانۆگەریی و دەرهێنانی سینەمایی به سەرکەوتووی ئەنجام داوه.

له ساڵی (١٩٥٣) که هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووه بیست ساڵان، یەکەم ڕۆمانی بەناوی (العطش) نووسی.

پاشان ڕۆمانی (نافذة الصبر)ی له ساڵی (١٩٥٧) نووسی.

له ساڵی (١٩٨٠) بەرەو فەرەنسا کۆچی کرد و لەوێ دەستی به نووسینی چوارینه بەناوبانگەکەی کرد (نساء الجزائر)، (ظل السلطانة)، (الحب والفنتازیا)، (بعیداً عن المدینة).

## گرنگترین کتێبەکانی:

- (العطش)
- (نافذة الصبر)
- (نساء الجزائر)
- (ظل السلطانة)
- (لحب والفنتازیا)
- (بعیداً عن المدینة).
- (الجزائر البیضاء)
- (لیالي ستراسبورغ)
- (وهران... لغة میتة)

# شیعر و یادەوەرییەکان



## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولوەهاب بەیاتی

لەنێوان (٥-١٩٩٥/١/٨)دا لە دارولبەیزا لە مـەغریب، کـۆنگرەی نۆزدەهـەمی ئـەدیب و نووسەرانی عـەرەب گرێدرا.. شاعیری گەورە (عەبدولوەهاب بـەیاتی) میـوانی ئـەم کۆنگرەیـە بوو، ئەو لەناو وەفدی رژێمی ئەوکاتی عێراقی نەبوو کە (رەعد بەندەر) سـەرۆکایەتی دەکـرد.. بەڵکو بەیاتی سووربوو لەسەرئەوەی رووبەرێك لە نێوان خـۆی و وەفـدی نـاوبراودا بهێڵێتـەوە، ئەوکات پاشکۆی رۆشنبیری (ئەلمیساق ئەلوەتەنی) چاوپێکەوتنێکی بڵاوکردەوە کە مـن لەگـەڵ (بەیاتی)مدا ساز کردبوو، دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسـەر ئـەم گفتوگۆیـە، لـە ژمارەیـەکی تایبەتی پاشکۆکەدا کە لە (١٩٩٩/٨/٨) بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیرەوە دەرچوو، گفتوگۆکـە دووبارە بڵاوکرایەوە، بەجەختکردنەوە لەسەر باوەڕبوون بە هـەموو ئـەو شـتانەی پەیوەسـتن بـە واقعی ئەدەبی و رۆشنبیری عێراقی و بۆ پاراستنی کەلەپووری شاعیری گەورەمان و هەڵوێسـتە فیکری و داهێنەرانەکانی، دیسان ئەم گفتوگۆیە لە (ئەلکاتب ئەلعێراقی)دا بڵاو دەکەمەوە.

لە (دارولبەیزا) لەمیانەی گرێدانی کۆنگرەی نۆزدەهەمی ئەدیب و نووسـەرانی عـەرەب لـە نێوان (٥-١٩٩٥/١/٨) گەڕان بەردەوام دەبێت بە دوای کلیلی نوێ لە نەخشەی دیکەی ژیـانی بەیاتی، (ئەبو عەلی) پرۆسەی تێکەڵبوونێکی نوێی جیهانەکـەی دوا دەخسـت لەهـەموو ئـەو جارانەی کە یەکترمان دەبینی، ئەم پیاوە رەفزی نەدەکردەوە، بەڵام جار لەدوای جار گفتوگۆکەی دوا دەخست، لە هەموو پرۆسەیەکی دواخستنیشدا نەخشەی گفتوگۆکە فـراوان دەبـوو، تـا لـە ئێوارەی رۆژی شەمەی (١٩٩٥/١/٧) گفتوگۆکە ئەنجام درا. هەروەکو نەریتی خۆی، ئەو لەهەر کوێیەك بێت تاراوگەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بـە شـوێنگەی جۆراوجـۆر دەیگۆڕێـت، بۆئەوەی قەدەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، رەخنەگرە (خۆبەزۆرزانەکان) هەرچییەك بڵـێن، ئـەو بـاکی پێیان نییە، ئەوان:

**جرجەکانی کێڵگەی وشە**
**سەری شاعیرییان لە کێڵگەی خۆڵەمێشدا ناشت**
**بەڵام شاعیر لەسەرووی خاچی تاراوگەیە**
**خۆر هەڵدەگرێت و دەفڕێت..**

گفتوگۆ لەگەڵ (بەیاتی)دا لەخۆوە دروستبوو، هەوڵی دا کە سەرەتاکان بە هەموو گـەنجێتی و ژاوەژاوەکانییەوە تۆمار بکات، هەوڵی دا قۆناغ بـە قۆنـاغ لەگـەڵ گەشـتە داهێنەرانەکەیـدا بڕوات، کاتێك ئەم کارەی بۆ بەزەحمەت کەوت، پـەنای بـردە بـەر شـاعیرێتی، وەڵامـەکان بـە روانینێکی نوێخوازانە بوون، روانینی (شورای چین)... ئێستاش فەرموون بەرەو گفتوگۆکە:

**** لەناوەڕاستەکانی ئەم سەدەیەدا، شیعری نوێی عێراقی گەشەی کرد، لە زۆر ئاستدا بوژانەوەیەکی هونەری و کلتووری گشتگیر دروستبوو، دەتوانی هەندێ تیشك بخەیتە سەر ئەم ماوە بە جموجۆڵە و ڕۆڵی خۆتان تیایدا؟***

- هەڵکردنەوەی کاسێتی ژیانی ئەم ساڵانە کارێکی زەحمەتە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ئەو، واتا ژیان، سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کە بای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا هەڵی کرد، بەڵام چینی دەسەڵاتدار هەوڵیدا کە واقعەکە وەکو خۆی بپارێزێت، بەشێك لەو ململانێ بەهێزەی کە لەنێوان گەلی عێراقی بە هەموو چین و توێژەکانییەوە و دەسەڵاتی حاکمدا هەبوو، گەشەی کرد، لەو کاتەدا کلتووری عێراقی وەکو ئامرازێك بۆ گۆڕانکاری، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، شیعر لەپاڵ هونەرەکانی تری شێوەکاری و مۆسیقا و لێکۆڵینەوە و ئەوانی تردا بەدیارکەوت، لەم ماوەیەدا هەوڵی جیدی دران و کۆمەڵێ گەنج پێشەوایەتییان دەکرد، (خانەی باڵای مامۆستایان) کانگایەکی کلتووری گەورە بوو کە زۆر لایەنی شیعری و کلتووری تیایدا بەجۆشوخرۆش هاتن، بۆنموونە (سەیاب و نازك ئەلمەلائیکە)، قوتابی خانەی باڵای مامۆستایان بوون، واتا لە دەرچووانی ئەم خانەیە بوون، شاعیرانی دیکەش هەبوون کە لەم خانەیەدا دەرنەچووبوون، بەڵام ئەوانیش لەپاڵ ئەمانەدا بوون.

**** وەکو کێ؟***

- وەکو بلّند حەیدەری و پاش ئەویش سەعدی یوسف و ئەوانی تر..

**** ئەی دەربارەی بەیەکگەیشتنی شاعیران لەم ماوەیەدا چی دەڵێی؟ چ قاوەخانەیەك کۆی دەکردنەوە؟ بارودۆخی بەیەکگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەکانیان چۆن بوو؟***

- لەسەرەتادا چاوپێکەوتنەکان گەرموگوڕ بوون، بەڵام هەبوونی لایەنی سیاسی جیاواز بووەهۆی پێکدادان، لە ئایندە و ئێستاشدا هەر وایە، هەمیشە هەموو بزووتنەوەیەك لەسەرەتادا بە هاندەرێکی ڕاکێشەر و تەقینەوە دەست پێ دەکات، پاشان بەش بەش دەبێت و لقوپۆپی لێ دەبێتەوە، لە هەموو سەردەمێکدا کە داهێنەر هەن، کەسانێکی ناداهێنەر و نیمچەداهێنەریش هەن دێنە ریزەکانییانەوە، هەوڵ دەدەن جەنگێکی لابەلا بوروژێنن، من نەکەوتوومەتە ناو ئەم جەنگە لابەلایانەوە، چونکە گرنگی پێ نادەم، هەروەکو لە یەکێك لە کتێبەکانمدا بە ئاماژەکردن بە (موتەننەبی) باسم کردووە "چونکە ئەگەر گوێی پێ بدەم هیچ

سوودێکم پێ ناگات"، واتا من بەرەو نووسینی جیدی و راستەقینە رۆیشتم بەبێ ئەوەی بەرپەرچی ئەم و ئەو بدەمەوە، یان بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەکەس بدەمەوە.

قاوەخانەی ئەدەبی زۆر هەبوون بەتایبەتیش بەرازیلی و سویسری و قاوەخانە ئاست نزمەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی ناوچەی (بابولموعەزەم) لەوانە: حەسەن عەجەمی و قاوەخانەی ئەلرەشید و قاوەخانەی بەلقیس لە شەقامی ئەبو نەواس و ئەوانی تر، کۆڕ و کۆبوونەوەی جیاواز هەبوو، بەڵام وەکو گوتم: بە زۆری لە قاوەخانەی بەرازیلی و سویسری بە یەك دەگەیشتن.

**** دەتوانین (عەبدولوەهاب بەیاتی) بە نوێنەری لایەنی واقعی ئەو ماوەیەی شیعری عێراقی دابنێین، ئەوکاتە لایەنی تریش هەبوون، لەوانە لایەنی ئەفسانەخوازی یان (تەمووزی) کە دواتر (سەیاب) نوێنەرایەتی دەکرد، ئایا نموونەی ئەم لایەنانە پشتگیرییان لەیەکتر نەدەکرد و بەم قاوەخانانەدا بڵاونەدەبوونەوە؟ چ کار و کاردانەوەیەك لە نێوانیاندا رووی دەدا؟***

- ئاسان نییە شیعر دابەش بکەین بۆ لایەنی (ریالیستی) و (تەمووزی)، شتەکە بەم شێوەیە سادە نییە، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە لایەنی (تەمووزی) ئاماژەت پێی کرد، ئەمە بەدیار نەکەوت تەنها لەسەر دەستی (گۆڤاری شیعر)ی لوبنانی نەبێت، کە دوای ئەوە دەرکەوت، جوڵانەوەی نوێگەری لە شیعری عێراقیدا زۆر لە پێش ئەم قۆناغەوە بوو، (شیعری تەمووزی) بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو کە حزبی نەتەوەیی سوری پێشەوایەتی دەکرد، ئەم حزبە لەبەر هۆکاری هونەری و مەرجی شیعری داوای بەکارهێنانی ئەفسانەی نەدەکرد، بەڵکو لەبەر هۆکاری سیاسی و بۆ دۆزینەوەی کەلەپووری فینیقی و (هیلالی خەسیب) یان شتێکی لەم جۆرە، بۆیە ئەوکات بەکارهێنانی ئەفسانە لەلایەن هەندێ شاعیرەوە لە کردەی کۆلاج یان پێوەلکاندن دەچوو، یان بابەتەکان بەمشێوەیە باس دەکران، یاخود ئاماژە بە ئەفسانە دەکرا بەبێ ئەوەی زمانی ئەفسانە و روانگەی ئەفسانە بەکاربهێنرێ، بەبێ ئەوەی هەنگاو بۆ ئەفسانە و بەرەوپێشبردنی و زیادکردنی بنرێت.. بزووتنەوەیەکی ناسروشتی بوو.

**** ئاماژەکردن بە (سەیاب) لە میانەی مامەڵکردنی ئەوەوە دێت لەگەڵ سیمبولدا، نەك لەبەر پەیوەستبوونی بە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەمە لای خۆیەوە بەرەو موفارەقەیەکی ترمان دەبات، ئەویش ئەوەیە کە سەیاب -بەشێوەیەك لە شێوەکان- پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی گۆڤاری شیعرەوە؟***

- به هیچ شێوەیەك بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە پێیانەوە پەیوەست نەبووە، بەڵکو بەهۆی دۆستایەتی و پەیوەندییەوە پێیانەوە پەیوەست بووە، باوەڕ ناکەم کە سەیاب نوێنەری ئەم لایەنە بێت یان هیچ پەیوەندییەکی بەم لایەنەوە هەبێت، چونکە وەکو پێشتر گوتم ئەم لایەنە بەرلەوەی لایەنێکی شیعری بێت لایەنێکی سیاسی بوو، لەوانەشە پێویستی ماددی یان مەعنەوی وای لێ کردبێت کە لەم گروپە نزیك بێتەوە.

**** ئەوکات لە رووی رەخنەوە (بەیاتی) بە گروپی ریالیستی دەژمێردرا، بەلاّم دواتر لەچوارچێوەی گروپی سۆفیگەری دادەنرا، ئەویش بەهۆی زیادبوونی پرسیارە وجودییەکان لە شیعرەکانیدا.. بەیاتی چۆن دەڕوانێتە ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە؟***

- شیعر لە دەرەوەی پۆلێنکردندایە، هەموو ئەوانەی لە ئاسۆوە دەردەکەون سەراب نین، راڤەکردنی شتەکان و سادەکردنەوەی و ناونانی شیعر بەم ناوانە کارێکی زەحمەتە، ئەوەی شیعری من بخوێنێتەوە دەزانێ کە راستە من زمانی سۆفیگەریم لە شیعرەکانمدا بەکارهێناوە، بەلاّم رەهەندێکی تری شیعرەکانم سۆفیگەری نین، چونکە من سۆفی نیم، بەهیچ شێوەیەك ئارەزووی سۆفیگەرێتی ناکەم، من مرۆڤێکی دنیاییم، واتا بۆ ژیان دەژیم، بەلاّم وەکو پێم گوتی: کاتێ زمانی شیعری روون و ئاشکرا دەبێت، لە زمانی سۆفیگەری نزیك دەبێتەوە، سۆفی خەون بە بونیادنانی ناوچەی خوا دەبینێ لەجیهانێکی تر، بەلاّم من بانگەشەی بونیادنانی ناوچەی مرۆڤ و ناوچەی زەوی دەکەم لە ژیاندا، بۆیە من جیاوازییەکی ریشەییم لەگەڵ سۆفییەکاندا هەیە، کاتێکیش دەربارەی هەندێ سۆفی وەکو حەلاج و سوهرەوەردی و جەلالەدینی رۆمی دەنووسم، لەبەرئەوە نییە کە ئەمانە سۆفین، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە کەسایەتی دوودڵی وجودی و یاخین لە واقعی خۆیاندا، یاخیبوون لەو مەرجە نامرۆڤایەتییەی سنوور بۆ ئازادی مرۆڤ دادەنێن و دەگەڕێن و هەوڵی گواستنەوە دەدەن لە (خود)ەوە بۆ (خودی بالاّ).

**** لەم قۆناغەدا (شانۆگەری)ت نووسی، ئایا بەردەوام بووی لەسەر نووسینی شانۆ و هونەری گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی؟***

- بۆ ئەوە شانۆگەریم نەنووسی کە بمەوێ ببمە شانۆکار، بەڵکو شانۆگەریم نووسی لەبەرئەوەی کە کۆمەڵێ بیرۆکە لەناو زەینمدا گەلاّڵە بوون و هێرشیان بۆ هێنام، نەمدەزانی چۆن چارەسەریان بکەم و بیانخەمە ناو قەسیدەکانم، پەنام بردە بەر ئەم شێوازە، یەکەم شانۆگەریم نووسی و جارێکی تر نەگەڕامەوە سەر نووسینی شانۆگەری، شانۆ رێگایەکی ترە و جیاوازە لە شیعر، هونەر و تەکنیکی قەسیدە لە هونەر و تەکنیکی شانۆ جیاوازە، من بۆ ئەوە دروست بوومە کە ببمە

شاعیر نەك شانۆكار، لەو قۆناغەی كە شانۆگەری (دادگاییكردن لە نیسابوور)م نووسی، هەستم بە جیاوازییەكی گەورە و ئەو وێرانییە كرد كە ئەوكات بەسەر ژیانی مندا زاڵ ببوو، چونكە لەسەرم پێویست بوو نوێگەری بكەم، سەر لەنوێ لەدایك ببمەوە، پێویستبوو لەسەرم كە چاوەڕێ بكەم، نووسینی ئەم شانۆگەرییە ئەوكات بۆ من وەكو گوریسێكی رزگاركەربوو كە بۆم درێژكرابێت، دوای نووسینی ئەم شانۆگەرییە، بەرەو قۆناغێكی نوێی شیعری رۆیشتم، یارمەتی دام بۆ چاندنی تۆ لە زەوی شیعردا، بۆئەوەی سەر لە نوێ ببوژێمەوە و كاروانی شیعریم دەست پێ بكەمەوە، كاتێ هەستم بەوەكرد سەرلەنوێ گەڕاومەتەوە خاكی شیعر، بەتەواوەتی لە نووسینی شانۆ دووركەوتمەوە، من بە تەواوی ئەمەم بۆ بەدەست هات.

*** بەیاتی ماوەیەكی زۆر لە تاراوگە ژیاوە، بەرهەمی ئەو تاراوگەیەش ئەزموونێكی دەوڵەمەندی شیعری بوو، دەتوانیت بە كورتی باسی هەندێ لەو ئەزموونانەم بۆ بكەیت؟***

- (بە پێكەنینەوە).. بە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە سەرسام دەبم .. ئەمە وەكو ئەوەیە كە بمخەیتە ناو شورایەكی گەورە، گوتم كە تاراوگە، تاراوگەیە لە نیشتمان، تاراوگەیە لە غوربەت، تاراوگەیە لە تاراوگە. جیهانی تاراوگە. زۆرجار نیشتمان دەبێتە شوێنی تاراوگە و تاراوگەش شوێنی نیشتمان دەگرێتەوە، بەمجۆرە دەمامكی نیشتمانی و تاراوگە بە بەردەوامی دەگۆڕێت و پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت بۆ تاراوگەیەكی نوێ، ئەویش ئەو تاراوگەیە كە شاعیر ناتوانێت تیایدا نە بگەڕێتەوە تاراوگە و نە بگەڕێتەوە نیشتمانیش.

*** ئەمە پرسیارێكی دەمارگیرە.. ببوورە.. هەندێك دەڵێن بەیاتی (كە شاعیرێكی شۆڕشگێرە) بەند نەكراوە و دەستگیر نەكراوە، رووبەرووی هیچ ئازارێكی راستەوخۆ نەبۆتەوە، چۆن وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە دەدەیتەوە؟***

- تۆمار و بەڵگەنامەكانی پۆلیس شایەتی ئەمە دەدەن.. وەك دەزانن (رەگەزنامەی عێراقی)م لێ وەرگیراوەتەوە، لەساڵی (١٩٦٣-١٩٦٨) پاسەپۆرتەكەشم لێ وەرگیرایەوە، ئەمەش لە (وەقایعی عێراقی) و رۆژنامەكاندا نووسراوە، وەكو دەڵێن (هیچ شتێك لەخوا بزر نییە).. تەنانەت من وای نابینم كە ئازایەتی بێت مرۆڤ بەند بكرێت، ئەگەر شاعیرێكی راستەقینە نەبیت چ وانە و پەندێك لەمە وەردەگری؟ هەندێ شاعیر هەن بە دەیان ساڵ بەند كراون، بەڵام نەبوونەتە شاعیری راستەقینە، پێچەوانەی ئەمەش پێچەوانەیە. لەوانەیە هەندێك كەس لەسەر دزینی پرتەقاڵێك بەند بكرێن، هیچ جیاوازییەك نییە، میدالیای شاعیری راستەقینە ئەوەیە قەسیدەی گەورە بنووسێت، دیوانێكی گەورە بنووسێت و بەندیش نەكرێت،

بەپێچەوانەوە، بەندیخانە زەرەرە بۆ تەندروستی شیعریی، بەمەش کۆتاییی بە قسەکە دێنین "دەڵێن!!!.. چی دەڵێن؟ لێیانگەڕێ با بیڵێن". ئەمەش قسەی شاعیرم بە بەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت:

**ئەم ژاڵکەم لە حەلەب دیوە**
**لە ئەویندارێدا زماندرێژ و کلکیشی کورت**

بۆنموونە (دیواری چین).. هەندێك هەوڵ دەدەن کەموکوڕی تێدا دەبیننەوە، دەڵێن زیاد لە پێویست بەرزە، یان زیاد لە پێویست دوورودرێژە یان تەمەنی زۆر درێژبووەوە و... بەم جۆرە، بەڵام قسەی ئەوانە هەمووی لەسەر شکاندنی دیواری چینە، قەسیدەیەکم لەمبارییەوە هەیە بەناوی (شورای چین).

***** ئایا قەسیدەی نوێ، یان قەسیدەی تازەگەر، توانیویەتی شوێنی قەسیدەی عەرەبی نوێ بگرێتەوە کە تۆ لە پێشەنگەکانی؟**

- هیچ شتێك شوێنی شتێکی دیکە ناگرێتەوە، هەموو شتێك شوێنی خۆی هەیە، هیچ شتێك رۆڵی شتێکی دیکە رەت ناکاتەوە. (قەسیدەی داستانی، قەسیدەی کورت، قەسیدەی ساتەوەخت..) هەموویان تەکنیك و ئەرك و رۆڵی خۆیان هەیە، رۆلەکان دابەش ناکرێن، ئەم ئەو رەت ناکاتەوە.. بەمشێوەیە؟ ئەمەش وەکو ئەو کەسەیە کە سەیری (شورای چین) دەکات و ئەو شتە نابینێ کە لەودیوی شوراکەوە هەیە، هەروەکو شوێنکەوتە یان رێنیشاندەری (تەیمور لەنگ) وا دەڵێت، کاتێ هەندێ وڵاتی رزگارکرد و گەیشتە شورای چین، رێنیشاندەرەکە دەیزانی کە چ شتێك لەمدیو شورای چینەوە هەیە، بەڵام لە (تەیمور لەنگ)ی ترسێنەری شاردەوە.

***** دیمەنی شیعری مەغریبی سەبارەت بە بەیاتی چۆن بەدیار دەکەوێت؟**

- گومانی تێدا نییە کە مەغریب بوژانەوەیەکی فیکری و کلتووری و ئەدەبی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێ، ناتوانی شیعر لەم بوژانەوەیە دابڕێ، هەمیشە شیعر پێشەنگی بوژانەوەی رۆشنبیرییە، دەنگی شیعر لە مەغریبدا خەریکە خۆی بەسەر گوێی عەرەبیدا دەسەپێنێ، پێشبینی ئەوەش دەکەم کە بڵاوببێتەوە و سەرکەوتوو بێت.

**سەرچاوە:**

**http://iraqiwriter.com سازدانی: فیراس عەبدولمەجید**

## عەبدولوەهاب بەیاتی:

عەبدولوەهاب بەیاتی لە ساڵی (١٩٢٦) لە شاری بەغدا لە دایك بووە.

ماوەیەك کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامداوە و لە عێراق لەسەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی دەسگیر کراوە.

لە ساڵی (١٩٦٣)دا پاسەپۆرتی عێراقی لێ سەندراوەتەوە و دەربەدەر بووە.

لە (سوریا و بەیروت و قاهیرە و یەکێتی سۆڤیەت و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا) ژیاوە و وەکو مامۆستا و لێکۆڵەر کاری کردووە.

لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٨٠) لە ئیسپانیا ژیاوە و کاریگەری لەو وڵاتە زۆر بووە، هەر لەو ماوەیەدا زۆربەی کارەکانی بۆ زمانی ئیسپانی وەرگێڕدراوە، پاشان ماوەیەك چۆتە ئوردن و دواتریش چۆتە سوریا.

لە ساڵی (١٩٩٩) لە سوریا کۆچی دوایی کردووە.

### کتێب و دیوانەکانی:

- دیوان ملائكة وشياطين ١٩٥٠م .
- أباريق مهشمة ١٩٥٥م .
- المجد للأطفال والزيتون ١٩٥٦م
- رسالة إلى ناظم حكمت ١٩٥٦م .
- أشعار في المنفى ١٩٥٧م .
- عشرون قصيدة من برلين ١٩٥٩م .
- كلمات لا تموت ١٩٦٠م .
- طريق الحرية (بالروسية) ١٩٦٢م .
- سفر الفقر والثورة .
- النار والكلمات ١٩٦٤ .
- الذي يأتي ولا يأتي ١٩٦٦م .
- الموت في الحياة ١٩٦٨م .
- تجربتي الشعرية ١٩٦٨م .
- عيون الكلاب الميتة ١٩٦٩م .

- بكائية إلى شمس حزيران والمرتزقة ١٩٦٩م .
- الكتابة على الطين ١٩٧٠م .
- يوميات سياسي محترف ١٩٧٠م .
- ديوان عبد الوهاب البياتي ٣ أجزاء ١٩٧٢م
- قصائد حب على بوابات العالم السبع ١٩٧١م
- سيرة ذاتية لسارق النار ١٩٧٤م .
- كتاب البحر ١٩٧٥م .
- قمر شيراز ١٩٧٥م .
- صوت السنوات الضوئية ١٩٧٩م .
- بستان عائشة ١٩٨٩م .
- كتاب المراثي ١٩٩٥
- الحريق ١٩٩٦
- خمسون قصيدة حب ١٩٩٧
- البحر بعيد أسمعه يتنهد ١٩٩٨
- ينابيع الشمس - السيرة الشعرية ١٩٩٩
- مسرحية محاكمة في نيسابور ١٩٧٣م.
- بول اليوار، وأراجون، وتجربتي الشعرية و مدن و رجال و متاهات و جمعت حواراته في كتاب كنت أشكو إلى الحجر.

# لەمەودوا گرانبەها دەبم



گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ماغوت

**هیچ شتێك بەم خاكەم نابەستێتەوە جگە لە پێڵاو**
**هیچ شتێك بەم سەوزاییەم نابەستێتەوە**
**جگە لەو شەماڵەی كە بە ڕێكەوت لە رابردوودا هەڵم مژی**
**بەڵام ئەوەی دەست لە گوڵێكی بدات، دەست لە دڵم دەدات.**
**(لە قەسیدەی -قاوەخانەیەك لە بەیروت- دیوانی. ژوورێك بە ملیۆنەها دیوار).**

ئایا بەڕاستی ئەو ژوورەی ماغوتی تێدا دەژییێت بە ملیۆنەها دیوار دەورەدراوە؟

ئەم پرسیارە زۆر فشاری خستە سەر زەینم و چووم بۆ ئەوەی چاوم پێی بكەوێ لەپێناو ئـەم گفتوگۆیەدا..

خانووەكـانی دیمەشـق بـە یاسـەمین رازابوونـەوە و بـۆن و بـەرامیان بـە درێـژایی ڕێگـادا بڵاوكردبووەوە.

من قسەی برادەرەكانم دەربارەی ئەم شاعیرە بیر دەكەوتەوە، بەوەی كـە حـەز بـە ڕۆژنامـە ناكات و زۆر بەكەمی نەبێ گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەكاندا ئەنجام نادات.

شۆڕشگێڕ و یاخییـەكی بـەردەوام، ئاگربەسـت نازانێـت و لەگـەڵ هـیچ كەسـێكدا ئاشـت نابێتەوە، لە شیعرەكانیدا بە ئازار و مەینەتییـەكانی ئـەو هاووڵاتییـەی بـە دوای ناسـنامەدا دەگەڕێت لە جیهانێكدا كە نایەوێ بیناسێ، ڕووبەڕووی ئەوپەڕی گەنجی دەبینەوە.

**دەستم لەسەر ئەو شۆستە دڵنەرمانەی وەكو دایكم**
**دادەنێم و سوێند بە شەوە درێژەكانی زستان دەخۆم**
**ئاڵای وڵاتەكەم لەسەر ستوونەكەی دەهێنمە خوارەوە**
**قۆڵی بۆ دەدوورم و دوگمەی تێدەخەم**
**وەكو كراس لەبەری دەكەم**
**ئەگەر نەمزانی**
**لە چ پایزێكدا جلە كۆن و دڕاوەكانم فڕێ دەدەم و**
**لەگەڵ یەكەم گەردەلوولدا هەڵدەكەمەوە**
**سەر نیشتمان**
**بەسەر یەكێك لە گردۆڵكەكانیدا سەر دەكەوم**
**كە لەمێژووەوە نزیك بێ**
**شمشێرەكەم بۆ مشتەكۆڵەی تاریق و**

**سەرم بۆ سینگی خەنسا و**
**پێنووسم بۆ پەنجەکانی موتەنەبی دەهاوێژم**
**وەکو درەختێکی رووتاوە لە زستاندا بەرووتی دادەنیشم**
**بۆ ئەوەی بزانم کەی برژانگی نوێ و**
**فرمێسکی نوێ لە بەهاردا دەپشکوێت؟**
**نیشتمانەکەم.. ئەی ئەو گورگەی وەکو درەخت**
**بەرەو دواوە خۆت لوول داوە**
**ئەم وێنە (فۆتۆگرافی)یانە بۆ تۆن**
**دارِماو و درزبردووە رووخاوەکان،**
**ئەم باڵندە بەجریوانە و ئەم کەشتییە سەرهەڵگرتووانە**
**لەسەر پوولەکانی پۆستە**
**ئەم سوپا سەرکەوتووانە**
**ئەو ئەسپە حیلەوانانەی لەسەر جامە بەندکراوەکاندا**
**لەسەر رووبەری مافوورەکاندا بۆ تۆن**
**بۆ تۆ ئەو نینۆکە کۆکراوانەی**
**لەکۆتایی پەنجەکاندا**
**وەکو ماڵە هەتیوو و بێکەسەکان.. بۆ تۆن**
**بەو نینۆکانەش هەنگاوەکانم لەشۆستەکانەوە هەڵ دەکرِێنم**
**ئەمانە هەموو پێشکەشت بن**
**بەڵکو هەردوو پێیەکانیشم لە گۆزینگەوە دەبرِم**

منداڵێکی گەورە، لەنێوان دەستەکانیدا بەهرەی شیعر و پێویستییەکانی بەهرەیەکی تر کۆ دەبنەوە کە بەهرەی یاخیبوون و بەهرەی شۆرِشە، شیعر دەنووسێت، وەکو ئەوەی هەنگاو بۆ ژیان دەنێت، دەبینین کە رەخنەگرانی (پەخشانە شیعر) لەنێو زیاتر لە سەربازگەیەکی شیعر و شاعیران جیای دەکەنەوە و وەکو مامۆستایەك دان بە شاعیرییەتەکەیدا دەنێن. سەبارەت بە شاعیر (عەبدوڵا بەردونی) حاڵەتەکە بەم شێوەیە بوو، کە چەند رۆژێکی کەم پێش ئێستا دنیای بەجێهێشت، کاتێ لە یەکێك لە قسەکردنەکانی ئەم دواییەی دژی لایەنگرانی (پەخشانە شیعر) بوو، کاتێ لێیان پرسی: قسەکانی تۆ زوڵم نییە؟ گوتی تەنها زوڵمە لە ماغوت، چونکە ئەو شاعیرێکی گەورەیە.

بەڵام ئەو شاعیرەی ڕۆژێك لە ڕۆژان گوتی:

**لێرەدا هەنگ هەیە و....گوڵیش هەیە**
**لەگەڵ ئەمەشدا تاڵیی دەمی پڕکردووم**
**قسەی خۆش و شایی و ئاهەنگ و گاڵتەجاڕ هەن**
**لەگەڵ ئەمەشدا دڵم پڕە لە ناڵە ناڵ و گریان.**
**(لە دیوانی –ئاسوودەیی کاری من نییە).**

ئەم شاعیرە حەزی لە قسە نییە، زۆر بێدەنگ دەبێ و دەنووسێ، وەکو ئەوەی وشەکانی خۆی لە پەنای شیعردا بشارێتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو زەوی قوتی بدات و وشك بێ، لەگەڵ ئەمەشدا من لە چەند شوێنێکدا چاوم پێی دەکەوت.

چەند جارێك لە کافتریای (هوتێلی شام)دا بینیم و بۆ چاوپێکەوتنێك ئامادەم کرد کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆی بکاتەوە، هەموو بەیانییەك لە هوتێلی شامدا دەمبینی، ڕۆژانە لە کاتژمێری دە تا یازدە زۆربەی جار بەگۆچانەکەیەوە دەهات، ڕێگاکەی بە کەمتر لە بیست دەقیقە نەدەبڕی، کاتێ دەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆشی، لەسەر داواکاری هاوڕێیەکی خۆشەویستی نەبا، نەدەهاتە دەرەوە.

## ناتوانم بەبێ ئەو بژیم:

**پێی گوتم:** حەزم لە پرسیار و وەڵام نییە، ڕقم لەم شێوە پرسیارکردنەیە، بۆیە دەبوو کە زۆر سەردانی بکەم، بۆئەوەی وشە و یادەوەری و جیهانی ئەمرۆی لێ بدزم.

لە یەکەم سەردانمدا ئەو بەتەنیا بوو، چونکە کچە بچووکەکەی (سولافە) سەردانی (شام)ی خوشکی کردبوو لە ئەمەریکا، پێی گوتم: لەگەڵ قاوەدا چۆنی؟ گوتم من ئامادەی دەکەم. **گوتی:** کەواتە لەگەڵم وەرە بۆ چێشتخانەکە. قاوەم ئامادەکرد، ئەویش کاسەیەك شەرابی بۆ خۆی ئامادەکرد، لەبەرامبەری دانیشتم... بێدەنگییەکی سامناك.

**** ئەم شەرابە زیانی هەیە بۆ تەندروستیت؟***

– لێت نەشارمەوە کە ململانێ لە نێوان من و مەشروبدا هەیە، بەڵام ناشتوانم بەبێ مەشروب بژیم.

**** بەڵام ئەمە خەرجییەکی زۆریشی دەوێت؟***

- من هیچ شتێکم ناوێ، هەر ئەوەندەم دەسکەوێ کە بەشی مەشروب و جگەرەکەم بکـات بەسە، بۆیە من کەم کاردەکەم.

ئەوەندە خەمبار بوو گلەیی لە نیشتمان دەکرد، لەگەڵ یەکەم کاسەدا پەلامارەکانی زیـادی کرد، وێنەی کچەکەی (شام) لەتەنیشتییەوە لەسەر مێزێك دانرابوو.

***لێم پرسی: کێ ناوی نا شام؟*** گوتی: خێزانەکەم، چونکە ئەوکاتەی ئێمە یەکترمان ناسـی و یەکترمان خۆشویست لە شام بووین، دیمەشق بەشێکە لەمن و منیش بەشێکم لەو، من رووالەت و دیمەنی پێنادەم، ئەو لەناو دەفتەرەکانمدایە.

کاتێ ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەیانم وەرگرت، ئەوەندە دڵخۆشبووم کە باوەڕ ناکرێت، دەسکی تەلەفۆنەکەم بەرزکردەوە و گوتم: شاعیری گەورە محەمەد ماغوتە؟ وەڵامی دامەوە

— زۆریش نا.. سەرچاو.

**** من رۆژنامەنووسم لـە گۆڤـاری (زەمـان ئەلجەدیـد) کـار دەکـەم کـە لـە لەنـدەن دەردەچێت، دەخوازم بتبینم؟***

هەر زوو لەوەترسام رەتی بکاتەوە، چونکە زۆر پێم دەگوترا کە ئەو گفتوگۆ ئەنجام نـادات و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسدا ناکات، زۆر ئەستەم بوو کە بتوانم وشەیەکی لێ بەدەست بێنم.

- من گفتوگۆی رۆژنامەوانی ناکەم.

**** تەنها دەمەوێ گەورەترین شاعیر بناسم و هەندێ وێنەی بگرم؟***

- باشە من هەموو رۆژێك دەچمە کافتریای شام، لە کاتژمێر دە تا یازدە دەمێنمەوە.

بەمە خۆشحاڵ بووم، ئەمە هەنگاوی یەکەمە. دڵنیابوومەوە لەوەی کە پێی دەگەم.

وەکو منداڵێکی گەورەی جوان هات، برادەرەکەشی گۆچانەکەی بـوو، بـە خـەیاڵ بـڵاوی و زەردەخەنـەوە، رۆژنامەیـەکی بەسـنگییەوە نووسـاندبوو، بازنەیـەك لـە هـێمنی و تـرس ئـەو شوێنەیان داپۆشیبوو، کە ئەوی پێدا تێدەپەڕی، لەخۆشـیدا راپـەڕیم و داچـڵەکیم، دەسـتم بـە وێنەگرتن کرد، هەستم کرد کە لەم وێنانەدا ئەفسانە دەدۆزمەوە.

## رقم لە سەفەرە و (سەلمییەش) وەکو (لەندەن)ە:

- باسی ئەو گۆڤارەم بۆ بکە کە تۆ تیایدا دەنووسی، کـێ بـەڕێوەی دەبـا؟ کـێ یارمــەتی دارایی دەدا؟

***پێم گوت: سەرنووسەرەکەی (سەعد ئەلبەزازە) و سەر بە هیچ کەس و لایـەنێك نییـە، گۆڤارێکی ئازاد و راستگۆیە و لەسەر وشەی راست وەستاوە.***

- بڕوانە مالی "مەبەستی (مەلیك)ە، ئەو ئافرەتەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا ئەنجام داوە-و" من چاوپێکەوتن ناکەم، بەڵام بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە بکە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی هێمن و ئارام یەکتر ببینین.

***لێم پرسی: ناتەوێ بێیتە ئیسپانیا ئەگەر داوەتنامەیەکت بۆ بنێرم؟***

- من رقم لەسەفەرکردنە، بە ناچاریش نەبێ سەفەر ناکەم.

راپەڕی.. لەبەر شکۆ و ریزی ئەو، شوێنەکەش راپەڕی، ئێستا کاتی گەڕانەوەیەتی بۆ ماڵەوە، شتێك لە ناوەوەیدا پاڵ پێوە دەنێ، وای لێ دەکات پەلە بکات، کڵاوە خۆڵەمێشییەکەی دەنێتە سەر و دوور دەکەوێتەوە، لەدوای ئەو، تاجە گوڵینەی یاسەمینی دیمەشق هەڵدەوەرێ.

"تەنیا، جیاواز، بورکانێکی هێمن، بەڵام کاتێ تەقییەوە بوار بۆ هیچ شتێك ناهێڵێتەوە، ئەو وەکو چیایەکی سەختی خۆڕاگرە، بەڵام فرمێسکەکانی بەجۆرێکە کە لەسەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە".

**هونەرمەند رەزوان عەقیلی ئەوهای دەربارەی ئەو گوتووە.**

رۆژی دووەم بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵدا کرد، من نەخۆش بووم، هەستم بە نیگەرانی ئەو کرد، ئەم چیایە بەوپەڕی مرۆڤانەوە هاواری کرد و دەنگی بەرزکردەوە، گوتی: لە ئەپارتمانەکەی ئێمەدا پزیشکێکی پسپۆر هەیە، وەرە لام بۆئەوەی بتبینێت و چارەسەرت بکات.

محەمەد ماغوت، باوکی مرۆڤایەتی و شەفافییەت، لەمیانەی سەردانەکەمدا وەکو پشیلەیەك بەرامبەری دانیشتم، کە هەست بە بەخێوکەرەکەی بکات. سەیری ریکۆردەرەکەمی کرد، بە نابەدڵییەوە گوتی: ئەمە چییە؟ گوتم دای ناگیرسێنم، وشەکانت لە عەقلمدا تۆمار دەکەم، من لەگەڵ ئەودا لە شەپۆلی رامانەوە بەرەو شەپۆلی یادەوەری دەچووم، لەوێشەوە بەرەو بریشکەکانی تووڕەیی.

## حەزم لە لۆژیکی ئیرادە نییە:

**گوتی:** حەزدەکەم هەمیشە ئازادبم، هیچ شتێك کۆتوبەندم ناکات، نە شوێن نە کات، من (سەلمیە)م هەیە کە وەکو (لەندەن)ە و قاوەخانەش وەکو ماڵ، ئازادانە هەڵسوکەوت دەکەم،

بەبێ دووڕوویی و لۆژیکی ئیرادەم خۆشناوێت، وەکو ئەوەی یەکێك بڵێت: وازم لە جگەرە هێناوە، بڵێن "چاوەکەم.. ئیرادەی هەیە".

لەماڵەکەی خۆیدا لەبەرامبەرم دانیشتبوو. ناخی بە کێشە و خەم و ئازار ئاوەدان بوو، بروسکی سپی بەدیاردەکەوت، هەور جارناجارێ تێدەپەڕی، منیش لەبەرامبەریدا لەوە دەترسام کە ئەو جیهانە بریندار بکەم کە ئەوی تێدا نقوم بووە.

**گوتی:** ماوەیەکی درێژ مامەوە، هاوڕێشم تەنها شەراب بوو، بەهۆی خەم و ئازارەوە هاوڕێم تەنها شەراب بوو، ئەوکاتە کاریگەری خستە سەرم و وەکو دوژمنێك مامەڵەی لەگەڵدا کردم، خستمیە نەخۆشخانە، نەشتەرگەری پاککردنەوە و شووشتنی کحولم بۆ ئەنجام درا، کاتێ لە نەخۆشخانە دەرچووم گەڕامەوە سەری، کاتێ یەکێك لە بەرپرسەکان منی بینی گوتی: چییە محەمەد بیستوومانە کە زۆر دەخۆیەوە؟ منیش لەوەڵامدا گوتم: ئەگەر خواردنەوە نەبێت چۆن بەرگەی ئێوە دەگرم؟!

***دەربارەی منداڵی پرسیارم لێکرد، گوتی:***

- تا تەمەنی چواردە ساڵی، واتا تا ساڵی (١٩٣٤) لە (سەلمیە) بووم، منداڵی هەستی یاخیبوونی لای من پەروەردە کرد و گەشەی پێدا، جیاوازییەکی بکوژی کۆمەڵایەتی لەسەر من هەبوو، لەقسەکردندا لە دایکم فێری راستگۆیی و نەترسان بووم، بۆیە هەموو لە زمانم دەترسان و لێم دوورەپەرێز دەبوون.

ناخۆشی و ئازار هاوڕێی ئەو بوون، ماوەیەکی زۆر لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەیگواستەوە، چونکە دەگەیشتە قۆناغێك کە ئیتر نەیدەتوانی کرێیەکەی بدات، بۆیە ناچار دەبوو هەندێ شتوومەك لە بەرامبەر کرێیەکەدا بەجێ بێڵێ و بەدوای شوێنێکی تردا بگەڕێت.

## ژوورێك بە ملیۆنەها دیوار:

تابلۆیەکی جوانم لە ماڵەکەیدا بینی، تیایدا چۆڵەکەیەك چەماوەتەوە، هونەرمەندی شێوەکاری کۆچکردوو (فاتیح ئەلمودەڕیس) کێشاویەتی و بەدیاری پێشکەشی ئەوی کردووە، ئەم تابلۆیە چیرۆکی چۆڵەکەیەکی چەماوەیە و لە ناخی ژیانی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، گوتی:

-ماوەیەکی دوورودرێژ لە خانوویەکی (قوژبن)دا دەژیام!

**** لێم پرسی (قوژبن) مانای چییە؟***

- گوتی: سەقفەکە زۆر نزم بوو، بە جۆرێك کە دەبووایە خۆت بچەمێنیتەوە، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە هەرزان بوو، دەبوو لە ناو خانووەکەدا هەمیشە بە پشت چەماوەیی بام، لێرەوە چیرۆکی چۆڵەکەی چەماوە هات، من لەوێدا چەماوە بووم، هەر لەم ژوورەشدا (ژوورێك بە ملیۆنەها دیوار)م نووسی.

لە قسەکانیدا تووڕەیی و بێ ئومێدی و هەستکردن بە تێکشکان و رق هەبوو، زۆر باسی هەواڵگری و بەندیخانەی دەکرد و ئاماژەی بەوە دەدا کە سەرەتای ئەدەبی ئەو لە بەندیخانە بووە.

## وڕێنەکردن لەناو ترس و ئازادی:

**گوتی:** هەموو ئەو شتانەی حەزم لێبوون و خۆشمویستن، لە بەندیخانەدا بینیم، من ئافرەتم خۆش دەوێت و عاشقی ئافرتم، پیاوم خۆش ناوێ، ئافرەت و ئازادیم خۆش دەوێ، پیاو خیانەتکارە، لەبەندیخانەدا لەسەر کاغەزی جگەرە و پێستە دەمنووسی، وام گومان دەبرد کە یادەوەرییەکانی خۆم دەنووسمەوە، بەڵام بۆم بەدیارکەوت کە ئەمە شیعرە...

**چاوی ئافرەت لە (دەروازەی تۆما)دا جوانە**
**جوانە... جوانە**
**کاتێ بە خەمناکییەوە چاو دەبڕێتە شەو و نان**
**ئەو شان و باڵە قەرەجییانەش لەسەر سیسەمیش جوانن**
**دایکە جوانن.. بۆئەوەی گریان و چێژم پێ ببەخشێ**
**خۆزگە لەسەر شۆستەدا وردەبەردی رەنگاورەنگ بوومایە**
**یان گۆرانییەکی درێژ لە گەڕەکەکاندا**
**لەبۆشاییە قوڕتاوە لووسەکاندا**
**کە برسییەتی و دەم و لێوە پەرتەوازەکانم دێنێتەوە یاد**
**ئەو دەمەی منداڵە بچووکەکان**
**وەکو مەلاریا تەشەنە دەکەن**
**خۆزگە لە باخچەیەکدا، گوڵنارێك دەبووم**
**شاعیرێکی خەمناك لە دواساتەکانی ئێوارە لێی دەکردمەوە**
**(لە دیوانی: خەمێك لەبەر رووناکی مانگ)**

## نەتەوەیەکی هەڕەشەلێکراو بەڵام نەبەزیوو:

دەربارەی ئەو شکستە پرسیارم لێکرد کە ئەمڕۆ ئێمە لەهەموو لایەکەوە تووشی هاتووین، لە وەڵامدا گوتی:

- ئێمە نەتەوەیەکی هەڕەشەلێکراوین، بەڵام تا ئێستا نەبەزیووین، مادام هێشتا گەنج هەن کە دەقەکانی ماغوت لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەنەوە، ئێمە نەبەزیووین، گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە کە تۆ تائێستا لە ماڵەکەی من هەوڵ دەدەیت قسەم لەگەڵدا بکەیت.

*** ئەی دەربارەی رۆشنبیرانی ئەمڕۆ چی؟***

- لەدوای پەنجاکانەوە رۆشنبیریی و رۆشنبیر نابینریٚ، کاسەلێسی رۆشنبیری هەن، بڕۆ بالیۆزخانەی ئەمەریکا دەیانبینی کە ریزێکی درێژیان بەستووە بۆئەوەی بەرەو ئەمەریکا کۆچ بکەن.

ئەمڕۆ چەپێکی راستگۆ نابینریٚ، چەپی راستگۆ تا کۆتایی بە نەمری دەمێنێتەوە و تێکناشکیٚ، رۆشنبیرانی ئەمرۆ زۆر تەنزیر دەدەن، گەندەڵی دەفرۆشن، من حەز لە تەنزیردان ناکەم، حەز ناکەم بیبیستم و ناچمە ناوییەوە، من کەسێکی کۆمەڵایەتی نیم و ناوەندی رۆشنبیرانیشم خۆش ناوێت، حەز دەکەم لە ماڵەوە گۆشەگیر بم و حەزدەکەم بەم جۆرە خۆم بپارێزم.

*** ئەی ئەو جەماوەرەی تۆی خۆش دەوێت؟***

- خۆشم دەوێن، بەڵام ئێستا ناتوانم هیچ شتێکیان بۆ بکەم، پاشان جەماوەرەکەشم وەکو من تووڕەن، بێزارن و ئەگەر بخوێننەوە ماددە لەبیر دەکەن، ئەمڕۆ خەڵك ماغوت ناخوێننەوە، ماغوت و ماڵ و سامان بەیەکەوە کۆ نابنەوە.

*** ئایا ئەو دەنگانەت ون نەکردووە کە بەرگری لە عێراق و لە گەلی عێراقی دەکەن؟ بێدەنگییەکی نائاسایی لەناو رۆشنبیراندا هەیە؟***

- ئەمە راستە.. لەسەر فیستیڤاڵەکانی (میربەد) و (خەڵاتی میربەد) راهاتوون، بۆیە هیچ دەنگێك نابیستین، ئەمڕۆ بارودۆخی رۆشنبیری بەرەو تێکشکانێکی گەورە دەڕوات، دەبینی شاعیرێك دەربارەی بەندیخانە دەنووسێت بەبیٚ ئەوەی تاقیکردبێتەوە، دەربارەی تیرۆر دەنووسێت و لە یەکێك لە وڵاتە بێگانەکان، لە مەیخانە دانیشتووە و شەراب دەنۆشێت.

*** شاعیر زۆر بوونە و رۆژانە دەیان کتێبی شیعری دەبینین؟***

– جیهانی ئەمڕۆی هونەر و ئەدەب، وەکو ئـەو زەلکاوەیـە کـە تـەنها بچـووکەکانی تێـدا دەبینرێ، بچووکیش هەمیشە هەوڵ دەدات ملی گـەورە بشـکێنێ و بـبڕێ، ئـەوان زیـادەڕەوی دەکەن، وەکو ئەو گیایەی کە لەسەر ئاوی وەستاو دەڕوێت، خراپەکارییەکی رۆشنبیریی هەیـە و راگەیاندیش پاڵپشتی لێ دەکات، راگەیاندنی فشۆڵیش تەنها بۆ شاردنەوەی راستییەکانە.

**** کەی دەنووسیت؟***

چی مامۆستا چی..

– نووسین و خوێندنەوە و خواردن و خواردنەوە، ئەمانە هەمووی لای من یەك شتن، خۆمیان بۆ ئامادە ناکەم، بەڵکو ئەوکاتەی هەستم کرد پێویستیم پێیانە، پەیڕەوییان لێدەکەم، مـن بـۆ خۆم دەنووسم، بۆ کەس نانووسم، کاتێ لە نووسـینەکانی خۆشـم رازیـم، هەسـت بـە دڵخۆشـی دەکەم، بەڵام ئەوەی زۆرجار بێزارم دەکات هەندێ کەسی بێزارکەرن، هەموو رۆژێك کە دەگەمە هەریەکێکیان لێم دەپرسێ:

ها مامۆستا ئەمڕۆ چیت بۆ ئێمە نووسیوە؟ یان ئافرەتێك بەدەم بنێشت جووینـەوە دێـت و دەپرسێ: مامۆستا محەمەد ئەمڕۆ چەند شانۆگەریت بۆ ئێمە نووسیوە؟ ئەم جۆرە شتانە رۆژانـە بێزارم دەکات، وەکو ئەوەی من چێشتلێنەر بم و بپرسن: ئەمڕۆ چیت لێناوە؟ ئەمـە ناحەقییـە، وا هەست دەکەم کـە مـن لەلایـەن هەمووانـەوە ناحـەقیم بەرامبـەر دەکرێـت. کـاتێ لەسـەر بانگهێشتێك سەفەری هۆڵەنـدام کـرد، رێکـلام لـە هـەموو شـوێنێکدا بڵاوبـووەوە، کـارتی چوونەژوورەوەم بینی نرخێکی زۆری لەسەر نووسرابوو، کاتێکیش هاتن حسابیان لەگەڵدا کردم، ئەوەندە پارەیان پێنەدام کە باس بکرێ. من محەمەد ماغوتم.. لەکاتێکدا دەبینین کـە فرۆکـەی تایبەت بەدوای هەر سـەماکارێکدا دەنێردرێـت و بـۆ رابـواردنی شـەوێك، بەهـەزاران دۆلاری پێدەدرێ و گرنگترین کەسایەتیش پێشوازی لێ دەکات. ئەی بۆچی دەبێ ماغوت بێ بەرامبـەر کۆڕ بگێڕێ؟ بۆیە بڕیارم داوە لەمەودوا هەر کۆڕێك بگێڕم، مافی خـۆمی تێـدا وەربگـرم، مـن گرانبەهام و لەمەودوا گرانبەها دەبم.

**سەردانەواندن وەکو بازێکی هەڵاتوو**
**ئەی شاعیرە مردووەکان**
**خۆشاردنەوە لەناو قەرەباڵغی شەمەندەفەرەکان**
**لەژێر قۆڵی پەیکەرەکان**
**راکشان لەسەر چەو و غوبار**

**لەسەر سکی پیسی هاوسەرەکان**
**بە بۆنی ماسی و سابوونەکان**
**تا رۆژێکی نویێ هەڵدێت و**
**ئەقلی نویێ دێتە کایەوە و**
**لەنێو قاوەخانەکەندا لە باوێشکمان تێدەگا**
**لە قاقای پێکەنینەکانمان**
**لە پرِیشك و پشکە ئاوی**
**کەشتییەکان و لە گریانی تۆپهاوێژەکان تێدەگا**

لە ماڵی یەکێك لە هاورِێکان ئاهەنگێکی شەوانەم رێکخست، ئەویش ماڵی هونەرمەندی شێوەکار (عەتاب حەریب) بوو، هەروەها بانگهێشتی شاعیر و هونەرمەندی ناسراو (رەزوان عەقیلی)م کرد، ماغوت دڵخۆش بوو، چونکە ئامادەبووانی خۆش دەویست و ئاسوودە بوو لەگەڵیان، باسی سەفەر و کۆچ و شوێنەوارمان کرد. گوتی: من شوێنەوار و مێژووم خۆشناویێ، کاتێ چوومە لای هەرِەمەکان، هیلاك بووم و لەناو مێژووی بەسەرچوودا خنکام، مێژوو گرنگی بۆ من نییە.

## ئەوان گاڵتەیان بە(باشی) من دەکرد:

باسی پەنجاکانی (بەیروت)ی دەکرد "ئێمە کۆمەڵێ برادەر بووین، دوو هونەرمەند و پەیکەرتاشێك، هەندێ شاعیر و نووسەر، کۆمەڵێ رۆشنبیر، رۆژانێکی زۆر جوان بوو، پرِبوو لە بەخشین و ئازادی و جوانی، جوانترین رۆژەکانی ژیانی گەنجیم بوو، ئەم هاورِێیانە بریتی بوون لە: عیسام مەحفوز، رەفیق شەرەف، ئەنەسی ئەلحاج، سەمیر سایغ، شەوقی ئەبو شەقرە، سەعید مەخلوف کە باشترین هاورِێم بوو، یەکێك بوو لە نەتەوەخوازەکانی سوریا".

پاشان هونەرمەند رەزوان عەقیلی، دەربارەی دەرئەنجامی شانۆگەری (دەرەوەی تونێل) پرسیاری لێکرد، پرسیارەکە وەکو ئەوەبوو کە دەنکە شقارتەیەك بە گەنجینەیەك لە خەم و توورِەیی شاراوەوە بنێیت.

- پێم پێکەنین و گاڵتەیان بە باشییەکەم کرد، وەکوئەوەی من منداڵێکی بچووك بم، ئەوەی یارمەتیشی دان بۆ ئەوەی بەو شێوەیە گاڵتەم پێبکەن، شەرمکردنی من بوو،

چونکە من بە سروشتی خۆم شەرمنم، (جیهاد سەعد) پێم پێکەنی و گوتی: شانۆگەرییەکە بە باشی کاری نەکرد، (لیتش مەساری) پارەیەکی کەمی بەخشی، تەنانەت کەمی بەخشییە ئەو کەسانەش کە لە شانۆگەرییەکەدا بەشدارییان کرد، زۆربەی ئەوانەی لە شانۆگەرییەکەدا کاریان لەگەڵدا کردن باشی منیان قۆستەوە، تەنانەت (دورەید لەحام)یش باشی منی ئیستیغلال کرد و بۆ پەڕینەوەی خۆی بەکاری هێنا، بۆیە من بیر لەوە دەکەمەوە کە تیپێکی شانۆگەری تایبەت بە خۆم دابمەزرێنم و ناوی بنێم (تیپی محەمەد ماغوت) بۆئەوەی تیایدا ئازاد بم، ئایا رەزوان تۆ ئازادی؟ حەز دەکەی کار لە شانۆگەریدا بکەی؟

- ئەمە شەرەفێکی زۆر گەورەیە بۆ من کە کار لەگەڵ مامۆستا محەمەد ماغوتدا بکەم.

- من ئامادەم بەبێ بەرامبەر کار لەگەڵ تۆدا بکە.. عەتبی وایگوت.

دەنگی دوا گۆرانی فەیروز (سەلامی منی پێبگەیەنە) بەرز دەبووەوە، هەموو بەهێمنی و دڵخۆشییەوە لەبەرخۆ لەگەڵیان دەگوتەوە، ماغوت داوای کرد کە گۆزەکەی لێ نزیك بکەینەوە، بە هەموو خۆشەویستییەکەوە وامان کرد، لەگەڵ ماغوتدا ناتوانی لەو بچووکتر نەبی، (نەزیە ئەبو عەفش) گوتی: هەموو ئەوەی مامۆستامان ماغوت دەیڵێ رازاوە و جوانە، بەڵام من حەز لەو قەسیدەیە دەکەم کە کۆتایی بەوە دێت:

**داوا لە خوا دەکەم کە ئەم گەلە لەناو ببات**

- (ماغوت قسەی لەسەر کرد) واتا نەتەوەیەکی ماندوو.

زۆر دەخواتەوە و زۆر جگەرە دەکێشێ، زیاتر لە چوار دەفری خواردەوە، باسی ئەوەی کرد کە هەموو رۆژێك دوای نیوەرۆ دەست بە خواردنەوە دەکات، دوو کاسەی گەورە دەخواتەوە و بە کاسەیەکی تر کۆتایی دێنێت.

تەنیا، خەمبار ، روون و ئاڵۆز، بە لەدەستدانی هاوسەرەکەیەوە، خەمەکانی زیاتر بوونە، هەموو ئەو کەسانەی چاوم پێکەوتوون، گوتویانە (سەنییە) ئافرەتێکی زۆر جوان و لە دڵ شیرین بووە، دنیای گەورەی ماغوت بووە، پەناگە و نیشتمانی بووە. کاتێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ (وەلید ئیخلاسی) کرد، وای پێ گوتم.

هەروەها (نەزیە ئەبوعەفش) بە ناسکییەکەی خۆی باسی دەکرد، (حەیدەر حەیدەر)یش باسی دەکرد، هەموو باسی (سەنییە)یان دەکرد، ماغوت دەهاتەوە یادی و شیعر و پەخشانی لەسەر دەنووسی، دەیگوت کە سەنییە لە هەموو خانەیەکی ئەو و پیتێکیدا

ئامادەیە، رقی بەرامبەر بە مردن زیادی کردبوو، چونکە سەنییەی لێ رفاندبوو بەرلەوەی لێی تێربێ. لە خەونەکانیدا بە ئاگای دێنێ و ئەویش سەرزەنشتی خەون دەکات، چونکە خەون بەخیلی بە وێنەی خۆشەویستەکەی دەبات، دەڵێی سانسۆر گەیشتۆتە خەونیش (وەکو خۆی گوتی). (وەلید ئیخلاس)یش گوتی: سەنییە مافی خۆی وەرنەگرت، نیوەشی وەرنەگرت! لەژێر ناوی ماغوت داپۆشرا، لەدەستچوونیشی هۆکاری ئەو حاڵەتەیە کە ئەمڕۆ ماغوت تیایدا دەژییێت.

## نزار پێی گوتم کە گەورەترین شاعیری عەرەبیت:

لەئاهەنگەکەدا ماغوت باسی (فاتیح مودەڕیس)ی کرد، گوتی: ئەو باشترین هونەرمەندی شێوەکارییە لە سوریا، ویستوویەتی چەند گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجام بدات و بیکاتە کتێب، بەڵام پێش دەسپێکردن بەم پرۆژەیە مردن رفاندی.

لە یازدەونیوی شەودا، داوای لێکردم هاوڕێیەتی بکەم بۆ لای ئەو تەکسییەی کە داوامان کردبوو، گوتی کە چاوەڕێی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییە لە سولافەی کچییەوە کە سەردانی خوشکی کردووە لە ئەمەریکا. لەگەڵیدا چووم، خۆی بەسەر شانی من و گۆچانەکەی دادابوو. سەردانەکانم بۆ ماڵەکەی ئەو بەدوای یەکدا دەهات، هەستم بە بەخۆنازین کرد کاتێ پێی گوتم: بەیانی وەرەوە لام، هەر کاتێ حەز دەکەی وەرەوە، خەریك بوو لێکجیابینەوە، دەربارەی (نزار قەبانی) پرسیارم لێکرد، گوتی: من نزار و شیعرەکانیم زۆر خۆش دەوێت، چونکە ئەو هەست و شعور بە وشە دەکات، شعوری رووداوەکان دەکات، قەسیدەکانی هەڵقولاوی هەستێکی راستگۆیانەن، زۆر لە وێنەی سۆزی ئافرەت باشترن، لە شەستەکاندا نزار پێی گوتم: تۆ گەورەترین شاعیری نیشتمانی عەرەبیت. ئەگەر ئەم قسەیە لەسەر (بەیاتی) بگوترابا، بەیاتی دەیان کتێبی لەسەر ئەم گوتەیە دادەنا، نزار زۆر رازیم ناکات تەنها لە قەسیدە نیشتمانییەکانی نەبێ.

***لێم پرسی: ئەی ئونسی ئەلحاج؟***

- ئەو زۆر لێمەوە نزیکە، زۆرم خۆش دەوێت، هێزێکی بەتوانایە، بەڵام وەکو رەخنەگر باشترە.

**** ئەی ئەدۆنیس؟***

– ئەدۆنیس شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام لە دەرەوە خۆی فەوتاند، باسی نیشتمان دەکات و دووره لێی، هەوڵ دەدات ئەو وەهمە بۆ خۆی و ئەوانی تر دروست بکات کە هاتنەوە نیشتمانی لێ قەدەغە کراوە، لەراستیشدا قەدەغە نییە، بەڵکو بۆ وروژاندنی جۆرێك لە پروپاگەندەیە، ئەگەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بچووکانە نەبێت، زۆر باشترە. ئەدۆنیس لە وڵاتەکەی خۆی بێت زۆر گرنگتر و گەورەتر دەبێت، لە شیعرەکانیدا رەسەنایەتی هەیە، بۆیە ناتوانێ ببێتە غەریبەیەك.

**** ئەی عومەر دەروێش؟***

– بێگومان ئەو شاعیرێکی بەهرەدارە، بەڵام بە پێی گۆڕانی قۆناغەکان، ئەویش لار دەبێتەوە و دەگۆڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە راستگۆ نییە.

**** ئەی یوسف ئەلخال؟***

– هاوڕێیەکە شانازی پێوە دەکەم، هاوڕێی تەمەنمە، رۆژانێکی جوانم لەگەڵیدا بەسەر بردووە کە لەبیر ناکرێ، وەکو ئەوەیە بەشێك بێت لە یادەوەریم، ئەو و ئەدۆنیس یەکەمین کەسانێك بوون کە لەلایەنی شیعرییەوە گرنگییان پێدام، لە ماڵی یوسف ئەلخال هەستم بە ئازادی رەها دەکرد، وام هەست دەکرد کە لە ماڵەوەم، حەزم دەکرد زۆر لە ماڵیان بخۆم تا ئەو رادەیەی هیچ شتێکی لەلا نەهێڵمەوە، ئەو بە هەموو مانایەك مرۆڤە و شاعیریشە، بەڵام مرۆڤبوونەکەی لە شاعیرییەکەی گەورەترە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی شیعری نوێ لەسەر پێی ئەو راوەستا.

زەکەریا تامر... زۆرم خۆش دەوێت

بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم، لێی پرسیم: هیچ شتێکی (زەکەریا تامر)ت خوێندۆتەوە؟

**گوتم: بەڵێ.**

– زەکەریا تامر هاوڕێی پەنجاکانمە، زۆرم خۆش دەوێت.

**** ئەی نەزیە ئەبو عەفش؟***

– شاعیرێکی گەورەی سورییە و هونەرمەندێکی گەورەشە، خۆشم دەوێت و رێزی دەگرم، دەربارەی خەون پرسیارم لێ کرد، گوتی: تەنانەت لێپێچینەوە لە خەونەکانیش دەکەن، چاودێری دەکەن و جەلادیشیان بۆ داناوە.

**** رات چییە بەرامبەر بەو خەڵاتانەی ئەمڕۆ دەبەخشرێن؟***

– ئەوانە کاسەلێسن، خۆیان لەپێناو ماددە دەفرۆشن، ئەمڕۆ زۆربەی ئەدیبان بوونەتە کۆمەڵە کەسێکی ماددی، بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکان رووخاون، خەڵاتی نۆبڵ تەنیا بەو

کەسانە دەبەخشرێت کە هاوڕان لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکی و دانی پێدا دەنێن و دان بە ئیسرائیل دادەنێن، چاوم لە هیچ خەڵاتێکی لەم جۆرە نییە، بەرتیلی رۆشنبیری و ماددی وەرناگرم.

**ئەی زیندانییەکان لە هەر شوێنێك هەن**

**هەرچییەکتان هەیە لە ترس و قیژە و بێزاری**

**بۆمی بنێرن**

قسەکردن لەسەر بەندیخانە و دەزگای هەواڵگری بەردەوام بوو، من هەستم بە بێزارییەکانی دەکرد و ئەو لە هیچ کەسێك نەدەترسا، گوتی:

- من لە هیچ کەسێك ناترسم، کاتێکیش بمەوێ قسەیەك بکەم دەیکەم، قەدەغە لای من نییە و کاتێ بێدەنگی هەڵدەکات هیچ شتێك من ناگۆڕێت، لێرەشەوە هەست بەگرنگی خۆم دەکەم وەکو مرۆڤێکی عەرەبی خاوەن هەڵوێست.

**** ئەی دەربارەی بارودۆخی سیاسی ئەمرۆ چی دەڵێی؟***

- هەموو شتێك نەخشەی بۆ دادەنرێت، دێوەزمەیەکی ئەمەریکی هەیە کە کۆنترۆڵی جیهان دەکات، بە تێکشکانی یەکێتی سۆڤیەتیش بۆشاییەك لە گۆڕەپانەکەدا بۆ دێوەکە پەیدا بوو، هەموو ئەو شتانەی کە روو دەدەن و روویانداوە بە پێی ئەم نەخشەیە دەڕۆن، لە ژێر سێبەری ئەم بارودۆخ و تەنگەژەیە، نموونە و پرەنسیپەکان دەروخێن، تەنها مرۆڤی رەسەن و نووسەری رەسەن دەمێننەوە.

**** ئەی کاریگەری سیستەمی جیهانگەرایی لەسەر ماغوت چییە؟***

- هیچ شتێك کار لە ماغوت و لە پێڵاوەکەی ناکات، من لە جیهانگەرایی دوورم، بەلامەوە گرنگ نییە و لێی ناپرسم.

**** ئەی مردن؟***

- نامترسێنێ.. ئەو حاڵەتە مردنانەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین، گەلێ زۆرن، ئەمەش وام لێ ناکات بۆ هیچ شتێك دوودڵ بم و باوەڕم بە هیچ شتێك نەبێت، بە هیچ جۆرێك هیچ شتێك دڵخۆشم ناکات، تەنیا کچەکانم (سولافە) و (شام) نەبێت، ئەوان ئەو هەناسەن کە هەڵی دەمژم و ئەو ئازارەن کە تیایدا دەژیم، ئەوان رەگی ژیانمن، بەبێ ئەوان ژیان لای من هیچ بەهایەکی نییە.

**** خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان شیعر و پەخشاندا چییە؟***

- تا ئێستا جیاوازی لە نێوان شیعر و پەخشانەکانمدا ناکەم، هەست بەو غەریزەیەی خۆم دەکەم کە شیعر هەست و سۆزە، عەقل ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.

لە دوایین دوو سەفەرمدا بۆ ماڵەکەی، سولافە لە سەردانی خوشکەکەی گەڕابووەوە، لەگەڵیشیدا هێمنی و ئارامی بۆ ژیانی ماغوت گەڕابووەوە.

ماغوت ئەو چیا گڕکانییە جێگیرە، روون و راستگۆ وەکو پێدەشت، نە هەڵە و کەموکورییەکان دەشارێتەوە و نە لێی دەشاردرێتەوە، خاوەن هەڵوێست و هێزێکی تەقاوەیە، خەمبار، راڕا، ساتیرئامێز، ئاڵۆز، شەرمن، زۆرباش و بلیمەتێکی بێزار لە ژیان، میانگەرا نییە، خۆڵەمێشی نییە تەنها لە جلوبەرگ نەبێت، مامۆستایەکی شیعرییە، جوان و بەڕێزە، لەسەردەمێکی بە پێزدا هاتووە، ملکەچی هیچ کەسێك نەبووە، راستگۆیی و جوامێری بەردەوامێتی ئەون.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (الزمان الجدید) ژمارە (١).**

## محەمەد ماغوت:

محەمەد ئەحمەد عیسا ئەلماغوت لە ساڵی (١٩٣٤) لە (سەلمیە)ی پارێزگای (حەما) لە وڵاتی سوریا لەدایکبووە.

لەبەر هەژاری هەر زوو وازی لە خوێندن هێناوە.

ماوەیەك کاری رۆژنامەوانی کردووە و گەلێ بەرهەمی شیعریی و رۆمان و شانۆگەریی و نووسینی درامی هەبووە.

لە (٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٦) لە دیمەشقی پایتەختی سوریا کۆچی دوایی کردووە.

## گرنگترین کتێبەکانی:

**شیعر:**

١.حزن في ضوء القمر - بيروت ١٩٥٩)

٢.غرفة بملايين الجدران - بيروت ١٩٦٠)

١.الفرح ليس مهنتي - دمشق ١٩٧٠)

**شانۆگەری:**

١.ضيعة تشرين - ١٩٧٣-١٩٧٤)

٢.شقائق النعمان.

٣.غربة - ١٩٧٦)

٤.كاسك يا وطن - ١٩٧٩)

٥.خارج السرب - دمشق ١٩٩٩).

٦.العصفور الأحدب - مسرحية ١٩٦٠).

٧.المهرج — ١٩٩٨).

**زنجیره تەلەفزیۆنییەکان:**

١.حكايا الليل.

٢.وين الغلط.

٣.وادي المسك.

٤.حكايا الليل.

**کاره سینەماییەکان:**

١.الحدود - (١٩٨٤).

٢.التقرير - (١٩٨٧)

**هی تر:**

١.الأرجوحة - رواية ١٩٧٤. (نشرت عام ١٩٧٤ - ١٩٩١ عن دار رياض الريس للنشر وأعادت دار المدى طباعتها عام ٢٠٠٧)

٢.سأخون وطني - مجموعة مقالات (١٩٨٧- أعادت طباعتها دار المدى بدمشق ٢٠٠١)

٣.سياف الزهور - نصوص (دار المدى بدمشق ٢٠٠١)

٤.شرق عدن غرب الله (دار المدى بدمشق ٢٠٠٥)

٥.البدوي الأحمر (دار المدى بدمشق ٢٠٠٦)

تەواوی کارەکانی چەندجارێك چاپ کراونەتەوه.

# هەستم بەوە نەکردووە کاتی نووسینی ژیاننامەم هاتبێ



گفتوگۆ لەگەڵ تەیب سالِح

**** دەیان وتار هەن ئاماژە بۆ خاکەڕایی تێڕوانینەکانی تۆ دەکەن بەرامبەر بە بەهای ئەوەی کە دەینووسیت، بۆنموونە (ڕەجا ئەلنەقاش) چەندین جار ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، سەرچاوەی ئەم خاکەڕاییە لە کوێوەیە؟***

- سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە قەرزاری (ڕەجا ئەلنەقاش)م، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو ئاگاداری کارەکانم بوو، بێ ئەوەی بیناسم یان ئەو من بناسێ کاری لەسەر کردن، سەبارەت بەو خاکەڕاییەش کە تۆ دەیڵێی و ئەوانیتر دەیڵێن، وای دەبینم ئەم ڕەفتارەم ناگاتە ئاستی ناوەکەم، نە باشم و نە چاکیشم، لەڕاستیدا من خاکەڕا نیم، بەڵام دەشزانم چۆن لە چالاکی نووسین دووردەکەومەوە، چونکە پێمو‌ایە نووسین تەنها چالاکییەکە لەنێوان چەند چالاکییەکی ژیان، جگە لە نووسین زۆر شتی تر هەن دەکرێ مرۆڤ ئەنجامیان بدات و بەهەمان ئەندازەی نووسینیش دڵی خۆش بکات، من عاشقی گەشت و خوێندنەوەم، هەمیشەش دەڵێم کە ئەگەر بەردەوام بنووسین کێ ئەو نووسینە جوانانەی تر دەخوێنێتەوە کە ئەوانیتر دەینووسن؟! بەبێ هیچ خەڵەتاندنێك، پەیوەندی من بە نووسین وەکو چالاکییەکی داهێنەرانە، کێشەی ژیان و مردن نییە وەکوئەوەی هەندێك وای دەبینن "هەروەك لەئاهەنگی خەڵاتوەرگرتندا وامگوت" نەمویست خۆم بدەمە دەست ئارەزووی جادووگەری هونەری خراپەکان. وەکو ئەوەی لە ژیاننامەی زۆربەی داهێنەرە گەورەکاندا دەیبینم، بەهۆی نووسینەوە زۆر ئازاریان چەشتووە، چونکە خۆیان بەتەواوی دەخستە چنگی ئەم جادووگەرانە، بەڵام سەبارەت بە من ئەمە بەسە کە فرتوفێڵ و پێچ و پەنا دەکەم، هەندێجار لێیان دووردەکەومەوە و هەندێجار لێیان نزیك دەبمەوە، بەڵام هیوادەخوازم بەساغی لە ناخۆشییەکانی نووسین دەرچم.

**** ئایا لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە هەمیشە پێداگری لەسەر مانەوەت لە پەراوێزدا دەکەی؟ ببوورە تێناگەم چۆن نووسەرێکی بەناوبانگ لەپەراوێزەوە قسە دەکات؟ لەکاتێکدا تۆ گەشتی نووسینت بە کارکردنی تەواو لە سەنتەر و لە ژێر تیشکی ڕووناکییەکان دەست پێکرد؟***

- هاوڕام لەگەڵت... ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام پێکهاتەی دەروونی من (وەکو دەروونی هەزاران سوودانی تر) وام لێدەکات بەئاسانی باسی خۆم نەکەم، پاشان ئارەزووی دەرکەوتنم نییە، وای دەبینم کە کاتێك نووسەرێك خۆی دەداتە دەست ناوبانگ، خۆی و بەهرەکەی ڕووبەڕووی مەترسی ساختەکاری دەکاتەوە، کاتێ نووسەر خۆی دەبینێتەوە لەرێگای ڕاگەیاندنەکانەوە تووشی مشتومڕ بووە، دەبێتە کەسێکی تر، بەتایبەتیش دەبێتە (شێوازێك)، چونکە ئارەزووی خۆبەدەستەوەدانی بۆ ئەم وێنایە هەیە کە خەڵك بۆ نووسەریان دروستکردووە

و لەگەڵ دەنگ و باوەڕەکانی ناگونجێ. مـن بـەپێی توانـا هـەوڵ دەدەم تووشـی مینبـەرەکانی ڕاگەیاندن نەبم، بەتایبەتیش کە من شارەزاییەکی دوورودرێژم لەگەڵ کاری ڕاگەیاندنـدا هەیـە، پاشان هیوادارم کە لە کاروانی کارکردنمـدا جۆرێـك لـە حەسـانەم بەدەسـتهێنابێ لـە تیشـکی ڕووناکییەکان، چونکە حەسانەی تەواو بەدەست نایەت.

**** دوای دەرچوونی کتێبە نوێیەکەت (لەبیرکراو) و هەموو ئەو کتێبانەی دیکـەت کـە وتارەکانت لەخۆ دەگرن، پێت وا نییە قسەکردن لەسەر دوورکەوتنـەوەت لـە نووسـین هـیچ بایەخێکی نییە؟ بە واتایەکی دیکە، ئایا ئەم کتێبانە لە پرسـیارکردن دەربـارەی هۆکـاری وەستانت لە نووسینی داهێنانگەرایانە دوورت دەخەنەوە؟***

- من بە هیچ شێوەیەك لە نووسین نەوەستاوم، هەرچەندە لە بڵاوکردنـەوەی ڕۆمانـەکانم وەستام تا کاتی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (لەبیرکراو)، ئەوەی ڕووشیدا ئەوەیە کە من شتی تـر دەنووسم، هەندێ وتارم هەن زۆر لەوە باشتر و قوڵترن بخرێنە ریزی وتاری ڕۆژنامەوانی، ئـەم وتارانە ڕوانگەی منە بۆ کاری ئەدەبی و بابەتە هونەرییەکان کـە لـە گۆڤـاری (ئەلمجەلـە)دا بڵاوم کردونەتەوە، تێشیاندا هەیە کە ڕامانی منە بۆ جیهانی شاعیرە گەورەکان، لەوانـەش: زی ئەلریمـە و ئەبوعـەلای موعـەڕی و موتەنـەبی و ئـەوانی تـری وەکـو ئەمانـە... ئـەم نووسینانەش کاتی زۆری ویستووە بۆ ئامادەکردن و خوێندنـەوە. دڵنیـات دەکەمـەوە مـن ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستم بە تەنگەژەی وەستان لە داهێنان نـەکردووە، چـونکە هـیچ کاتێـك هەستم نەکردووە بیرم لە ڕۆمانێك کردبێتەوە و سەرنەکەوتبم، من سەیری ئەوە دەکـەم کـە نووسراوە و چێژی لێ وەردەگرم.

**** هەندێك وەکو دەقێکی ژیاننامەئامێز دەڕواننە ڕۆمانی (لـەبیرکراو)، ئەمـەش پـاڵم پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بپرسم: ئایا هیچ ڕۆژێك بیرت لە نووسینی ژیاننامەی خۆت کردۆتـە، بەلایەنی کەم بۆئەوەی بۆشایی دووربوونت لە ڕۆمان پڕبکەیتەوە؟***

- تائێستاش هەستم بەوە نەکردووە کاتی نووسینی ژیاننامەم هـاتبێ، باوەڕیشـم بـەوە نییە کە ئەگەر نووسیم سوودێکی ئەوتۆی هەبێت. لەوانەیە سەرت سووڕبمێنێ ئەگەر پێـت بڵـێم مـن شـەیدای ژیاننامـەم، ئێسـتاش خـەریکم ژیاننامـەی بیرمەنـدی میسـری (عەبدولڕەحمان بەدەوی) دەخوێنمەوە، ڕێژەیەك لە چێژی تێدا دەبیـنم کـە بـەدەر نییـە لـە تووڕبوون لە جیهان.

(ژیاننامە) بەشێوەیەکی گشتی هونەرێکی چێژبەخشە، کاتێ لێی نزیك دەبمەوە، ئـەوەم بـۆ دروست دەبێ کە دەمەوێ بیڵێم، یان ئارەزووی پێویسـتم لەمبارەیـەوە لـەلا دروسـت دەبێـت.

لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە جۆرێك لە ژیاننامە و تێڕامان دەربارەی ئەو کەس و رووداوانــەی کـە رۆژێك لە رۆژان دەیانبیینم لە وتارەکانمدا بیانبینییــەوە و لەســەر پێشــنیاری تــۆش بیانکەمــە کتێب بۆ ئەوەی بخوێنرێنەوە.

**** دەربارەی ئەو تێڕوانینە چی دەڵێیت کـە ژیاننامــەی تـۆ بـە ژیاننامــەی (مسـتەفا سەعید)ی پاڵەوانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) دەچوێنن؟***

- باوەڕ ناکەم نووسەر بتوانێت لەو کەسایەتییانە رزگاری بێت کە دایاندەهێنێ، چونکە ئەو کەسایەتیانە لە خەیاڵ و لەو ئەزموونە سەرچاوەی گرتووە کە تیایدا ژیاوە و لە ژیـانی ئـەوانی ترەوە وەریگرتــووە، بــەلاّم ئــەوەی سەرســامم دەکـات ئەوەیــە کـە خــەڵك لەســەر کەسـایەتی رۆمانەکانی ترم ناوەستێت، لەوانەش "مریود، ضوء البیت، عرس الـزین" بۆئەوەی ژیانی منی پێ بەراورد بکــەن، بــەڵکو تــەنها بــە (مســتەفا ســەعید)م بــەراورد دەکــەن، لەکاتێکـدا کـە هەڵوێستەکانی ئەو لەسەر ئاستی مرۆیی لــە مــن ناچــن، بــەڵکو تــەنها وەکـو پێویسـتییەکی هونەری پوخت نووسیومە.

**** هیواداربوون لە گەشتی ژیانتــدا، لــە منداڵییــەوە تائێسـتا بــەر ئــەو نائامادەبییـە ئاشکرایەت دەکەوێ کە کاریگەری شارە سوودانییەکانی بەسەرەوەیە، ئەویش لەو کتێبەتدا کە بە ئاراستەی خۆشەویستی بۆ ساڵەکانی منداڵی و گوند دەچیت، وەکو ئەوەی گــەڕانێك بێ بەدوای ئەوەی ناوی دەنێیت (فیردەوسی ونبوو)؟***

- ئەمە راستە... لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە ئەو ژینگەیەی تیایدا ژیاوم سـەرەڕای هــەموو ئەو ئــەزموون و شــارەزاییەی تیایـدا ژیــاوم، پــڕ بــوو لــە جۆراوجـۆرێتی و وێنــەی ئــەتۆ کــە کاریگەرییەکەیان ون نابێت، من کوڕی لادێیەکی سەر رووباری (نیل)م کە هاوکات درێژکراوەی بیابانێکە هۆزێکی (بەخێوکـەری حوشـتر) تیایـدا نیشـتەجێن، هــەروەها ناوچەیەکیشــە ئــەو کەڵەکەبوونە شارستانییانە کۆدەکاتەوە کە لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە تا ئەمڕۆ بــە ســوودانـدا تێپەڕیووە. لەلایەکی دیکەوە لەو باوەڕەدام شارەکانی سوودان هیچ نــین جگــە لــە درێــژکراوەی گوندەکان و زۆر بەکەمیش دەتوانی ئەو سیفەتە شارســتانیانەی تێـدا ببینیــەوە کــە بــە شــارە گەورەکانی وەکو قاهیرە و دیمەشق و بەغدادی بــەراورد بکــەی، پاشــان مــن ئــەو کاریگەرییــە سەرنجراکێشەم تێدا نەبینیوە، ژیانی من بەڕادەیەك تیایدا کورتبوو کە تۆ ناتوانی هەست بــەو کاریگەرییە بکەیت، بەڵکو هەستێکی ونبوون و ئامادەنەبوونت لەلا دروست دەبێت. لــە گونـد

هاتمه دەرەوە، پاشان وەکو وێستگەیەکی کورت لە (خەرتوم) و (ئوم دەرمان) مامەوە، ئینجا بەرەو (لەندەن)، لەوێشەوە راستەوخۆ بۆ رادیۆی ئێزگەی بەریتانی(بی بی سی).

**** قسەکردنت دەربارەی نووسینەکانت بەو سیفەتەی کە ئامرازێکن بۆ درێژکردنەوەی پردێك لەنێوان خۆت و ئەو ژینگەی لێی هاتوویتە دەرەوە، وام لێدەکات هەست بەوە بکەم کە تۆ پەشیمانی لەوەی لە سوودان هاتوویتە دەرەوە و چوویتە لەندەن لەپێناو خوێندن و کارکردن، ئایا ئەمە راستە؟***

- بەڕاستی بڕای بەرێزم بڕیاری دەرچوونم لە سوودان، ئەزموون و شارەزایی زۆری پێبەخشیم، بەڵام لە ساتە ناخۆشەکاندا خۆزگەی ئەوە دەخوازم لە سوودان نەهاتبامە دەرەوە. بەڵام پرسیارەکەی تۆ (گریمانەیی)یە، بەلایەنی کەمەوە لەبەرئەوەی سوودان بەجۆرێکە کە ئەگەر لەوێ بمابامەوە ئازارەکانم لەوە گەورەتر دەبوو لەوەی لە دەرەوەم.

**** سەرەڕای جۆراوجۆرێتی ئەو کارانەی لە ئەستۆت گرتوون و ئەو شارانەی کارت تێداکردوون، هەمیشە ئەوەت رەتکردۆتەوە کە پەیوەست بی بە هیچ حزبێکی سیاسی سوودانی، هەموو پۆستێکی فەرمیت لە ولاتەکەی خۆت رەتکردۆتەوە، ئەم رەتکردنەوەیەت لەسەر چ بنەمایەکە؟***

- من هەمیشە بە گوێرەی هەستەکان دەژیم، دوور لە ئارەزووی تووشبوون بەهەر شتێك یان پەیوەستبوونی تەواو پێیەوە، کارکرنیشم لە (بی بی سی) لەو بیرۆکەیەوە گەشەی کرد کە پەیوەست نەبم بەو لایەنەی کاری لەگەڵ دەکەم، ئەوێ دەزگایەکی ناحکومییە و هیچ کەسێك کە لەو دەزگایە کار دەکات، ناچار ناکرێ بچێتە ژێرپەردەی کارێکی ناپیشەیی، پاشان ئەمە سامانێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی فیکری ئازاد، تەنانەت کاتێ لە قەتەریش کارم دەکرد، چ لە وەزارەتی راگەیاندن، یان ئەوکاتەی وەکو نوێنەری رێکخراوی یونسکۆ لە کەنداو کارم دەکرد، لەکەشوهەوایەکی زۆر باش دەژیام و ئەمەش یارمەتی دام ئازادی خۆم بپارێزم، وای دەبینم ئەگەر لە سوودان کارم کردبا، دەگلامە ناو ئەو ململانێ و هەلۆێستانەی کە هیچ چوارچێوەیەکیان نییە، وادیارە من ئارەزووی ئەوە دەکەم دوور بم لەبەگژداچوونی کردەوە سیاسییە ناپاکەکان و باجدان بۆ ئەم کردەوانە، من سوورم لەسەر ئەوەی کە باجی ئەم جۆرە کردەوانە نەدەم.

**** لەمیانەی ئەو ماوە دووورودرێژەی لە لەندەن نیشتەجێ بووی، بۆچی نەگۆڕای بۆ نووسەری تاراوگە، واتا بەزمانێکی دیکەی ناعەرەبی بنووسیت، یان نووسینەکانی ئەم***

***زمانە تەرخان بکەی بۆ بیرۆکەی خودی سۆزداری، وەکو هەندێ لەو نووسەرە عەرەبانە کردیان کە بە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەزموونی تۆدا تێپەڕین؟***

- بەڕاستی نازانم، بەلاّم لەوانەیە، لەبەرئەوەبێ کە من لە دەروونی خۆمدا پارێزگاری لە رووبەرێك دەکەم وام لێ دەکات ئارەزوومەند نەبم بۆئەوەی بەتەواوی لە نووسینەوە بگلّێم، لەوانەیە سەرسام بیت ئەگەر پێت بلّێم: من تا ئێستاش پاسەپۆرتە سوودانییەکەم ماوە و پارێزگاری لێ دەکەم، سەرەڕای ئەوەی نزیکەی نیو سەدەیە لە لەندەن دەژیم و هاوسەرەکەم ئافرەتێکی بەریتانییە، بەلاّم تائێستا داوای رەگەزنامەی بەریتانیم نەکردووە، ئەم هاوسەرگیرییەش بەهۆی پابەندبوون بووە بە مەرجە مرۆییە سروشتییەکان نەك هیچ مەرجێکی تر، لەناویشیاندا پێداچوونەوەی شوناس یان نەفیکردنەوەی. لە (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)دا لەسەر زاری گێڕەرەوەکە دەربڕینێك هەیە کە ئاماژە بە پەیوەندی ئێمە و ئینگلیز دەکات، لەوێدا گووتومە "بە زمانی ئەوان قسە دەکەین بەبێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری یان جوانی بکەین".

زمان هیچ نییە جگە لە ئامرازێك، بەدەر لەمە، پێویستم پێی نییە، من بەلایەنی کەم بەو هۆیەوە دەنووسم کە بینینم بۆ شتەکان، یان روانینم بۆ جیهان لەسەر هاوسەنگی وەستاوە و هیچ توندوتیژیەکی تێدا نابینرێ، کاتێکیش دەربارەی (شوناس) پرسیارم لێ دەکەی، وا باشترە خۆم لە شتەکان جیابکەمەوە، ئەگەر کێشەیەك لەخۆمەوە بێت خەوم نازڕێنێ، ئەم پرسیارە تەنها لەمیانەی نووسیندا پێداگیری دەکات، ئێستا وام بەبیردادێت کە ئارەزووم بۆ راکردن لە نقوومبوون لەقولاّیی دەروون، لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بێت بۆ پێچ و پەناکردنم لە نووسین و راکردن لێی.

**** لە وتارە رەخنەییە زۆرەکاندا، ئاماژەی زۆر هەن لەسەر نزیکایەتی دەقی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) لەکاری (جۆزیف کۆنراد)ی بەناوبانگ (لەناوجەرگەی تاریکیدا)، سنووری ئەم لێکنزیکییە چییە؟ ئایا لەناخی تۆدا ئارەزوویێك هەیە بۆ نووسینی (ئاوەژوو)ی هونەری بۆ دەقی (کۆنراد) بە جۆرێك کە رێڕەوی گەشتەکە بگۆڕێت؟***

- (ئێدوارد سەعید) وەکو وانەبێژێکی (کۆنراد) یەکەم کەس بوو کە تێبینی ئەمەی کرد، لەو باوەڕەشدام کە ئەو بە مەبەستێکی خراپ وای نەکرد بەو شێوەیەی کە هەندێك بە خراپە بەکاریان هێنا، من دلّنیات دەکەمەوە کاتێ (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)م نووسی و کاتێ بلاّویشم کردەوە، بیرم لە دەقی کۆنراد نەکردبووەوە، بەو مەبەستە سەرنجم نەدابوو کە بە (ئاوەژووکراوەیی) بینووسمەوە، (وەکو هەندێك وای دەبینن).

***  لەهەموو بارەکاندا ڕۆمانەکە لە خستنەڕووی ئیشکالییەتەکانی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا جیاوازە، پرسیاری من ئەوەیە: ئایا تۆ بەر لە نووسینی ئەم ڕۆمانە، ئەو دەقە عەرەبیانەت خوێندبووەوە کە لە سەر هەمان بابەت نووسرابوون، بۆنموونە (قندیل ام هاشم) یان (گەڕەکی لاتینی) سوهێل ئیدریس؟**

- بابەتی ئەم ڕۆمانە.. ماوەیەکی زۆر زەینی داپۆشیبووم، ڕووداو یان حیکایەتەکانی هیچ دەقێکیشم بە زەیندا نەدەهات. لەڕاستیدا لە تەمەنێکی زووی ژیانمدا (قندیل ام هاشم)م خوێندبووەوە، بەلاّم چەند ساڵێك دوای نووسینی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) ئینجا (گەڕەکی لاتینی)م خوێندەوە. وای دەبینم کە هەر نووسەرێك ڕوانگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی بابەتە کان.

***  لە نووسینەکانتدا (هەروەکو ڕەجا ئەلنەقاش- تێبینی کردووە) وێنەیەکی جیاوازی ئافرەت هەیە، ئافرەت لە کردەوە و خەون و کاریگەرییەکانیدا بەتوانا و بەهێزە، بۆنموونە، دەتوانین (کچی مەجزووب) لە (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) یان (مەریەم) لە (مریود) بهێنینەوە یاد، ئەمەش وێنەیەکی دەگمەنە، لەبەرئەوەی پێچەوانەی وێنەی ئەو ئافرەتە زوڵملێکراوەیە کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا جێگیرە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بوونی تۆ لە ڕۆژئاوا لە زووەوە، فاقی شێوەگەری، یان وەلأمدانەوەی نزیکایەتی ڕۆژهەلأتییانەی وێنەی ئافرەتی عەرەبی لەلای تۆ تێکنەشکاند؟ ئەم وێنە ناوازەیەت لە کوێ هێنا؟**

- سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ ئەم تێبینییە، بەلاّم دەمەوێ بڵێم من هیچ شتێکم دانەهێناوە، بەڵکو ئەوە وێنەی ئەو ئافرەتانەیە کە من لەناو هۆزەکەم و لەنێو خزم و کەسەکانمدا لەگەڵیان ژیاوم. ئافرەت لای ئێمە بوونەوەرێکی تەواو هاوبەش و هاوکارە، لەبەڕێوەبردنی ماڵدا بەتەواوی پشتی پێ دەبەسترێ. بەڕاستی ئەوە دەڵێم کە هەندێجار خەڵك ملکەچی ئەو سیفاتانە دەبن کە ئەوانیتر بۆ ئێمەی دەتاشن، هەروەکو (ئێدوارد سەعید) تێبینی ئەوەی کردووە، ئەو جۆرە ڕوانگەیان لەلای ئێمە چاندووە کە ئاماژە بە چەوساندنەوەی ئافرەت دەکات لای ئێمە، ئێمەش باوەڕمان کردووە و هەوڵدەدەین لە نووسین و هەڵسووکەوتی ڕۆژانەماندا جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو میراتە زۆرەمان بیرچۆتەوە کە ئافرەت ئامادەگی تێدا هەیە. بۆنموونە، من چوومەتە چەند ولاّتێکی وەکو یەمەن و مۆریتانیا، ڕۆلی کاری ئافرەت لەم ولاّتانەدا سەرسامی کردووم.

***  ئایا تائێستا لە ناخی خۆتدا خەون بە تەواوکردنی سێینەی (بندر شاه) دەبینی؟**

- بەڵێ هیوای ئەوە دەخوازم.. چونکە ئەم کارە پرۆژەیەکە خەریکە لە زەینمدا تەواو دەبێت، ئەگەر بەتاڵیش بووەوە، باوەڕ دەکەم کە وەکو داهێنەرێك نامەکەی خۆمم گەیاندووە.

**** لە گەلێ شار و وڵاتی عەرەبیدا ژیانت بەسەربردووە و گەڕاوی، بەڵام (بەیروت) شوێنێکی تایبەتی لەناخی تۆدا هەیە، تیایدا لە لایەنگرانی تازەگەری عەرەبی نزیك بوویەوە، بەتایبەتیش (یوسف ئەلخال و هاورێکانی لە گۆڤاری شیعر)، سەرەڕای ئەوەی دوور لە بیروباوەڕە هونەرییەکانی ئەواندا مایەوە، هەمان هەڵوێست لەسەر پەیوەندی تۆ و (تۆفیق سایغ)یش جێبەجێ دەبێت: چۆن پارێزگاریت لەو پەیوەندییە مرۆییە کرد و رووبەرێکی هونەرییشت لەگەڵ ئەم دوو ناوەدا هێشتەوە، بەو مشتومڕانەی دەربارەی ئەمانە دەکرێت؟***

- سەرەتا یوسف ئەلخال ئەو دەربڕینە میسرییەی بەسەردا جێبەجێ دەبێ کە دەڵێن (شێخی عەرەب)، مەبەستم ئەوەیە کە پیاوێکی گەورە و بەرێزە بە مانای وشە لە هەست و بیرکردنەوە و رەفتارەکانی رۆژانەیدا. من ئاگاداری ئەو دانیشتنانە بووم کە بە مەبەستی دامەزراندن ئەنجامیان دەدا، لە فیکری ئەو و هاورێکانی رادەمام و هاریکاری بیرکردنەوەیانم دەکرد دەربارەی تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی، ئێستا بابەتییانە سەیری هەوڵەکانیان دەکەم و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەوان مەبەستێکی خراپیان نەبوو لە بابەتی پەیوەست بەداهێنانی عەرەبی، ناشکرێ بە چاوی تۆمەتبارکردن بڕوانینە پێشنیارە جوانەکانیان. (تۆفیق سایغ)یش بەلای منەوە شاعیرێکی گەورەیە، ئەو بەهۆی ئەو ستەمەی رووبەڕووی بووەوە سەبارەت بە هاوکاریکردنی گۆڤاری (حوار) کە من (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)م تێدا بلاوکردەوە، بەو هیوایەی کە لایەنگر بێت بۆ ئەو دۆستەی دووچاری نەهامەتی و وازهێنانی لە زۆربەی هاورێیەکانی بووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مرۆڤێکی شارستان و خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرفراوان بوو.

بەشێوەیەکی گشتی، تکا دەکەم وا تێنەگەی من هەڵوێستێکی دژکارانەم بەرامبەر (پەخشانەشیعر) هەیە، (پەخشانەشیعر) رەگەزێکی داهێنانە و نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام چێژی شیعری من بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوات کە لێوانلێوە لە حەماسەتی شیعری کلاسیکی، بەتایبەتیش: موتەننەبی و ئەبی عەلای موعەڕی و ئەبونەواس و هەروەها ئەحمەد شەوقی و نزار قەبانی.. لە سوودانیش: محەمەد فەیتوری و محەمەد ئەحمەد مەجزوب و محەمەد مەکی ئیبراهیم و ئەلیاس فەتحولڕەحمان... هەروەها مەحمود دەرویش و سەلاح

عەبدولسەبوور و ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازیشم خۆش دەوێ، لەشاعیرە گەنجەکانی میسریش: ئەحمەد بەخیتم خۆش دەوێ.

**** ئایا هیچ کاتێ بیرت لە نووسینی شیعر کردۆتەوە بەهۆی ئەو کاریگەری و عیشق و بەدواداچوونە بەرفراوانەی لەسەریت هەیە؟***

- شیعرم نەنووسیوە تەنها لە بابەتی گاڵتە و گەپ نەبێ، یان ئەو کاتانە دەینووسم کە بۆخۆشی و رابواردن لەگەڵ هاورێکانم دادەنیشین.

**** بە بیستنی چ مۆسیقایەك دڵخۆش دەبیت؟***

- حەزم لە مۆسیقای جاز و کارەکانی پۆپ رۆبسۆن و ماهیلا جاکسۆنە، حەزم لە گۆرانی سوودانییە بە دەنگی محەمەد وەردی و کابلی، هەروەها زۆر حەزم لە دەنگی فەیروز و ئوم کەلسوم و عەبدولوەهابە، زۆریش دڵم بە مەقاماتی عێراقی خۆش دەبێت.

**سەرچاوە:**

**.http://www.sudaneseonline.com**

# حەز لە نووسین ناکەم



گفتوگۆ لەگەڵ تەیبساڵح

له لیژنەی هەڵسەنگاندنی خەلاتی (داهێنانی رۆمانووسی عـەرەبی)، رۆماننووسـی سـوودانی تەیب ساڵح سەرۆکی لیژنەکە بوو، ئەوکات رۆماننووس (سەنعەڵلا ئیـبراهیم) لەسـەر مینبـەر و لەبەردەم لیژنەی هەڵسەنگاندندا، خەلاتەکەی رەتکردەوە، ئەمە وای لە (تـەیب سـاڵح) کـرد کـە بەتووندی رەخنەی لێ بگرێ و گوتی: ئەگەر مەبەستی بوو کە خەلاتەکە رەت بکاتەوە، دەبوو بـۆ وەرگرتنی خەلاتەکە نەهاتبا، ئەو کارەی ئەو کردی تەنها ئیهانەکردنی لیژنەی هەڵسەنگاندن بوو.

ئەمساڵ خەلاتەکە بە (تەیب ساڵح) خۆی بەخشرا و ئەو رەتی نـەکردەوە، بـەڵکو وای دانـا لەوکاتەوەی کە دەنووسێت گەورەترین خەلاتە پێی بەخشراوە.

بەڵێ ئەمساڵ لە خـولی دووەم و لـە بـارودۆخێکی نائاسـایی خەلاتەکـە بەدەسـت هێنـرا، بارودۆخێك کە درەوشانەوەی زیاتری پێوە دیاربوو لە ساڵی پـار، واتـا لەوکاتـەی (سـەنعەڵلا ئیبراهیم) بە ئامادەبوونی (فاروق حوسنی) وەزیری رۆشنبیری میسری خەلاتەکەی رەتکردەوە و ئەوەی راگەیاند کە رەتکردنەوەی ئەم خەلاتە، رەتکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیرییە، چونکە ئـەو خەلاتەکەی بەخشیوە.

ناوی (تەیب ساڵح) لە ناو رۆشنبیری عەرەبیدا هۆکـارێکی گـرنگ بـوو کـە ئەمسـاڵ ئـەو ئەتمۆسفێرە جوانەی رێورەسمی بەخشینی خەلاتەکـەی دروسـت کـرد، لـەو کاتـەی خەلاتەکـەی بەدەست هێناوە، ئەتمۆسفێرێکی ئاهەنگئامێز باڵی بەسەر کۆڕبەندە رۆشنبیرییەکانی رۆشنبیری میسریدا کێشاوە. لێرەدا ئەستێرەی یەکەم، خاوەنی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ە، ئەو رۆمانەی کە قورسایی رۆمانێکی جیهانی هەیە.

لەم گفتوگۆیەدا (تەیب ساڵح) دەربارەی چالاکییەکانی خەلاتەکە و دوا داهێنانەکانی و ئەو گۆرانکارییانە دەدوێت کە ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی عەرەبی بە خۆیەوە دەبینێ.

سەرەتا دەربارەی ئەو بردنەوە لەناکاوەی خەلاتی (داهێنانی رۆماننووسـی عـەرەبی) و ئـەو رەخنانە پرسیارم لێکرد کە ساڵی پار (کاتێ خۆی سەرۆکی لیژنە بوو) ئاراسـتەی (سـەنعەڵلا ئیبراهیم)ی کرد بەهۆی رەتکردنەوەی خەلاتەکە، ئـەو بەڕاشـکاوی و بـەو شـێوازە سـوودانییە قسەی دەکرد کە سەرەڕای بەسەربردنی سـاڵانێکی زۆر لـە غوربـەت، هێشـتا پارێزگـاری لـێ دەکات..

"پێشبینیم نەدەکرد ئەمساڵ خەلاتەکە ببەمەوە، بەڵام سەرەڕای ئـەوەی چـەندین خـەلاتی دیکەم بەدەستهێناوە، ئەم خەلاتەیان بۆ من چێژێکی تایبەتی هەیـە، شـانازی پێـوە دەکـەم و سەربەرزم بەوەی گەورەترین خەلاتی رۆمانی جیهانی عـەرەبیم پـێ دەبەخشـرێ و منـیش ئـەم

خەلاتە پێشکەشی سوودان دەکەم، ئەو ولاتە ئەفریقییەی کاریگەرییەکی روونی لەسەر مێژوو هەیە، بەلاّم لەگەلْ ئەوەشدا لە کلتووری عەرەبیدا فەرامۆشکراوە".

## رەخنەم لە هەلْوێستی (سەنەعەللا ئیبراهیم) نەگرتووە:

(تەیب سالْح) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەلْێت "سەبارەت بە هەلْوێستی من لە پارسالْدا، من رەخنەم لە (سەنەعەللاّ) نەگرت ئەوکاتەی خەلاّتەکەی رەتکردەوە، بەلْکو رەخنەم لە شێوازی رەتکردنەوەکەی گرت و گوتم: رەتکردنەوەی خەلاّتی هەر نووسەرێك لە کەس و ولاّتی خۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە.

سەرەڕای ئەوەی کە نووسەر ئازادە لەوەی هەر خەلاّتێك رەت بکاتەوە یان وەری بگرێ، بەلاّم ئەوکاتەی رەتی دەکاتەوە، پێویستە بە رێگایەکی شیاو رەتی بکاتەوە، نەك بەو شێوەیەی سەنەعەللا کە کاتێ چووە سەر شانۆیەکە ئینجا رەتی کردەوە، مادام دەیویست خەلاّتەکە رەت بکاتەوە، دەبوو بۆ ئاهەنگەکە نەهاتبا، ئەو جۆرە رەتکردنەوەیە جۆرێك بوو لە ئیهانەکردنی لیژنەی بالاّی هەلْسەنگاندن.

من ئەو خەلاّتەم قبولْ کرد، چونکە ئەمە ئیزافەیەکە بۆ سەر ناوی من، (سەنەعەللا ئیبراهیم) ئارەزووی خۆیەتی وەری دەگرێ یان رەتی دەکاتەوە".

هیچ کاتێك ناوی (تەیب سالْح) بەبێ ناوی رۆمانەکەی ناهێنرێ کە لەسەر ئاستی جیهانی بەناوبانگە (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور). (مستەفا سەعید)ی پالْەوانی ئەم رۆمانە، سەفەری ئینگلتەرای کرد و رێککەوتی شارستانییەتێکی تری کرد، ئایا نووسەر لە شەستەکاندا پێش ئەو هەولاّنە کەوتووە کە لەمڕۆدا کلتووری دیالۆگ پێی گەیشتووە، لەوەدا کە زەرورەتێك هەیە بۆ تەواوکاری لەگەلْ شارستانییەتی رۆژئاوا؟ لەجیاتی پێکدادانی شارستانییەتەکان کە لە دوای رووداوەکانی (١١)ی سێپتێمبەرەوە بۆتە رووکارێکی زالْ و باو.

**(تەیب سالْح) بە پەلە سەرەداوەکەی دەگرێتە دەست و ئەوەی دەخاتەسەر:**

"هیچ پاساوێك نابینمەوە بۆ ناونان بە (پێکدادانی شارستانییەکان)، ئەوەی لە نێوان شارستانییەکان هەیە رووبەڕووبوونەوەیە نەك پێکدادان، رۆمانەکە رەنگدانەوەی کەسایەتی (مستەفا سەعید)ە کە لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لە کۆمەلْگایەکی ئیسلامی، بەرەو کۆمەلْگایەکی رۆژئاوایی هاتووە، واتا لەو ماوەیەی کە داگیرکار لەناو سوودان و میسر رەگوڕیشەی دادەکوتا، هەولْمدا لەمیانەی ئەم رۆمانەدا پێداگیری لەسەر ئەوە بکەم کە پالْەوانی

ڕۆمانەکە بەرهەمی جیهانی عەرەبییە، بەڵام بەهۆی خوێندنە پێشکەوتووەکەیەوە بۆتە بەرهەمی جیهانێکی دی کە ئەویش جیهانی ئەورووپییە و بەمەش تووشی جۆرێك لە دابەشبوونی کەسایەتی هاتووە، ئەمەش وای لێکردم لە ستایلی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم واقعەدا دەلالەتێکی سیمبولی بەکاربێنم، وای لێ بکەم کە واتێبگات ئەویش لە نەتەوەیەکە کە لە کارەکانیدا سەرکەوتووە و وا هەست بکات ئەویش داگیرکەرە، بەڵام بەجۆرێکی تر".

## شانۆی ڕۆمانەکانی:

لە زۆربەی ڕۆمان و کارەکانی (تەیب ساڵح)دا شوێن و ژینگەی لادێی دەدرەوشێتەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە نووسەر پابەندە بە جیهانی تایبەتی خۆی و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گەشەی کردووە؟! تەیب ساڵح دەربارەی ئەمە دەڵێت:

"بەتەواوی وایە.. من شانۆی زۆربەی نووسینەکانم ولاتەکەی خۆمە، وەکو هەر نووسەرێکی تر کە بە ژینگەی خۆی و ئەو شوێنە کاریگەرە کە تیایدا ژیاوە، سەرەڕای ئەوەی گەلێ ولات گەڕاوم، بەڵام نووسین دەربارەی ئەو ژینگەیە وام لێ دەکات هەمیشە هەست بە سۆزی نیشتمان بکەم، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژینگەی سوودانی زۆر دەوڵەمەندە و دەکرێ ببێتە شوێنێکی زۆر باش بۆ دروستکردن و چنینی ڕووداوی جۆراوجۆر، دەکەوێتە سەر دۆڵی نیل، هەروەها درێژکراوەی بیابانێکی گەورەیە لە سوودان و هۆزێکی عەرەبی گەورە تێیدا دەژی بەناوی (کەبابیش)، وابزانم ئەم ولاتەش پڕە لە کەڵەکەبوونی شارستانییەتی جیاواز و دیمەنی زۆربەی ئەو ڕووداو و ڕۆمان و نووسینانە دەوڵەمەند دەکات کە من نووسیومن".

لێرەدا پێم گوت: مادام وای دەبینی ژینگەی سوودانی پڕە لە کەڵەکەبوونی شارستانییەتەکان، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر ڕۆمانی (زەماوەندی زین) هەیە؟ تەیب ساڵح وەڵامی دایەوە:

"زەماوەندی زین، ڕۆمانێکە پڕە لە قسەکردن لەسەر ئەو ژینگەیەی تیایدا ژیاوم و خۆشم ویستووە، هەوڵم داوە وێنەی ئەو ژینگەیە بکێشم و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی ئەو ژینگەیە بخەمەڕوو، هەوڵیشم داوە ژیانی ئەو گروپ و هۆزانە بخەمەڕوو کە چوونەتە ناوچە بەربەرنشینەکانی سەر (نیل)، پاش تێکەڵبوونیان بە یەکتر، ژیانیان پڕبووە لە دەوڵەمەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا، وا هەست دەکەم کە لەم ڕۆمانەدا

توانیومــە بەیەککگەیشــتنی مرۆیــی و شارســتانی پێکــەوە گــرێ بــدەم، بــەڵام بەشــێوەیەکی بچووککراوە، ئەمەش ئەو دەلالەتــە ســیمبولییە دەگەیــەنێ کــە پێککگەیشــتنی نێــوان هــۆز و شارستانییەتەکانی تر پێویستە".

## (سێینە)کە و بارودۆخی ئێستای سوودان:

زۆربەی رەخنەگران وای دەبینن کە سێینەکەی تەیب ساڵح (بنــدر شــاە) و (چــو البیــت) و (مریود) بارودۆخی ئێستای سوودان پیشان دەدا و تێڕوانینی خودی خۆشــی، رەنگدانەوەیــەکی دوولایەنی دژ بەیەکی هەیە، ئەو دەڵێت:

"ئەم قسەیە سەرەڕای ئەوەی دڵخۆشم دەکات، لەهەمانکاتدا خەمباریشم دەکــات، ئــەدیب بەشێوەیەکی گشتی ناتوانێ لە واقعی ژیانی خۆی دابڕێ، چونکە هەستێکی هەیە بۆ بۆ بینینی ئایندە، وای دەبینم کە رۆمــان جۆرێکــە لــە کەشــفکردنی هونــەریی ئــەو ژینگەیــەی کــە بــە کەڵەکەبوونی شارستانییەکان دەوڵەمەندە، هەوڵمداوە لەم کارانەدا ئەوە بخەمەڕوو کە رابردوو و ئێستا چەند کاریگەرییان لەسەر ئایندە هەیە.

ئەوەی ئێستا لای ئێمە لە سوودان روو دەدات، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بــە نەخشــەی سیاسی وڵاتەکەمان کە دەبێ لە لایەن خودی گەلی سوودان جیا بکرێتەوە، ئەوەیە کە ســوودان وڵاتێکــی بەرفراوانــە و پــڕە لــە جۆراوجــۆرێتی شارســتانییەکان، باشــوورەکەی ئەفریقییــە و باکوورەکەشی عەرەبییە، رۆژئاواکــەی نوبییــە و رۆژهەڵاتەکــەی تایبەتمەنــدی تــر و ئینتیمــای جیاوازی هەیە، ململانێکانیش لێرەوە هاتوون، ئەوەی ئێســتا روودەدا تــەنها هاوســەنگییەکی نوێیە لە نێوان هێزە سیاسییە ململانێکەرەکان و لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایــەتی نــوێ لەنێوان هەموو هۆزەکانی کۆمەڵگا".

## (سێینە)ی من و (سێینە)ی نەجیب مەحفوز:

لێرەدا دەبێ بەراورد بکەم لەنێوان سێینەی (تەیب ساڵح) و سێینەی (نەجیب مەحفوز) کــە هەندێك وای دەبینن زۆر لەیــەك نــزیکن، یــان لەیــەك دەچــن، بــەڵام ســاڵح زوو وەڵامــی ئــەم بەراوردەی دایەوە و گوتی:

"لەو باوەڕەدا نیم هەوڵمدابێ لاسای سێینەی ئەدیبی گەورە نەجیب مەحفوز بکەمەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم هەردووکیان یەك شێوازن ئەویش هەوڵدانە بۆ چوونە ناو ژینگە.

سەرەڕای ئەوەش تەنانەت لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چوونە ناو هەر یەك لەم ژینگانە جیاوازی هەیە، ستایلی من تێکەڵبوونمە بە ژینگەی خۆم، بەڵام لەسەر ئاستێکی ئەفسانەیی، بەڵام نەجیب مەحفوز بەشێوەیەکی لە من باشتر مامەڵە لەگەڵ واقعدا دەکات، چونکە ستایلی ئەو پڕە لە واقعییەت نەك ئەفسانە، دەبینین کە (عرس الزين) لە (بندر شاه) جیاوازە، کە هەردوو بەشی (ضو البیت) و (مریود)ی لێ دەرهێنراوە، بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ چوونیەکییەك لە نێوان ئەم دووانەدا بدۆزنەوە، لەوانەیە بگەنە چوونیەکییەك لە شانۆی خودی رووداوەکان، واتا هەڵبژاردنی ژینگە و واقعی خۆمانە، ئەمە سەرەڕای جیاوازی نێوان ئەم دوو واقعە".

هیچ کەسێك گومانی لەوە نییە کە تەیب سالح بەهرەمەندێکی گەورەی بواری ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبییە، بەڵام زۆرێك لەو باوەڕەدان کە رۆمانەکانی لە رووی چەندێتییەوە لەگەڵ ئەو بەهرە گەورەیەی هەیەتی گونجاو نییە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی عەرەبی، لەوانەیە کەمی رۆمانەکانی لەبەرئەوەبێت کە بە نووسینی رەخنەییەوە سەرقاڵە.

تەیب سالح بە دەربڕینێکی نەرم و جوان وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

"هەمیشە دەڵێم هونەر لەو (پەرستگا)یانە دەچێت کە هەندێ ئەفسونگەری تێدایە و پاسەوانی لێ دەکەن و واش گومان دەبەم کە ئەفسونگەری شەڕاوین، ئەگەر نووسەر تەسلیمی ئەو ئەفسوونگەرانە بوو، بە دڵنیاییەوە زۆر شت لەدەست دەدات، بۆیە هەوڵدەدەم بەئاگایانە بچمە ناو ئەم دنیایە و لێی دەربێم، لەو باوەڕەدام کە نووسین بۆ من چالاکییەکە لەمیانەی چەند چالاکییەکی تر کە من گرنگیان پێ دەدەم، لەوانەش: گەشتکردن و خوێندنەوە و گوێگرتن لە مۆسیقا و بینینی برادەران".

## بەدەست نووسینەوە دەناڵێنم:

جێی سەرسوڕمانە کە خاوەنی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) حەزی لە نووسین نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە موفرەداتەکانی نووسیندا ئەفسونگەرە و لە بەرهەمهێناندا بەهرەمەندە. ئەوانەی لێیەوە نزیکن دەڵێن ئەو کێشەی لەگەڵ کاغەزدا هەیە، ئەو خۆشی دان بەوەدا دەنێت:

"بەشێوەیەکی گشتی من حەز لە نووسین ناکەم، کێشەی دەروونیم لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، لەو باوەڕەدام ژیان پڕە لە شتی دیکە کە دەکرێ کاریان تێدا بکەین، ئەمە لای من زۆر لەوە

باشترە کە لە کۆتایی شەو دانیشم بۆئەوەی بنووسم، دواجار ماندوو دەبم، ئەوکاتانەش کاغەز بەو کەسایەتییە وەهمییانە پڕ دەکەمەوە ماندووبوونەکەم زیاتر دەبێت، کێشەی گەورەی من ئەوەیە چۆن ئەم جیهانە وەهمییە دەربېڕم کە لەوانەیە هیچ پەیوەندییەکی بە واقعەوە نەبێت، لەراستیشدا ئەم کەسایەتییانە زۆر کەم پەیوەندییان بە واقعەوە هەیە.

## شیعرو رۆمان:

لەبەر ئەوەی (تەیب سالّح) رۆماننوسێکی گەورەیە، لەوانەیە لەسەر حسابی شیعر پەرەی بە رۆمان دابێ و رۆمانی بەسەر شیعردا زالّ کردبێ، لەم سەردەمەی کە ئێمە تیایدا دەژین هەمیشە ئەو پرسیارە دەکرێ کە ئایا ئێستا سەردەمی شیعرە یان سەردەمی رۆمان؟ تەواو بە پێچەوانەوە تووشی سەرسوڕمان دەبیت کاتێ وەلاّمدەداتەوە:

"سەرەڕای پێشکەوتنی رۆمان بەم دواییە و سەرەڕای ئەوەی کە خۆم رۆماننووسم، بەلاّم وای دەبینم زەمەنی عەرەبی زەمەنێکی شیعرییە و میزاجی عەرەبی میزاجێکی شیعرییە، رۆمان وەکو دیاردەیەك لە گۆڕەپانەکە دەردەکەوێت، بەلاّم شیعر هەمیشە پارێزگاری لە پێشکەوتنی خۆی دەکات، سەرەڕای هەموو ئەمانە رۆمان توانیویەتی لەسەرزەمینی عەرەبیدا، رێڕەوێك بۆخۆی بدۆزێتەوە، ناکرێ ئەو هەموو رۆمانە لەبیر بکەین کە لە ژیانی رۆشنبیرماندا هەیە. وای دەبینم کە ئەم شێوە ئەدەبییەی تەعبیرکردن بۆ گەنجان و دەربڕینی کێشەکانیان زۆر گونجاوە، دەبینین رۆماننوسانی هەموو ولاّتانی وەکو یەمەن و سوودان و سۆمالّ، لە دەوروبەرن و نەهاتوونەتە ناو بازاری فیکری عەرەبی، بەلاّم توانیومانە سوود لە بەرهەمی رۆشنبیری خەلّکی بەرهەمهێنەری فیکری عەرەبی بکەین لە ولاّتانی وەکو میسر و لیبیا و عێراق و سوریا، تەنانەت ئەو پێشکەوتنەش کە ئێستا ئێمە لە رۆمان ناومانە".

## گرێی (خۆبەنامۆزانین):

بێگومان (تەیب سالّح) لە دەرەوەی جیهانی عەرەبی سوودی لە گەلانی دیکە بینییوە، ئەو گەلانەی ماوەیەکی دورودرێژ لەناویاندا ژیاوە و رەگەزی هاوبەشی لە نێوان داهێنانی رۆمانی عەرەبی و داهێنانی رۆمانی جیهانیدا دۆزیوەتەوە، ئەمەش بە دلّنیاییەوە لە زۆربەی کارەکانی دەردەکەوێ، کاتی ئەو گریمانەیەم خستەڕوو گوتی:

"بە تێڕوانینی من، داهێنانی عەرەبی زۆر گەشاوەیە و لە ئاستی داهێنانی هیچ جێگایەکی دیکەی جیهان نزمتر نییە، بەلاّم کێشەی ئێمە ئەوەیە کە باوەڕمان وایە هەرچییەك لە دەرەوە بێت لەوە باشترە کە لەناوخۆماندا هەیە، ئێمە تەنانەت لە ئەدەبیشدا تووشی گرێی (خۆبەنامۆزانین) هاتووین، ئێستا پێویستە کە پێنووس و نووسینەکانمان لە بازاڕی فیکری جیهانی بخەینەڕوو، چەند ساڵێك پێش ئێستا دەستمان بە خوێندنەوەی ئەدەبی لاتینی کرد، چونکە ئەم ئەدەبە بووە ئەدەبێکی باش و گونجاو، بەداخەوە ئەدەبی عەرەبی بە دەست کێشەی بازاری کتێبەوە دەناڵێنێ و هەندێ جاریش کێشەی بەرزی نرخی کتێب هەیە".

## ڕەخنە و داهێنان:

ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ (تەیب ساڵح)دا بکات، دەبێ بچێتە ناو دەریای ڕەخنە و باسی بکات، چونکە ئەو زۆر وتاری ڕەخنەیی دەنوسێت، لێم پرسی: ئایا ڕەخنە هاوشان لەگەڵ داهێنانی ڕۆماندا دەڕوات؟ بە پێداگیرییەوە وەلاّمی دامەوە:

"من یەکەم کەسم کە گوتوومە: ڕەخنە هاوشان لەگەڵ داهێنانی ئەدەبییدا دەڕوات. ڕەخنە درێژکراوەی کاری ئەدەبی نییە، بەلاّم هاوتەریبە لەگەڵیدا و ئەمەش خۆی لە خۆیدا داهێنانە، من ڕەخنە وەکو شیعر و ڕۆمان بۆ چێژ دەخوێنمەوە، ڕەخنەگری زۆری عەرەب هەن کە من چێژیان لێ وەردەگرم، لەوانە: ڕەجا ئەلنەقاش، مەحمود ئەمین عالەم و چەند گەنجێکی سعودی موژدەبەخشیش لەم بوارە هەبن، لەوانە: سەعید سەریحی و فەهد حاریسی".

## ڕۆشنبیر و دەسەلاّت:

ئایا دەبێ ڕۆشنبیر هاوگروپی دەسەلاّت بێت (وەکو فاروق حوسنی وەزیری ڕۆشنبیری میسری دەڵێت)، یان دەبێ بە هەموو شێوەیەك لە دەسەلاّت و لە خەلاّتە داراییەکانی دوورکەوێتەوە (وەکو ئەو بڕوایەی سەنعەڵلا ئیبراهیم هەیەتی)، تەیب ساڵح دەڵێت:

"چەندە ڕۆشنبیر لە دەسەلاّت دوور کەوێتەوە باشە، بەلاّم دەبێ سیستەمێك و ڕێگایەکی کراوە و دەروازەیەك بۆ گفتوگۆکردن لە نێوانیاندا هەبێت، لەسەر پیاوی دەسەلاّتیش پێویستە کە ڕۆشنبیر بێت بەرامبەر بەوەی بیرمەندان دەیلێن، چونکە هەمیشە پیاوی دەسەلاّت بەرەو کردەوە دەڕوات و لە فیکر کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بیرمەند فیکرەکانی خۆی بۆ بخاتەڕوو،

لەنێوانیاندا پەیوەندییەکی بە هێزی تەواوکاری گەشە بکات، ئێستا پیاوانی دەسەڵات ترسیان لە رۆشنبیران هەیە، ئەم ترسەش هیچ پێگەیەکی نییە، لە رابردوودا گوێمان لەوە نەبووە کە بیرمەندێك کودەتایەکی سیاسی ئەنجام دابێت"....

## پەراوێزخستن لە لایەن (ئەویتر)ەوە:

هەندێ لە رۆشنبیران تیۆری کودەتایان بەسەردا زاڵە و وا دەڕوانننە (ئەویتر) کە دوژمنە و هەوڵ دەدات پەراوێزیان بخات، رۆشنبیری عەرەبی بە دەست ئەم ناڕوونییەوە دەناڵێنێ: چ پەراوێزخستنێك و بۆچی ئەم ئامانجەیان هەیە؟

بە پێچەوانەوە (تەیب ساڵح) وای نابینێ کە ئەمە راستە و لێرەوە دەڵێت:

"هیچ هەوڵێك بۆ پەراوێزخستنی ئێمە نییە و کەس ناتوانێ رۆشنبیری عەرەبی پەراوێز بخات، شتێك نییە بەناوی هێرشێکی توند، لەوانەیە فشار و کێشە هەبێت، بەڵام ئەوە لە هەموو جیهاندا هەیە، ئێمە بە ئەندازەیەك شپرزە نابین کە تووشی ئیفلیجی ببین، مرۆڤی تێکۆشەر هەمیشە رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، بۆیەش هەست بەوە دەکەین، چونکە ئێمە پێش دەکەوین و تێدەکۆشین، بەمەش هەست بە دڵپیسی ئەوانیتر و تووڕەبوون و بێزاری ئەوانیتر دەکەین، ئەوانەی لە جیهانی عەرەبی شیوەن و لاوانەوە دەنووسن، پێویستە وازی لێبێنن و چیتر نەینووسن، ئێمە نەتەوەیەکین شارستانییەتێکی گەورە و توانایەکی بێسنوورمان هەیە، تەنها ئەمەریکا گەمژەیی دەکات و تاوانی گەورە ئەنجام دەدات، بە سڕینەوە و لەناوبردنی شارستانییەتێکی جیهانی عەرەبی، ئەویش نیوەی مێژووی عەرەبی و ئیسلامییە لە عێراق و ئەو کارەساتەیە کە روو دەدات، بەڵام ئایا ئەمەریکا ئەمە بەرامبەر هەموو وڵاتانی عەرەبی دەکات؟ لەو باوەڕەدا نیم بیکات و ناشتوانێ بیکات، ئێمە خاوەنی جیهانێکین کە مێژوویێکی جێگیرمان هەیە، زۆر کێشە و تەنگەژەمان رووبەڕووبۆتەوە و نەمردووین و ناشمرین، رۆشنبیریی و زمانمان بە جێگیری و گەشاوەیی دەمێنێتەوە، پێویستە خەڵك بڕوایان قایم بێت و بڕوای خۆیان لەدەست نەدەن".

## ژیاننامەی خۆم:

لە کۆتاییدا ئەوانەی کارەکانی (تەیب ساڵح)یان خۆش دەوێت، پرسیار دەربارەی ژیانی دەکەن، سەرسام دەبین کاتێ دەڵێ:

"بەشێکی زۆری ژیانی خۆم لە (مریود) و (ضو البیت)دا خستۆتەڕوو، بەلاَم لە (دومة ود حامد) فیکرەی پابەندبوون بە کۆن و قوڕسی و زەحمەتی نوێکردنەوە و هەندێجار هاودژی لە نێوان زانست و خورافیات و کەلەپوورم خستۆتەڕوو، لەو باوەڕەدام کە دەبێ نووسەر ژینگە و ڕەگوڕیشەی خۆی ئاشکرا بکات، ئەمەش بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، خۆی لە کەسایەتی بەرهەمەکانیدا دەبینێتەوە، من هەندێ جار لێکچوونێکی رووکاری لە نێوان خۆم و لە نێوان (مستەفا سەعید)ی پاڵەوانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) دەبینم، چونکە ئەو لە (لەندەن) ژیاوە و لەوی ژنی هێناوە، وەکو ئەوەی من کردوومە، بەلاَم سەبارەت بە نووسینەوەی ژیاننامەم، وا هەست دەکەم کە پێویست بە نووسینەوەی ناکات".

**لێم پرسی:** (تۆفیق حەکیم) دەڵێت کە رۆمان لە لای ئەو بە بیرۆکە دەست پێ دەکات؟ رۆمان لای تۆ چۆن دەست پێ دەکات؟ تەیب ساڵح وەلاَمی دامەوە:

"بە پەیکەری چیرۆکێك دەست پێ دەکەم، من هەندێ کەسایەتی دروست دەکەم کە لە ژینگەیەکدا بیرم لێ کردوونەتەوە و هەمیشە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەجێیان دێڵم، بەلاَم لەوانەیە گرنگ نەبێ لە هەر خاڵێکەوە دەست پێ بکەم، چ سەرەتا بێت یان ناوەڕاستەکەی، پاشان دەگەڕێمەوە سەرەتاکەی و ئینجا کۆتاییەکەی تەواو دەکەم، بەلاَم هەمیشە وێنایەکی تەواوی بابەتەکەم لا گەلاَڵە دەبێ، کاتێ دەبینم کە (بەش)ێك لەگەڵ کۆنتێکستەکەیدا ناگونجێ، ستایلی (بڕین) بەکار دەهێنم، بۆنموونە: لە وەرزی کۆچ بەرەو باکووردا، بەشێکی زۆرم لە دەقە سەرەکییەکە بڕی، لەوانەش: کێشەی داداگام نووسیبوو، وێنەیەکی تەواوی دۆخەکەم دروستکردبوو، من چیرۆکی ئەو کەسانەم خوێندبووەوە کە خێزانەکانی خۆیان کوشتووە، پاشان ئەم بەشەم لادا، چونکە بینیم کە ئاڵۆزی لە کارەکە دروست دەکات.

**سەرچاوە:**

**http://www.al-majalla.com ListNews.asp?NewsID=339&MenuID=16&&Ordering=11**

**سازدانی: إیمان عزام.**
**٢٠٠٥/٠٤/١٩**

## تەیب ساڵح:

ڕۆماننووسی سوودانی (تەیب ساڵح) لە ساڵی ١٩٢٩ لە سوودان لە دایك بووە، کۆلێژی زانستی لە (خەرتووم) تەواو کردووە، بڕوانامەی کاروباری نێودەوڵەتی لە ئینگلتەرا بەدەست هێناوە، ماوەیەك وەکو وانەبێژ کاری کردووە و پاشان چووەتە رادیۆی (بی بی سی) لە لەندەن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٩ بۆتە نوێنەری ڕێکخراوی یونسکۆ لە وڵاتانی کەنداو کە بارەگاکەی لە قەتەرە.

لە ساڵی ١٩٧٦ چەند توێژەرێك کتێبێکیان لە بارەیەوە دەرکرد بە ناونیشانی (تەیب ساڵح... بلیمەتی ڕۆمانی عەرەبی) کە باسی زمان و لایەن و شێوەکانی ڕۆمانەکانی ئەویان دەکرد.

تەیب ساڵح بەهۆی ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور) کە لە ساڵی ١٩٧١ بڵاوی کردەوە زیاتر ناوبانگی دەرکرد.

لە (١٨ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٩) لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

## کتێبەکانی:

- عرس الزين- ١٩٦٢، ڕۆمان.
- موسم الهجرة إلي الشمال- ١٩٧١، ڕۆمان.
- مريود، ڕۆمان.
- نخلة علي الجدول.
- دومة ود حامد، ڕۆمان.

# زۆر جار هاوشانی پیاو دژی ئافرەت وەستاومەتەوە



گفتوگۆ لەگەڵ لەیلا عوسمان

(لەیلا عوسمان) یەکێکە لەو ئافرەتە عەرەبییە تێکۆشەرانەی، لەپێناو ئەوە خەبات دەکات ئافرەتان رێگای خۆیان بدۆزنەوە لە جیهانێکدا کە پیاوان دەستیان بەسەردا گرتووە، تێدەکۆشێ لەپێناو رزگارکردنی ئافرەتانی هاورەگەزی خۆی لەو دەسەلاتە کۆمەلآیەتی و باوکسالارییەی هەیە و بەهەموو پێوەرەکان دەبێتە مشەخۆری کۆمەلگا و بێدەنگی دەکات و ئافرەتان لە مافی چارەنووسی خۆی بێ بەش دەکات.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی بە نووسین کردووە، شووی بە پیاوێك کرد کە رێگای پێ دەدا بە ئازادی و بەناوی راستەقینەی خۆی هەستەکانی دەربرێت و ئەو پرسانە بوروژێنێت کە ئافرەتانی هاورەگەزی خۆی بەناچاری لێی بێدەنگ دەبوون. ئەم ئافرەتە شۆرشگێرە بەردەوام باسی بارودۆخی کوەیت دەکات کە وەکو کۆمەلگاکانی تری عەرەبی هەمیشە لە پاشەکشە دایە. شۆرش رەگی لە نێو کتێبەکانی داکوتاوە و هەر ئەمەش چوار سالآن لە دادگا هاتووچۆی پێکرد، تا سەرئەنجام، لەسەر ئەو هەلۆێستانەی هەیەتی لەپێناو سەرخستنی ئافرەت و شکاندنی تابۆکان و بوێری ئەو نووسینانەی کۆمەلگا بە قەدەغەکردووەکانی دادەنێت، حوکمی بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا.

**** لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستت بە نووسین کرد، ئەمەش سەردەمێك بوو کە تیایدا زەحمەت بوو ئافرەتان دەنگیان هەلبڕن و گومان بکەن و هەستەکانیان دەربڕن، ئەمە چۆن بۆ تۆ رێککەوت؟***

- لە مندالییەوە بە نهێنی دەمنووسی، بەلآم تا شەستەکان بلآوم نەکردۆتەوە، ئەوکات شووم بە پیاوێك کرد کە رێزی بەهرەکانی دەگرتم و هانی دەدام نووسینەکانم بلآو بکەمەوە، بەمەش رێگام بۆ زۆر ئافرەتی دیکەی دوای خۆم کردەوە و گۆرانێك رووی دا، ئافرەت بووە خاوەنی دەنگی خۆی، وای لێهات لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەگەریی و تەنانەت لە یەکەم پەرلەمانی کوەیتییش کار بکات، تا ئەمرۆش دەنووسم و زۆرجار رۆژنامەگەری تەلآق دەدەم بۆ ئەوەی دەستبەتالٌ بم بۆ نووسینی رۆمان، چونکە رۆمان هیچ شەریکێك قبولٌ ناکات.

**** ئەوکات و ئێستاش ناوەندی رۆشنبیریی کوەیتی چۆن تۆ قبولٌ دەکەن؟***

- ئەوکات کۆمەلگای کوەیتی لەسەردەمی کرانەوەدا بوو، من بەبێ هیچ کێشە و گرفتێك چوومە ناو گۆرەپانی رۆشنبیرییەوە، بەتایبەتیش کە راگەیاندنی کوەیتی زۆر هانی ئافرەتی دەدا. نووسینەکانی من زۆر بوێرانە بوون و هیچ کەسێکیش لێپرسینەوەی لەگەلدا نەدەکردم و دادگایی نەدەکردم، بە پێچەوانەوە حکومەت پاداشتی زۆری پێ دەدایـن لە بەرامبەر ئەو

کتێبانەی ئێمە دەماننووسی و دەرمان دەکرد. ئەم گەشانەوە رۆشنبیرییە تا کۆتایی هەشتاکان بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی لایەنە توندڕەوەکان پێشکەوتن و لایەنە لیبرالییەکان کشانەوە دواوە، بەداخەوە ئەوکات سانسۆر لەسەر کتێب و رۆژنامەگەریی زیادی کرد و بواری کتێب بەرتەسك کرایەوە، بەتایبەتیش لەسەر رەگەزی مێینە. لەبەرئەوەش من کەسێکی یاخی بووم و باوەڕم بەوە هەبوو کە دەینووسم لەپێناو ولاتەکەم، بەهەمان ئەو شێوازەم دەنووسی کە سەرەتا پێم دەنووسی، ئەمەش لە سالّی (١٩٩٦)دا رووبەڕووی دادگای کردمەوە کە چوار سالّی خایاند و تا سالّی (٢٠٠٠) بەردەوام بوو، لەئەنجامدا زۆرێك لە کتێبەکانم قەدەغە کران و حوکمی دوو مانگ بەندکردنم بۆ دەرچوو، بەلاّم من لە جیاتی ئەوە غەرامەی داراییم دا و ئێستا پەشیمانم لەوەی کە ژیانی بەندیخانەم تاقی نەکردەوە، چونکە بەدلّنیاییەوە دوای دەرچوونم کتێبێکم دەربارەی بەندیخانە و پیاو و ئافرەتە بەنکراوەکان دەنووسی، بەلاّم دیسانەوە دەرفەتەکەم بەلاش نەڕۆیشت و کتێبێکم بەناوی (دادگاییکردن) نووسی، کە دەربارەی پرۆسەی دادگاییکردنەکەم بوو، تیایدا هەموو ئەو شتانەم گوتووە کە ویستوومە دەربارەی ئەو لایەنە بیلّێم. من لە ماوەی چوار سالّی دادگاییکردنەکەم ئازاد بووم، گەشتم دەکرد، دەمنووسی و بلاّوم دەکردەوە، لەلای ئێمە تیرۆر بەو مانایە نەبوو کە رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن یان شتێکی تر ببینەوە، بەلاّم ئەوکات رووبەڕووی گەلێك نووسین بوومەوە، کە ئافرەتە هاوڕەگەزەکانی خۆم، ئەوانەی توندڕەون و ئیرەیی و رق و کینەیان بەرامبەرم هەیە، دەیاننووسی و بلاّویان دەکردەوە. زۆر بەهێزەوە لەم ئەزموونە دەرچووم و سووربووم لەسەر ئەوەی بەهەمان شێوازی خۆم لەسەر نووسین بەردەوام بم، تا ئێستاش هەموو سالّێك کتێب دەردەکەم.

**** تۆ بەرگریکارێکی سەرسەختی ئافرەت و مافەکانی ئافرەتی، لەو باوەڕەدای کە ئافرەتانی ئەمڕۆ پێویستیان بە قوربانیدانی هاوشێوەی تۆ هەیە؟***

- من خۆم لەگەلّ ئەوانەدا پۆلێن ناکەم کە بەرگری لە مافی ئافرەت دەکەن، من بە شێوەیەکی گشتی بەرگریی لە مافی مرۆڤ دەکەم، زۆر جار هاوشانی پیاو دژی ئافرەت وەستاومەتەوە، راستە ئافرەت لە نیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی لایەنی لاوازە و بەدەست دەسەلاّتی پیاوەوە دەنالّێنێ، بەلاّم لەبەرامبەردا ئافرەتی سەرکێشیش هەن کە پیاوان بە دەست زولّمیانەوە دەنالّێنن. کاتێ بەرگری لە ئافرەت دەکەم، بەرگری لە کێشەی کۆمەلّگایەك دەکەم کە بە دەست کۆمەلّێك زولّم و زۆردارییەوە دەنالّێنێ، بەتایبەتیش زۆرداری هەندێ دامودەزگای ئایینی.

پێویسته ئافرەتان جدیتر بن لە بەرگریکردن لەمافەکانی تەواوی کۆمەڵگای خۆیان. بارودۆخی ئافرەتانی عەرەبی لە ئێستادا زۆر خراپترە لە بارودۆخیان لە سالآنی شەستەکان و حەفتاکان، سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئافرەتان خوێندەوارتر و رۆشنبیرترن و لە کۆڕوکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگیان دەبیستریٚ، بەلاٚم دەسەلاٚتی گروپە توندڕەوەکان زیادی کردووە و گەیشتۆتە رادەی تەکفیرکردنی ئافرەتان و وای لێکردوون هەمیشە لە مەترسی و ترسدا بژین، وای لە ئافرەتان کردووە کە (پێچە) و (حیجاب) بپۆشن، ئەویش نەك لەبەر ئایینداری، بەڵکو لە ترسی توندڕەوەکان و ئەو ئافرەتە بانگەشەکارانەی بوونەتە ئامێرێك بەدەستی دامودەزگا ئایینییە توندڕەوەکانەوە کە هەوڵدەدەن ئافرەت بگێڕنەوە بۆ ماڵەوە.

**** رۆمانەکەت (ئاماژەیەك کە لە دەریاوە دەردەچێت) کراوەتە درامای تەلەفزیۆنی، ئایا لەو باوەڕەدای کە ئەوانەی لە بواری دراما کار دەکەن دەتوانن ئافرەتە نووسەرەکان بگۆڕن بۆ وێنەی قووڵ و تەواوکراو؟***

- بە شێوەیەکی گشتی درامای عەرەبی پابەند نییە بەوەی نووسەران دەینووسن، بەڵکو دەرهێنەر بەپێی بەرژەوەندی یان لە دژی کارەکەی دەستکاری دەکات، چ نووسینی پیاوان بێت یان هی ئافرەتان، نووسەر پێویستی بەوەیە کارە داهێنەرەکانی بکرێنە فیلم و زنجیرە دراما بۆ ئەوەی بگاتە خەڵك، من لەم رووەوە بەختم باشە و زۆربەی چیرۆکەکانم کراونەتە کاری تەلەفزیۆنی و هەندێکیان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە و خەلاٚتیان لە فیستیڤاڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە میسر بەدەست هێناوە.

**** ئەی دەربارەی رەخنەی ئەدەبی لە کوێت چی دەڵێی؟***

- زۆر بەداخەوە لە کوەیتدا بزووتنەوەی رەخنەیی هاوسەنگ نییە لەگەڵ بزووتنەوەی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی، هەندێ لێکۆڵەر هەن لەوانەش: دکتۆرە نەجمە ئیدریس و دکتۆرە سلێمان شەتتی و دکتۆر مورسل عەجمی، کە پەیڕەوی رەخنەی ئەکادیمی دەکەن و ئەوانی دیکەش زیاتر نووسینی سۆزداری دەنووسن کە پەیوەندی بە رەخنەوە نییە.

**سەرچاوە:**

**- سایتی رۆژنامەی (ئەلسەباح)ی تونسی.**

## لەیلا عوسمان:

نووسەر و ئەدیبی کوەیتی (لەیلا عوسمان) لە (١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣) لە کوەیت لە خێزانێکی ناسراو لەدایکبووە و (عەبدوڵڵا عوسمان)ی باوکی شاعیرێکی دیار بووە.

لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە لە رێگای نووسینی رۆژنامەوانییەوە دەستی بە نووسین کردووە، تا ئێستاش لە رۆژنامەکان بەردەوامە لەسەر نووسینی وتار و گۆشەی رۆژنامەوانی و بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی هەبووە،

ژمارەیەکی زۆر چیرۆك و رۆمانی هەیە و کتێبەکانی بۆ گەلێ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.

یەکێك لە رۆمانەکانی (وسمية تخرج من البحر) لە ریزی سەد رۆمانی گرنگی عەرەبی بۆ سەدەی بیستەم پۆلێن کراوە. هەر ئەم رۆمانە کراوەتە فیلمی تەلەفزیۆنی و شانۆگەریی.

ئەندامی چەندین رێکخراوی رۆشنبیریی کوەیتی و جیهانییە.

## کتێبەکانی:

### کورتە چیرۆك:

- (امرأة في إناء) لە ساڵی (١٩٧٦)وە تا ساڵی (٢٠٠٠) چوار جار چاپکراوەتەوە.
- (الرحيل) لە ساڵی (١٩٧٩)وە تا ساڵی (٢٠٠٠) چوار جار چاپکراوە.
- (في الليل تأتي العيون) لە ساڵی (١٩٨٠) تا ساڵی (٢٠٠٠) سێ جار چاپکراوە.
- (الحب له صور) لە ساڵی (١٩٨٢) تا ساڵی (٢٠٠٠) پێنج جار چاپکراوە.
- (فتحية تختار موتها) لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٠) سێ جار چاپکراوە.
- (حالة حب مجنونة) لە ساڵی (١٩٨٩)وە تا ساڵی (٢٠٠٠) چوار جار چاپکراوە.
- (٥٥ حكاية قصيرة) لە ساڵی (١٩٩٢) و لە ساڵی (٢٠٠٠) دووجار چاپکراوە.
- (الحواجز السوداء) لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٠) سێ جار چاپکراوە.
- (زهرة تدخل الحي- مختارات قصصية) (١٩٩٦).
- (يحدث كل ليلة) لە ساڵی (١٩٩٨) و لە ساڵی (٢٠٠٠) دووجار چاپکراوە.
- (حلم غير قابل للكسر- مختارات قصصية)، (٢٠٠٣).
- (ليلة القهر)، (٢٠٠٥).
- (قصيرة جدا)، (٢٠٠٧).

### ڕۆمان

- (المرأة والقطة) لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٠) سێ جار چاپکراوە.
- (وسمية تخرج من البحر) لە ساڵی (١٩٨٦) تا ساڵی (٢٠٠٠) سێ جار چاپکراوە.
- (العصعص)، (٢٠٠٢).
- (صمت الفراشات)، (٢٠٠٧).
- (خذها لا أريدها)، (٢٠٠٩).

### یاداشتنامە:

- (بلا قيود.. دعوني أتكلم) لە ساڵی (١٩٩٩) و لە ساڵی (٢٠٠٠) دووجار چاپکراوە.
- (المحاكمة.. مقطع من سيرة الواقع) لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٥) سێ جار چاپکراوە.

### ئەدەبی گەشت:

- (أيام في اليمن)، (٢٠٠٤).

ئەدەبی جەنگ:

- (يوميات الصبر والمر) لە ساڵی (٢٠٠٣) و (٢٠٠٤) دووجار چاپکراوە.

**شیعر:**

- (وردة الليل)، (٢٠٠٨).

**هەروەها ئەم کتێبانەشی هەیە کە لێکۆڵینەوە و بابەتی دیکەن:**

- (ملامح من السيرة الذاتية).
- (تجربة شخصية في تثقيف الذات).
- (أدب المقاومة).
- (معوقات الإبداع عند المرأة).
- (الخطاب حول المرأة).
- (صورة المرأة في الفن القصصي).
- (الموهبة والموهوبون).
- (المبدعون والمدن القديمة).
- (تجربتي مع الرواية).
- (عن الرواية / حاكيات الماضي).
- (الكويت القديمة في تجربتي القصصية).
- (الرواية والحدث السياسي).
- (العنف ضد المرأة في السينما والرواية العربية).
- (المبدعات والرقابة).
- (محاكمة المبدعات/تجربتي الشخصية في محاكمتي).

# ئەركی من ئەوەیە بنووسم و بڕۆم و پاشماوەكەی بۆ خوێنەر و ڕەخنەگر جێ بهێڵم



**گفتوگۆ لەگەڵ واسینی ئەلئەعرەج**

رۆماننووس و چیرۆکنووس و مامۆستای زانکۆی ناسراو (واسینی ئەلئەعرەج) بە یەکێك لەو دەنگە ئەدەبییە کارایانە دادەنرێت کە هەر لە سەرەتاوە ئامادەگییەکی کارای هەیە لە گۆڕەپانی رۆشنبیریی جەزائیری و گۆڕەپانی رۆشنبیریی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی. واتا لە کۆتایی حەفتاکانەوە زمانی عەرەبی وەکو ئامرازێك هەڵبژاردووە بۆ دەربڕینی (خودیی) داهێنانی خۆی، بەم دواییە گەڕایەوە قاهیرە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ وەرگێڕان. (ئەلقەبەس) لەوێدا چاوی پێکەوت بۆ ئەوەی باس لە ئەزموونی داهێنانی خۆی و روانگەی رەخنەییانەی بۆ واقعی رۆمانی جەزائیری و لایەنەکانی پێشکەوتن لەم بوارانەدا بکات.

**** تۆ لەو نەوەیەی کە بە زمانی عەرەبی دەنووسیت، ئایا ئەمە سیمایەکی گشتییە.. یان لایەنێکی داهێنانی تایبەتییە؟***

- نەخێر.. سیمایەکی گشتی نییە، من تا کۆتایی قۆناغی پێش زانکۆ، هەموو خوێندنم بەزمانی فەرەنسی بوو، بەڵام دوای ئەمە (بەعەرەبکردن)ی خۆمم هەڵبژارد، بۆئەوەی بە شێوەیەکی ورد لەگەڵ خودی خۆمدا بگونجێم، هەروەها لەبەرئەوەش کە لە نووسین و داهێناندا خودی خۆمم وا دامەزراندووە جیاواز بم لەگەڵ (ئەویتر)ی فەڕنسی، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەڵبژاردنم بۆ زمانی عەرەبی وەکو ئامرازێك بۆ نووسین، وای لێکردووم باجی قورس بدەم و بارگرانی زۆری خستەسەرم لە لایەنەکانی خوێنراوی و نووسین و ناوبانگ.

**** کاتێ لە حەفتاکاندا یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکت لەژێر ناونیشانی (ئازارەکانی نووسین لە خەم و پەژارەکانی تاراوگەدا) بلاْوکردەوە، بەروونی دیاربوو کە بەدوای زمانی شیعریدا دەگەڕێیت.. ئایا ئەمە کەموکوڕی نییە لە زمانی چیرۆك؟ ئایا زمانی شیعری دەتوانێ چی پێشکەشی چیرۆك بکات وەکو ژانرێك؟***

- لە راستیدا من لە نووسینەکانم بە وردبینییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی زماندا دەکەم، واتا وای دانانێم کە زمان کیانێکی ئامادەکراو و کۆتایی پێهاتووە، هیچ شتێك لە سەر ئێمە نەمابێت تەنها ئەوەی لە نووسینی رۆماندا بەرهەمەکەی بدووڕینەوە، زمان بوونەوەرێکی زیندووە، هەمەڕەنگ دەبێت و گەشە دەکات، جنێو و قسەی ناشرینی تێدایە و شتی جوان و رووناکی و تروسکانەوەشی تێدایە، داهێنەریش کاتێ دەنووسێ، وەکو پێویست بیر لە زیادکردن و نوێکردنەوەی دەکات.

لەناو زماندا بەدوای چۆنایەتییەکاندا دەگەڕێین، ئەوانەی کە تیایاندا مانا بەکاربراو و ئالۆگۆڕپێکراوەکان لادەدەین و بەدوای مانای نوێدا دەگەڕین، بە دوای ئەو مانایانەدا دەگەڕێین

که له ناو دەقی ئەدەبیدا توانای پێکهێنان و ڕێکخستنی هەبێت، بەو پێیەی کە ئەو لای خۆیەوە بەشێوەیەکی بەردەوام توانای کرانەوە و خوێندنەوەی ئاماژەکان و نوێکردنەوەی هەیە، ئەو زمانەی نویٚ نابێتەوە، دەمرێت و زمانی جیاواز بەخۆیەوە نابینێت.

به بۆچوونی مادام مرۆڤی جیاواز هەن.. بەقەدەر ئەوەش ئێمە ئەم پرسیارانە لە خۆمان دەکەین، له بواری داهێنانیشدا چاو بەو شتانەدا دەخشێنێتەوە که جێگای گفتوگۆ نین. زمانی شیعر بەکار دەهێنم چونکە دەرفەتی ئەوەم بۆ دەرەخسێت که بەشێوەیەکی چڕ تەعبیر لەناخی مرۆڤ بکەم. زۆربەی ڕۆمان و چیرۆکەکانم ناخی مروڤ دەگرنەوە، بەجۆرێك که زمانی پەخشانی ئاسایی ناتوانیٚ شتێکی نویٚ لەمبارەیەوە پێشکەش بکات، بۆیە من لەگەڵ زماندا ماندوو دەبم، ململانێی لەگەڵدا دەکەم، وەکو چۆن ململانیٚ لەگەڵ دیندا دەکەم، پێویستە لە سەرمان ململانیٚ لەگەڵ زماندا بکەین و پاکییەکەی تێك بشکێنین و لە چوارچێوەی پیرۆزی دابماڵین، بۆئەوەی له ئاسمانەوە دابەزێتە سەر زەوی و ببێتە زمانی عاشقان و... مەستان و... ونبووان و یەکخواپەرستان لەگەڵ خەم و پەژارە نادیارەکانیان... زمانی هەموو چینێکی گەل و هەموو هەست و حاڵەتێکی مرۆڤ... ئەم کارەش بە هیچ شێوەیەك ئاسان نییە.

**** له ڕۆمانەکەتدا (ڕووداوەکانی پیاوێکی نقومبوو بەرەو قولایی دەریا) کە لە سەرەتای هەشتاکان دەرچوو و له بەیروت و دیمەشق و جەزائیر چاپ کرا، جۆرێك له گوتاری سیاسی ڕاستەوخۆ بەسەر ناوەڕۆکەکەیدا زاڵ بوو، لەو باوەڕەدای کە ئەمە کاری لە هونەرێتی ڕۆمانەکە نەکردووە، بەرای تۆ چۆن دەتوانی لەم جۆرە ئیشکالییەتە دەرچیت؟***

- سەرەتا ناتوانم ئەو پێگەیە بگرم که له بنەرەتدا پێگەی ڕەخنەگرە، من نووسەرم، ئەرکی من ئەوەیە بنووسم و برۆم و پاشماوەکەی بۆ خوێنەر و ڕەخنەگر جیٚ بهێڵم، ئەرکم ئەوەیە دەق بەکراوەیی و کۆمەڵێك ئەگەرەوە بۆ خوێندنەوە جیٚ بهێڵم، له ڕۆمانی (ڕووداوەکانی پیاوێکی نقومبوو بەرەو قولایی دەریا)دا دیارە جۆرێك له گوتاری سیاسی هەیە که تاڕادەیەك بابەتەکە سەپاندوویەتی، هەر وەکو دەشزانی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە دە کەسی سەندیکایەك و بەوە تاوانبار دەکرێن پیلانیان بۆ کودەتا دژی دەسەڵات داناوە.. بەڵام لایەنێکی تری ڕۆمانەکە هەیە که به بڕوای من زۆر گرنگە.. ئەویش کەلەپووری میللی و سوود لیٚ وەرگرتنییەتی، منداڵێکی بەسۆز... لایەنی وشیاری... ئەو ڕستانەی دەپچڕێن له شێوەی ڕاکردن لە بەندیخانەوە بەرەو دەریا.. ئەمە سەرەڕای تەکنیکی پێکهاتنی دەقەکە له میانەی بەشەکانیدا... لەو باوەڕەدام که ئەمانە هەمووی پەیڕەوکاری ئەدەبین و پێویستە ڕەخنەی بابەتی له سەریان بوەستێت.

***(کارەساتی شەوی حەوتەم پاش هەزار) ناونیشانی یەکێك لە ڕۆمانەکانتە کە لە ڕووی شێوەوە ئیلهامی لە کەلەپووری گێڕانەوەی تایبەت بە (هەزار و یەك شەوە) وەرگرتووە، ئایا ئەمە گەڕانە بە دوای شێوەی عەرەبی لە ڕۆماندا؟ یان خوێندنەوەیەکی هاوچەرخە بۆ کەلەپوور و وای دەبینی کە هێشتا گونجاوە بۆ ئیلهام لێ وەرگرتن؟***

- من لە پێکهاتەیەکی فیکری ڕوونەوە دەردەچم کە هەموو داهێنانێکم لە ناوخۆیدا بەکاردەهێنێ، ئەویش لە سەر کۆمەڵێك پرسیار بونیاد دەنرێ.

پرسیاری یەکەم: ئایا ئەم شێوە ڕۆمانەی لە ڕۆژئاواوە پێمان دەگات، دوا شێوەیە؟ یان ئێمە دەتوانین لێی لادەین و هەندێکی تێکبشکێنین بۆ ئەوەی وەکو ئیزافەیەکی لێ بێت بۆ سەر ئەم شێوەیە؟

پرسیاری دووەم کە درێژەی پرسیاری یەکەمە: چۆن سوود لەم کەلەپوورەی خۆمان وەردەگرین؟ ئەگەر وامان دانا کە شێوەی کەلەپووریی دەتوانێ ببێتە نموونەی یەکێك لەو شێوانەی کە شێوەی ڕۆژئاوایی تێکدەشکێنێ؟ ئایا دەیگۆڕین بۆ پێوەلکاوێك لەناو بونیادی ڕۆژئاوایی؟ یان پێویستە سەرەتا بەشێوەیەکی کارا و جیدی و ڕەخنەیی بیخوێنینەوە لە پێناو تێگەیشتنی (خودەکانمان) لە ڕەهەندە جولاوەکەی نەك ڕەهەندی جێگیر، بۆیە کارکردن لەگەڵ (هەزار و یەك شەوە) تەنها نابێتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بابەتەکانی، بەڵکو دەبێتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بابەتەکانی و ئەو بونیادی گێڕانەوەیەی کە لە جەوهەردا لەگەڵ بونیادی گێڕانەوەی میللی زاڵی ئێستا دەگونجێ و ملکەچ نابێ بۆ عەقلی دیکارتی زانراو، بەڵکو ملکەچ دەبێ بۆ هەستە جیاوازەکان.

***گوتووتە کە ئەدەبی مەغریبییەکان بەرهەم دێت و دوور لە خوێنەری ڕۆژهەڵات خوێنەری خۆی هەیە، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چییە؟***

- ئەزموونی مەغریبییەکان جیاوازە، چونکە ئەزموونی ئەوان کراوەیە بە ڕووی ڕۆژئاوادا، بە پێچەوانەی ئەزموونە ڕۆژهەڵاتییەکان کە تیایدا کەلەپوور بەڕەسەن دەکرێت و دەتوانی هەر یەکێك لە نووسەرەکانی ببینی کە گۆڕەپانێکی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەلەپووردا داگیر کردووە، بەبێ ئەوەی وای دابنێت کە ڕەنگە ئەم کەلەپوورە هۆکارێکی نێگەتیڤ بێ، کێشەکە لەو چاوەیە کە کەلەپوور دەخوێنێتەوە، چاوی مەغریبییەکان بەشێوەیەکی عەقلانی وەسفی دەکەن، بەڵام چاوی ڕۆژهەڵاتییەکان لێڵ و ناڕوونە تەنها هەندێکیان نەبێ، بێگومان هۆکاری

زمانەوانیش رۆڵی خۆی هەیە، زمانی عەرەبی بە تەنیا بەس نییە، پێویستە لەسەر مرۆڤ کە بەرووی زمانەکانی دیکەدا بکرێتەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش بە خوێندنەوە و کەلەپوور و شارستانییەت و فیکری خۆیدا بچێتەوە، کەواتە ئێمە لە دۆخی دووبارەخوێندنەوەی کەلەپوور و هەوڵی دروستکردنەوەی نوێ داین، ئەمە ئەوەیە کە لە رەخنەی مەغریبییەکان روودەدات و ئامرازی چوونە ناو ئەم جۆرە بابەتانەی هەیە، لەکاتێکدا کە دەقەکان لە رۆژهەڵاتدا (تەنها چاپکراوەکانی بەیروت نەبێ) ناگەنە دەست خوێنەران، پێویستە ئەو ئابلوقەیە لەسەر خوێنەری عەرەبی هەڵبگیرێ بۆ ئەوەی چاپکراوەکانی بگاتێ، ئایا باڵندە لە ئێمە باشترن؟! چۆڵەکە و با و مێروولە لە ئێمە باشترن؟! ئەوان بەبێ پاسەپۆرت و گومرگ دێن و دەڕۆن، وا دانێن ئێمە مێروولەین و لێمانگەڕێن با هاتووچۆ بکەین، من واهەست دەکەم رۆشنبیریی ئەو شتەیە کە دەیەوێ شکاوەکان بەیەکەوە بلکێنێتەوە، بەڵام حکومەتە عەرەبییەکان نایانەوێ لەوە تێبگەن، ئێمە لە (مەغریبی عەرەبی)دا کتێبەکانی رۆژهەڵاتمان پێدەگات و دەیانخوێنینەوە، لەوانەیە ئەمە لەبەرئەوەبێ کە لەوێ گۆرەپانی دیموکراسییەت فراوانترە، ئێستا بۆ من (فەرەنسا) زیاتر رووبەرێکی عەرەبییە، چونکە هەموو دەقە عەرەبییەکان دێنە ناو فەرەنساوە.

**** ساڵی (١٩٨٤) نامەی دکتۆرات پێشکەشی زانکۆی دیمەشق کرد کە دەربارەی رۆمانی جەزائیری بوو، ئەو پرسیارەی کە بۆخوێنەری ئەم جۆرە رۆمانە دێتە پێش، بەردەوامی پێشکەوتنی ئەو رۆمانە و ئەو هۆکارانەیە کە بەشداری لە پێشکەوتنیدا دەکەن، ئایا رۆمانی جەزائیری سیمایەکی تایبەتی هەیە؟***

- لە راستیدا قسەکردن لەسەر (رۆمانی جەزائیری) جۆرێك لە کورتکردنەوەی تێدایە، چونکە لە جەوهەردا رۆمانی جەزائیری زۆرن و ملکەچن بۆ گەلێ شێوە لە لایەنی نووسینەوە، بەو دەقانە دەست پێدەکات کە بە زمانی فەرەنسی نووسراون و کەلەپوورێکی داهێنانی تایبەت و جیاوازییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەم کەلەپوورە لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی رابردوو و لە سەرەتای قوتابخانە رۆژئاواییەکان دەسپێدەکات، بە (بەجەزائیریکراوەکان)دا تێدەپەڕێت، واتا ئەوانەی لە جەزائیر لە دایکبوونە و ئەدەبی داگیرکارییان تێدا نووسیوە. دوای ئەمە لە سییەکانی ئەم سەدەیە قوتابخانەی جەزائیری دێت کە (ئەلبێر کامۆ) پێشەوایەتی دەکات، ئەم قوتابخانەیە هەوڵیدا بەها ببەخشێتە

کەسایەتی جەزائیری و پەراوێزێکی دیاریکراوی بۆ برەخسێنێ بۆ تەعبیرکردن، پاشان چەند رۆماننووسێکی ناسراو پەیوەست بوون بەم قوتابخانەیەوە، پێش هەمووشیان (کاتب یاسین و مالیك حەداد و محەمەد دیب و ئاسیا جەبار)، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی جەزائیرییدا ئەم قوتابخانەیە خۆی لە تەنگەژەدا بینییەوە، نووسەرە عەرەبەکان پەیوەست بوون بە شۆڕشی جەزائیرییەوە و هەڵوێستی تێکۆشان و داهێنانیان لە ئەدەبدا، لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە شۆڕش کورت بووەوە، بەلاّم فەرِنسییەکان کەوتنە نێوان ئینتیما بۆ فەرەنسا و وەستان لە لایەنی جەزائیری، کێشەکەش ئەوە بوو کە هەندێکیان فەرەنسایان هەڵبژارد، وەکو (ئەلبێر کامۆ)، هەندێکیشییان لایەنگری جەزائیرییان کرد، وەکو (جۆن سینیاك و ئانا گریکی و ئاوریە ئالك)، ئەمانە بەهۆی هەڵوێستە ئازادیخوازە راستەقینەکانیان ئەشکەنجە دران و دەرکران و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، هەندێکیشییان لە جەزائیردا مانەوە و رەگەزنامەی جەزائیرییان وەرگرت.

پاشان بەهۆی پێشکەوتنی ئەم دیاردەیەوە، دوای سەربەخۆبوون زۆر کاری رۆمانی بە دیارکەوتن، لەم رۆماننووسانەش (رەشید بوجەدرە و رەشید مەیمونە و تاهیر بن جەللون)، تیایدا جەختیان لە سەر سەربەخۆیی ئەو رۆمانە جەزائیرییانە دەکردەوە کە بە فەرەنسی دەنووسران.

ئەمانە لە بواری رۆژنامەگەریشدا دەیاننووسی و خوێنەرێکی بەرفراوانیان هەبوو، هەروەها مەرجەعێکی فەرەنسیان هەبوو کە ئەدەبی خۆیان تیادا تەواو دەکرد، ئەگەر ئەمە لە دەرئەنجامدا ملکەچ بێت بۆ ناوەندی فەرەنسی لە پاریس، ئەوا رۆمانی فەرەنسی هەر لە سەرەتاوە ملکەچی ئەو مەرجەعییەتەیە کە لە لایەن داگیرکاری فەرِەنسی لە جەزائیر دژایەتی زمانی عەرەبی دەکات و رێگای پێنادات گەشە بکات، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین رۆمانی عەرەبی جۆرێك لە ئامادەگی تۆمار کردووە، بۆنموونە (رەزا حوحو) لە چلەکانی ئەم سەدەیەدا یەکەم رۆمانی بە زمانی عەرەبی نووسی، ئەویش رۆمانی (غادە دایکی گوندەکانە) بوو، پاشان لە پەنجاکاندا هەریەك لە (نورەدین بوجدەرە و عەبدولمەجید شافعی) بەدیارکەوتن و لە شەستەکان (محەمەد مونیع) بەدیار کەوت، دواتر ئەو نەوەیە هاتن کە بە شێوەیەکی ورد پەرەیان بە رۆمانی جەزائیریی دا، نەوەی (عەبدولحەمید بن هدوقە و تاهیر وەتار و محەمەد دیب) کە کاری رۆمانیی گرنگییان پێشکەش کرد، سەرەڕای ئەو ئەزموونە نوێیانەی کە رووێکی ئاشکراتر و بوێرانەتر و کەمتر پیرۆزییان بە بونیادی رۆمانی کۆن و

کەس و بابەتەکان بەخشی، لەوانەش (خەلاسی جیلالی و مرزاق بەقتاش) کە بە دوو هێمای دیاری ڕۆمانی ئەمڕۆ دادەنرێن.

کەواتە ئەو هۆکارە سەرەکییەی کە لە پێشکەوتنی ڕۆمانی جەزائیریدا بەشدارە، دروستکردنییەتی لەم کەڵکەبوونە بەردەوامە، هەرچەندە ئەم ئەزموونە لە ناو ئەم کەڵەکەبوونە زۆرە گەشە دەکات، گرنگترینیشیان ئەو جیاوازییە کارەساتبارەیە کە لەناو بونیادی رۆشنبیریدا هەیە، مەبەستم بونیادی ڕۆشنبیریی نیشتمانییە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە کە ئێستا دەرفەتی باسکردنیمان نییە.

## واسینی ئەلئەعرەج:

لە (٨ی ئابی ساڵی ١٩٥٤) لە گوندێکی وڵاتی (جەزائیر) لە دایك بووە. خاوەنی چەندین کتێبە و چەندین خەڵات و میدالیای ناوخۆیی و جیهانی بەدەستهێناوە، بە یەکێك لە دەنگە دیارەکانی رۆمانی عەرەبی دادەنرێت و بە هەردوو زمانی عەرەبی و فەڕەنسی دەنووسێت.

رۆمانەکانی بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراون.

لە فەڕەنسا ژیان بەسەر دەبات.

## کتێبەکانی:

**رۆمان:**

احميدة المسيردي الطيب، وقائع من أوجاع، رجل غامر صوب البحر، وقد الأحذية الخشنة، ما تبقي من سيرة لخضر حمروش، نوار اللوز، مصرع أحلام مريم الوديعة، ضمير الغائب، الليلة السابعة بعد الألف، سيدة المقام، شرفات بحر الشمال، حارسة الظلال، ذاكرة الماء، مرايا الضرير، بيت الأندلس.

**کۆمەڵە چیرۆك:**

- أسماك البر المتوحش

**لێکۆڵینەوە:**

- اتجاهات الرواية العربية في الجزائر.

**سەرچاوە:**

**http://www.alqabas.com.**

**القاهره ـ سيد رزق: ٢٠٠٦/٥/**

# هەر ڕۆمانێك كە لەمڕۆدا بڵاو دەبێتەوە واباشترە ڕۆمانێكی ئاڵۆز بێ



**گفتوگۆ لەگەڵ فرناندۆ مارییاس**

لەناو رۆماننووسە گرنگەکانی ئیسپانیا، ناوی (فرناندۆ مارییاس- fernando marias-) بەدیار دەکەویت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی رۆمانەکانی ئەم دواییەی گرنگترین خەلاتە ئەدەبییەکانیان لە ئیسپانیا بەدەستهێنا و زۆربەیان بۆ زیاتر لە زمانێك وەرگێڕدران، ئەم رۆماننووسە گەلێ بەرهەمی بلاوکردۆتەوە، لەوانە چەند رۆمانێك بۆ گەنجان و سیناریۆی چەند فیلمێکی بەناوبانگی نووسیوە، ئەمە سەرەڕای هۆگری و شەیدایی ئەو بۆ نووسینی رۆمان، کە چەند بەرهەمێکی گرنگی نووسیوە لەوانە: شۆڕشگێڕی گوند، رووناکی ترسێنەر و کوڕی ژەنەراڵەکان، کە دوای ئەوەی خەلاتی نادالی هەژارانە بۆ رۆمانی بەدەست هێنا لەساڵی (٢٠٠٦)دا هاوکاری بۆ پەیدا کرد.

ئەم رۆماننووسە رۆمانێکی دیکەی بلاوکردەوە بەناوی (داگیرکەر- یان -جەنگاوەر- invasor) کە لە بلاوکراوەکانی دەزگای (دستیو)یە.

رۆمانی (داگیرکەر) باس لە بابەتی جەنگ و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بۆسەر مرۆڤ دەکات، بابەتەکانی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەخولێتەوە بەتەواوی نوێن، رۆمانی (داگیرکەر) باسی داگیرکردنی عێراق دەکات لە روانگەی سوپای ئیسپانییەوە کە ئەم سوپایە چالاکانە بەشداری جەنگەکەیان کرد.

ماریاس لە رۆمانەکەی پێشووتریدا (کوڕی ژەنەراڵەکان) باسی کێشەی لەدەستدان و گەڕان بەدوای راستی دەکرد، ئەویش لەمیانەی رۆژنامەنووسێك، ئەم رۆژنامەنووسە بەدوای ئەو بەڵگەنامانەدا دەگەڕێت کە پەلکێشی دەکەن بۆ ئاشکراکردنی بارودۆخی مێژوویی ئەوروپا و ئەمەریکای لاتینی لەسەدەی بیستەم، لە ئەنجامدا بیری یاخیبوون، پاڵەوانەکە رادەکێشێت بۆ شۆڕشکردن دژی سیستەم و رژێمە حساب بۆکراوەکانی رۆژئاوای پێشکەوتوو.

رەنگە لە رۆمانە نوێیەکەشیدا (داگیرکەر) هەمان تێڕوانینی دووبارە کردبێتەوە، بەلام لە گۆشەنیگایەکی نوێ، ماریاسی رۆمانووس، دەمانخاتە مەحەکەوە لە کێشەیەکی سەرەکی ویژدانی مرۆڤ، لە دۆخەکانی ئاشکراکردنی هاودژییەك لە نێوان واقع و راستییەکی بێ هیوادا.

لە رۆمانی (داگیرکەر)دا ماریاس باسی پۆلێك لە سوپای ئیسپانی دەکات کە لە جەنگدا بەشدارییان کردووە، واگومان دەبرێ کە ئەم پۆلە بەشداربن لە سارێژکردنی مەدەنییەکان و یارمەتیدانیان و دووبارە بنیاتنانەوەدا، هەروەکو پاڵەوانی رۆمانەکە بۆی دەچێت کە پزیشکێکی ئیسپانییە و لە یەکەی چارەسەری خێرای سەر بە سوپای ئیسپانیا کار دەکات، (پابلۆ)ی پزیشکی گەنج، بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بەشداری جەنگی کردووە، رووبەڕووی

حەقیقەتی ئەو جەنگ و کاولکارییە بۆتەوە کە پێشتر لە تەلەفزیۆن چاودێری دەکرد، ئێستا ژیانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی راستەقینەیە لەگەڵ ئەم جەنگەدا. جارێکیان لە یەکێك لە شارەکانی عێراق لەگەڵ برادەرەکەیدا کە ئۆتۆمبێلێکی سوپایان پێبوو، لەلایەن چەند یەکەیەکی نادیارەوە ڕووبەڕووی ئاگر و هێرش دەبنەوە، ئەوانیش پەنا دەبەنە بەر ماڵێکی دوور و خۆیانی تێدا حەشار دەدەن، وادیارە ماڵەکە چۆڵکراوە و کەسی تیادا نەماوە، بەڵام دوای ماوەیەك کوڕە گەنجێك بەدیار دەکەوێت، ئەوانیش لەترسی خۆیان کوڕە گەنجەکە دەکوژن، دواتر باوکی کوڕەکە بەدیار دەکەوێت، ئەویش دەکوژن، رۆماننووس باس لەوە دەکات کە هەموومان بۆ پاراستنی گیان و ژیانی خۆمان دەبینە بکوژ.

پاش ئەم ڕووداوە و بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونییەوە، پزیشکە پاڵەوانەکە دەگوازنەوە بۆ ئیسپانیا، پاڵەوانەکە هەست بە تاوان دەکات لەبەرامبەر کوشتنی باوك و کوڕەکە، لەمیانەی گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لەگەڵ (خودی خۆی)دا هاودژی بۆچوونەکانیمان بۆ بەدیار دەکەوێت، لێرەوە (پابلۆ) لەخۆوە بەهۆی ئەو ترس و وەهمەی بەسەری دادێت، دەبێتە نشینگەیەك لە تارمایی ئەو عێراقییەی کە بە دوای دادێت و لەگەڵیدا دەژیێت، لەبەرامبەردا دەبینین کە پابلۆی پاڵەوان، وەکو ئەو عێراقییە هەڵسوکەوت دەکات و دەژییێت کە کوشتوویەتی، لەدرێژەدا رۆمانەکە دەچێتە ناو کۆنتێکستی ترسێکی تەواو، دەبینین پاڵەوانەکە دەبێتە بکوژی رۆڵەکانی وڵاتەکەی خۆی، واتا کەسایەتییەکی تری پابلۆ هەڵسوکەوت دەکات نەك کەسایەتی راستەقینەی ئەو، رۆمانەکە تا کۆتایی درێژدەبێتەوە و لە کۆتاییدا دەبینین کە لەنێوان (وەهم) و (حەقیقەت)دا هیچ کەسێك بێ تاوان نییە لە گەمەی کوشتن، هەموو بەتەواوی بەشدارن، تەنانەت ئەوانەش بەشدارن کە لە یارییەکە هاتوونەتە دەرەوە، ئایا پابلۆی پزیشك تاوانبارە یان بێتاوان؟! چۆن دەتوانین لە گەمەی ویژدانی مرۆیی تێبگەین و ئەو سەرەداوانە چین کە بە دەست هەریەکێکمانەوەیە بۆ هەڵسوکەوتکردن بەرامبەر ترس و ناشرینی؟

پاش ئەم ناساندنە سادەیەی رۆمانەکە، دەرفەتمان بۆ رەخسا کە دەربارەی ئەم رۆمانە گفتوگۆ لەگەڵ (فرناندۆ ماریاس) بکەین و ئەوەش وەڵامەکانییەتی دەربارەی پرسیارەکانی ئێمە.

**** بەر لە هەموو شتێك، وەکو رۆشنبیرێك چۆن دەڕوانیتە جیهان و پەیوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بەتایبەتیش دوای ڕووداوە گەورەکەی (١١)ی سیپتێمبەر و جەنگی***

***ئەم دواییەی کەنداو و پێش ئەویش جەنگی سەر ئەفغانستان، ئێمە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین؟***

- بە رەشبینییەکی رەهای دەبینم، لەوباوەڕەدام کە ئێمە پێ دەنێینە سێیەمین جەنگی جیهانی و ئەم جەنگەش بە سروشتی حاڵ جیاوازییەکی ریشەیی دەبێت لەگەڵ هەموو جەنگەکانی پێشتر، هیوادارم بەهەڵەدا چووبم، بەڵام تا ئەم ساتەوەختەش گەشبین نیم.

**** چ شتێك پاڵ بە نووسەرێکی ئیسپانییەوە دەنێت، کە باسی بابەتێکی لە شێوەی جەنگی کەنداو و عێراق بکات؟ وای نابینی کە ئەمە دوورە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووریی ئیسپانی؟***

- پاش ئەوەی حکومەتی ئیسپانیا بڕیاریدا ببێتە لایەنێکی راستەوخۆ لە جەنگەکەدا، ئەم بابەتەش لەوە دەرچوو کە دوور بێت لە ئێمە، هەموو ئەم بڕیارانەی حکومەت بەبێ گوێدانە زۆرینەی گەل بوو، دژی ئەو دەنگانە بوو کە دژی جەنگی وێرانکەرن و گرەوکردن بوو لەسەر لایەنگرانی جەنگ و بەرژەوەندییەکانی بەڕێز (جۆرج بۆش)، لەپێناو کۆمپانیاکانی چەك و نەوت کە بۆش لەپێناو بەرژەوەندی خۆی هەوڵیان بۆ دەدات، بەشداریکردنی ئیسپانیا لە جەنگ، ئەو بەشدارییەی کە دژی رای گەلی ئیسپانی بوو، بە بۆچوونی من ترسناکترین کارە لە مێژووی دیموکراسییەت، لە ئیسپانیا هەستم بە سووکایەتیپێکردن و بەگەمژەکردن کردەوە لە لایەن حکومەتی وڵاتەکەم، ئیتر لەو ساتەوەختەوە جەنگ و کاریگەرییەکانی لە من بە دوور نەبوون، وەکو نووسەر و بیرمەندێك بابەتەکانی پێمەوە لکان، دەربارەی عێراقم نووسی، چونکە عێراق بووە بابەتێکی هاوبەش و تایبەت بە من، هەروەکو بووە بابەت بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان.

**** ئایا ئەگەر هێزەکانی ئیسپانیا بەشداری جەنگیان نەکردبا بیرت لە نووسینی رۆمانی (داگیرکەر) دەکردەوە؟***

- لەوانەیە نەخێر.. چونکە من بە پلەی یەکەم ئەم رۆمانەم بۆ دەربڕینی رق وتووڕیی خۆم نووسیوە لێی، سەرەڕای ئەوەش من ماوەیەکی زۆرە بەنیازی ئەوەم دەربارەی بیرۆکەیەك بنووسم کە کەشوهەواکەی تێکەڵەیەك بێت لە رەگەزی هەردوو جەنگی فەنتازی و ترساندن.

**** ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە رۆمانەکەی تۆ (داگیرکەر) لە دەرفەتێکی وادا نووسیوتە کە بابەتەکەی تا ئێستاش رووکاری پێشەوەی هەواڵەکانی جیهانە، ئایا ئەم رۆمانەت بەمەبەستێکی بازرگانی نووسیوە؟***

- لەوباوەڕەدام کە نەخشەم بۆ هەر رۆمانێك دارشتبێت، لەساتی دەسپێکردنی یەکەمییەوە و لە نووسینی بەشەکانیدا، ویستوومە بگاتە خوێنەر، وەکو هەر رۆمانێکی تر کە خەمی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، لەوباوەڕەشدا نیم کە بەهیچ شێوەیەك ئەم بیرۆکەیە دەرفەت قۆستنەوە بێت، ئەوەی رۆمانەکەم بخوێنێتەوە، دەبینێ کە هێشتا هێزی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئێستادا دەخولێتەوە و دەرهاوێشتەکانی تا ماوەیەکی دوورودرێژ کۆتاییان پێنایەت، لە رۆژی یەکەمی جەنگەوە بیرم لە نووسینی رۆمانێك کردەوە، جەنگ دەستی پێکرد، بەڵام کۆتایی نەهات. لێرەوە هێزی ئەو ماددەیە بەدیار دەکەوێت کە هەوڵمدا بیهێنمەوە یاد، ئەویش ئەوەیە: ئێمە وەکو مرۆڤ چۆن لە بەرامبەر ترسێکدا هەڵسوکەوت دەکەین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆمان تیایدا بەشدارین، بۆئەوەی رۆمانەکە بخوێنیتەوە، لەسەر خوێنەر پێویستە کە کتێبەکەم وەکو رۆمانێك بخوێنێتەوە، وەکو کتێبێکی سەربەخۆ، نەك وەکو کتێبێکی مێژوویی یان رەخنەی سیاسی، بەڵکو ئەمە کارێکی پەخشان ئامێزە و بۆ پێشکەوتنی رووداوەکان سەرچاوە بنەڕەتییەکەی لە جەنگەوە هەڵقوڵاوە.

**** لە رۆمانەکەدا باسی جەنگ و کاریگەرییەکانیت کردووە لەسەر مرۆڤایەتی، ئایا ویستووتە تەرکیز بکەیتە سەر کاریگەرییەکانی جەنگ و کارە خراپەکانی بەشێوەیەکی گشتی، یاخود تەنها ویستووتە تەرکیز بکەیە سەر پرسێکی خەمناکی مرۆیی وەکو ئەو جەنگەی بەم دواییە روویدا؟***

- باوەڕم بەوەیە کە هەموو جەنگێك بێزراوە، ئەمەش پێویستییەك دروست دەکات. با بڵێین من ویستوومە دەربارەی هەموو جەنگێك بنووسم، لە راڕەوەکانی رۆمانەکەشمدا (داگیرکەر) بۆچوونی خۆم بە روونی لەبارەی ئەم پرسە دیاری کردووە، ویستوومە وەکو هاوولاتییەك تەرکیز بکەمە سەر ئەو جەنگەی کە لە رابردوودا کەوتوومەتە ناو وێرانی و کاولکاریەکانییەوە، تاوانی ئەو جەنگانەی کە بەناوی ئازادی و لەناوبردنی تیرۆرەوە دەکرێت، بە پلەی یەکەم میللەتەکان دەگرێتەوە، لەم بارودۆخەشدا گەلی عێراقی بەشێوەیەکی ترسناك رووبەڕووی بۆتەوە.

**** لە یەکەمین پەرەگرافی رۆمانەکەدا ئاماژەت بە پاڵەوانەکە داوە، وەکو ئەوەی کە لە جێگای کەسێکە، داگیرکەر/جەنگاوەرێکە، بەڵام دواتر لە ململانێیەکی (خودی)دا، دەبێتە بینەری تاوانێك زیاتر لەوەی ببێتە کەسێکی داگیرکەر، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێتە کەسێك کە لە ناخیدا دوالیزمەیەکی (قوربانی/بکوژ) هەیە؟***

- بەدڵنیاییەوە ئێمە لە ناخماندا زیاتر لە کەسایەتییەك هەیە، لەوباوەڕەدام کە لە کات و شوێنی تێکشکان و تەنگەژە و توندوتیژیدا، دەشێ هەر هەموومان بەبێ ریزپەر پەنا ببەینە بەر کوشتنی مرۆڤ، لەهەموو ئەو بارانەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کاردانەوەمان بەرامبەر ویژدانمان چۆن دەبێت؟ ئەمەش بێگومان جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا ناکات، چۆن رووبەڕوو دەبیتەوە لەکاتێکدا کە لەسەرت پێویست دەبێت؟ لێرەدا کاردانەوەی پاڵەوانەکە ئەوەیە کە پاش ئەوەی بەشداری جەنگ دەکات دەبێتە بکوژ و خزم و کەسە نزیکەکانی خۆی لاقە دەکات، لە حاڵەتێکدا کە خۆی کەوتۆتە پەنای دژە رووداوەکەی خۆی کە لەسەر هێڵێکی راست دژایەتی دەکات.

**** (داگیرکەر) یەکەمین رۆمانی تۆ نییە کە پەیوەندی بە جیهانی عەرەبییەوە هەبێت، پێشتر (شۆڕشگێڕی گوند)ت دەربارەی مەغریبی عەرەبی نووسیبوو، چ خاڵێکی هاوبەش یان جیاواز لە نێوان ئەم دوو رۆمانەدا هەیە؟***

- (شۆڕشگێڕی گوند) رۆمانێکی تەواو جیاوازە لە (داگیرکەر)، رووداوەکانی باسی قۆناغی داگیرکردنی مەغریب دەکەن لە ساڵی (١٩٠٩) لەلایەن ئیسپانیاوە، بەڵام بێگومان دوای نزیکەی سەد ساڵ هەندێ هەڵوێست دووبارە دەبنەوە، ئەمجارەیان لە عێراق، بەلای منەوە ئەمە جەنگ و داگیرکردنێکە کە لەسەر درۆ بونیادنراوە و بەدەرە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەم جەنگە بە ناوەکانی ئازادی و دیموکراسییەت و پێشکەوتن.. رازاوەتەوە، لە کۆتاییشدا هیچ نییە جگە لە کۆکردنەوە و دزینی سەروەتی گەل بەشێوەیەکی رۆژانە، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.

**** بەرای تۆ بۆچی (رەخنەی ئیسپانی) لەبەرامبەر رۆمانەکەی تۆدا خۆی پاراست، ئایا گومانێکی مەبەستداری لێی هەبوو؟***

- لەوباوەڕەدام کە رۆمانێکە لە زۆر لایەنەوە نەگونجاوە، بە زمانێکی رقاوی و تووڕە نووسراوە، واگومان دەبەم کە برینی زۆر خەڵکی کولاندبێتەوە، سەرەرای ئەمە رۆمانەکە لایەنێکی فەنتازی گرتۆتەوە، بە پلەی یەکەم دەتوانین بە رۆمانی ترسی دابنێین، لەمەشەوە زۆرێك لە بەرامبەر ئەم جۆرە کارە ئەدەبییەدا خۆپاریزی دەکەن، بەڵام ئەمە گرنگە، ئەوە دڵخۆشم دەکات کە رۆمان زۆربەیانی بێزار کردووە، ئەمەش لای خۆیەوە بە دەسکەوت دادەنرێ، چونکە من لەبەر گەلێ هۆکار دەربارەی ئەم شتەم نووسیوە، لەبەرامبەر رووبەڕووبوونەوەی رەخنەی نێگەتیڤ، وەکو دەزانی رۆمانەکە رووبەڕووی گەلێ رەخنەی پۆزەتیڤیش بووەوە، لەسەر ئاستی رەخنەیی هەر رۆمانێك کە لەمرۆدا بڵاو دەبێتەوە، واباشترە رۆمانێکی ئاڵۆز بێت، واتا زۆرینە پێی سەرسام بن، یان تەنها جارێك سەرسامت نەکات.

**** ئەگەر رۆمانەكە كەوتــە دەســت خوێنــەرێكی عــەرەب، بەتايبــەتيش خوێنــەرێكی عێراقی، لەوباوەڕەدای چۆن لە بۆچوونەكانت تێبگات، یاخود تۆ لەم رۆمانەدا دەتەوێ چــی بڵێیت؟***

– بە پلەی یەكەم ئەمە رۆمانێكە دژی جەنگ، لەمەیاندا رۆژئاواییەك و رۆژهەڵاتییەك بــە هەمان ئاست تێی دەگەن، ئەو نامە شاراوەی لەناو ئــەم رۆمانــەدا دەمــەوێ ئاراســتەی بكــەم (ئەگەر بمانەوێ بەم جۆرە ناوی بنێین) نامەیەكە بە پلەیەكی سەرەكی دژی ترس و مانــدوویی و وێرانكردنی مرۆڤە، تێگەیشتنی كێشــەی مــرۆییش ئــەوە نییــە كــە لــە خــاك و مێژوویــەكی دیاریكراودا هاوبەش بین، مرۆڤایەتی بەرەو ئەوە دەڕوات كە لە كاتەكانی جــەنگ و قەســابخانە پلان بۆ دانراوەكان پشتی یەكتر بگرن.

**سەرچاوە:**

**- سایتی (الواح) http://www.alwah.com**

**(فرناندۆ مارییاس**-fernando marias-**)**:

رۆماننووسێکی بەناوبانگی ئیسپانییە، چەندین خەڵاتی ئەدەبی بەدەست هێناوە، کتێبەکانی بۆ زمانی دیکە وەرگێڕدراون. رۆمانی بۆ گەنجان نووسیووە و سیناریۆی چەند فیلمێکی بەناوبانگیشی نووسیووە.

## گرنگترین کتێبەکانی:

- شۆڕشگێڕی گوند
- رووناکی ترسێنەر و کوڕی ژەنەراڵەکان
- (داگیرکەر- یان -جەنگاوەر- invasor)

# شاعیر زۆرن بەڵام شیعر کەمە




گفتوگۆ لەگەڵ سەباح زوین

(سەباح زوین) شاعیرێکی ئافرەتی لوبنانی کۆشکارە، زۆر لەسەر دەقەکانی کار دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی تموحە داهێنانییەکەی وەرگرێت، هەوڵەکانی بەردەوامە بەرەو شتی نوێ و بەهێز بۆ دروستکردنی شۆك لەسەر دەروونی خوێنەرەکانی.

لە دەقەکانی نزیك دەبێتەوە و دەچێتە ناو پێچ و پەناکانی، ئەم قوڵاییە درەوشاوەیە کەشف دەکات، وەکو ئەوەی بروسك هەمان ئەو رووناکییە بچێنێت کە بەرەو رۆشنایی خۆشەویستی و جوانی دەڕوات.

شاعیرێکە بە زمانێکی نوێ و بە دیدێکی نوێ دەنووسێت و دەگێڕێتەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ داهێنان لەو قەسیدەیە بکات کە لە جیهانی خۆیدا چاوەڕوانییەتی، ئەو جیهانەی بەرامبەر لێشاوێك لە ئاوازە نەرمونیانەکانییەتی و بەرەو خەون دەیبات، هەروەها ئەو واقعە بە لێشاوەش کە بەرەو خەیاڵی دەبات.

دەربارەی قۆناغەکانی شیعری و وەرگێرانە زۆر و زەوەندەکانی و قەسیدەی دەقی گێڕانەوە و شێوازە شیعرییە جۆراوجۆرەکان و ئەدەبی ئافرەتان و خوێندنەوەی واقعی رۆشنبیری ئەمڕۆ، گفتوگۆیەکمان لەگەڵ (زوین)ی شاعیر بەم پرسیارە دەست پێکرد:

***پاش ئەم ئەزموونەی هەتە، ئەو قۆناغە شیعرییانە چین کە پێیاندا تێپەریوی؟**

- قۆناغە شیعرییەکانم ئەو قۆناغانەن کە هەن، دەستم پێ نەکردووە و کۆتایم پێ نەهێناوە، نووسین هەوڵێکی بێ کۆتاییە، هەوڵێکی بەردەوامە، مەبەستم ئەوەیە کە نووسین زمانێکی (تەواونەبوو)ە، یان بەڕاستی پرۆژەیکی (تەواونەبوو)ە. بۆیەش ئەم قسەیەم لە وانە و بابەت و لەو گفتوگۆیانەشدا کردووە کە لە چەند ساڵی رابردوو لەگەڵم ئەنجام دراون. کەواتە نووسین گەڕان و ووردبوونەوەیە، زەحمەتی و تیمارکارییە، نە پاکێتییە لەسەر خەیاڵ و نە رابواردن و کات بەسەربردنە لەسەر کاغەزی سپی.

شاعیر زۆرن بەلاّم شیعر کەمە. شیعر پرۆژەیەکی ئاسان نییە، خۆتێخستنی پێویستی بە ماندووبوونی زۆر هەیە، لە دەرگادانی ئەم جۆرە هونەرە (وەکو هەمووجۆرە هونەرەکانی تریش وان) وەکو لە دەرگادانی دەرگای جەهەنەمە.

ئەم قسەیە لەئەنجامی ئەزموونێکی قوڵ و باوەڕمەندەوە دەکەم، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ گفتوگۆ و بابەتەکانی پێشتر، هەمان قسە دەبینین، کە ئامانجەکە نەگۆڕاوە و هاندەر و ئامرازەکانیش نەگۆڕاون.

ئەزموونم لەگەڵ زماندا گران و زەحمەتە، لە کاتی کارکردنم لەگەڵ هەموو کتێب و قەسیدەکانم بەبێ ریزپەر، لەگەڵ وشەدا دەکوژرێم و لەگەڵ زماندا دەخنکێم، ئەوە ململانێیەکە بەردەوامە لەنێوان من و لەنێوان کردەی نووسینئامێزدا، هەر بەوبۆنەیەوە ئەم دەربڕینە (کردەی

نووسینئامێز ــ فعل الکتابی) من کەشفم کرد و بەتایبەتتریش من دامهێنا، واتا کاتێ دیوانی (**کما لو ان خللاً، او فی خلل المکان**)م دەنووسی، ئەم دەربڕینەم بۆ هات و لەدیوانی ناوبراودا نووسیم، بینیم کە نووسین کردەیە!! لەلایەکی دیکەوە، ئەو نووسینەی کە ئەنجامی دەدەم و (لەهەمان کاتیشدا ئەو ئەنجامم دەدات- ئەمە بابەتێکی ترە-) ئاگاداری جەوهەر و ناوەرۆکی کردەکە نیم تا لەنیوەی دووەمی پرۆژەکە نزیك نەبمەوە، نووسین کەشفکەرێکی سەرسووڕهێنەری ناماقووڵە، لەمیانەی پرسیاری بەردەوام و نەبڕاوە و بێکۆتایی و بەرەبەرە، قەسیدە دوای قەسیدە مانا وەردەگرێت.

کەواتە ئەم کردەیە زیاتر و زیاتر وام لێدەکات بچمە ناو ئیشکالیەتی نووسین، ئەمەش لای من ئیشکالیەتێکی نەبڕاوە و بێچارەیە و دەربارەی ماهییەت و نهێنی و ئەفسوون وجەهەنەم و تاوان و دەربارەی ئەو چێژەشی پرسیار دەکەم کە هەر دەبێ هەیبێ، سەرەڕای ئەو بەرزی و نزمییەی کە پێیدا تێدەپەڕم و ئەو چاڵەی دەکەومە ناویەوە، بەلاّم من هەر ناوەستم. هەموو ئەو قسانە قسەی ئەندامیین و لە هەناو و لە ناخمەوە دەردەچن، وازم لێ ناهێنن، بۆیە منیش لای خۆمەوە ناتوانم وازیان لێبێنم. با بگەڕێینەوە بۆ (مانا)، راستە کە (مانا) بەرجەستە نابێت لەگەڵ بەرجەستەبوونی قەسیدە نەبێ، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە کە من ئەوکاتەی دەست بە پرۆژەکە دەکەم لێی بێئاگام... بە دەربڕینێکی تر، بابەتەکە لە ناخمدا دروست دەبێت و هانم دەدات بۆ ئەوەی بە تالّی بکەمەوە و بیخەمە سەر کاغەز، بەلاّم من وای نابینم کە ئەمە تەواوبووە تەنها لەگەڵ تەواوبوونی قەسیدە نەبێ، قەسیدەش تەواو نابێت تەنها لەگەڵ تەواوبوونی شێوە نەبێ، بەلاّم شێوە، ئەوشتەیە کە خۆمی بەسەردا دەدەم بۆئەوەی دەست بە پرۆژەکە بکەم. شێوە پەیکەرێکی ئەندامییە، ئەندازەیە، ئەندازەی خانووێکە کە من خەریکی بونیادنانیم، ئەو هێلانەیە کە من بەهۆیەوە تابلۆکەم تەواو دەکەم. (شێوە) ئەوەیە کە من بەدوایدا دەگەڕێم و (ناوەرۆك)یش ئەوەیە کە خۆی دێت!! ئەگەر شێوە نەدۆزمەوە نانووسم. سەرەتاکانیشم زۆرن، دەڵێم (سەرەتاکان) ئەوەن کە زۆرن.

**** ئایا بەرلەوەی دەست بە بلاّوکردنەوە بکەی هیچ بەرهەمێکت هەبووە؟***

- لەساڵی (١٩٨٣) دەستم بە بلاّوکردنەوە کرد، نزیکەی دەیەیەك پێش بلاّوکردنەوە زۆر شتم بە زمانی فەرەنسی نووسی کە تائێستاش دەستنووسن، ئەوانیش قەسیدە و بیرۆکە و پەخشانن. بیرۆکە و پەخشان لە جۆری فەلسەفی، واتا هەموویان لەدەوروخولی پرسیاری لە جۆری ماهییەتی مرۆڤ و واتای ژیان و پەیوەندی (ژیان) بە (رەها) و بە بوونەوەر و لەدەوروخولی ماناکانی کات و

شوێن دەسوڕانەوە، ئیمزام دەکردن، لەبیرمە کە لەژێرەوە ئیمزام دەکردن، هەموو ئەمانەم لەنێوان تەمەنی یازدە تا شازدە ساڵیدا نووسی. تێبینیشم کردووە کە ئەم پرسیارانە تائێستا لەگەڵم دێن و دەگۆڕێن و تائەمڕۆش لەگەڵم بەردەوامن، تائێستا سەرقاڵم دەکەن، هەڵبەت لەمیانەی ئەو وێنە شیعرییانەدا دەیانبینمەوە کە بە ڕەنگی ئاوی کێشراون (من وێنە زەیتییەکانم خۆشناوێت، تابلۆ ئاوییەکان و وێنەی فۆتۆگرافی ڕەش و سپی و ئەو وێنە سینەماییانەم خۆش دەوێت کە هەست بە قولآییان دەکەم)، سەرەڕای جەهەنمییەکەی پڕن لەهەتاو و ڕووناکییەکی زێڕین، یان ئەو وێنانەی لە جووڵەیەکی وەستاوی ڕەش و سپیدا بەهۆی هاوێنەی چاوەوە دەیانگرم، یاخود بەخەیاڵێکی درامی لەسەر شاشە یان لەسەر دیوار دەیانجولێنم.

***چی دەنووسیت؟ ئایا هەمیشە واهەست دەکەیت کە توانای قسەکردنت هەیە؟**

– من دەزانم چی دەنووسم و چۆن دەنووسم، بەلاّم نووسین من باشتر دەناسێت!! هەمیشە نووسین بەسەرمندا زاڵ دەبێت و من دەمەوێ بەسەریدا زاڵ بم. لێرەوە ئازاری من نووسینەکانمە، لێرەوە هەمیشە لەگەڵی دەخنکێم، هەوڵ دەدەم تێیبگەم و نهێنییەکانی تاقی بکەمەوە، هەرچەند وام گومان بردووە کە دەرەقەتی هاتووم و ئەو لەبەر من بەرەو دوور رایکردووە، کەچی پاش ئەوەی من وێنەم لە وشە و وشەم لە قەسیدە داناوە، لەجیاتی ئەوەی لەلام ڕوون بێت، لەلام لێڵ بووە و ونبووە.

چوار کتێبی یەکەمم بە فەرەنسی نووسی، دوو کتێبی یەکەم لەخانەی بلاّوکردنەوەی پاریس دەرچوون و سێیەم و چوارەمیش لە بەیروت. چوارەمینیان، واتا (**بـدواً مـن. أو، ربمـا**) وەکو ڕێگایەکی گواستنەوەبوو لە گواستنەوەم لە (فەرەنسی)یەوە بۆ (عەرەبی)، زیاد لە جارێکیش هۆکارەکەیم گوتووە. من لەمیانەی ئەم کتێبەدا گەیشتمە لوتکەی ئیشکالییەتەکە، گەیشتمە لوتکەی ئەو گیروگرفتانەی کە لەوانەیە سەرقاڵیان کردبم. لەو کتێبەدا ئاگاداری ئەوە بوومەوە کە توانام بەسەر قسەکردندا نەماوە، توانام بەسەر نووسین و بەسەر دەربڕیندا نەمابوو، تووشی بێ توانییەکی ڕاستەقینە بووم، لاڵ ببووم، دەربڕینی وشە زەحمەتبوو، پیتەکان لاڵبوون، لە کۆتایی کتێبەکەدا دەستەوەستان بووم... بەڵێ دەستەوەستان لە قسەکردن، هەرئەوەش دەبینم، خۆزگە دەخوازم وا نەبێت، قسەکردن بگاتە لووتکە، وشە لە غیابیدا نەمێنێتەوە و بەتوندی ئامادەبێتەوە، ئەمە دەڵێم کە ئەگەر بگەڕێمەوە هەمان کات، واتا ساڵی (١٩٦٨) لەمیانەی نووسینی ئەم دیوانەدا، وام گومان دەبرد کە کێشەی من خۆی لەپشت بەکارهێنانی زمانی بێگانەدا حەشارداوە، (زمانی ڕۆشنبیریی) وەکو من ناوی لێ دەنێم بە بەراورد لەگەڵ زمانی

ژیان، واتا ئەو زمانەی لە هەموو لایەکەوە لە وڵاتی دایك تیایدا دەژین، لێرەش مەبەستم زمانی عەرەبییە، من خودی ئەزموونە جەهەننەمییەکەشم هەر لە عەرەبی ئامادەکرد و تیایدا ژیاوم، ئەوەی بشگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانم، تێبینی ئەوە دەکات کە چەند رووبەڕووی ئازار بوومەتەوە و لەوپەڕی ناخۆشی کردەی نووسینئامێزدا بوومە، بەمەش گەیشتمە پوختەکەی ئەویش ئەوەیە کە کێشەی من لەگەڵ نووسیندا، کێشەی زمانە لە رەهایدا، نەك زمان لە ئارەزوو یان لە رەگەزە بەرتەسکەکەی. ئەوەبوو لەوکاتەوە تائێستا دەستم بە نووسینی پەخشان کرد بە زمانی عەرەبی، سەرەڕای ئەمەش لەساڵی (۱۹۹۷) خۆم هەڵسام بە وەرگێڕانی هەر چوار دیوانە فەرەنسییەکەم بۆ زمانی عەرەبی و هەر چوارم لەیەك بەرگدا کۆکردەوە لەژێر ناونیشانی (**بدواً من. أو، ربما**).

***** وەرگێڕان چەند سوودت پێ دەگەیەنێ و چەندیش ئازارت دەدات؟***

- پرسیارێکی زۆر بەرفراوانە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بچێتە ناو هەموو پێچ و پەنا و لایەنەکانییەوە، من بەوە دەست پێدەکەم: گوتراوە کە وەرگێڕان بەشێوەیەکی گشتی سوودبەخشە، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی جەوهەری و بنەڕەتی، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە، ئاگاداری ئەدەب و داهێنانی بێگانە نەدەبووین، ئەوانەی بەو زمانانە دەنووسرێن کە هەموو عەرەبێك نایانزانێ. بەهۆی وەرگێڕانەوە خوێنەری عەرەبی ئاگاداری ئەدەبی روسی و ئیسپانی و ئەڵمانی و یۆنانی و چینی یایانی و ئەلبانی و فارسی و... دەبێت.

بەڵام وەرگێڕانی ئازاربەخش. دەتوانین بڵێین: خراپ گواستنەوەی مانا و شێوازە (کۆندێرا چەند سکاڵا و گلەیی لەمە دەکرد، با تەنها ئەم ناوە نەهێنینەوە یاد، زۆریتریش هەن لە بێگانە و لە لوبنانیش کە بە دەست وەرگێڕانی خراپەوە ئازاریان چەشتووە). ئەمە بەس نییە کە (وەرگێڕ) لەیەکێك لەو پەیمانگا زۆرانەی لوبنان زمان فێر بێت، لەمە زۆر پێویستتر ئەوەیە کە سەرەڕای فێربوونی زمان، کەم یان زۆر، پێویستە وەرگێڕانی خۆی بە هۆشیارییەکی رۆشنبیریی قوڵ چەکدار بکات، هەروەها پێویستە وەرگێڕ بە هۆشیارییەکی زمانەوانی قوڵ چەکدار بێت، ئەگەر بشیەوێ ئەدەب وەرگێڕێ، پێویستە ئەدیبێکی راستەقینە بێت. ئەمەش ئەوەیە کە بەڕاستی و بە بەردەوامی نایبینین، بەڵام وەرگێڕانی وتار لە گۆڤارە بێگانەکان و لە ئینتەرنێت، شتێکی ئەوتۆ نییە، ئەمە کارێکی هەوڵ بۆدراو و بەربڵاوە و لە بابەتی بە کۆمەڵە، نەك ئەوەی کە (کردە) بێت، بەتایبەتیش ئەم جۆرە وەرگێڕانە زیاتر ئازاربەخشە، کاتێ رۆژنامەنووس

بەناوی خۆیەوە ئیمزای دەکات و بەناوی خۆی بلاّوی دەکاتەوە، وەکو ئەوەی خۆی وتارەکەی نووسیبیّ، ئەمە کاریّکی زۆر خراپە.

**** با باسی وەرگیّڕانە تایبەتییەکانی کارە فەرەنسییەکانت بکەین؟***

– ئەگەر دەتەویّ من قسە لەسەر ئەو وەرگیّڕانانە بکەم کە تایبەتن بەخۆم، ئەو وەرگیّڕانانەی کە ئەنجامم داوە بۆ ئەو شیعرانەی کە پیّشتر بە فەرەنسیم نووسیبوون، ئەوا هەم سوودبەخش بوونە و هەم زیانبەخش، ناتوانم دابڕانیّکی جیاواز لە نیّوان ئەم دووانەدا بکەم، وەرگیّڕانەکە سوودبەخشە بەوەی کە توانیومە، یان واگومان دەبەم کە توانیومە (خودی خۆم کۆبکەمەوە) هەروەکو لە پیّشەکی چاپە عەرەبییەکەی (بدءاً من. أو، ربما)دا باسم کردووە، بەلاّم لەهەمانکاتیشدا ئازاربەخشە ئەگەر لەو لایەنەوە تەماشای بکەی کە سەرەڕای ئەوەی ئەم کارەم کردووە، کەچی سیّبەری خۆم نەدۆزیوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ویّنە و رەسەنیّتی و هەندیّ لە شەوق و مۆسیقییەتی بنچینەییم لەدەستداوە، هەر وەکو دەیزانین زمان ئەوە دیّنیّ کە دەیهیّنیّ، بەلاّم بە هەرحالّ من بە زمانی سیّیەمم نووسیوە (وەکو خۆم ناوی لیّدەنیّم) کە ئەویش زمانی خۆمە، نە عەرەبییە و نە فەرەنسی، ئەم بابەتەش پیّویستی بە رووبەریّکی زۆر بەرفراوانتر هەیە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەم و ئیّستا ناتوانم بچمە ناوییەوە، بەلاّم هەموو ئەوەی کە ئیّسستا دەتوانم بیلّیّم ئەوەیە: زمانی من لە خۆمڕا دەرکەوتووە و دەرچووە، ئەوەی رەخنەگر و ئەکادیمییەکان لەمبارەیەوە دەربارەی ئەو کتیّبەیان گوتووە بەسە، کە لەخۆوە و بەبیّ هیچ فشاریّکی کۆمەلاّیەتی گووتویانە، باوەڕم بەکارلیّکیّکی سروشتی ئەم کتیّبە هەیە لەگەلّ خویّنەرەکانی، رۆژیّك لە رۆژانیش نوسینیّکی راستەقینەم نەبینی زوڕنای بۆ بژەنیّ، پیّویستیشمان پیّی نییە، ئەوەی زوڕناشی بۆ دەژەنیّ هەمیشە نووسینە خراپەکان بوونە، هەروەکو هەمیشە لەمیّژوودا روویداوە، زوڕناژەنی رۆژنامەوانی و درۆکانی بۆ من زۆر جیاوازن لە رەخنەی جیدی، ئەگەر رەخنەش گرنگییەکی جوانی بەمندا بەبیّ ناوەندگەرایی لەلایەن هیچ کەسیّك، ئەمە واتای زۆر دەگەیەنیّ، بەلاّم جیاوازیش هەیە لەنیّوان دوو شیّوەدا: ئەوەی زوڕنا دەژەنیّ بە خیّراییەکی زۆر دەگاتە ریّگای گۆرانیبیّژە ئاسمانییە بەردەوامەکان، ئەوەی زوڕناش نەژەنیّ بە لەسەرخۆیی دەڕوات.

**** قەسیدەی دەقی گیّڕانەوەی چڕ، گەیشتە کویّ و تا کویّت گەیاندۆتە خویّنەر؟***

– ئایا گەیشتنی راستەقینە بە نووسین هەیە؟! ئەمە وەلاّمیّکە لە رەهایدا، یان وەلاّمیّکە لە وجودییەتی ئەدەبی، بەلاّم ئەگەر بەرەو چەمکی زانستیتر و واقعیتر بڕۆین، ئەوا ئەمە

ئەوەیە کە لەوانەیە تۆ بتەوێ، ئەوا پێت دەڵێم ئیشکالیەتی نووسینگەرایی من ناچێتە ناو ئەم کۆتاییەوە بۆ بەراوردکردن لەنێوان دەقی پەخشانی-شیعری و قەسیدەی ستوونی تەفعیلی بەراورد ناکەم و ئەمجۆرە بەراوردە ناوەڕۆکی نیگەرانی من نییە، یان گەڕانی شیعری من یاخود جێی بایەخی ئەدەبی من نییە. ئەم کارە، دڵنیات دەکەمەوە، بەتەواوەتی دوورە لە زەینی منەوە، دەقی شیعری گێڕانەوەئامێز (ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا دەقێکی تەواو بونیادی شیعرییە و خاوەنی مۆسیقای خۆی و ئاوازی شاراوە و وێنە و ستایلی تایبەت بە خۆیەتی و هەمووشی لە وزەیەکی شیعری بەهێزەوە هاتووە، بەبێ ئەمانە دەقەکە دەبێتە راستەوخۆ، واتا (خراپ) شوناسی خۆی هەیە و قەسیدەی (ستوونی) یان (تەفعیلی)یش، شوناسی خۆی هەیە، ئەمیان پەیوەندی بەویتریانەوە نییە. پرسەکە پرسی چێژ و میزاجە.

بەهەرحاڵ، وەڵامی بنەڕەتی خۆی لە پشتی خودی دەقەکانم شاردۆتەوە، بگەڕێوە بۆ دەقەکانم، ئەوان پێت دەڵێن گەیشتومەتە کوێ و دەمگەیەننە کوێ؟ دەقەکانم هەموو جارێك دەگەنە شوێنی زۆر زەحمەت، سپی، یان نا شوێن، دەگەنە شوێنی ناخۆش، دەگەنە دەستەوەستان، دەگەنە دوورتر لە مردن، دوورتر لە نووسین دوورتر لەزمان. دەمگەیەننە شوێنێك کە خۆ بەدەستەوە بدەم بۆ دەسەلاتی نووسین!! هیچ لە سەر تۆ نییە تەنها خوێندنەوەی ئەمانە نەبێت (**بدءاً من. أو، ربما**) و (**لكن**) و (**كما لو ان خللاً او في خلل المكان**) و(**ما زال الوقت ضائعاً**) و (**البيت المائل و الوقت والجدران**) و (**لأني و كأني و لستُ**)، با ناوی کتێبەکانی تریشم نەهێنم. ئەمە سەبارەت بە دەقەکانم. بەلاَم سەبارەت بە دەقی شاعیرەکانی تری هەشتاکان، ئەوا رۆشنبیریی پێشوازی لێکرد و جووڵەیەکی لەلایەن خوێنەران دروستکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە گەیشتۆتە خوێنەر و چێژی لێ وەردەگرێت. بەکورتی: دەقی پەخشانئامێزی چڕ، بە لێشاو زیاد دەبێت، ئەگەری زیادبوونی شیعری جوانیش گومانی تێدانییە، لێرەشەوە نهێنی بەردەوامبوون خۆی حەشارداوە.

**** ئایا شێوە شیعریەکانی تر وایان لێهاتووە کە نەتوانن چەمکە نوێگەرەکان وەربگرن، یان شاعیرەکان خۆیان ناتوانن ئەم چەمکانە وەربگرن؟***

- لەوانەیە ئەم جۆرە پرسیارە بەتایبەت ئاراستەی شاعیرانی ئەم جۆرە شیعرانە بکرێت کە رەنگە مەبەستت جۆری تەفعیلی بێت، ئەم شاعیرانە شایستەترن، چونکە ئەوان لەناو بابەتەکەن. من ناتوانم وەڵام بدەمەوە. ئەوان ئەم قەسیدەیە دەنووسن و ئەوان بەتەواوی دەزانن کە ئایا ستایلەکەیان توانای وەرگرتنی چەمکە نوێگەرەکانی هەیە یان نا. لەو باوەڕەدام کە

ئەوان تائێستاش دەنووسن، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لێی رازین و لەسەر ئەنجامەکەشی رازین، شێوە و جۆرەکانی چێژ، وەکو دەزانن من باوەڕم بە هەمووی هەیە، وای دەبینم کە لە کۆتاییدا هەموو شاعیرێکی ئازاد دەبێ خۆی لە خۆی بپرسێتەوە و لێی بپرسن، باشترین کەس کە وەلاّمی نیگەرانییەکانمان بداتەوە خودی خۆمانین.

**** ئایا ئەدەبی ئافرەتانە و ئەدەبی پیاوانە لەیەکتر جیاوازن؟.. چۆن؟***

- نازانم!! من هەمیشە ئەم کارە رەتدەکەمەوە و باوەڕم پێی نییە و تائێستاش سەبارەت بە نووسینەکانی خۆم وەلای دەنێم. بەلاّم هەندێ لەو ئەکادیمی و لێکۆڵەر و رەخنەگرانەی کە دەقەکانی منیان وەرگرتووە، بە تایبەتیش ئافرەتەکان، گوتوویانە کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی پیاوان دەینووسن و ئەوەی ئافرەتان دەینووسن. ئەم تیۆرە رەتناکەمەوە، بەلاّم تائێستاش چاوەڕێی ئەوەم  کە دەروونناسەکان روونکردنەوەی زیاتر لەمبارەیەوە بدەن، ئەوان بە چاوێکی جیاواز دەڕواننە کارەکان.

ئەوەی من دەیبینم ئەوەیەکە ئەدەب یەك رەگەزی هەیە و تەنها لەلایەن مرۆڤەوە دەنووسرێ: لەوانەیە رەخنەگرێکی پیاو یان ئافرەت بلێت مرۆڤی کۆمەلاّیەتی و سایکۆلۆژی و جوگرافی و... نەك مرۆڤی بە رەهایی، من لەگەڵ ئەوەدام، بەلاّم دواجار بەهەمان خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان دەژیێین. پیاو و ئافرەتمان خۆشدەوێت و خەونی پێوە دەبینین و هەوڵ دەدەین لێی نزیك ببینەوە، یان لێی رابکەین، نشوستی و خەم و گۆشەگیری و مردن و گەمژەیی، چێژ و خۆشی و پرسیار و... ئایا هەموو ئەم شتانە بەشێوەیەکی جیاواز لە (قەیس) دەنووسم، باوەڕناکەم.

ئەدەب ئەدەبە و جیاناکرێتەوە، لێرەشەوە کە قسە دەکەم، قسە لەسەر ئەدەب دەکەم نەك لەسەر هاوشێوەی ئەدەب یان ئەوەی بانگەشەی ئەدەب دەکات.

**** خوێندنەوەت بۆ واقعی ئێستای گۆڕپانی رۆشنبیریی چییە؟***

- هەندێك بەشێوەیەکی باش و جدی بەردەوامن لەسەر بەرهەمە رۆشنبیرییەکانیان بۆئەوەی ئەو رێگایە تەواو بکەن کە لە شەستەکانەوە دەستیان پێ کردووە و گەشەی پێ بدەن، گۆڕپانی رۆشنبیری ئێستا پڕە لە رەگەزی نوێ و بەخشینی پوخت، بەلاّم زۆرجاریش ئەم گۆڕەپانە بەدەر نییە لە درۆ و ناڕاستی و فرتوفێڵ. کاری ناڕاست و درۆکردن روون و ئاشکرایە، بەلاّم مرۆڤی نەزان بێحەیایە و چاوقایمە -وەکو یەکێك لە پەندە ئیسپانییەکان وا دەڵێت-.

## سەباح زوین:

ئافرەتە شاعیرێکی لوبنانییە، بە هەردوو زمانی عەرەبی و فەڕەنسی دەنووسێت و لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئەدەبی فەڕەنسی ناسراوە.

**کتێبەکانی:**

- هي التي ، أو زرقاء في قلب المدينة — ٢٠٠٩.
- في محاولة منّي (مجموعة جديدة — ٢٠٠٦.
- لأني وكأني ولستُ ٢٠٠٢.
- البيت المائل والوقت والجدران ١٩٩٥.
- ما زال الوقت ضائعاً ١٩٩٣.
- كما لو أنّ خللاً. أو، في خلل المكان ١٩٨٨.
- بدءاً من. أو، ربما ١٩٨٧.
- لكن ١٩٨٦.
- هيام أو وثنية ١٩٨٥.
- علي رصيفٍ عار ١٩٨٣

**سەرچاوە:**

**http://www.geocities.com/arablit/200alshirah.htm**

# مێژوو، نەتەوەکان، گێڕانەوە



**گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم**

لەم گفتوگۆیەدا (دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم) باسی یەکێك لەو لایەنانە دەکات کە خۆی گرنگی پێدەدات، ئەویش قسەکردنە لەسەر پەیوەندی نێوان (مێژوو) و (نەتەوە) و چۆنییەتی نوێنەرایەتیکردنی "گێڕانەوەی رۆمانئامێز-السرد الروائي" بۆی.

**** بەم دواییە بابەتی پەیوەندی نێوان (رۆمان) و (مێژوو) زۆر دووبارە بووەوە، بۆچی (رۆمان) بەتایبەت و ئینجا (رۆمان) و (مێژوو) بەیەکەوە؟***

- بێگومان ئێستا (رۆمان) ئەو هونەری گێڕانەوەیە کە توانای گواستنەوەی ئالۆزی و بارگرژییەکانی ناخی کۆمەڵگای ئێمە و بەشێوەیەکی گشتیش هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەیە، ئەم هونەرە کە لەم چەند سەدەی دواییدا پێشکەوتنێکی خێرا و سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینی، وەکو یەکێك لە ئامرازەکانی تەعبیرکردن شەرعییەتی بەدەست هێنا، یان وەکو ئامرازێکی (نوێنەرایەتیکردن) من لە لێکۆڵینەوەکانمدا زۆر جەخت لەسەر (نوێنەرایەتیکردن-التمثیل) دەکەمەوە و مەبەستیشم چۆنییەتی پێشاندانی گێڕانەوەیە لە رووداو و واقع و فیکرەکاندا. رۆمان ئەگەر لەگەڵ شیعردا بەراورد بکرێ هونەرێکی نوێیە، تەمەنی لە چوار سەدە تێناپەڕێ، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەی کرد و شێوە و جۆرەکانی لقوپۆپی لێ بووەوە و وەکو ئامرازێکی سەرسوڕهێنەری تەعبیرکردن بەهەموو جیهاندا بڵاو بووەوە، بۆیە وای دەبینم کە رۆمان لە ئەدەبی عەرەبیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، لە رەگەزەکانی دیکەش گونجاوترە بۆ چوونە ناو شوێنە تاریك و نادیار و داخراوەکان، بۆ ئاشکراکردنی ئەو شوێنانەی کە لە کۆمەڵگادا پێویستە ئاشکرا بکرێن. بەڵام بۆچی مێژوو؟! ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مێژووی لێژبوونەوە بنبڕ و یەکلاییکەرەوەکانی هەر نەتەوەیەك، پرسیاری مێژوویی ئاراستەی ئەو نەتەوەیە دەکات و گرنگیدانی هەر نەتەوەیەك بە مێژوو، نایەوێت نەتەوەکە لە لانەی رابردوو دەر بێنێت و لە ناوەوە بیشارێتەوە و لێی رابکات، بەڵکو دەیەوێ ئەو رەگوڕیشە بدۆزێتەوە کە کۆمەڵگا و نەتەوە بە رابردووەوە ببەستێتەوە و پەندی لێوەرگرێ.

**** بەڵام چ شتێکە کە رێگای گرنگیدانمان بە مێژوو دادەڕێژێ؟***

- ئەگەر لە ململانێ و کێشمەکێشەکانی فیکری هاوچەرخ رابمێنین، دوو ئاراستە دەبینین: ئاراستەی کلتوورە نامێژووییەکان، واتا ئەو کلتوورانەی باوەڕییان بە مێژووی کلاسیکی نییە، باوەڕییان بە یادەوەری نییە و رێز بۆ درێژبوونەوەی ئاراستەی رابردوو دانانێن. بۆنموونە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لەسەردەمی ئەمرۆماندا پێگەیەکی گەورەی هەیە بەبێ ئەوەی ریشەیەکی مێژووی هەبێت!! ئەم نموونەیە (واتا ئەمەریکا) ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات کە لە

هێزی نەتەوەکاندا مێژوو رەگەزی حاکم نییە، لەوانەیە پێش بەدیارکـەوتنی هێـزی ئەمــەریکی پرسیاری (گرنگی مێژوویی) گـرنگ بووبێـت. بـەڵام لەگـەڵ بەدیارکـەوتنی بزاوتـی چـەمکی مێژوویی و لە ناوچوونی چەمکەکە، پرسـیارێکی گـەورە دێتـە بـەردەممان: ئـەویش توانـەوە و لەناوچوونی ئەو وەهمانەیە کە گوتوویانە مێژوو گرنگییەکی زۆری هەیـە، بـە بەڵگـەی نموونـە ئەمەریکییەکە، کە بەهۆی مێژووەوە شکۆدار نەکراوە، تا ئەو رادەیەی کە جارێکیـان مـن بـە سەردان چووم بۆ کۆشکی سوور لە ئەندەلوس لەگەڵ کۆمەڵێ کـەس کـە زۆربـەیان گەشـتیاری ئەمەریکی بوون، رێبەرە گەشتیارییەکە ئاماژەی بەوە دەدا کە ئەم کۆشکە بەر لـە دۆزینـەوەی ئەمەریکا لە ساڵی (١٤٩٢) بونیاد نراوە، ئەمەریکییەکان بەوە سەرسام بوون کە ئەم کۆشـکە پێش دۆزینەوەی کیشوەرەکەی ئەوان دروستکراوە، زۆربەیان بیرۆکەیەکیان سـەبارەت بـە پـێش ئەو مێژووە لا نەبوو. ئاشکرایە کە رێژەیەکی زۆری ئەمەریکییەکان، لەو باوەڕەدان کـە ئـەوان هەر خۆیان بەتەنیا جیهانن و هیچ بیرۆکەیەکیان دەربارەی (ئەویتر) لا نییە، واز لە مێژوو بێنە، رابردوو لە کلتووری ئەمەریکیدا بیرۆکەیەکی کتوپڕە، ئـەوەی بـە دیـار دەکـەوێت ئەوەیـە کـە بیرۆکەی مێژوو لە وێناکردنیاندا بیرۆکەیەکی سەرسامکەر و نامۆیە و بۆی ئامادە نەکراوە، ئەم ئاراستەیە پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوە و وەسف بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە، شی بکرێتـەوە و لـە کلتووری هاوچەرخدا بهێنرێتە گۆ.

ئاراستەیەکی دی هەیە کە ئەویش ئاراستەیەکی باو و کۆنە، بەپێی ئەو ئاراسـتەیە بـەها و رەسەنێتی و گرنگی نەتەوەکان بە قوڵایی ریشەی مێژووییانەوە گـرێ دەدات، لەوانـەی دەچـنە ئـەم خانەیـەوەش گرنگیـدانی میسـرییەکانە بـە شارسـتانێتی فیرعەونـەکان و گرنگیـدانی عێراقییـەکان بـە شارسـتانێتی سـۆمەری و گرنگیـدانی خـەڵکی شـام بـە فینیقییـەکان و یەمەنییەکان بـە سـەبە و حومـەیر و گرنگیـدانی کـۆی عـەرەبی هاوچـەرخ بـە شارسـتانێتی ئیسلامی، ئەم چەمکە ریشەیەك بە مێژوو دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر مێژوو زیندوو نەکرێتـەوە، بێ رەنگ دەبێت و ناتوانێ هێزمان پێ ببەخشێت، بۆیە ناتوانم هیچ یەکێك لەم دوو ئاراسـتەیە بە باشتر لەویتر دابنێم، بەڵام زۆر گرنگی بە رێژەی زیندوێتی نەتەوەکان دەدەم لەسەردەمەکەی خۆیاندا، بۆیە نەتەوەی مردوو لە ئێستایدا هیچ بەهایـەکی نییـە، هەرچـەندە لـە رابردووشـدا زیندوو بووبێت، ئەگەر نەتەوەیەکمان هەبوو کە مێژووی نەبوو، بەڵام لـە ئێسـتادا زینـدووبوو، لەگەڵ نەتەوەیەك کە خاوەنی مێژوو بوو، بەڵام لە ئێستایدا مردوو بـوو، ئـەوە ئێمـە نەتـەوەی یەکەم بە باشتر دەزانین لەوەی دووەم.

**** قسەکردنمان لە دەوری ئەوە دەخولێتەوە کە هەر نەتەوەیەك سەرەتای گوتارێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها ئامرازی بەیەکگەیشتنی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو عەرەبانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باڵا دەست بوون ئەهلی شیعر بوون، ئەو ئەورووپیانەی کە زۆربەی بەشەکانی جیهانیان داگیر کرد، ئەهلی رۆمان بوون، ئێستا دوای ئەوەی چوونەتە ناو چاخی جیهانگیرییەوە، پێشبینی ئەوە دەکەیت کە رۆمان وەکو ئامرازێکی نوێنەرایەتیکردن ببێتە گوتاری باڵادەست؟***

- جارێ سەبارەت بەوەی کە عەرەب ئەهلی شیعرن، شتێکی دان پیانراوە کە ئەمەمان لە قوتابخانە خوێندووە، لەوێوە فێربووین و بەدوایدا نەگەڕاوین، ئەگەر ئەدەبی عەرەبی لە چاخە سەرەتاییەکانیدا بخوێنینەوە، دەبینین کارەکە تەواو پێچەوانەیە، (جاحز) لەسەر زاری چیرۆکنووسی بەناوبانگی بەسراوی (ئەلرەقاشی) هێناویەتییەوە کە ئەدەبی عەرەبی لە (١٠) بەش پێکهاتووە، لەم دە بەشە، نۆیان پەخشانە و یەکێکیان شیعرە، بەڵام نۆ لە دەی پەخشانەکە فەوتاوە و نۆ لە دەی شیعرەکەش پارێزگاری لێکراوە و ماوەتەوە، بۆیە ئێمە شیعرەکانمان زیاتر بە دەست گەیشتووە لە پەخشانەکان، ئەم قسەیە لە کتێبەکەی جاحزدا هەیە و زیاد لە سەرچاوەیەکیش پشتگیری لێدەکەن، من (ئینسکلۆپیدیای گێڕانەوەی عەرەبی)م بۆ گرنگیدان بەم لایەنە نادیارە تەرخان کردووە. (گێڕانەوەی پەخشانئامێز) لەلای عەرەب خەیاڵدانی کۆمەڵگا دروست دەکات نەك (شیعر)، شیعر تا ئێستاش هونەری ڕاڕەوەکانە، هونەری ناو هۆڵ و کۆشك و ئاو و دار و درەختەکانە، بەڵام هونەرەکانی گێڕانەوەی وەکو (هەزار و یەك شەوە) و گێڕانەوە میللییەکان و حیکایەتە ئەفسانەییەکان، ئەو هونەرانەن کە جێی مەبەستی گشتیین، من شەیدای ئەوانەم و خەون و تێڕوانینەکانم لەمانەدا دۆزیوەتەوە، شتێکی ئاساییە کە چاخەکان بگۆڕێن، ئێستا رۆمان گرنگترین هونەری ئەدەبی عەرەبی نوێیە، سەرەڕای ئەم توانا گەورەیەش سینەما گرنگییەکان بۆ خۆی دەڕفێنێت، هونەرە بینراوەکان توانایەکی گەورەیان هەیە لە نواندنێکی بەرفراوانتر بە بەراورد لەگەڵ هونەرە زمانەوانییەکان، هونەری بینراو، وێنەی بینراو دەخاتە پێش بینەر، لە کاتێکدا کە هونەری زمانەوانی، وێنەیەکی خەیاڵی لە زەینی وەرگردا دروست دەکات، بۆیە سینەما و هونەری شێوەکاری چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە لە داهاتوودا کاریگەر بن و بەردەوام پێشکەون، کلتووری زاڵیش سوود لەو ئامرازانە وەردەگرێت.

**** ئایا وا تێ بگەم کە لە کلتووری هاوچەرخدا رۆماننووس دەگۆڕێت بۆ سیناریست و ئیتر پێویستمان بە گێڕانەوە و وێنە هەیە؟***

- لەم سەردەمەی ئێمەدا هونەر و ئەدەب تێکەڵ بە شتەکان دەبن و سنوورێك نییە لە نێوان هونەر و جۆرەکانی و رەگەزە ئەدەبییەکان، بەڵام لەوباوەڕەدام کە دانانی سیناریۆ تۆکمەترە و وردبینی و رێکخستنێکی زیاتری دەوێت.

***** پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر دووبارە دەکەمەوە: بیرمەندی فەرەنسی (ریجیس دوبرییە) مێژوو بەسەر سێ چاخدا دابەش دەکات: چاخی زارەکی، چاخی نووسین و چاخی وێنە، ئەگەرەکانی رۆمان لەم چاخەدا چییە؟**

- سینەما بەرهەمی سەردەمی وێنەیە، وێنە لە دۆخی وەستاویدا گۆڕا بۆ دۆخی جوڵاو، کاتێ وێنە وەستاوەکان جوڵێنران بۆ ئەوەبوو ژیان بجوڵێنن، ئەوە وێنەی فۆتۆگرافییە کە ژیان لە کاتدا دەوەستێنێ، لە سینەمادا پرۆسەی وەستاندنی رووداوە باوەڕپێکراو و وێنە گیراوەکان دەمرێت. واتا وێنەکان دەجوڵێنرێن، سینەما بە شێوازێکی دروست بە رووی ئایندەدا کراوەتەوە، بۆیە تەکنیکەکانی وێنەی بینراو لە سینەمادا کاریگەری لەسەر گەلێ رۆمان بە دیارکەوتووە، لەوانە رۆمانەکانی (میلان کۆندێرا) و (ئیزابێل ئەلێندی) و تەکنیکەکانی وێنەی بەرجەستە لە دیمەنە داستانی و تێکەڵییەکاندا.

***** شیعری هاوچەرخ سوودی لە تەکنیکەکانی وێنە بینیووە؟**

- ئامادەگی ئەوەم تێدا نییە کە بیروڕای خۆم لەسەر شیعر دەرببڕم، لەکارەکانمدا زیاتر هەوڵ لەگەڵ گێڕانەوەدا دەدەم، هونەرەکان دەچنە ناو یەك و کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن، چاکبوون و تەکنیکەکانیان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکەن، من بڕیاری ئەوەم داوە کە لە ناوچەی شیعر دوورکەومەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەزانم هونەرێکی زۆر قوڵ و گەورەیە، خواستی ئەم تەکنیکە و ئەو وێنە شیعرییانەی پوختەی شێوازەکانی میتافۆڕن، پەیوەندییەکی قوڵ لە نێوان شیعر و وێنەدا پیشان دەدەن، ئەمەش شتێکی ئاساییە کە لە هەموو هونەر و ئەدەبێکدا دەیبینین.

***** ئێوە زۆر گرنگی بە (گێڕانەوە) دەدەن و (ئینسکلۆپیدیا)ی عەرەبیتان نووسیوە، لەم ئەنسکلۆپیدیایەدا من سەرنجی ئەوەمدا کە دەربارەی (جۆرجی زێدان) هاتووە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (رۆمان) و (مێژوو)، گرنگی جۆرجی زێدان لە رۆمانی عەرەبیدا چییە؟ ئایا ئەو رۆماننووسێکی باشە یان مێژوونووسێکی باش؟**

- با جارێ باسی گرنگی ئەو بکەین، ئینجا باسی پێگە ئەدەبییەکەی بکەین، لەگەڵ ئەوەی من لە رەخنەدا بەهۆی حوکمی بەهاوە پێوەر دانانێم، بەڵام ئەوەی گرنگی بە رۆمان بدات دەبێ

(جۆرجی زێدان) له پێشەکی کتێبی ڕۆمانی مێژووییەوە دابنێت، ئەو لەماوەی (٢٤) ساڵدا (٢٤) ڕۆمانی نووسیوە، له ئەزموونەکەیدا ویستوویەتی لەم بوارەدا چاخی مێژوویی ئیسلامی، تا سەرەتای سەدەی بیستەم بگێڕێتەوە، له زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەرنامەیدایە مێژوو له ڕۆمانەکانیدا بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام کات تەمەنەکەی برد و نەیتوانی ئەم مێژووە تەواو بکات، بۆیە هەندێ سەردەمی دەستەمۆ نەکرد و تەواوی نەکرد، لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدام کە ناکرێ قسە له ڕۆمانی مێژوویی عەرەبی بکەین، بەبێ گرنگیدانێکی ڕوون بە ئەزموونی (جۆرجی زێدان)، بەڵام ئایا مێژوونووس بووە یان ڕۆماننووس؟ ئەمە کێشەیەکە کە نزیکەی سەدەیەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، جۆرجی زێدان دەیەوێت ڕۆمان ببێتە ئامرازێك بۆ نزیکبوونەوە له ڕووداوە مێژووییەکان بۆ خوێنەر، بۆیە ئەرکی نووسین ئەوەیە کە پێگەیەکی مێژوویی هەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە که (واڵتەر سکوت) و (ئەلکسەندەر دۆماس) دەیڵێن، ئەوان وای بۆ دەچن که پێویستە ڕۆمان مێژوو کۆنترۆڵ بکات، نەك ئەوەی کە مێژوو بێت و ڕۆمان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەم بانگەشە بەدوای یەکە و مێژووە بەردەوامەی کە لای جۆرجی زێدان بە دیار دەکەوێت، تێکەڵبوونی چەمکی ڕۆمان و مێژوومان بۆ بەدیار دەخات لە زەینی ئەودا، وا دانانرێ که مێژوو هەوڵدانێکە بۆ گواستنەوەی له کۆنتێکستێکی بابەتی بۆ کۆنتێکستێکی گێڕانەوەیی (سردی) خەیاڵکراو، له کایەیەکدا دەجوڵێت و تێکەڵ بە کایەیەکی تر دەبێت، بۆیە زۆرێك له بابەتێتی و بنەما و پتەوی و ئەرك و ڕاستگۆیی لە دەست دەدات، زێدان هەستی بەم بابەتە نەکردووە، لەبەر کەمتەرخەمی نا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم پرسیارە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا جێگەی گرنگیپێدان نەبووە، ئەمە هەستکردنێکی نوێیە بە بابەتێکی کۆن، بۆیە ئاگایی زێدان بۆ مێژوو ئاگاییەکی لاواز و هەژار و دیاریکراو و پابەندبووە بە سەردەمێك، ئەگەر ئێستا لەگەڵ تۆدا بژیابا فیکرەکەی دەربارەی پەیوەندی نێوان مێژوو و ڕۆمان پێشکەوتووتر دەبوو، من وای دەبینم کە نووسینەکانی نە مێژوون و نە ڕۆمان، چونکە بە ڕێگایەکی نزیك لە فەوزا تێکەڵییەکە لە نێوان مادەی مێژوویی و مادەیی گێڕانەوە، بۆیە دۆشداماوە، بەشێکی مێژوویی داناوە، لە دوای ئەو بەشێکی خەیاڵاوی دەربارەی پەیوەندی خۆشەویستی داناوە، ئینجا بەشێکی خەیاڵاوی داناوە لە پێناوی ڕاکێشانی وەرگر(خوێنەر)، ئەمەش بیرۆکەیەکی بانگخوازانەیە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە باوەڕی وایە بیگەیەنێ، ئەویش مێژووی عەرەبی کۆنە، دەشزانرێ کە ئەم تێگەیشتنە گەلێ هێرشی کرایە سەر بەوەی کە ئەو شێوێنەری مێژوو و تێکدەری مێژوو بووە، لە ڕاستیدا ئەمانە

تەنها تۆمەتن، ئـەو نیـازی خـراپ نـەبووە، بـەڵام شـێوازی نووسـینی گێڕانـەوەەیی، رووداوە مێژووییەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگوازێتەوە، بۆیە هەنـدێك ناڕاسـتی دێنـە ئاراوە کە هیچ کەسێك ناتوانیٚ لە هیچ پرۆسەیەکی گێڕانەوەیی مێژوودا لێی لابدات.

**** لەناو رۆماننووسانی عەرەبدا کیٚ دەبینی کە وەکو (جۆرجی زێدان) بێت؟***

- جۆرجی زێدان، موتەنەببی، هەزار و یەك شەوە، چیرۆکە میللییە دیارەکان، موعەللەقات و مەقامات، هیچ یەکێك لەمانە جارێکی تر دروست نابنـەوە، هـەر سـەردەمێکی مێـژوویی کۆنتێکستێکی مێژوویی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە چاخی کلتووری ئـەم شـێوازانە بـەهێز دەکات و دەیانهێنێتە بوون، لەوانەیە شتی گرنگتر بە دیار بکەون، بەڵام هەمان شـت نـاتوانیٚ جارێکی تر بە دیار بکەوێتەوە، بەدیارکەوتنی زێـدان لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرهەمی ئەوکات بووە، ناتوانیٚ ئەم ئەزموونە دووبارە بکرێتەوە، لەوانەیـە رۆماننووسی تر بە جۆرە تەکنیکێکی دی بە دیـار بکـەون، بـەڵام زەحمەتـە ئـەزموونی زێـدان دووبارە بکرێتەوە، لەبەر گرنگی نا، بەڵکو لەبەرئەوەی سـەردەمەکە کەسـێکی وەکـو زێـدانی لەخۆدا هەڵنەگرتووە، نووسینی گێڕانەوەییش لە ئێستادا بە ئەندازەیەك نویٚ بۆتـەوە و گـۆڕاوە کە دەتوانیٚ زێدان تەنها لە ریشەیەکی مێژوویی دابنیٚ، بەڵام ئەو نەبۆتە ئیلهامبەخش بۆ هـیچ کەسێك، هەروەکو (زوهەیری کوڕی ئەبو سـەلەمە)ش نـاتوانیٚ ببێتـە ئیلهامبـەخش بـۆ هـیچ شاعیرێکی هاوچەرخ، تۆ بەو سیفەتەی کە شاعیری لەوانەیە ئەدۆنیس یان مەحمود دەروێش یان سیاب ئیلهامبەخشی تۆ بن، بەڵام ئیلهامبەخشی راستەقینەی تۆ لە ناخی جیهـانی شـیعرییە نوێیەکەت زوهەیر کوڕی ئـەبی سـەلەمە یـان حەتیئـە یـان ئەختـەل نـین، چـونکە سـەردەمە مێژووییەکـە دەڕوات و گۆڕانکـاری و تێکشـکانی قـوڵی تێـدا روودەدات، ئیلهامبەخشـی راستەقینەی تۆ کوڕی سەردەمی خۆت و کلتوورەکەی خۆتن، بەدیلی زێـدان بـەدیار ناکـەوێت، ئەوە بە دیار دەکەوێت کە لەو گرنگترە.

**** پرسیارەکە جارێکی تر دووبارە دەکەمەوە، کیٚ لە رۆماننووسەکان دەبینی لەوانەی بە عەرەبی یان بە نا-عەرەبی دەنووسن، رۆمانی مێژوویی بنووسن؟***

- رۆمانی مێژوویی بەو وەسفەی کـە شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی گێڕانـەوەیی، نووسـەرێك نابینی کە سەد لە سەد خۆی بـۆ تـەرخان کردبـیٚ، نووسـین هەیـە بـە نەزعەیـەکی مێـژوویی نووسراوە، (واسینی ئەلئەعرەج) زۆربەی رۆمانەکانی باکگراوندێکی مێژووییان هەیە. (جـەمال غیتانی) ئیلـهامی نووسـینەکانی لـەو رووداوانـە وەرگرتـووە کـە پەیوەنـدیان بـە سـەدەکانی

ناوەڕاستەوە هەیـە، (عەبـدولخالق روکـابی) باکگراونـدی ڕۆمانـەکانی ڕووداوە مێژووییـەکانی عێراقە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمـانی، (عەبـدولڕەحمان مونیـف) لـە ڕۆمانـەکانی ئـەم دواییەیدا مێژووی کۆمەڵایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و عێراقـی پێشـکەش کـردووە، (نەبیل سلێمان) لە سوریا هەنـدێ لـە نووسـینەکانی پەیوەسـتە بـەم لایەنـەوە. دەتـوانین زۆر ئەزموون لە لوبنان و جـەزائیر و سـوودان و لیبیـا بـژمێرین، دواجـار ڕۆمانـەکانی (ئیـبراهیم فەقییە) لە لیبیا و (مەسعەدی) لە تونس و (فواد تورکلی) لە عێراق و (حەبەشی ئەشقەر) لـە لوبنـان دەبیـنین، هـەروەها نـاتوانین بەسـەر سـەرەتاکانی (نـەجیب مـەحفوز)دا بازبـدەین لـە بەرهەمهێنانی مێژووی فیرعەونی.

**** باسی (ئەمین مەعلوف)ت نەکرد، وابزانم لەبیرت کرد! مەبەسـتت لـە بـاس نـەکردنی چییە؟***

- (ئەمین مەعلوف) ئاماژەیەکی زۆر گرنگی مێژووییە لەسەر ئاستی جیهـان نـەك لەسـەر ئاستی کلتووری عەرەبی، ئەو نووسەرێکە کە جەنگەکانی خاچپەرستان و ململانێکانی ڕابـردوو و ڕووداوەکانی یەکەمین سەدەی زاینی و ڕووداوەکانی لوبنانی سەدەی نۆزدەهەمی لـە زۆربـەی ڕۆمانەکانیدا گێڕاوەتەوە، لەوانەش ڕۆمانـەکانی (صـخرة انطونیـوس، سـلالم الشـرق، الاصـول، سمرقند، الحروب الصليبية، ليون الافريقي) و ڕۆمانەکانی تر لەهـەر قسەلەسـەرکردنێکدا نـابێ لەبیر بکرێن، بەڵام ئەم قسەکردنەمان بە ئاراستەی ئەو ڕۆمانانە بوون کە بـە زمـانی عـەرەبی نووسراون، بەڕاستی ئەزموونی مەعلوف دەگمەنە و ئاوڕی لێ دراوەتەوە، کەلێنێکی قوڵیشە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕێڕەوە مێژووییە گرنگەکان لە شێوە گێڕانەوەی نوێدا.

**** لە سەردەمی (پۆستمۆدێرنیزم)دا ڕێڕەو و پێشکەوتنەکانی ڕۆمان چۆن دەبینی؟***

- لەسەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆمـان ڕووکـارێکی گێڕانـەوەیی وەرگرتبـوو، مەبەسـتم ئەوەیـە ڕووداوەکان بەدوای یەکتردا دەهاتن و بەپێی کاتەکان بوو، لەسەردەمی منداڵییەوە تـا کۆتـایی بەدوای کەسایەتییەکاندا دەڕۆیشت، پاشان باکگراوند و شـوێنی ڕووداوەکـان ڕوون دەکرانـەوە، ئەوکات ئەم جۆرە تەکنیکە جێگیر بوو. لەسەرەتای سـەدەی بیسـتەم لەسەردەسـتی جـۆیس و ڤۆڵگنەر و پرۆست و ڤێرجینیا وۆڵف ئەم تەکنیکە شکێنرا، ئەم چوارە، شێوە کلاسـیکییەکەی ڕۆمانیان تێکشکاند، بێ هێزیان کرد و بە ئەندازەیەکی زۆر گۆڕانکارییان تێدا کرد، ئەگەر لـە هەر شوێنێکدا سیماکانی نوێگەریش بەدیارکەوت پێشی لێ ناگیرێ، بۆنموونـە، ڕۆمـانی نـوێی فەرەنسی کە لە لای کلۆد سیمۆن و ئالان ڕۆب گرییـە و تـا دەگاتـە ناتـالی سـاروت، لەسـەر

وەسفکردن دەوەستێت، ڕۆمانەکانی ئەمەریکای لاتینییش لای ئاوسترپاس و مارکیز و کاربنتەر و ئیزابێل ئەلێندی و بۆرخیس و جۆرج ئەمادۆ، لەسەر واقعییەتی ئەفسوناوی دەوەستن. ڕۆمانی عەرەبیش لایەنێکی ترە کە ئەرکێکی زۆری بینیوە لە تەکنیکی نوێی گێڕانەوە و بەرهەمهێنانەوە، ئەمەش لە ئەزموونەکانی نەجیب مەحفوز لە کارەکانی پێش (اولاد حارتنا) و کارەکانی تری و لە (الطریق) و (الشحاذ) و (حب تحت المطر). ئەم نووسینانە هەمیشە لە دینامییکیەتێکی جولاّودا دەژین، ئەو شێوازەی کە لەم دە ساڵەی دواییدا زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم (گێڕانەوەی ڕۆمانئامێز) و (گێڕانەوەی ئافرەتانەیە) ئەمەش ئەو دەقانەن کە تێکەڵەیەك لە نێوان گێڕانەوەی کەسی نووسەرەکان و ئەو گێڕانەوە لەناکاوە دروست دەکەن کە لە ئەنجامی ئەزموونێکی گرنگ و تایبەت بە خۆیان تەعبیری لێدەکەن.

**** کێن ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەم ئاراستانە دەکەن؟***

– محەمەد شوکری، عەبدولڕەحمان روبەیعی، فواد تورکلی، جەمال غیتانی، سەلاحەدین بوجاه، محەمەد بەڕادە، ڕەووف مەسعەد، ئیبراهیم ئەسلان، عەلەویە سەبح، هودا بەرەکات، ئەسیمە دەروێش، هەیفا بەیتار، عالیە مەمدوح، سەلوا بەکر، میرال تەحاوی، لوتفیە دلێمی، ئامال موختار، ئەحلام موستەغانمی، ڕەجا عالەم. ئێمە لەبەردەم هەندێ دیاردە و شێوازی گێڕانەوەی نوێین کە پێویستی بە سەرنجدان و شیکردنەوە هەیە و دەربڕی گواستنەوەی گرنگن لە ڕێڕەوی گێڕانەوەی نوێی عەرەبیدا، ڕێم بدە با ئەوەشی بخەمەسەر کە دەربارەی ڕۆمانی ئافرەتانەیە، ئەو ڕۆمانەی کە لە ناخی هەستی ئافرەتانەوەیە، هەستەکانی جەستەیەتی و کەشفکەری شاراوەکانی جیهانی ئافرەتە، پیاوان پێشتر بە تەواوی ئافرەتانیان خستبووە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە باوکسالارییە تارادەیەك تێکشکا و دەرفەتی زیاتر بۆ ڕۆلی ئافرەت هاتە پێش، ئێستا ئافرەت ئامادەگی تێدایە کە تەعبیر لە جیهانی خۆی بکات، بەشە ئاگایی و هەستی و بەهاییەکەی خۆی دەدۆزێتەوە کە هەستی پێدەکات، پێشتر تەعبیرکردن لە ئافرەت لە شیعر و پەخشانەکاندا بە (لەجیاتی) بوو، بۆیە وا هەست دەکەم کە ڕۆمانی ئافرەت پێشکەوتووتر بووە و قوڵتر و نزیکتر و ڕاستگۆیانەتر و ڕەسەنترە لە ناخی جیهانی ئافرەتان و پێکهاتە و ڕەگەزەکانی.

**** هەروەکو پێش کەمێك لەگەڵ (ئەمین مەعلوف) ڕوویدا، دەبینم کە ناوی (غادە سەمان)ت نەهێنا، لەگەڵ ئەو هەموو گەڕان و پشکنینەی کە ئەو لەم بوارەدا هەیەتی؟***

- من به نیازی پێشکەشکردنی چاودێرییەکی ورد و تەواو و کۆتایی دیاردە و ناوەکان نیم، هەست بەوە دەکەم و دەڵێم کە (غادە سەمان) زۆر لەپێشە، گومانی تێدا نییە کە ئەو لە پێشەنگەکانە، غادە سەمان و لەیلا بەعلەبەکی و ئیبتیسام عەبدوڵلا و ئەوانی تر لەم بوارەدا زۆر لەپێشن، غادە سەمان لە حەفتاکانەوە لە هەموو رۆمانەکانیدا پێگەی ئافرەتی خستۆتە ژێر لێ وردبوونەوە، ئەو یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە مەشخەڵی گرنگیدان بە ناخ و ئافرەتێتی ئافرەتیان هەڵگیرساند.

**** با بچینە سەر رۆمانەکانی جیهان، لەم چەند دەیەی دواییدا ئەوە بە دیارکەوت کە بە (ریالیزمی ئەفسووناوی) ناو دەبرێ، ئایا ئەم قوتابخانەیە رۆڵی تەواوبووە یان ئێستاش ئامادەگی و ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر قوڵ بێتەوە؟***

- نەزعەیەکی ئەدەبی وەکو (ریالیزمی ئەفسووناوی) کە لە ناو واقعدا هەڵقولاوە، بۆ هەموو کات و شوێنێك گونجاو نییە، ریالیزمی دایك کە لە سەدەی نۆزدەدا لە سەردەستی بەلزاك و ستاندال بە دیار کەوت، بەرەو پێش چوو تا گەیشتە (ریالیزمی سروشتی) لای ئەمیل زۆلا، پاشان لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و لای شۆلۆخۆف و نووسەرانی ئەزموونی سۆڤییەتی بوو بە (ریالیزمی سۆسیالیستی)، ئەم ریالیزمە لە سەرەتای شەستەکان و لەسەر دەستی نووسەرانی ئەمەریکای لاتین، ئەوانەی کە بە ئیسپانی دەنووسن لەوانەش وەکو: کارپنتەر و ئەمادۆ، پاشان لەسەر دەستی مارکیز شەرعییەتی تەواوی وەرگرت بەهۆی رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) و جیهانێکی سەرسامی دروستکرد کە نامۆییەکەی تا ئەو رادەیە بوو، کاریگەری دەخستە سەر زەینی وەرگر، بەڵام لەوانەیە ئەم ئەزموونە ئێستا لەبیر بکرێت، نابینین وەکو چۆن گرنگی بە مارکیز دەدرا، گرنگی بە (ریالیزمی ئەفسووناوی) ئەمەریکای لاتینی بدرێت کە ئێستا کارەکانیان لە ئەدەبی جیهانیدا پێگەیەکی بەرز و گرنگی هەیە، لەوانە: ئیزابێل ئەلێندی کە ئیلهام لە مێژووی وڵاتەکەی خۆی (شیللی) وەردەگرێت، بەڵام نەك بەهەمان ئەو شێوازەی کە مارکیز جێگیری کرد.

**** ئایا بەدیارکەوتنی (میلان کۆندێرا) لەم چەند ساڵەی دوایی وەکو کاردانەوەیەك دادەنێی بۆ ریالیزمی ئەفسووناوی، یان ئەویش جیهانێکی نوێیە، ئەو گرنگی بەو لایەنە دەدات کە بێدەنگی لێ کراوە، لە ماوەی سەردەمی سۆسیالیزمی ئەورووپای رۆژهەڵات، سەرەڕای ئەو (نابۆکۆف) و (سۆلجستین)یش؟***

- نەخێر.. ئەمانە وەکو کاردانەوە دژ بە (ریالیزمی ئەفسووناوی) دەرنەکەوتن، بەڵکو وەکو کاردانەوەیەك دژ بە (ریالیزمی سۆسیالستی سۆڤییەتی) دەرکەوتن، وەکو دەزانی نابۆکۆف نەفیکراوێکی رووسی بوو، سۆلجستینیش نەفیکراوێکی رووسی بوو و گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، هەروەها میلان کۆندێرا نەفیکراوێکی چیکی بوو، چوو بۆ فەرەنسا و گەورەترین رۆمانەکانی لە فەرەنسا نووسی، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم گەڕایەوە چیکۆسلۆفاکیا، ئەگەر بچینە ناواخنی گێڕانەوەی ئەم نووسەرانە، دەبینین کە نابۆکۆف رۆمانی ئیرۆتیکی دەنووسێت و ئارەزوو و چێژی تێدا رەنگ دەداتەوە، بەڵام سۆلجستین نووسەرێکە کە پابەندە بە رەوتی کلاسیکییەوە، نموونە باڵاکەشی تۆلستۆییە، لە رۆمانەکانیدا هەوڵدەدات کە مێژووی گێڕاوەی کۆمەڵگای رووسی پێشکەش بکات، بۆیە کارە گەورەکەی (گالیسکە سوورەکە) و پێش ئەویش (ئەرخەبیل کۆلاك) و (باڵی قرژاڵ)ی نووسی، بەڵام کۆندێرا نووسەرێکی جیاوازە لەمانە، کۆندێرا هەوڵیدا بونیادی گێڕانەوە تێك بشکێنێ، لەگەڵ تابلۆ و دیمەنەکاندا جەختی لەسەر بیرۆکەی چێژ و ئارەزوو و خۆشی دەکردەوە، گاڵتەی بەو کۆمەڵگا تۆتالیتارییانە دەکرد کە لە سیستەمێکی زۆردارەوە دروست دەبوون، بۆیە رۆمانەکانی جیهانێکی گێڕانەوەی پێشکەوتوویان دروستکرد کە پاڵەوانەکەی دەخستە ناو چێژێکی تاکانە و جەستەیی، بۆئەوەی گاڵتە بەو کۆمەڵگا تۆتالیتاریانە بکات کە کەلێنی چێژی ئایدۆلۆژی تێکی دەشکێنێ و بەبێ بەدیارکەوتنی تاکێتی و کەسایەتی دەگۆڕێت، بۆیە ناتوانی وا کۆندێرا بخوێنیتەوە کە نووسەری چێژە، یان نووسەری ناوازە یاخود نووسەری جەستەیە، بەڵکو ئەو هەوڵیداوە بەم ئامرازانە رەختەیەکی ساتیرئامێز و چەندبارە ئاراستەی ئەو جیهانە تۆتالیتارە بکات کە لەمیانەی حوکمی شیوعییەتدا لە چیکۆسلۆفاکیا پەروەردەی پێ دەکرا.

**** با بچینە جیهانی رەخنە، سەبارەت بە فیکر و رەخنە، ناوەندی گوتاری عەرەبی بەرەو مەغریب رۆیشتووە، هەر نووسەرێك کە گرنگی بەو بوارە بدات دەبێ بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی، لە بواری فیکر و رەخنەدا ناوی زۆر بەدیار کەوتن لەوانە: جابری و عروی و کلیتۆ و یەقتین، ئایا ئەمە ئاماژە بە پاشەکشەی ئەکادیمی دەکات لە رۆژهەڵاتی عەرەبی؟ بۆچی مەغریبییەکان سەرکەوتن؟***

- تۆ رەخنەگر بە مانای رۆشنبیر و رەخنەگر بە مانای ئەدەبیت تێکەڵ بە یەکتر کرد، جابری و عروی بیرمەندن، بەڵام عەبدولفەتاح کلیتۆ و سەعید یەقتین و عەبدولحەمید عەقار و حەسەن بەحراوی و محەمەد فەتاح، ئەمانە رەخنەگرن و گرنگن، من ئەم کارە وا لێك دەدەمەوە

که رۆژهەڵاتییەکان لە نیوەی سەدەی رابردوودا بە ململانێ ئایدۆلۆژییەکانەوە خەریك بوون و ملکەچی هەندێ رژێمی تۆتالیتاری بوون کە دەرفەتی رامان و بیرکردنەوەی بە تاك نەدەدا، ئەو نووسەرانەی دانیان پێدا دەنرا بەهۆی کارە فیکرییە سەربەخۆکانیان نەبوو، بەڵکو بەگوێرەی خزمەتکردنیان بوو بۆ رژێمەکە، نووسەر بە ئەندازەی نوێنەرایەتیکردنی بەها سیاسی و ئایدۆلۆژیا باوەکان دەبووە نووسەر، بۆیە نەدەتوانرا گوتەی مەعریفی سەربەخۆی رەخنەگر بەدیار بکەوێت، ناوچەی مەغریب مەبەستم ئەوپەڕی مەغریبە، بە هێمنی سیاسی و حوکمی نائایدۆلۆژی ناسراوە، ئەوکارەی کە بۆ جۆرێك لە بیرکردنەوەی مەعریفی و رەخنەیی لەبارە، نەك ئەو ئایدۆلۆژیایەی ئێمە لە رۆژهەڵات دەیزانین، بۆیە ژینگەکە لەباربوو، بەتایبەتیش لە زانکۆکانی مەغریب لەسەرەتای حەفتاکان، کەسایەتی ئەوتۆ بەدیارکەوتن کە روانگەی مەعریفییان هەبوو، ئەم ئاراستانەش سوودیان لە مەعریفە نزیك و کاریگەرەکان وەرگرتبوو، بەتایبەتیش فەرەنسی، بۆیە میتۆدی نوێ تێکەڵ بە هەوڵی ئەوانە بوو، لە بونیادگەرییەوە بۆ سیمۆلۆژییا و هەڵوەشانەوەگەرایی و تیۆری خوێندنەوە و وەرگرتن، هەندێ لە مەغریبییەکانیش توانیان ئەم تەکنیکانە لە بابەتە رەخنەییەکانیاندا تەوزیف بکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە ئەم ئاراستانە بەهەمان بەها لەمیسر و عێراق و وڵاتی شامدا نین.

**** بەڵام لەهەمان کاتدا لە مەغریبی عەرەبی چەوسانەوەش هەیە، (مەهدی بن بەرەکە) کوژرا (تازمامرت)ی بەناوبانگ دەسگیرکرا.. ئەمەش ئەو خاسییەتە بوو کە رۆژئاوای لە مەغریب جیا دەکردەوە؟ وا گومان نابەی کە ئەمە هۆکارەکەی گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ کلتووری (ئەویتر) بە تایبەتیش فەرەنسی؟***

- بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی مەغریب، من بەتەواوی لەگەڵ رایەکەی تۆدا نیم سەبارەت بەم کێشەیە، ئەگەر من پرسیارەکە لە تۆ بکەمەوە و بڵێم: لە ماوەی نیو سەدەدا جگە لە مەهدی بەرەکە چەند کەسیتر کوژراون، چەند بەندکراویتر دەناسیت جگە لە تازمامرت؟! وا خۆت دێتە بەرچاو کە لە زەینتدا بە دوای ناودا دەگەڕێی، بەدڵنیاییەوە هەبوونی تازمامرت کارێکی گرنگە و هەبوونی قوربانی کارێکی خراپە، بەڵام ئەمە بەوە بەراورد ناکرێ کە لە رۆژهەڵات روودەدات، کوشتن بە کۆمەڵە، بەندیخانەکان بەپانتایی نیشتماندا بڵاوبوونەتەوە، گۆڕی بە کۆمەڵ و قەسابخانەی ناشرین هەیە، راوبۆچوون کۆت و بەند دەکرێت.

**** لەوانەیە مەغریب بۆ ئێمە ناوچەیەکی نادیار و نارۆشن بێت، بۆیە زۆری لەبارەوە نەزانین؟***

- بەڵام ئێمە لە ڕۆژهەڵات تەنها بەدەست دەسەڵاتە زۆردارەکانەوە نانالێنین، بەڵکو بەدەست ئەو کۆمەڵگا تۆتالیتارە بەرتەسکەش دەنالێنین کە ئەم دەسەڵاتەی بەرهەمهێناوە و ئەویش لای خۆیەوە کۆمەڵگاکەی بەرهەمهێناوەتەوە، مەغریب حوکمێکی ئایدۆلۆژی تۆتالیتاری بەخۆییەوە نەبینییوە بەو مانایەی من مەبەستمە، حوکمێکی پاشایی تەقلیدی نیمچە ئۆتۆکراتی بینیوە کە نەگەیشتۆتە ئاستی ئابڕوبردنی حورمەتی تاك و تایبەتمەندییەکان، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ڕژێمی سیاسی خراپ بە ئایدۆلۆژییای سلبی دەمارگیر بە دیارکەوتوون و هەوڵیانداوە کۆمەڵگا بکەنە مێگەل، تایبەتمەندییەکانیان ریشەکێش کردووە و بە جۆرێك دایانڕنییوە کە پێویستە لەبیر بکرێن، کۆمەڵگای تۆتالیتاری وا بە دیارکەوتووە کە باوەڕی بە بەها (ئایدۆلۆژی، ریشەیی، ئایینی)یەکان هەیە و کۆمەڵگاکان بە بێ بەدیارکەوتنی هیچ یەهایەکی تاکەکەسی گەورە دەگۆڕین، بەهرەی گەورە ناتوانێ لە کۆمەڵگای داخراودا بەدیار کەوێت، مەغریب تائێستاش کۆمەڵگایەکە کە پەیوەندییەکان تیایدا دەرفەت بە تاك دەدەن رۆڵی خۆیان ببینن، دەسەڵاتی سیاسی بەهەمان شێوەی ڕۆژهەڵات کاری بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا نەکردووە، بەڵکو لەوێ پێوەر بۆ بەها گەورەکان و دابونەریت و پەیوەندییەکان ماوەتەوە، ئەم ڕۆشنبیرانەش لە ژێر سێبەری سیستەمێکی سیاسی نیمچە جێگیر بەدیارکەوتوون کە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکان سەرگەردانیان نەکردووە.

### د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم:

مامۆستای زانکۆ و رەخنەگرێکی عێراقییە، پسپۆرە لە بواری توێژینەوەی (گێڕانەوەیی) و (رخنەی ناوەندێتی رۆشنبیریی)، لە زانکۆکانی عێراق و لیبیا و قەتەر کاری کردووە، خەبیری رۆشنبیرییە لە (ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ رۆشنبیری) لە دەوحە، گەلێ توێژینەوە و کتێب و بابەتی هەیە، ئەزموونێکی فراوانی لە بواری لێکۆڵینەوەی رەخنەیی و رۆشنبیرییدا هەیە.

**کتێبەکانی:**

- المركزية الغربية: إشكالية التكوّن والتمركز حول الذات، ١٩٩٧.
- المركزية الإسلامية: صورة الآخر في المخيال الإسلامي، ٢٠٠١.
- عالم القرون الوسطي في أعين المسلمين،٢٠٠١ (موسوعة في ١٢٠٠صفحة).
- الثقافة العربية والمرجعيات المستعارة ،١٩٩٩..
- التلقي والسياقات الثقافية، ٢٠٠١.
- السردية العربية، ١٩٩٢.
- السردية العربية الحديثة، ٢٠٠٣.
- لمتخيّل السردي، ١٩٩٠.
- معرفة الآخر، ١٩٩٠، ط ٢، ١٩٩٦.
- التفكيك: الأصول والمقولات، ١٩٩٠.
- تحليل النصوص الأدبية، ١٩٩٩.
- النثر العربي القديم: بحث في البنية السردية، ٢٠٠٢.
- الغذامي الناقد(مشارك)، ٢٠٠٢.
- التربية والقيم(مشارك)، ٢٠٠١.
- البناء الفني للرواية العربية في العراق، ١٩٨٨.
- رمال الليل، ١٩٨٨.

وێڕای هەبوونی چەندین لێکۆڵینەوە و وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکان.

**سەرچاوە:**

**http://www.abdullah-ibrahem.com/**

**- سازدانی: شاعیری سوری عیسا شێخ حەسەن.**

# شیعر نامرێ



## گفتوگۆ لەگەڵ سەلاح فەزڵ

**** بە شێوەیەکی گشتی روانینت بۆ دیمەنی رۆشنبیری نیشتمانی عەرەبی چۆنە؟***

– ئەم پرسیارە ئاوێتە و تێکەڵە، رێگام بدە بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك هێڵی دیمەنەکە لەیەکتر جیابکەمەوە، بۆ ئەوەی ببێتە جیاکەرەوەیەك لە نێوان لایەنی داهێنان و لایەنی فیکری و لایەنی زانستی.

ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر دیمەنی ئەم رۆشنبیرییە گشتییە دەشێوێنێ، نەبوونی روانینێکی روونە بۆ ئایندە، بەو مانایەی بە بڕوای من تێکڕای نیشتمانی عەرەبی، تا ئێستاش لەبەرامبەر گوندەکەی جیهان، لە حاڵەتی تۆزلێنیشتن و تاریکیدایە.

تۆزی لێنیشتووە، چونکە بە تەواوی و بەدانپێنراوی نەچۆتە پاڵ ئەو دەسکەوتانەی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان و ویژدانی جیهانی بەدەستیهێناوە، بۆنموونە نەچۆتە پاڵیان بۆ جێبەجێکردنی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و منداڵ، تا ئێستا بونیادی سەرەکی شەقامی عەرەبی بەو شێوەیەیە.

تاریکیشە، لەبەرئەوەی تا ئیستا بە تیشکی دیموکراسییەت رووناك نەبۆتەوە، ئیستا و لەسەردەمی کارەبادا ئێمە لەبەر مۆمدا دەژین، مۆم بۆتە راز و نیازی چاکە و چاکەکاری لەلایەن هەندێ دەسەڵاتداری دادوەر.

**** چۆن لەم دۆخە رزگار دەبین؟***

– تەنها بەوە رزگار دەبین ئەگەر وەکو هەندێ لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان هەنگاوی راست و دروست بەرەو دیموکراسییەت بنێین، ئەم روانگەیە (کە من وای دەبینم جەوهەری رێڕەوی شارستانییەتە) بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دوو لایەنەوە دەشێوێنرێت.

لایەنی یەکەم، بەداخەوە دەنگێکی زاڵمانە و بەهێزە، کوێرانە و دەمارگیرە و بەناوی ئایینەوە بەرەنگاری پێشکەوتنە شارستانییەکان دەبێتەوە و لەلایەن هەندێ گروپەوە کە نایانەوێ دان بە دیموکراسییەتدا بنێن رابەرایەتی دەکرێن، ئەمانە پێیانوایە کە تەنها بنەمای شورا بەسە، بێ ئەوەی بزانن شوراش لە سەردەمی خۆیدا دارشتنەوەیەکی رەزامەندانەی دیموکراسییەت بووە، دیموکراسییەت دۆزینەوەیەکی مرۆییانەیە و تەمەنی نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵە، زەحمەتە لە ئەدەب و مێژووی کۆنی هەموو گەلێك بیدۆزینەوە، بێ ئەنجامیشە کە سوور بین لەسەر پاراستنی شێوازە کۆنەکەی دیموکراسییەت، لەکاتێکدا کە لە ئێستا میکانیزمی دیاریکراوی بۆ دۆزراوەتەوە و ئەو میکانیزمانەش لە لایەن هەموو وڵاتێکی جیهانەوە روونن.

شێواندنی دووەم پەیوەستە بەو خاوەن بەرژەوەندییانەی کە بەرژەوەندی گەلیان بەلاوە گرنگ نییە، ئەم شێواندنەی دیدگاکان لە روانگەی شارستانییەتی راستەقینەوە، بە بڕوای من ئەرکی

گرنگ دەخاتە سەر رۆشـنبیران و ئەرکەکـەش فـەرزی عـەینـە (فـەرزی عـەین لـە شـەریعەتی ئیسلامدا بۆ شتێکە کە ناکرێ وازی لـێ بهێنـرێ، بۆنموونـە نوێـژ-و). هـەروەها رەگـەزەکانی دیمەنی رۆشنبیریی دوو لایەن لە یەکتر جیا دەکاتەوە، لایەنی داهێنان و لایەنی زانستی، تا ئەو ئەندازەیەی کە هەستم بەوە کردووە توانـا و بـەهرە داهێنـەرەکانی جیهـانی عـەرەبی زۆرن لـە هەموو ژانرەکانی ئەدەب، جوانیناسـی، وێنـە، سـینەما و تەلـەفزیۆن، هونـەری شـێوەکاری، مۆسیقا. نیشتمانی عەرەبی دەتوانێ بەهرەی راستەقینە دروست بکات، بـەلام وەکـو پێویسـت چاودێری ناکرێ، بەهرەکان هەڵدەقولێن و بەرەنگاری دەکەن و بـەرگری دەکـەن، بـەهرەکان بـە سروشتی خۆیان تاکەکەسین و پێویستیان بە لەئەستۆنانی بەکۆمەڵ نییە.

**** شاعیر و کۆمەڵگا دوانەیەکی هەمیشەیین و لەیەکتر جیانابنـەوە، لێکدانـەوەت بـۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان شاعیر و کۆمەڵگا چییە؟***

- شاعیر بە سروشتی خۆی کەسـێکی یاخییـە، ئەگـەر کۆمـەڵگا لێـی رازی بـوو، هێـزی یاخیبوونەکـەی نـامێنێ، ئەگـەر کاریگەریشـی لەسـەر کۆمـەڵگا هـەبوو، ئـەوا شـاعیرێکی سـەرکەوتووە و داهێنـانی کـردووە، داهێنـان وابەسـتەیە بـە بـەهرە تاکەکەسـییەکان و وزەی تاکەکەسە، پێویستی بە دامودەزگا نییە.

**** لەڕووی پەروەردەکردنی بەهرەکانەوە چۆن دەڕوانییە کۆمەڵگا عەرەبییەکان؟ پێگەی بلیمەتەکان لە کوێیە؟ رۆڵی زانست لە پاڵپشتیکردنی کۆمەڵگا چییە؟***

- دەتوانین بلیمـەتی عـەرەبی ببیـنین، بەمـەرجێك ئەگـەر بواریـان پێبـدرێت هاتووچـۆی کلتوورەکانی دیکە بکەن، دەتوانین دان بەو بلیمەتانەدا بنێین، ئەو باڵەی کە شکاوە لە کلتووری عەرەبیدا، باڵی زانست و داهێنانی زانستییە، تەنها بەهرە و بلیمەتی تاکەکەسی بەس نـین بـۆ داهێنانی زانستی، کەواتە پێویستە کۆمەڵگا بونیاد بنێین و کۆمەڵگای زانیاری دروست بکەین کە پشت بە دامودەزگا و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە دەبەستێ و ئەمەش پێویستی بـە ملیـاران دۆلار هەیە، بۆیە دەبینین داهێنەری عەرەبی لە ژینگە سەرەکییەکەی خۆیـدا هێـز و وزەکـانی پەرشوبلاو دەبێ، پـێش ئـەوەی پـەروەردە بکـرێ و لـەڕووی زانسـتییەوە دانـی پێـدا بنرێـت، تواناکانی بەهەدەر دەڕۆن. ئەم باڵـە شـکاوەی کلتـوور، تـەنها بـە زانسـت چـاك دەبێتـەوە و دەبووژێتەوە. زانست هێزی سەربازی بەڕێوە دەبات نەك ژمـارەی زۆری سـەربازەکان، لەوانەیـە تاکە زانایەك لەسەر پشتی کەشتییەکەوە، لە دەریاوە بتوانێ یەك کیشـوەر بـە تـەواوی وێـران بکات، ئێستا هێز لە زانست و زانیاریدایە و ئێمەش نەچووینەتە نـاو ئـەم ململانێیـەوە، ئـەو

سواره هاوچەرخەی کە ئایینەکەمان فەرمانی پێکردووین ئامادەی بکەین، سواری زانست و زانیارییە و ئێمە بەهیچ شێوەیەك راهێنانمان لەسەری نەکردووە، پێ ناچێت لای ئێمە ئەوانەی پابەندیشن بە ئایینەوە ئەوە بزانن کە دەبێ پێشینە بۆچی بێت.

**** ئایا راستە ئێمە لەسەردەمی رۆماندایین وەکو هەندێك دەڵێن؟ راستە سەردەمی شیعر کۆتایی هاتووە؟***

- گوێم لەوە دەبێ کە لەسەردەمی نوێدا بانگەشەی مردنی شیعر دەکرێت، دەڵێن ئێستا سەردەمی شیعر بەسەرچووە و سەردەمی رۆمانە، بیر لە پێویستی زمان و پێویستی کلتوور و گرنگی شیعر دەکەمەوە، گرنگی شیعر لە دروستکردنی زمان و پەخشکردنی وزەی زیندوو لەناو کلتووردا، دڵگرانم بەوەی کە هەندێك دەڵێن شیعر لە سەختترین بارودۆخی خۆیدایە، دیوانی عەرەبی چیتر نەماوە و رۆمان جێگەی گرتۆتەوە، دەبیستم هەندێك دەڵێن ئێمە لە سەردەمی وێنەداین، هونەری نووسراو بۆتە لاپەڕەیەکی کۆن و پێچراوە و وێنە جوان و نایابەکانی سینەما و تەلەفزیۆن و ناوەندە نوێکانی دیکە ئێمەیان رفاندووە، بەلاّم من شتێکی شاراوە لەناخمدا پێم دەڵێت کە ئەمە راست نییە، شیعر حاڵەتێکی جەوهەرییە کە عەقل بە وزە زیندووەکەی خۆی درێژ دەکاتەوە لەمیانەی فیکر و خەیاڵ و توانای نوێکردنەوەی زمان و بوژانەوەی ویژدان و توانای دروستکردنەوە و رێکخستنەوەی پێکهاتەکانی ویژدان، بۆنموونە بەهای ئازادی کە دیموکراسییەتی لێوە هەڵدەقوڵێ، ئەگەر شاعیرەکان بونیادی نەنێن و لە ویژداندا جێگیری نەکەن، کێ دەتوانێ ئەم کارە بکات؟ جگە لە هونەرمەندەکان و داهێنەر و شاعیران، کێ دەتوانێ ئەم ویژدانە بڕژێنێتە ناو ناخی منداڵان؟ بەجۆرێك لە جۆرەکان هەست دەکەم ئەم گوتەیە ساختەیە، بەلاّم بەڵگەم نییە لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەتوانین شیعر لە نێوان ریزی گەنجاندا بدۆزینەوە، بەهرە بلیمەتەکان هیوامان بۆ دەگێڕنەوە، ئەو باوەڕەمان بۆ دەگێڕنەوە کە شیعر لە ژیانی ئێمەدا نەمردووە، ئێمە بەراورد لە نێوان دوو سەردەمدا دەکەین، سەردەمی سەرەتای سەدەی بیستەم، کاتێ یەکێك لە گەورە شاعیرەکان قەسیدەیەکی دادەهێنا و لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکاندا بلاّودەبووەوە، لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆماندا کە شاعیرێك دیوانێك بلاّودەکاتەوە و جگە لەهەندێ برادەری خۆی، کەسی دی نایخوێنێتەوە..!!

من دەڵێم دیارە سەردەمی شیعر لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا قسەی لەسەر دەکرێت، هەرچەندە ئەم قسەکردنە لەسەر مردنی شیعر ئازارمان بدات، بەلاّم لە رواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە قسەکە راست نییە، تەنانەت کە پڕۆگرامی پێشبڕکێی (میری شاعیران) دەستی پێکرد،

تووشی سەرسووڕمان بووم لەو ڕێژە زۆرەی گەنجان کە بەشداریان تێدا دەکرد و ژمارەیان دەگەیشتە هەزاران بەشدار، ئەم گەنجانە ئەگەر بەهرەی ڕاستەقینەی شیعرییشیان نەبێت، دەیانەوێت ببنە شاعیر و ئیرادە و خۆشەویستییان بۆ شیعر هەیە، مادام شیعریشیان خۆش دەوێت، خوێنەری شیعرن و کە خوێنەریش هەبوو شیعر نامرێ.

*** ئەی دەربارەی (پەخشانەشیعر) و پەیوەندی بە شاعیرە لاوەکانەوە چی دەڵێی؟**

– ئەوەی دەمەوێت بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە جۆرە تەلاقێکی قێزەون و بێزراو لەنێوان شیعر و مۆسیقادا ڕوویداوە، چونکە (پەخشانەشیعر) لەنێوان گەنجاندا بەدیارکەوت و بەمەش تاوانێکی گەورەیان ئەنجام دا، باوەڕیان وابوو بۆ ئەوەی ببنە شاعیری ڕاستەقینە، دەبێ بە پەخشانەشیعر دەست پێ بکەن، ئەوان نە ئەوە بوو بگەڕێنەوە سەر ڕێکخستنەوەی ئاوازی قەسیدەکانیان بەشێوەیەکی (ستوونی) و نە بەشێوەی (تەفعیلی)ش، وەکو کەسێك کە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کاردەکەم، ڕوانینێکی دیکەم لەسەر ئەمە هەیە، لایەنی سەرەکی، نەك تەنها لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا، بەڵکو لە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکانی دیکەش، بۆنموونە لە ڕۆشنبیریی ئیسپانی کە زۆرێك لە شاعیرەکانیان لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا خەڵاتی نۆبڵیان بەدەستهێناوە، هەروەها ڕۆشنبیریی فەرەنسی کە زۆری لەبارەوە دەزانم، هەروەها ڕۆشنبیریی ئینگلیزی کە هەواڵی زۆرم دەربارەی شاعیرەکانیان هەیە، لە هەموویاندا پەخشان ئەزموونی پێشەنگەکانە، شاعیرە گەورەکان ئەو کاتە دەینووسن کە کێش زۆریان بۆ دێنێ و بێزاریان دەکات، ئەوکاتە هەوڵی داهێنانی شتێکی تر دەدەن، بەلام ڕێڕەوی سەرەکی وەکو ڕێڕەوێکی جەوهەری ڕووبارێك، قەسیدەی کێشدارە.

*** کەواتە ڕات چییە دەربارەی بڵاوبوونەوە و باوبوونی پەخشانەشیعر لەلایەن گەنجانەوە؟**

– دیمەنەکە لەم ساڵانەی دواییدا بە تەواوی گۆڕاوە، لافاوی پەخشانەشیعر هەموو جیهانی گرتۆتەوە و خنکاندوویەتی، ناتوانین جیاوازی لە نێوان شیعر و ناشیعردا بکەین. هەموو خاوەن دەقەکان وای دادەنێن ئەوەی دەینووسن شیعرە، لە پەخشانەشیعردا بۆ خوێنەر و تەنانەت بۆ ڕەخنەگریش زەحمەتە جیاوازی لە نێوان شیعری ڕاستەقینە و ئەو زۆرگوتن و زیادەڕەوییە بکات کە ناگاتە ئاستی شیعر، چونکە هیچ پێوەرێکی ڕوون و بەرجەستە نییە تابتوانم ئەم قەسیدەیە هەڵبسەنگێنم، ڕاستە قەسیدەی تەفعیلی و قەسیدەی ستوونی، قەسیدەی زۆر خراپیان تێدایە و جیاکردنەوەی شیعری ڕاستەقینە و ناشیعر لەناویاندا پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، بەلام ئاسانترە.

*** چۆن باسی قبوڵکردنی پەخشانەشیعر لەدیدی خۆتەوە دەکەی؟**

- هەمیشە لەدەستبەسەرداگرتنی مافی داهێنەران دەترسم، ئەو مەرجەشم هەیە کە دەبێت شیعر بەشێوەی تەفعیلی یان تەقلیدی بێ، ئەمە وا دادەنرێت کە دەستبەسەرداگرتنی مافی داهێنەران و ئازادییەکانیانە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوە نوسینەی خۆیان دەیانەوێت. وەك بنەمایەك پەخشانەشیعرم قبوڵە، هەوڵیش دەدەم لە پێکهاتە شیعرییەکانیان بگەڕێم بۆئەوەی ئەو پێوەرانەی لەناودا بدۆزمەوە کە پەخشانەشیعری باش و ئەو قەسیدە پەخشانییە خراپانە لێك جیابکاتەوە کە هیچ شتێکی شیعرییان تێدا نییە، بەڵام دیمەنەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە گەنجان روویان لە پەخشانەشیعر کردووە، وا دێتە بەرچاو کە جگە لە هەندێك سەلەفی دواکەوتوو لە رێڕەوی سەردەم، کەسی دیکە ناگەڕێتەوە سەر قەسیدەی تەفعیلی یان ستوونی. گەنجی بەهرەدار لە نووسینی قەسیدەی ستوونی دەترسێ، نەوەکو پێی بڵێن کەسێکی سەلەفییە و ناتوانێ لەگەڵ رێڕەوی ئەو شەپۆڵە نوێ و تازەگەرانە بڕوات کە خۆی لە پەخشانەشیعردا دەیبینێتەوە، ئەمە دیمەنی پێشبڕکێی (میری شاعیران) بوو کە ئەنجام درا، کاتێ کێبڕکێکە هات و تەرکیزی کردە سەر قەسیدەی ستوونی و تەفعیلی، شتێکی لەناکاوی پڕجوانی و دەلالەت بوو، ئەوکاتە بەدیارکەوت کە هەموو ئەو شتانەی لە پەخشانەشیعردا دەگوترێ، دەتوانرێ لە قەسیدەی ستوونی و قەسیدەی تەفعیلییشدا بگوترێ.

من خۆم وەکو رەخنەگرێك رایەکم هەیە و تائێستاش سوورم لەسەر ئەم رایەم، وای دەبینم ئەو پێشکەوتنەی لە قەسیدەی شیعری عەرەبی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا روویدا، ئەوەبوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم شیعری لە ستوونییەوە گواستەوە بۆ شیعری تەفعیلی، ئەمەش پێشکەوتنێکی پیشەیی و راستەقینە بوو، بەڵام ئەمە پەخشانەشیعر ناسڕێتەوە.

هەروەها ئەو پێشکەوتنەی لە پەخشانەشیعردا روویدا، بە پێشکەوتنێکی پیشەیی راستەقینە دادەنرێت، بەڵام نە قەسیدەی تەفعیلی دەسڕێتەوە و نە قەسیدەی ستوونیش، بۆیە دەتوانین بڵێین وەکو پەیژەیەکی شیعریی وایە، هیچ پەیژەیەك ئەوەی پێش خۆی ناسڕێتەوە، بەڵام جیناتە بۆماوەییەکان دەمرن.

*** لە بۆچوونەکانی تۆ وا تێگەیشتم کە پێت وایە پرۆژەی پێشبڕکێی (میری شاعیران) شتێکی پێشکەش قەسیدەی ستوونی و قەسیدەی تەفعیلی کردووە، کە پێشتر هیچ پرۆژەیەکی دیکە بۆ پاراستنی ئەم جۆرە نووسینە پێشکەشی نەکردووە، ئەمە راستە؟**

- بە بۆچوونی من گرنگترین بەرنامەی پرۆژەی پێشبڕکێی (میری شاعیران)، ئەوە بوو رێزی بۆ قەسیدەی ستوونی و قەسیدەی تەفعیلی گێڕایەوە، بەتایبەتیش لەلای گەنجان. بێ ئاگایی

گەنجان لە پەخشانەشیعر بە جۆرێکـە، ڕەوایـەتی پێنادرێـت و بـەو ئەنـدازە قورسـە نییـە کـە کێبڕکێی لەسەر دەکرێت.

**** هەندێك وای دەبینن تۆ لـە کـاتی ڕەخنـەگرتن لـە هەنـدێ کێبڕکێکـاری قۆنـاغی یەکەمی پێشبڕکێکە زۆر توندڕەو و دەمارگیری، وەڵامت بۆ ئەمانە چییە؟***

- وای دەبینم کە پێویستە شاعیرەکان بڕێك وشـیاری ڕەخنـەییان هـەبێت، ئـەو شـاعیرەی ئامرازەکانیشی نەزانێت، دەبێت خۆی بە کەسێکی خاکی وەسف بکات و قەبارەی خۆی بزانـێ، ئەگەر شاعیرێك چووە ناو پێشبڕکێکە و بە باشی، بۆنموونە (کـێش)ی نـەزانی، یـان بـە باشـی زمانی نەزانی، ناتوانم بـەزەییم پێیـدا بێتـەوە، چـونکە ئەمـە سـاویلکەییەکی بـێ مانایـە و لەوانەشە پیشـەکەم وەك وانەبێـژێك و خۆشەویسـتیم بـۆ شـیعر، هۆکـاری ڕاسـتەقینەی ئـەم توندڕەویەم بن، بەرامبەر ئەو ساویلکانەی خۆیان لـە پێشـبڕکێکە هەڵـدەقورتێنن، بـێ ئـەوەی باوەڕیان بەخۆیان هەبێت کە خاوەنی ئامراز و بەهرەن، بۆنموونە ئەو گەنجانەی لە زمانـدا هەڵـە دەکەن و نازانن چۆن زمانیان بەهێز بکەن، یان گەنجێکی تر هیچ شتێك دەربارەی شیعر نـازانێ و خۆی پێشکەش دەکات تا ببێتـە (مـیری شـاعیران..!)، بـە ڕای مـن وشـە بـەس نییـە بـۆ بەرپەرچدانەوە و سەرکۆنەکردنی ئەم جۆرە کەسە و نەنگییە بەسەریدا هەڵبڵێم.

ئەم تووڕەیی و دەمارگیرییـە لـە قۆنـاغی یەکەمـدا پاسـاوی تـەواوی هەیـە، بـەڵام کـاتێ بەهرەمەندەکانمان هەڵبژارد، ئەوانەی ئاوازەکان دەزانن، ئەوکات پێوەرەکان بە توندی دەگۆڕێن، ئەوانەی دەمێننەوە کەرەستەکانیان لایە و پێویستە هان بدرێن.

لە بنەڕەتدا هەڵوێستی ڕەخنەیی من ئەوەیە بـەو ئەنـدازەی گـەنجی بـەهرەدار هـان دەدەم، بەهەمان ئەندازەش بەرپەرچی گەنجی بی ئاگا دەدەمەوە، ئەوانەی بنـەماکانی کارەکـە نـازانن، چونکە ئەوان خۆیان ناشرین دەکەن و دەبێ لەوەیان ئاگادار بکەمەوە.

**** خوێندنەوەت بۆ دەقی (باخی حـاجی) لـە قۆنـاغێکی ناخۆشـی پێشـبڕکێکە بـوو، هەندێك وای دادەنێن کە ئەمە نەنگییە و خاڵێکی لاوازە بۆ تۆ؟***

- کارکردنم وەکـو (دادوەر) شـتێکە و وەکـو (ڕەخنـەگر) شـتێکی تـر، مـن سـاڵانە زنجیرەیـك دەربـارەی شـیعری گـەنجان دەنووسـم، لـە نـاوەوە و دەرەوەی پێشـبڕکێکە بـە یەکسانی لەبارەیان دەنووسم.

لــەبارەی دەقــی (بــاخی حاجی)یــەوە، دەقەکــە و بارودۆخەکــە دیــاریکراوە، مــن بــە پەیوەستییەکانی دەقەکە سەرسام بووم، ئەویش بەو پێیەی دەنگێکی ئافرەتانەیە و لە ویژدانەوە

هەڵدەقوڵێ، من کاری خۆم وەکو رەخنەگرێکی بواری ئەدەبی تەواو جیاواز دەبینم لە کارەکەم وەکو دادوەرێکی لیژنە کە تەنها مافی هەر کەسێك بە خۆی ببەخشم، چونکە پرسەکە جیاوازە.

هیوادارم لەسەر (٣٥) شاعیر بنووسم نەك تەنها لەسەر شاعیرێك و دوو و سێ، هەر بەڕاستیش لە سەر دوو گەنجم نووسیوە و ئێستا لەسەر گەنجی سێیەم دەنووسم.

**** بە بۆچوونی تۆ پێشبڕکێکە لە چ رووێکەوە سەرکەوتوو بوو، چ زیادەیەکی خستەسەر شیعری عەربی؟***

- تا ئێستا هەزاران سەرکەوتنی جەوهەری دەبینم، کە لە سێ رووەوە بەدەست هاتوون. یەکەم شت ئەوە بوو کە بەرنامەکە (٣٥) بەهرەمەندی دۆزییەوە و پلە بە پلە بەهرەمەندەکانی پالاوت، پەیژەیەکی لە (بەها) بۆ ئاستەکان دانا، تا گەیشتە ئەو قۆناغەی ئێستا کە تێیداین و شەش شاعیر هەڵبژێردراون و دیاریکراون، لەناو ئەوانیشدا یەکێکیان (تاجی میر)ی لەسەر دەکرێت و ئەوانەی لە ئەنجوومەنەکەش دەمێننەوە، لە دیوانی ئەم میرە کار دەکەن، ئەمە هەموو ساڵێ نوێ دەبێتەوە، ساڵی دواتر نموونەی دیکەی لەشێوەی ئەوان دەدۆزینەوە، بێگومان ئەم کارە دیمەنی شیعر دەگۆڕێت.

دووەم سەرکەوتن ئەوەیە کە وێناکان وەك خۆی و بە جوانی نیشان دەدات، بۆنموونە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان زۆربەیان ساختە لە بواری وشیارییدا دەکەن، بەهرەکان فەرامۆش دەکەن و شیعریش لەسەر حسابی ئەمانە دەشکێنرێت، کارەکە لە تەلەفزیۆندا بۆتە کێبڕکێکارییی، تەنانەت ئەو بەرنامانەش کە گرنگی بە ئەدەب و رۆشنبیری نادەن ئەم جۆرە کێبڕکێیانە ساز دەکەن، ئێستا هەندێ کەناڵی هەواڵییش هەن گرنگی بە شیعر دەدەن، نەخۆشییەکە لە (میری شاعیر)انەوە گواستراوەتەوە.

ناشکرێ پرۆژەی (شاعیری ملیۆن) بە باشە باس نەکەم، چونکە ئەم بەرنامەیە دەستی پێکرد و لەدوای ئەویش ئەم ئاراستەیە دەستی پێکرد، بەلاّم لە ئێستادا کەناڵە ئاسمانییەکان کاریگەرییەکی خراپ و مەترسیداریان لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

سەرکەوتنی سێیەمی پێشبڕکێکە لە کارلێکی جەماوەریدا خۆی دەنوێنێ، لەهەر کۆڕێکی شیعرییدا خەڵکێکی کەم ئامادە دەبن، تەنها دوو یان سێ ئەستێرە نەبێ و بەتایبەتیش شاعیرانێکی وەکو مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس و نزار و هەندێکی تر..، جگە لەم ناوانە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، هیچ کۆڕێکی شیعری لە دە تا بیست کەس زیاتر لێی ئامادە نابن، ئێستا لەم پرۆژەیەدا دەبینین بە ملیۆنان کەس کارلێك دەکەن و رای

خۆیان دەربارەی شیعر دەڵـێن، ئایـا ئەمـە پێشـکەوتن نییـە؟ ئایـا ئەمـە ئیجـابی نییـە؟ وەڵامەکەی بۆ خوێنەران بەجی دێڵم!!!

***﴿ لە بواری ئەدەبدا کتێبت زۆرن، ئایا لایەنگری ئاراستەیەکی دیاری کراوی ئەدەبی؟***

- سی کتێبم هەیە، باوەڕم بە هیچ ئایدۆلۆژیایەك نییە و لایەنگری هیچ لایەنێك نابم، مـن زانیاری بەرهەم دێنم، بەرهەمهێنانی زانیاریش پشت بە نوێگەری سادە دەبەسـتێت، پشـت بـە کۆنی و چەقبەستوویی نابەستێ لەچاڵێکدا.

## سەلاح فەزڵ:

نووسەر و رەخنەگر (سەلاح فەزڵ)، لەساڵی (١٩٣٨) لە گوندی (شباسی شەهیدان) لە ناوەڕاستی (دەلْتا)ی وڵاتی میسر لەدایکبووە، بە یەکێك لەو رەخنەگرە دەگمەنانە دادەنرێت کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی رەخنەی ئەدەبی عەرەبی هەیە، لە ساڵی (١٩٧٢) دکتۆرای دەوڵەتی لە بواری ئەدەب لە زانکۆی مەدریدی ناوەندی بەدەستهێناوە. گەلێ پۆستی لە زانکۆ عەرەبی و بیانییەکان وەرگرتووە، خاوەنی سی کتێبە و کتێبەکانی لە بواری رەخنەدا پێگەیەکی بەرزیان هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کۆکەرەوەن لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا. لە ساڵی (١٩٩٧) خەڵاتی (بابیتی) بۆ داهێنان لە رەخنەی شیعری بەدەستهێناوە. لەساڵی (٢٠٠٠) خەڵاتی رێزگرتنی دەوڵەتی بۆ ئاداب بەدەستهێنا، لە ساڵی (٢٠٠٣) بە ئەندامی کۆڕی عەرەبی لە میسر هەڵبژێردرا و پاشان هەر لە ساڵی (٢٠٠٣) بووە راوێژکاری کتێبخانەی ئەسکەندەرییە.

# كۆماری ئەدەب باشترین كۆماری سەر رووی زەوییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا



گفتوگۆ لەگەڵ عەلا ئەسوانی

لە ئێستادا ڕۆماننووس (عەلا ئەسوانی) پێگەیەکی دیاری لە نەخشەی ئەدەبی جیهانیدا هەیە، ئەویش دوای ئەوەی کارە بەناوبانگەکانی (باڵەخانەی یاقوبیان و شیکاگۆ و تەقەی دۆستان)، بۆ زیاتر لە ٢٧ زمان وەرگێڕدران و یەك ملیۆن دانە لە چاپە ئینگلیزییەکەی ڕۆمانی (شیکاگۆ) بلاوبووەوە، هەروەها چاپی دانە عەرەبییەکەش لە بیست چاپ تێپەڕی، ئەو یەکەم میسریش بوو کە خەلاّتی (برۆنۆ کرایسکی) بەدەست هێنا، هەمان ئەو خەلاّتەی پێشتر بەخشرابووە سەرکردەی ئەفریقیای باشوور (نیلْسۆن ماندێلا).

ئەسوانی کوڕی پارێزەر و نووسەر و داهێنەری بەناوبانگ "عەباس ئەسوانی"یە، پزیشکی ددانە و دەرچووی زانکۆی قاهیرەیە، خوێندنی لە ئەمەریکا تەواو کردووە، جگە لەو ناوبانگەی هەیەتی، باوکی (سەیفی) گەنج و دوو کچە کە ئەوانیش بریتین لە (مەی و نەدا)، ڕێز لە (ئیمان تەیمور)ی خێزانی دەگرێت و لە سەرکەوتنەکانیدا خۆی بە قەرزاری ئەو دەزانێت، لەم گفتوگۆیەدا لایەنێکی دیکەی ژیانی ئەو دەناسین و تیشك دەخەینە سەر بنەماڵەکەی و ئەو جیهانەی لە دەوروبەرییەتی و کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی داهێنان و کەسایەتی ئەودا.

**** ئەو خێزانانەی داهێنانیان تێدا لە دایك دەبێت، ڕۆڵیان لەو داهێنانەدا هەیە، یان گەشەی پێدەدەن و لەگەڵی دەڕۆن، یانیش ئاگایان لێ نییە و فەرامۆشی دەکەن، خێزانەکەی تۆ لە کامەیان بوو؟ کەش و هەوای ژیانی منداڵیت چۆن بوو؟***

- ئەو خێزانەی من تێیدا ژیام زۆر باش بوو، لەو بڕوایەدام سەرکەوتنی هەر کەسێك لە ژیانیدا پشت بەو بنەمایە دەبەستێت کە پێی دەڵێن (بنەمای دەرچوون)، بنەمای دەرچوونی هەر کەسێکیش خێزانەکەیەتی، من لە خێزانەکەمدا بەختم باش بوو، باوکم نووسەری بەناوبانگ (عەباس ئەسوانی) بوو، ئەو هونەرمەند و نووسەری تەنز بوو، بۆیە من لە کەش و هەوایەکی ڕوحسووکی دەگمەندا پەروەردە بووم، کەسەکانی ناو خێزانەکەمان هەمیشە دەم بە زەردەخەنە بوون، ئەگەر کەسێکی خەمبار سەردانی بکردباین، یان ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدابا، زۆر بێزار دەبووین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر من هەبوو، ئەو گیانە پێکەنیناوییەم لەگەڵ خۆم هێنا، ئێستا هەوڵ دەدەم بۆ منداڵەکانمی بگوازمەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو باکگراوندە هونەری و ئەدەبییە گەورەی لەماڵەکەماندا هەبوو، لەلای ئێمە نووسین و مۆسیقا و شانۆ و سینەما هەبوو، برادەرەکانی باوکم لە گەورە هونەرمەند و نووسەرەکان بوون، بەلاّم لەهەمانکاتدا سەبارەت بە من، تەنها برادەری باوکم بوون و هیچی تر. کاتێ گەورە بووم زانیم کە ئەمانە زانان، لەوانەش: عەبدولڕەحمان شەرقاوی، مەحمود سەعدەنی، زەکریا ئەلحەجاوی، ئیحسان عەبدولقەدوس، سەلاّح حافز، حەسەن فوئاد، سەید مەکاوی، سەنا جەمیل، لویس

جەرجیس.. ئەوانەش سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد و باوکم سوور بوو لەسەر ئەوەی من لەگەڵیان دابنیشم، هەرچەندە زۆربەی قسەکانیان بۆ من روون نەبوون و تێیان نەدەگەیشتم، بەڵام کاریگەری گەورەیان لەسەر روانینەکانم هەبوو، بەشێوەیەکی زۆرباش منیان دروست کرد.

**** دیارە پەیوەندی زۆربەی داهێنەران بە خێزانەکانیانەوە، پەیوەندییەکی ئیشکالی و گرژە، تۆ باسی کەش و هەوای رۆشنبیری خێزانەکەت کرد، بەڵام چ پەیوەندییەکی رۆژانەت لەگەڵ دایکت و باوکت هەبوو؟***

- دایکم لەو ئافرەتانە بوو کە بە ئازادی کاری دەکرد، کاتێ هاوسەرگیری لەگەڵ باوکم پێکهێنا، هێشتا قوتابی زانکۆ بوو، پاشان کاری کرد تا گەیشتە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی ئەنجوومەنی باڵای لاوان و وەرزش، ئەو لەیەککاتدا ئافرەتێك بوو کاری دەکرد و هاوسەر و دایکیش بوو، زۆر بە وردی هەموو ئەو ئەرکانەی بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە بەجێ دەگەیاند، گلەیی نەدەکرد و وای دانەدەنا ئەنجامدانی ئەم کارانە بەیەکەوە قورسایی زیاتریان بۆ دروستکردووە، کاتێ بیرم دەکەوێتەوە کە چۆن کاتەکان و بەرپرسیارێتییەکانی دابەش دەکرد، دەزانم کەسێکی بێ وێنە بوو، ئەو نموونەی ئافرەتی میسری ئەو نەوەیە بوو کە گوێیان بەو بانگەشە دواکەوتووانە نەدەدا کە لە حەفتاکان بەدیارکەوت و داوای دەکرد ئافرەت بگەڕێتەوە ناو ماڵ، لەسەردەمی نەوەی دایکم خوێندن و کارکردنی ئافرەت کارێکی گرنگ بوو، (زەینەب ئیبراهیم عیشماوی)ی دایکم لە بنەماڵەی عیشماوی بوو، (محەمەد پاشا عیشماوی) مامی دوا وەزیری فێرکردنی (حکومەتی وەفد) بوو لە ساڵی (١٩٥٠).

باوکیشم (عەباس ئەسوانی)، لە سعێدییەکانی میسرە، لە بنەماڵەیەکە کە سەر بە هۆزێکی گەورەیە، بەناوی هۆزی (جەعافرە)، ئەم جیاوازیەی باکگراوندی رۆشنبیری دایکم و باوکم سوودی زۆری پێگەیاندم، باوکم لە نەوەی یەکەمی سعێدییەکانی قاهیرە بوو، دایکیشم لە بنەماڵەیەکی ئۆرستۆکراتی گەورە بوو، ئەم جیاوازی و هاوسەرگیرییە، لە نێوان باکوور و باشوور، کاریگەری لەسەر کەش و هەوای ماڵەکەمان هەبوو، باوکم کە خاوەن کلتوورێکی سعێدی و بیروبۆچوونی لیبرالی بوو، دابونەریتی سعێدیانەشی دەپاراست، دەمدیت زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لە میوانە سعێدییەکانی دەکرد. لە گەڕەکی "سەیدە زەینەب" خانووێکی گەورەمان هەبوو، کە باپیرە سعێدییەکەم لەوێ دادەنیشت، ئەو ماڵە بێ میوان نەدەبوو، دابونەریتی سعێدییەکان وایە کە هەرکەسێکیان ئەرکی میوانداری و پێشوازی گەرمی لە میوانەکان هەیە، بۆیە باپیرم قاتێکی تەواوی خانووەکەی بۆ ئەو سەردانکەر و میوانە سعێدیانە تەرخان کردبوو، کە دەهاتنە قاهیرە و کار و بەرژەوەندی جیاوازیان هەبوو، باوکم لەو میوانداریيانە بەشداری

دەكرد و یارمەتی دەدان، ئەمە رۆشنبیرییەك. رۆشنبیرییەكەی دیكە كە هی دایكمە جیاوازە، ئەو سەر بە بنەماڵەیەكی باكوور بوو كە لە ئەسكەندەرییە لەدایك بووە. هاوسەرگیری لە نێوان ئەو دوو رۆشنبیرییە زۆر باش بوو، دایكم بە تەواوی ئەركی خۆی بە جێ دەگەیاند لە بەرامبەر میوانە سعێدییەكانی باوكم و بە باشی پێشوازی لێدەكردن، ئەم هاوسەرگیرییە رۆشنبیرییە فێری ئەوەی كردم كە گرنگ نییە ئێمە هەموومان یەك باكگراوندمان هەبێت، بەڵكو توانای بەیەكەوە ژیانی باكگراوندە جیاوازەكان هەیە.

**** رۆمانی (شیكاگۆ)ت پێشكەشی باوكت و دایكت كردووە، پێشتریش كۆمەڵە چیرۆكێكت پێشكەشی باوكت كردبوو، بۆچی؟***

– چونكە دایكم و باوكم فەزڵی زۆر گەورەیان بەسەرمەوە هەیە، هەموو ئەوشتانەیان بۆ رەخساندم كە دایك و باوكێك دەتوانن پێشكەشی كوڕەكەی بكەن، هەم لە باروودۆخ و هەم لە فێربوون، من ئێستا بە چوار زمان قسە دەكەم، چونكە لە قوتابخانەی فەرەنسی خوێندم و باشترین خوێندنم دەستكەوت، لە ئاستی ئەو بڕوایە بووم كە بەمنیان هەبوو، هیچكاتێك لە دایك و باوكم نەترساوم، تەنها لەوە ترساوم لێم تووڕە بن، لەوە نەدەترسام لێم بدەن و بمچەوسێننەوە، چەوساندنەوە و لێدان لەئارادانەبوو، بەبیرم دێت لە پۆلی یەكەمی دواناوندی لە قوتابخانە بێزاربووم، لەبەرئەوەش كە بڕوا لە نێوان من و دایكم و باوكم هەبوو، چووم پێمگوتن لە قوتابخانە بێزارم، باوكم پێی گوتم باشە تەواو.. ئەگەر ئەمجارە بێزار بووی وەرە پێم بڵێ بۆ ئەوەی پارەی زیاترت بدەمێ، ئەمە هەڵسووكەوتێكی سەیر بوو، وای لێهاتبوو دەچووم دەمگوت: ئەمڕۆ بێزار بوومە، دەیگوت بۆ كوێ دەچی؟ دەمگوت دەچمە یانەی جزیرە، یان هەرشوێنێكی دی، دوو ئەوەندەی پارەی خۆم پارەی دەدامێ، پاش ماوەیەك ئەو بێزاربوونە خۆشییەكەی نەما، چونكە بیرۆكەی بێزاربوون لەسەر بنەمای دزی بونیادنرابوو، سەرەڕای ئەوەی زۆر زیرەك بووم، بێزاربوون وانەكانی زۆر لەسەر هێشتمەوە، دەبوو بچمە لای برادەرەكانم بۆئەوەی ئەوەی لەدەستمچووە قەرەبووی بكەمەوە، نموونەی ئەم پەیوەندییە بێ وێنەیە من و دایكم و باوكمی بەیەكەوە كۆ دەكردەوە، ئەمەش هۆكاری سەركەوتنم بوو.

**** ئەی دەربارەی ئەو ئافرەتەی خێزانتە چی؟ خێزانت چ رۆڵێكی لە ژیانتدا هەبووە؟***

– دووجار ژنم هێناوە، خێزانی یەكەمم كە تا ئێستاش هاوڕێین و كوڕێكمان لە نێواندا هەیە، كە (سەیف عەلا ئەسوانی)یە، ئێستا هاوڕێیەتیمان هەیە، بەڵام ژیانی هاوسەرگیری لەنێوانماندا سەركەوتوو نەبوو، دووەمیشیان (ئیمان تەیموور)ی خێزانمە و دوو كچم لێی هەیە، (مەی) و (نەدا).

ئیمان یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنم، بەتەواوی پشتگیری کردووم، ئەمڕۆ پاش ئەو سەرکەوتنە نێودەوڵەتییەی بەدەستم هێناوە، هەرکەسێك دەتوانێ پشتگیرییت بکات، بەلاَم کاتێ گومان هەیە لەوەی تۆ لە بنەماوە سەرکەوتن بەدەست بێنی، ئەوەت بۆ پێشنیار دەکرێ لە کەنداو کارێك بکەی و رەتی دەکەیەوە، یان پێشنیار دەکرێ لە بواری سینەما بنووسی و رەتی دەکەیەوە، هەموو ئەمانەش لەپێناو ئەدەبدا، لە بارودۆخێکی لەمجۆرەدا کە مرۆڤێك پشتگیریت دەکات و ئارام دەگرێ و ئەو هەموو هەوڵە دەدات، ئەمە لەبیر ناکرێ، فەزڵێکی گەورەی بەسەرمەوە هەیە و قەرزاری ئەوم، رۆمانی (باڵاخانەی یاقوبیان)یشم پێشکەشی ئەو کردووە.

**** ئەی پەیوەندیت لەگەڵ کچەکانتدا چۆنە؟***

- پەیوەندیم لەگەڵ کچەکانمدا پەیوەندییەکی زۆر دەگمەن و جوانە، پەیوەندیشم لەگەڵ (سەیفی) کوڕمدا، پەیوەندییەکی مرۆیی زۆر جوانە. ئەوەم لە کچەکەم بەدی کردووە کە دایکێکی بچکۆڵەیە، دایکم کە کۆچی دوایی کردووە، وەکو ئەوەی خوا لە کچەکەمەوە دایکێکی دیکەی پێ بەخشیبمەوە. پەیوەندیم لەگەڵ کچەکانم زۆر جوانە، یەکێکیان بەهرەی لە پیانۆدا هەیە و لەو بوارەدا هەنگاوی گرنگی ناوە، سێ ئەزموونی نێودەوڵەتی تێپەڕاندووە. ئەوەی تریشیان زیاتر کەسێکی کردارییە نەك هونەری.

لەو باوەڕەدام کە دڵخۆشییە کچت هەبێت، هەبوونی کچ بۆ باوك پێویستییەکی زۆر گەورەیە.

**** ماوەتەوە ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی، چۆن دەڕوانیتە ئافرەت و ئافرەت لە ژیانی تۆدا کێیە؟***

- ئافرەت لە ژیانی مندا شتێکی بنەڕەتییە، هیچ وێستگەیەکی گرنگی ژیانی خۆم بە بیردا نایەت کە ئافرەت رۆڵێکی سەرەکی تێدا نەبینیبێ، لە دایکمەوە بۆ ئیمان تەیووری خێزانم، دایکی باوکم و دایکی دایکم، هەروەها پوورم کە بۆ من وەکو دایك بوو، بەگشتی پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونانەی بلاَوبوونەتەوە، جا چ نوێگەری بن یان کۆنەخواز، من ئاسانتر بڕوا بە ئافرەت دەکەم نەك پیاو، ئەمە کارێکی سەیرە، بەلاَم راستییە، وای دەبینم لە هەموو ئاستەکاندا مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت ئاسانترە، بۆنموونە، ئەزموونم لەگەڵ ئەو ئافرەتە پزیشکانە و ئەو سکرتێرە ئافرەتانە هەیە کە لە کارەکانمدا یارمەتیم دەدەن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ئاسانە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئافرەت بوونەوەرێکی زۆر هەستیارە، وەکو پزیشکێك دەڵێم پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە ژیان لەناو ئافرەتەوە دروست دەبێت، ئێمە وەکو پیاو دەست بە رۆڵەکە دەکەین، بەلاَم زانستێکی تەواویش هەیە بەناوی (کۆرپەڵەناسی)، ژیان رۆژ

لەدوای رۆژ و هەفتە لە دوای هەفتە، لەناو ئافرەتەوە دروست دەبێت. ئافرەت بوونەوەرێکە لە رادەبەدەر هەستیارە، توانایەکی زۆری هەیە بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتن، ئەزموونی خۆم فێری کردووم کە ئەگەر رێز لە ئافرەت بگری و بڕوات پێی هەبێ و راستگۆ بی لەگەڵیدا و ئەویش بڕوات پێ بکات، موعجیزەت لەپێناودا دروست دەکات، بەخشینێکی بێسنووری هەیە، پیاو هەموو کاتێك وا نییە، لەوانەیە وابێت، بەلاّم لەوانەشە هەندێ لێکدانەوەی هەبێت، خۆشی دەوێی، بەلاّم بەشێوەیەکی سنووردار، چونکە عەقل لەلای پیاو زۆر بە ئاگایە، هەڵبەت عەقلی ئافرەتیش بە ئاگایە، بەلاّم هەست و سۆزێکی زۆر بەرزی هەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت رێز لە ئافرەتی میسری بگری ئەوە نموونەیەکی گەورە و دەگمەنە.

سەبارەت بە ئافرەت لە رۆژئاوا، بابەتەکە روون و ئاشکرایە، پەوەندییەکە بە شێوەیەکی کردارەکی لێکدراوەتەوە، بیر دەکەیتەوە کە کار دەکەی یان نا؟ ئەگەر کار دەکەی داهاتێکت بۆ ماڵەوە دەست دەکەوێ و لەگەڵ پیاو لەیەك ئاست دان، من رۆژێك بەدیار منداڵەوە دادەنیشم تۆش رۆژێك، من ئەمڕۆ قاپ و قاچاخ دەشۆم و تۆش بەیانی دەیشۆی. ئافرەتی میسری چەندین ئەرکی لەسەرە، دایکە، هاوسەرە، بەخێوکەرە، کاریش دەکات و لەبەرامبەر هەر کەموکوڕیەکیشدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، لە کاتی کارکردندا ئەو مافەی نییە بڵێت من لە ماڵەوە ئەو بەرپرسیارێتییەم هەیە، لە ماڵەوەش پیاو مافەکانی خۆی لێ داوا دەکات و پەیوەندی بەوەوە نییە بە درێژایی ئەو رۆژە چ بەرپرسیارێتییەکی هەبووە، ئافرەت هەموو ئەو کارانە دەکات و ئێمەش پێمان وایە ئەمە کارێکی سروشتییە، ئێمە بەهای ئافرەتی میسری نازانین کە کچی من و کچی تۆ و خوشکی تۆ و خوشکی منن، تەنها ئەوکاتە نەبێ کە بە ئافرەتی بێگانەوە پەیوەست دەکرێت، ئافرەتی میسری زۆر دڵفراوانە، بەلاّم بەداخەوە کەم رێزی لێ دەگیرێ، کۆمەڵێ بیروبۆچوونی دواکەوتووانە بلاّوبۆتەوە کە لە ئەنجامی کەناڵە ئاسمانییە توندڕەوەکانەوە هاتۆتە ناو کۆمەڵگای میسری و هەمووشی لەسەر حسابی ئافرەتانە و بە خراپی لەسەریان دەشکێتەوە، تۆ وەکو ئادەمیزادێك سەیری ئافرەت ناکەی، بەڵکو بە چاوێکی نزم لێی دەڕوانی و وای دەبینی کە هۆکارێکە بۆ منداڵ دروستکردن و سێکس و تەنها سەرچاوەی گومراییە. ئەگەر ئەندازیار یان رۆژنامەنووس یان پزیشکیش بوو، ئەوە بە هیچ شێوەیەك گرنگ نییە، ئەمەش کێشەیەکی ترسناکە بۆ سەر ئافرەتان، بۆیە هیواخوازم چاوپێداخشانەوەیەك بکەین و رێز لە ئافرەتی میسری بگرین، چونکە بەڕاستی پێویستە رێزیان لێ بگیرێ.

**** تۆ باسی هەندێك لەو کێشانەت کرد کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە، ئەی چارەسەر چییە بۆ باشکردنی بارودۆخیان؟***

- من دژی ئەوەم کێشەی ئافرەتان دوور لە کێشەی کۆمەڵگا بخرێتەڕوو، چونکە من وای دەبینم ئەمە ئەگەر نیازێکی باشیشی لە پشتەوە بێت، ئەجێندایەکی رۆژئاوایی سەرنەکەوتووە، ئەگەر نیازێکی خراپیشی لە پشتەوە بێت، ئەوا مەبەستدارە، چونکە ئافرەت کەمینەیەك نییە، لە بیاباندا بژییێت، خێزان و کچ و خوشك و دایکی منن، باش نییە کێشەکانیان وا بخرێتەڕوو کە جیاوازن لە کێشەکانی کۆمەڵگای میسری. ئافرەتی میسری ئازاد نابێت تا کۆمەڵگای میسری ئازاد نەبێت. مەبەستم ئەوەیە تێکۆشانێکی راستەقینەمان لە پێشە لەپێناو رزگارکردنی کۆمەڵگای میسری لە هەموو ئەو بەربەستانەی رێگا لە پێشکەوتنی دەگرن. پێویستمان بە چاکسازی دیموکراسی و بیروبۆچوونی مرۆیی پێشکەوتنخواز هەیە. پێویستە وا مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکەین کە مرۆڤە نەك شتێکی تر. بیروبۆچوونە دواکەوتووەکان وەکو مێینەیەك دەڕواننە ئافرەت، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، ئەوەی بەدوادادێت کە دان بە توانا و لێهاتوویی و مافەکانی دانەنرێت، ئەگەر ئافرەت بیست و چوار کاتژمێر مێینە بێت، ئەمە گرنگترین سیفەتی ئەوە، بەلاّم ئەگەر بۆ ئێمە تەنها جەستە بێت، یان ئەگەر تەنها سەرچاوەی چێژ و گومرایی بێت، ئەگەر وای دابنێین توانا ئەخلاقییەکانی لەدەستداوە، بەو مانایەی کە خۆی ناتوانێ ئەخلاقی خۆی بپارێزێت و دەبێ یەکێك هەبێ بیپارێزێ، ئەگەر من وەکو گەنجێك توانیم دەستدرێژیان بکەمەسەر و سزا نەدرێم، ئەمە کێشەیە، بەشێکی زۆری بلاّوبوونەوەی دەستدرێژی سێکسی بۆ ئەم بەکەم سەیرکردنەی ئافرەت دەگەڕێتەوە.

**** بۆ رۆژنامەی گاردیان باسی (کۆماری ئەدەب)ت کردووە، ئەمە لە چ کۆنتێکستێکەوە هات؟***

- (کۆماری ئەدەب) بوونی هەیە و ئەمەش باشترین کۆماری سەر رووی زەوییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مەبەستم ئەوەیە کاتێ تۆ لەسەر رۆمانێك یان شیعرێك رادەوەستی، دەبییە هاوولاّتییەکی کۆماری ئەدەب، جا چ هیندی بیت یان میسری، موسوڵمان بیت یان یەهودی یان مەسیحی، ئەدەب بە شارەزاییەکی دوورودرێژ و بەرفراوان، مامەڵە لەگەڵ بەشێکی شکۆداری مرۆڤایەتیدا دەکات، هیچ جیاوازییەك لە نێوان خوێنەری رۆماندا نییە، لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، هاوولاّتییەکی (بەرازیلی یان میسری یان ئینگلیزی) لەبەرامبەر هەر رۆمانێکدا خوێنەرە و لە هەموو ئەو کێشە و پەیمانە سیاسی و دەروونی و رۆشنبیرییانە رزگار دەبێت کە لەمیانەی ژیانی رۆژانەیدا جەهەننەمێکی بۆ دروست دەکەن، لە بەرامبەر ئەدەبدا تۆ خوێنەری، بۆیە گوتوومە: کۆماری ئەدەب جوانترین کۆمارە بە شێوەیەکی رەها، کۆمارێکە کە هەموو خوێنەرەکانی ئەدەب دەچنە ناویەوە، ئەمەم گوتووەوە ئەمەش تەنها قسەی من نییە،

بەڵکو قسەی (مارکیز)یشە کاتیَ دەڵێت: "بابەتی باش ڕۆمانی باش دروست ناکات". با وای دابنێین من بابەتێکی باشم هەیە و بە شێوازێکی خراپ دەینووسم، بێگومان ڕۆمانێکی خراپ دەردەچێت، من تەواو بڕوام بە گوتەکەی مارکیز هەیە و ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە "بابەت بەس نییە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی باش، بەڵام ڕۆمانێکی باش بابەتێکی باش پێشکەش دەکات"، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕۆمانە چیرۆکی خۆشەویستییەکی ئاساییش بێت، ئەمە ڕۆمانێکی باشە و لەمیانەیدا لایەنەکانی سۆزی خۆشەویستی دەدۆزینەوە کە خۆمان پەیڕەوی دەکەین، بەڵام تێی نەگەیشتووین، پاشان دەڵێین ئایا بابەتەکە بەسە؟! نەخێر بابەتەکە بەس نییە، من هەوڵ دەدەم بەرگری لە ئەدەبێکی هونەری پوخت بکەم دوور لە ڕەگەزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، قسەی من بۆ گاردیان لەوەوە هاتووە، لە کۆنتێکستی بەرگریکردن لە ئەدەبێکی پوخت.

**** لە کۆتاییدا چی تازەت هەیە؟***

- ئێستا کار لەسەر نووسینی ڕۆمانێکی نویَ دەکەم، هەمیشە ترسناکییەکی گەورەیە باس لە بابەتێك بکەم کە خەریکی نووسینیم، بەڵام خوازیارم ساڵی داهاتوو تەواوی بکەم، ڕۆمانێکی گەورەیە و باس لە میسر دەکات لە میانەی ساڵانی چلەکاندا.

# پزیشکی و ئەدەب دووڕووی یەك دراون



**گفتوگۆ لەگەڵ عەلا ئەسوانی**

بۆ ماوەی پێنج ساڵ، رۆمانەکەی (باڵەخانەی یاقوبیان) لە ریزی پڕفرۆشترین رۆمانەکانی جیهانی عەرەبی بوو، جارێکی تر بە رۆمانی (شیکاگۆ) بەدیارکەوتەوە کە بە هەمان ئەندازە ناوبانگی پەیداکرد، لە ماوەی دووساڵدا پازدە جار چاپکرایەوە، رۆمانەکانی بۆ نزیکەی (٢٧) زمان وەرگێڕدراون، لەوانەش (فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، نەرویجی، دانیمارکی..).

بەشێك لە رۆمانەکانی لە گەورەترین بلاّوکراوە ئەدەبییەکانی ئینگلتەرا بلاّوکرایەوە کە ئەویش پاشکۆی ئەدەبی رۆژنامەی (سەندەی تایمز) بوو. هەروەها رۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان) گەیشتە ریزی پێشەوەی لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهان.

گۆڤاری (لیر) ئەو رۆمانەی بە پلەی شەشەم دانا لە ریزی ئەو بیست کتێبە گرنگەی ساڵی (٢٠٠٦) لە فەرەنسا دەرچوون. هەمان ساڵ گۆڤاری (نیوز دەی) ئەمەریکی وەکو گرنگترین رۆمانی وەرگێڕدراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دیاریکرد و بەبۆنەی فرۆشتنی یەك ملیۆن دانە لە رۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان) و وەرگێڕانی بۆ نزیکەی (٢٧) زمانی نا عەرەبی کە لە زیاتر لە سەد وڵاتی جیهانیدا بلاّوبووەوە، ئاهەنگێکی بۆ سازکرا.

ئەو کەسە، نووسەر و ئەدیب (عەلا ئەسوانی)یە، کە لە سەرەتادا بە دەست کەمی بلاّوکردنەوە دەینالاّند.

لەم دیمانەیەدا ئەدیب و پزیشکی ددان (عەلا ئەسوانی) هەوڵی راڤەکردنی ئەم جیهانە دەدات.

**** چۆن پزیشکی وەکو پیشەیەك و ئەدەب وەك بەهرەیەك بەیەکەوە کۆ دەکەیتەوە و چۆن سەرکەوتنی خۆت لەم نێوانەدا کۆکردۆتەوە؟***

-پەیوەندی نێوان بواری پزیشکی و ئەدەب، پەیوەندییەکی زۆر کۆنە، لەوانەیە پیشەی پزیشکی لە مێژووی ئەدەبدا زۆرترین شتی بە ئەدیبان بەخشی بێت، لەوانە (ئەنتۆنی چیخۆف)ی روسی، یەکێکە لە کورتەچیرۆکنووسە گرنگەکانی جیهان، (ئیمیل زۆلا) لە فەرەنسا، لە ئەدەبی عەرەبیش (ئیبراهیم ناجی و یوسف ئیدریس و محەمەد مەخزەنجی)، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بابەتی پزیشکی و بابەتی ئەدەب، یەك بابەتە و تەوەری هەردووکیان مرۆڤە، هەردووکیان لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکۆڵنەوە، بەلاّم بە هۆکاری جیاواز، پزیشك لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم ئازارانە کەم بکاتەوە، بەلاّم ئەدیب لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەستی بکات بە دیاردە کۆمەلاّیەتییەکان و دەریان ببڕێت. بواری پزیشکی و ئەدەب دوو رووی یەك دراون. (پزیشك) زۆر لە مرۆڤەوە نزیکە، بە هەمان شێوە (ئەدیب)یش، گۆچانی مرۆڤ هەرچۆنێك بێت، نیشانەی لاوازییەکی زۆرە بەرامبەر مرۆڤ، هەمان شتیش لەگەڵ ئەدیب روودەدات، لەیەکچوونەکە روون و ئاشکرایە.

**** عەلا ئەسوانی پزیشك و ئەدیب كەی هەست بە ئازارەكانی مرۆڤ دەكات؟***

- من كاری پزیشكی و ئەدەبی بە یەك دەچوێنم، هەردووكیان خزمەتی (برین) دەكەن، هەردووكیان یەك كار ئەنجام دەدەن، چۆن نەشتەرگەری برینە تێكچووەكان دەكاتەوە، بە هەمان شێوەش قەڵەم برینەكانی كۆمەڵگای مرۆیی دەكاتەوە، قەلەم خەڵك لە بەردەم ئاوێنەیەك دادەنێت كە هەموو شتێكی بۆ روون دەكاتەوە، ناتوانیٚ كەموكوڕی و كێشە كۆمەڵایەتییەكان تێپەڕێنیٚ تا تێنەگات و كێشە و كەموكوڕییەكان بە قەبارەی راستەقینەی خۆی دەبینیٚ. لێرەشەوە كێشەكانی ئەدەب بەدیار دەكەون، زۆر كەس لە حەقیقەتی ئەدەب تێناگەن كە بە شێوەیەكی سیمبولی دەربڕی كێشەكانی كۆمەڵگایە و وەكو نەشتەرگەرییەكە بۆ كۆمەڵگا. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە حوكم بدەین، دەبیٚ وا بڕوانینە رۆمانەكانی (نەجیب مەحفوز) كە سووكایەتییان بە میسر كردووە. لە راستیدا ئەم رۆمانانە تیشك دەخەنە سەر شتە خراپەكانی كۆمەڵگا، بەهەمان شێوەش رۆماننووسە عەرەبەكانی تری وەكو (رەجا سالّح) لە سعودیە كە رووبەڕووی هێرشێكی توند بووەوە، كاتیٚ رۆمانی (كچانی ریاز)ی بڵاوكردەوە، كەسانێك لە رۆمانەكەی تووڕە و بێزاربوون، چونكە وێنەیەكی خراپی وڵاتەكەی پیشان دەدا.

**** كەی بەهرەی ئەدەبی رۆماننووس عەلا ئەسوانی بە دیاركەوت؟***

- لە منداڵییەوە.. ئەوكات تەمەنم (١١) ساڵان بوو، من لە ماڵی رۆماننووسێكی گەورە پێگەیشتم، ئەویش مامۆستا (عەباس ئەسوانی) بوو، پێشتر خەڵاتی رێزلێنانی ئەدەبی و میدالیای ئەدەبی لە ساڵی (١٩٧٢) بەدەستهێنابوو. سەرەڕای ئەمەش خوێندنەوە و نووسین كاریگەرییەكی زۆریان لەسەر كەسایەتی من هەبوو.

**** ئایا شتێك هەیە بەناوی (ئەدەبی ئیسلامی) و یەكێكی تر بەناوی (ئەدەبی نائیسلامی)؟***

- هەر ئەدەبێكی گەورە، ئەدەبی ئیسلامییە، ئەدەبی باش ئەو ئەدەبەیە كە بەرگری لە راستی و دادپەروەری و ئازادی دەكات و بەرگری لە مافەكانی مرۆڤ دەكات. كاتێك بەرژەوەندی خەڵك هەبوو، ئەو كاتە شەریعەتی خوا جێبەجێكراوە. كەواتە هەر ئەدەبێكی گەورە ئەدەبی ئیسلامییە. ئەدەب پێویستی بەوەیە هەناسە بدات. بەڵام ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ هەیە، ئەدەبی باش ئەو ئەدەبەیە كە دەتوانریٚ ناوی لیٚ بنریٚ ئەدەبی ئیسلامی.

**** زۆر خەڵاتتان بە دەست هێناوە، كامە خەڵات كاریگەری لەسەرتان هەبووە و رەنگدانەوەی راستەقینەی لەسەر كەسایەتیتان هەبووە؟***

- هەموو خەلاتەکان کاریگەری باشیان لەسەرم هەیە، من تەنها یەك خەلاتم لە جیهانی عەرەبی بەدەستهێناوە، هەموو خەلاتەکانی دیکەم لە جیهانی رۆژئاوا بە دەست هێناوە. خەلاتی وام بەدەستهێناوە لە نەمسا و ئەڵمانیا کە پێشتر هیچ میسرییەك بە دەستی نەهێناوە. ئەم خەلاتانە پێگەی تایبەتییان لای من هەیە. من کەم تەرخەمم بەرامبەر خۆم، بە هیچ شێوەیەك خۆم پێش ناخەم بۆ خەلاتەکان. خەلاتەکان خۆیان بۆ من دێن. زۆربەی ئەو خەلاتانە تۆ خۆتیان بۆ ناپاڵێوی، بەڵکو ئەوان هەڵت دەبژێرن بۆ ئەو خەلاتە.

*** ئایا ئەمە لەبەرئەوەیە کە جیهانی عەرەبی رێز لە ئەدەب نانێن؟**

- فەلسەفەی خەلاتی دادپەروەرانە لە جیهانی عەرەبی نییە، زۆربەی ولاتانی عەرەبیمان لە بارودۆخێکی زۆردارانە دەژین. زۆربەی بڕیاربەدەستەکان هەژارن لە دروستکردنی گیانی دادپەروەرانە، خەلاتەکان لەسەر بنەمای لایەنگیری دابەش دەکرێن. ئەم سیستەمە کە لە بەهاکان لای داوە، لە زۆربەی خەلاتەکانی جیهانی عەرەبی خۆی بەردەوام بەرهەم دێنێتەوە.

*** وای نابینی کە شەش رۆمان قەبارەیەکی بچووکە لە بەرامبەر قەبارەی ئەدیبێکی وەکو ئێوە؟**

- ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە بۆ ئەدەب، چونکە ئەدەب کارێکی بەرهەمهێنەرانە نییە و ناتوانرێ بە هەمان ئەو تەرازووەی کە شتەکانی دیکەی بە کیلۆ پێ دەکێشرێت، پێوانە بکرێت. بیرۆکەی چەندێتی لە رۆماندا بیرۆکەیەکی نادروستە.

*** عەلا ئەسوانی کەی حەز دەکات بنووسێت و ئەو بابەتانە چین کە سەرنجی رادەکێشن؟**

- بەیانی زوو کاتژمێر شەش و نیو دەست بە نووسین دەکەم تا دوازدە و نیوی نیوەڕۆ بەردەوام دەبم، ئامانجێکی روون دادەنێم، چونکە من هێلکارییەکانی هەر رۆمانێك بە زیاتر لە سێ ساڵ دەکێشم.

*** چ شتێك رۆماننووس عەلا ئەسوانی زویر دەکات و لە نووسین دووری دەخاتەوە؟**

- هەستکردن بە زوڵم، زۆرترین ئەو شتانەیە کە وا دەکات بەتەواوی لە نووسین دووربکەومەوە، من دڵسۆزی تەواوم بۆ بیرۆکەی دادپەروەری هەیە، مرۆڤی ئاسایی ئەو کەسەیە کە هەمیشە بەدوای دادپەروەریدا بگەڕێت.

*** ئەسوانی چەند جار هەستی بە زوڵم کردووە؟**

- زۆر هەست بە زوڵم دەکەم و ئەوەی مرۆڤ داوای لێکراوە، ئەوەیە کە هەمیشە بەدوای بیرۆکەی دادپەروەریدا بگەڕێین.

**** کەسایەتی پاڵەوان لە هەموو ڕۆمانەکانی تۆدا کێیە؟***

- مرۆڤێکە کە هەڵگری خەمەکانییەتی.

**** ئەو کەسانە کێن کە ئاواتەخوازی لەسەریان بنووسی و تا ئێستا نەتوانیوە لەبارەیانەوە بنووسی؟***

- ئیسحاق موسڵی، باوکی مۆسیقای عەرەبی، ئەو کەسە لەسەردەمی زێڕینی عەباسییەکاندا ژیاوە و زانایەکی گەورەی بواری فیقه و فەلسەفە بووە.

**** خۆشەویستی لە ژیانی ئەدیبدا چییە؟***

- خۆشەویستی شتێکی جوانە، من بە مانا گشتگیرەکەی مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستیدا دەکەم، خەڵکم خۆش دەوێ و حەزدەکەم لێیان نزیك ببمەوە، دەربڕین لە ئەدەبدا ئەوەیە کە تۆ خەڵکت خۆش دەوێ و حەز دەکەی دەربارەیان بنووسی.

**** کەی دڵخۆش دەبی و کەی تووڕە دەبی؟***

- ئەو کاتەی زوڵمێك دەکرێت تووڕە دەبم و ئەو کاتەی ماف بۆ خاوەن ماف دەگەڕێتەوە دڵخۆش دەبم.

**** ئایا ئەسوانی لە ژیانیدا زوڵمێکی دیاریکراوی بەرامبەر کراوە کە وای لێ بکات لە دەربڕینەکانیدا زۆر باسی زوڵم بکات؟***

- من لە ئەدەبدا ڕووبەڕووی زوڵم بوومەتەوە و تووشی کێشەی بڵاوکردنەوە بوومە، بەڵام ئەمە هۆکاری ئەوە نییە کە لە ڕۆمانەکانمدا باسی زوڵم و بیرۆکەی دادپەروەری بکەم، بیرۆکەی دادپەروەری، کەسایەتی ئاسایی و یەکسان بەرهەم دەهێنی.

**** هیوایەتەکانی دکتۆر عەلا ئەسوانی چین؟***

- دیموکراسییەت بەدی بێت، چەندە جێبەجێکردنی دیموکراسییەت دوا بکەوێ، کات و هەوڵ و تێکۆشانەکانمان بە فیڕۆ دەچێ.

**** بە کێ کاریگەر بووی و وای دەبینی کە مافی خۆی وەرنەگرتووە؟***

- نەجیب مەحفوز مافی خۆی وەرنەگرت و من خۆم بە درێژکراوەی ئەو دادەنێم، ڕێزگرتن لە ئەدەبی ئەو دواکەوت، ئەگەر نەجیب بەحفوز عەرەب نەبا، زووتر خەلاتی نۆبڵی پێ دەدرا، لە ڕۆمانە (سێینەکەی)ڕا پێی دەدرا، ماوەی چل ساڵان خەلاتی نۆبڵ نەجیب مەحفوزی نەناسی، تا ئەوکاتەی چیتر نەیتوانی لەبیری بکات و فەرامۆشی بکات، ئەوەبوو دوای ڕۆمانی (منداڵانی گەڕەکەکەمان) خەلاتەکەی بەدەستهێنا کە لاوازترین ڕۆمانی ئەوە.

**** بەهۆی وەرگرتنی خەلاتی نۆبڵەوە، نەجیب مەحفوز زۆر تۆمەتی درایە پاڵ؟***

- ئـەو تۆمەتانـەی ئاراسـتەی مـەحفوز کـران، لـە دەرەوەی ئـەدەب بـوون، لـە لایـەن عەقلیەتێکی سـنووردار و لـە رووی شارسـتانییەوە دواکـەوتووەوە ئاراسـتەی کـران، ئەوانـەی هێرشیان کردە سەر مەحفوز، توندڕەوی دینی بوون.

## عەلا ئەسوانی:

- لە ساڵی (١٩٥٧) لە میسر لەدایکبووەو لە خێزانێکی بۆرژوازیدا پەروەردە بووە.

- باوکی (عەباس ئەسوانی) پارێزەر و ڕۆماننووسێکی ناوداری میسر بووە.

- لە قوتابخانەی ئەلیسێی فەڕەنسی لە قاهیرە خوێندوویەتی.

- ماستەری لە نۆشداری ددان لە زانکۆی ئەلینۆی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەستهێناوە.

- لە مەدرید ئەدەبی ئیسپانی خوێندووە.

- هەمیشە وەکو نەیارێکی حکومەتی میسر هەڵوێستی هەیە و وەکو ئەندامێکی چالاکی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی کیفایەی میسری کاری کردووە.

- جگە لە کاری پزیشیکی و ئەدەبی، وەکو ڕۆژنامەنووسێکی چالاکیش کار دەکات و گۆشەی هەفتانەی لە ڕۆژنامەی (دەستوور)ی میسری هەبوو، گۆشەی هەفتانەی لە ڕۆژنامەی (شروق جدید) هەبوو، بەلاّم بە هۆی وتارێکەوە کە لەسەر جەمالی کوڕی حوسنی موبارەك نووسیبووی گۆشەکەی راگیرا.

- بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوە ئەنجام دەدات و سمیناری ئەدەبی و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەوانی ئەنجام دەدات.

- یەکەم میسری بوو کە خەلاّتی (برۆنۆ کرایسکی) بەدەست هێنا، هەمان ئەو خەلاّتەی پێشتر بەخشرابووە سەرکردەی ئەفریقیای باشوور (نیلسۆن ماندێلا).

## کتێبەکانی:

١.عمارة يعقوبيان (رۆمان).

٢.نيران صديقة.

٣.شيكاجو، (رۆمان).

٤.هل نستحق الديمقراطية.

٥.لماذا لايثور المصريون.

# نووسین پیشەیەکی ترسناکە هەرچەندە ئاشتیخوازیش بێت



**گفتوگۆ لەگەڵ فەزیلە فاروق**

پێنووسەکەی بوێرانەیە، پاشەکشە نازانێ، بێ ئەوەی شەرم بکات لە بەرامبەر قسەی گریمانەکراو دەنووسێ، ئەم رۆماننووسە داهێنەرە دەربارەی رەخنە دەڵێت: "ئەو رەخنەیەی کارە ئەدەبییەکان بە قوڵی بخوێنێتەوە، بێلایەن دەبێت و کاری ئەدەبی دەوڵەمەند دەکات.. جگە لەمە رەخنە دەبێتە گاڵتەجاڕی، واتا ئەوکاتەی رەخنەگر دەبێتە واعیز یان تێکۆشەرێکی سیاسی".

رۆمانەکانی بواری بینینی جیاوازت دەخەنە بەردەم، لە شێوازیدا ئامادەگی میزاجیی نازانێ.. بە بنەچە جەزائیری و بە ژیان لوبنانی، ئەویش (فەزیلە فاروق)ە.

*** چۆن گەیشتیتە رۆمان وەکو ئامرازێك بۆ دەربڕین؟**

- ماوەی دە ساڵ کورتەچیرۆکم نووسی، هەمیشە لە ناخەوە هەستم دەکرد پێویستم بە رووبەرێکی فراوانتر هەیە بۆ دەربڕین، دواتر پاش ئەم هەموو ساڵە، دوو کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمم لە بەیروت بلاۆکردەوە، تووشی سەرسامی بووم بەوەی کە وەکو پێویست گرنگی پێ نەدرا، سەردەمی ئەم جۆرە نووسینە بەسەرچووە، مەبەستم شێوەی چڕکردنەوەی رووداوەکان و بونیادنانی رووداوەکانە لە کورتەچیرۆکدا، تا ئەوە روون بووەوە کە خەڵك (بە خۆشمەوە) حەزیان لە وردەکارییە، بینیم کە رۆمان لە بابەتەکانی دیکە زیاتر دەخوێنمەوە، چێژی زیاترم لێوەردەگرت و هەستم کرد کە دەتوانم بە شێوەیەکی پاراوتر بنووسم، دوور لە و کۆتوبەندەی کورتەچیرۆك دەیسەپێنێ. (میزاجی هەرزەکارانە) یەکەم رۆمانم بوو، دەرکەوتنێکی پێشوازی لێکراوبوو، دواتر لێشاوی گوتن بەرەو نووسینی رۆمان پەلکێشی کردم.

*** رۆمان و رۆماننووس هەن، بەلاّم رۆمان گەیشتۆتە کوێ؟ ئایا رۆمان توانیویەتی کەشێکی تر بۆ خۆی دروست بکات؟**

- نازانم گەیشتۆتە کوێ!! ئەوە دەزانم کە ئێمە لە نیشتمانی عەرەبیدا هەموو شتێك گەندەڵ دەکەین، بە باشی دەست پێدەکەین و بەشێوەیەکی خراپ کۆتایی پێدێنین، هیوادارم بەم شێوە خراپە کۆتایی بە رۆمان نەهێنین، نیشتمانی عەرەبی نووسەری جوانی لێ هەڵکەوتووە، لە نموونەی: عەبدولڕەحمان مونیف، حەننا مینا، سوهێل ئیدریس، ئیبراهیم ئەلکەونی، تەیب ساڵح، تاهیر وەتار، غادە سەممان، واسینی ئەلئەعرەج و زۆر ناوی تر، ئەمڕۆ ناوی نوێ خزاوەتە ناو ئەمانە کە زۆربەیان بەبێ هۆشیاری دەنووسن. نووسین پیشەیەکی ترسناکە هەرچەندە ئاشتیخوازیش بێت.. ئەمڕۆ رۆمانی عەرەبی دەخلیسکێتە ناو کۆمەڵێ نووسینی کەڵەکەبووی خراپی هەرزەکارانە بەوانەی کە دەگونجێن و بەوانەش کە ناگونجێن، پێم ناخۆشە کە ئێمە بەو شێوەیەین، لێرەوە مرۆڤ دەبێتە یاریکەرێکی خراپ، یان دەبێ بچێتە ناو گەمەکەوە یان تێکی بدات، ئەمەیە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی

رۆمانـدا روودەدات، لـە بلاوکردنـەوەی ئـەو کارانـەی کـە بـەنرخێکی بـاش دێـن، ڕۆڵـی بلاوکرنەوە لە سەر فرۆشتنی ناوەکـان وەسـتاوە نـەك دیـاریکردنی دەقـەکان، ئینجـا هـەر کەسێکی (زۆربلێ) کە بیەوێ ببێتە نووسەر، تەنها پارە دەدات و دەبێتـە نووسـەر، بـەلام نووسەرە راستەقینەکان زۆربەیان بەر ئەو (مەقسەلە)یە کەوتوون کە رۆلّی بلاوکردنـەوە لـە نیشتمانی عەرەبی داینا، هەرچـی پەیوەسـتە بـە (دروسـتکردنی کەشـێکی تـر) بـاش لـە پرسیارەکەت یان لە مەبەستەکەت نەگەیشتم، ئایـا (کـەش) بـە مانـای تێکشـکانی شـتە ئامادە نوێیەکان و چوونە سەر بابەتی نوێ دێت؟ یان مەبەست لە پرسیارەکە دروسـتکردنی کەشێکی رۆشنبیری نوێیە؟ لە هەموو حاڵەتەکاندا دەقی باش توانیویـەتی کێشـەی گـرنگ چارەسەر بکات و ئاسۆیەك بکاتەوە بۆ گفتوگۆیەکی باش لە نێوان رۆشنبیر و نەوەی نوێ.

**** ئایا هیچ روانگەیەك دەبینی بۆ گەشەپێدان بە تەکنیکی گێڕانەوەی رۆمان؟***

- دەرگای ئیجتیهادکردن لە بەردەم هەموو داهێنەرێکدا کراوەیە، خوای گەورە بـەهرەی داهێنانی بە ئێمە بەخشیوە، کەواتـە پێویسـتە تـەکنیکی گێڕانـەوە لـە سـەر یـەك شـێوە نەوەستێت، رەحمەت لە جیاوازیدا هەیە، زۆر جوانە کە گەشە بە تەکنیکەکانمان بـدەین و بـە شتی نوێ بیوروژێنین، لەوانەیە ئەدەبیاتی لاتینی سەرنجڕاکێشـتر بێـت لـە ئەدەبـەکانی تـر، ئەویش بەهۆی تەکنیکییەوەیە، بەلام هەموو ئەدەبێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا ئـەدەبیاتی عێراقـی زۆر باشـە و زۆر دەیخوێنمـەوە، بـەلام دەشـبینم بۆنموونـە، سامۆئێل شەمعون بەهۆی رۆمانەکەیەوە (عێراقییەك لە پاریس) ناوی دەرکرد، چونکە پشتی بە تەکنیکێکی نوێ بەستبوو، بەلام بەداخەوە رەخنەگران تائێستا مافی تەواویان بەم رۆمانـە نەداوە، هەروەها (بەتول خزەیری) کە لە سەردەمی حوکمی سەدام لە سێدارە درا، نموونەیـەك لە (گێڕانەوەی وەسفی) جوانی پێشکەشکرد، سەرەڕای ئەوەی بۆ چەند زمانێـك وەرگێـڕدرا، بەلام مافی خۆی پێنەدرا، رۆمانەکانی (موتڵەك) دوو جوانترین رۆمان بوون لەو رۆمانانەی کە خوێندمەوە، شێوە و بونیادی رۆمانەکان سەرسامی کـردم، بەگێڕانـەوە دەسـت پێـدەکات و بەرەو شتی دی دەڕوات.. جیهانی ئەمڕۆ پڕە لە رۆمان، کۆتوبەندکردنی تەکنیکی نووسـین و جوانییەکانی لە یەك شێوە نووسیندا زوڵمە.

**** (ئەحلام موستەغانمی، کلادیس مەتەر، سورەییا نافیع و...) ئەم ناوانە و ئەوانیتریش لە نووسینی رۆماندا ناسراون و جیاوازن، تۆش لە نێوان ئەمانەدای، وای نابینی کە کارەکە لە پێشبڕکێیەکی جیهـانی دەچـێت (پێشـبڕکێی بەرهـەمهێنان و دروسـتکردن و خێرایـی گواستنەوە بۆ گەیشتن بە مێشکی خوێنەر) و هەر ئەمەش ئامانجە؟***

- سەبارەت بە من پێشبڕکێ نییە بەقەدەر ئەوەی ئەرکە، یان نامەیەکە، زیاتر لەمەش من مرۆڤێکی زۆر قەدەرییم و هەمیشە هەست دەکەم خوای گەورە هەر مرۆڤێکی لە شوێنێك داناوە لەپێناو حیکمەتێکدا، من لەنێوان ئەو شەپۆلی نووسەر و رۆماننووس و شاعیر و چیرۆکنووسانەدا دەنووسم و باوەڕی تەواویشم بەوەیە خوا منی لە و شوێنە داناوە کە بۆم دانراوە، شوێنی هیچ کەسێکم نەگرتووە و هیچ کەسێکیش شوێنی من ناگرێت، لە هەندێ حاڵەتی لەمجۆرەدا، ئیمان راڤەیەکی زۆر باشە بۆ پرسیارە ئەدەبییەکانمان، بەپێچەوانەوە لە نووسین و داهێنان و تەنانەت، لە ژیانیشدا دەوەستین. حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە: دەگێڕنەوە کە "گەورەمان (نوح -سەلامی خوای لەسەر بێت) ئافرەتێکی بینی بۆ کوڕەکەی دەگریا، لێی پرسی بۆچی دەگری؟ ئافرەتەکە گوتی: کوڕەکەم بە بچووکی مرد. لێی پرسی: تەمەنی چەند بوو؟ گوتی: لە سەد ساڵ تێپەڕیبوو. حەزرەتی نوحیش پێی گوت: سەردەمێك دێت کە خەڵکی کەمتر لە شەست ساڵ دەژین. ئافرەتەکە تەماشای کرد و گوتی: ئەگەر من لەو سەردەمەدا دروستکرابام پێویستیم بە خانوو نەدەبوو، بەڵکو لە ژێر درەختدا دەژیام".

حیکمەت ئەوەیە کە ئێمە ئێستا لە و سەردەمەدا دەژین و ئەندازە و هونەری بیناسازی و ئەوانی ترمان پێشخستووە، هاوڕێم ژیان ناوەستێ، بۆیە پێنووسەکانیشمان دانامرکێتەوە و بەجیاوازییەکانیشمان داهێنانەکانمان جیاواز دەبن.

**** گوتووتە کە نووسەر بیت لە نیشتمانی عەرەبی، لەوە زیاتر نییە کە (فرۆشیاری وشە) بیت و (ئارەزووفرۆشان) لە سەرووی تۆوەن، چونکە ئەوان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە تۆ زیاتر رێزیان لێ دەگیرێت، ئایا تۆ تەنها بۆ ئەوە دەنووسیت کە رووبەڕووی ئەوانە ببیتەوە کە بە (ئارەزووفرۆش) ناوت بردوون؟***

- ئەم وتارەم بە تەنز نووسیوە هاوڕێم، حەزیش ناکەم ئەوەی دەینووسم راڤەی بکەم، بەلاّم وا لە خوێنەر دەکەم مێشکی بەکاربێنێ، یەکەم: بۆئەوەی پێبکەنێ و دووەمینیش: بۆئەوەی بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە خراپەی تێیدا دەژین، وا دیارە تۆ لە قولاّیی رستەکەم نێنەگەیشتووی، من ئاماژەم بۆ دامودەزگاکانمان کردووە کە رۆشنبیران سووك و ریسوا دەکات و زۆرتر رێزی (ئارەزووفرۆشان) دەگرێت، دیارە رستەکە زۆر روونە، بەلاّم من دەمەوێ بزانم تۆ بۆچی بەم جۆرە شێواوییە تەئویلت کردووە؟ ئایا دەزانی نووسەرانمان لە نیشتمانی عەرەبی زۆر هەژارن؟ ئایا دەزانی هەندێکیان لە نەخۆشخانە حکومییەکان بۆگەن دەبن؟ ئایا دەزانی هەندێکیان بەجۆرێك دەژین کە کەسانی بێهەڵوێست خێریان پێدەکەن؟ ئایا دەزانی کە سۆزانی و بەدکارەکان لە برسان نامرن وەکو ئەوەی کە هەندێ نووسەر لەبرسان دەمرن؟ ئایا ئەمە

پێکەنیناوی نییە؟ بۆچی وات بەخەیاڵداهات کە من بۆ ئەوە دەنوسم ململانێی ئارەزووفرۆشانی پێ بکەم؟ ئەگەر من وابکەم رێگاکە بۆ خۆم کورت دەکەمەوە و دەچم لە بوارەکەی ئەوان کاردەکەم، بەلاّم من گرانترین پیشەم هەڵبژاردووە لە مێژووی هاوچەرخماندا.. نووسین.

**** لە (شوێنی عەبدولمەجید بولئەرواحی توندڕەو و... شاری قوستەنتینیە) لەنێوان ئەم شارەدا، ئەو ژینگەیەی فەزیلە فاروق تیایدا ژیاوە و قوستەنتینییە کە رووداوەکانی رۆمانەکەت (تائولخەجەل) لە دەوروخولی دەسورێنەوە تۆ لە کوێیی؟***

- (تاهیر وەتار) شێوازێکی هەیە بۆ نووسینی رۆمان کە لە ژیانی لادێییانەی ئەو دەچێت، پاشان نەپچڕانی لەگەڵ شار کە تاکێتی لە گێڕانەوە و بونیادی رووداوەکانی رۆمانی دەوڵەمەند و فرەلایەنی پێ بەخشی، باش لەبیرمە کە نزیکەی ساڵێك بەرلەوەی بچمە قوستەنتینییە ئەم رۆمانەم خوێندەوە، تەماشامکرد کە (وەتار) باسی روحی شارەکە دەکات بەشێوەیەکی هونەری لێزانانە، چونکە وەکو رۆمان و وەکو هونەر و وەکو هەموو ئەو ماندووبوونانەی (وەتار) وەسفی کردووە، جگە لەمە چونکە من ئافرەتم، وردەکاری شارەکەم نەزانیبوو، وەکو ئەوەی کە (وەتار) وەسفی کردبوو، لەوانەیە نەزانی کە قوستەنتینیە وەکو هەموو شارە عەرەبییەکان، دوو رووی هەیە و بەئاوازی (نێرسالاری) دەڕوات، بۆیە راستیت پێ بڵێم کە من قوستەنتینیەم بە باشی نەدەناسی تا چەند ساڵێك کاری رۆژنامەوانیم تێدا کرد و ئەو گەڕەکانەم دۆزییەوە کە بۆ ئافرەت قەدەغەن، شوێنە نامۆ و ترسناکەکانم دۆزییەوە، لە (تائولخەجەل)دا شتێکی وام نەگوتووە، ئەم شارە بە رۆمانێك کۆتایی نایەت، پاشان چەند جاری تر سەردانم دەکرد، پاش دابڕانی ساڵێك یان دوو ساڵ، دەمبینی ئاماژەی نوێی بۆ دروست بووە و بەئاوازێکی جیاواز لە جاران دەژییێت، بەکورتی شاری وێڵبوون و دژکاری و پڕوپاگەندە و رووداوی لەناکاو و ئەو جوڵەیە کە لە خولی هێلکە شەیتانۆکە دەچێت.

**** "لە جەزائیر هەمیشە پێویستمان بەوتەبێژێکی فەرمی هەیە بۆئەوەی هەست و سۆزەکانمان وەربگێڕێ، ئێمە نەخوێندەوارین لەوکاتانەی مەسەلەکە پەیوەندی بەخۆشەویستییەوە هەبێت..." لە (ساتێك بۆ دزینی خۆشەویستی)دا بەمجۆرە وەسفی جەزائیرییەکان دەکەیت و خۆشت جەزائیریت، چی دەڵێیی؟***

- بەڵێ ئەوکاتەی بابەتەکە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەبێت ئێمە نەخوێندەوارین، مرۆڤی جەزائیری بەقسە خۆشەویستی ناکات، بەڵکو بە بێدەنگی دەیکات، ستایشی خۆشەویستەکەی ناکات، بەڵکو بۆئەوەی بزانێ لای ئەو گرانبەهایە، لیستێك قەدەغەی بۆ دادەنێت، پێی ناڵێت دڵم لێت پیسە، بەڵکو پێی دەڵێت پێویست ناکات لە ماڵ بچیتە دەرەوە،

پێی ناڵێت ئەم کراسەت چەند جوانە، بەڵکو پێی دەڵێت ئەم کراسەت بگۆڕە دەنا لـەناو خـەڵك ئابڕوت دەچێ. بەداخەوە جەنگە یەك لە دوای یەکـەکانی جـەزائیر نەیانهێشـت فێـری زمـانی ئاگربەست و ئاشتی بین، ئێمە لە شەڕێکی بەردەوامداین، تەنانەت لەگەڵ هەست و سۆزیشـمان لە شـەڕداین، بـەو حوکمـەش کـە ئێمـە پابەنـدین بـە دیـن، لەسـەر شـەرمەزاری و شـەرم و دابونەریتێکی کۆن پەروەردە کـراوین، بـەجۆرێك کـە ئـەو نەزانییـەی لـێ لـە دایکبـووە کـە داگیرکەری فەرەنسی بۆ ئێمەی دروستکرد.. عەیبی تێدا نییە کە ئێمە لە بابەت خۆشەویسـتی نەخوێندەوارین، دڵ زمانی تایبەتی خـۆی هەیـە و هـەموو کـەس نـاتوانێ قسـە بـەزمانی دڵ بکات.. با نهێنییەکی ترت پێ بڵێم کە منیش جەزائیریم و بـە نووسـینی خۆشەویسـتی قسـە دەکـەم، بـەڵام لـە بەرامبـەر ئـەو کەسـەی خۆشـم دەوێـت تووشـی بێـدەنگی دەبم، ئەمـەش (بۆماوە)یەکی جەزائیرییە.

**** ئایا لە رۆمانەکانتدا پەنات بردۆتە بەر کەسایەتییەکان، بۆنموونە، لە (سـاتێك بـۆ دزیـنی خۆشەویسـتی) بۆئـەوەی بڵێیـت: "چ سـوودێکی هەیـە کـە لێـرە بمێنمـەوە و.. چ سوودێکی هەیـە کـە دەربـارەی گـەل بنووسـم، خوێندنـەوەی ناونیشـانەکان بەسـە". لـە (تائولخەجەل) یشدا "ژیان هاوکێشەیەکی تێدایە بۆ مردن.." تۆ مەبەستت جـەزائیرە.. ئایـا پێویستیت بە یەکێك هەیە کە ئەم وشانە دەربارەی تۆ بڵێت؟***

- سەبارەت بە من نووسەر بەرێژەیەك خۆی دەنووسێتەوە و بەرێژەکەی تریش (ئـەوانی تـر) دەنووسێتەوە، من جەزائیریم و ئاسایشـە دەربـارەی جـەزائیر بنووسـم. ئایـا بۆنموونـە کارەکـە ئاساییە ئەگەر دەربارەی (کۆنگۆ) یان دەربارەی (ژاپـۆن) بنووسـم؟ لەوانەیـە رۆژنامەنووسـێك وەکو پەیامنێر یان وەکو کارناسی سیاسـی پسـپۆر ئـەم کـارە بکـات، بـەڵام نووسـەر کـوڕی ژینگەکەی خۆیەتی و کارێکی زۆر گەمژانەیە من وەکو نووسەرانی دەربـار بنووسـم، دەربـارەی واقعی وەهمی و پاڵەوانی وەهمی دەنووسم، داستانی وا دەنووسـم کـە شـەقام و واقـع بـەدرۆی دەخەنەوە، لە جەزائیری ئەمڕۆدا تەنانەت ئەوانەی رەخنەشم لـێ دەگـرن، نایانـەوێ گـوێ لـەو سرودە نیشتمانییانە بگرن کە لە یادی شۆڕشە گەورەکاندا پێشـکەش دەکـرێن، ئێمـە گۆڕانمـان دەوێت، بریندارکردن و گاڵتەجاڕیمان ناوێت.

**** چی دەڵێی دەربارەی ئەوەی ئـەمڕۆ و پـێش ئـەمڕۆش بەرامبـەر ئـافرەت روودەدات.. مەبەستم ئەوەیـە هـەزارانیان دەسـتدرێژیان دەکرێتـە سـەر.. خـزم و کـەس، کچـەکانیان دەردەکەن لەترسی ئابڕووچوون، ژمارەی قوربانیان و دەوڵەت و یاساش زیـاد دەبێـت و ئـەو کەسەی دەنگیش هەڵدەبڕێ ژیانی نییە؟***

- ئەرکی ئەدەب ئەوەیە کە پەنجە بخاتە سەر برینەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە دەسپێشخەری لایەنە خاوەن بڕیارەکانە (تاکەی؟) وا دەردەکەوێ پرسیارێکی بێتوانایانەیە، چونکە من تەنها نووسەرێکم و هیچی تر، قەفەسی دامودەزگا یاساییەکان زۆر شتیان لەناودا روودەدات کە خوا نەبێ کەسی تر هیچیان لەبارەوە نازانێ، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە جڵەوی حوکم بکەوێتە دەست ئەو پیاوە رۆشنبیرانەی کە هەستی مرۆڤانەیان هەیە بۆ پاراستنی رێزی ئافرەتانی عەرەبی و لەمەشدا بێهیوا نیم، ئێمەی ئافرەتە جەزائیرییەکان هاوسەرگیریمان لەگەڵ بێگانەکان پێکهێناوە بۆئەوەی مافی بەخشینی رەگەزنامەی جەزائیری بە منداڵەکانمان بدەین، ئەمەش دەسکەوتێکی جەزائیری گەورەیە و بەدڵنیاییەوە هەنگاوی باشتری بەدوا دادێت.

**** دەربارەی توندڕەوی ئایینی و (بەرەی ئیسلامی بۆ رزگاری جەزائیر) چی دەڵێی؟***

- دەڵێم خوا بمانپارێزێ لەدەستیان.

**** یەکێك لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکەت لەلایەن ئەهریمەنەکانی تیرۆر و توندڕەوی ئایینی دەسدرێژی دەکرێتە سەر.. ئەمە تاچەند پاڵت پێوە دەنێ بۆ رەفزکردنەوەی جەزائیر و حوکمی جەزائیری و جەزائیرییەکان و نەریتە جەزائیرییەکان؟***

- کاتێ ئیدانەی دەستدرێژی دەکەم، واتا ئیدانەی دەستدرێژی دەکەم، نە کەمتر نە زیاتر، جەزائیرم زۆر خۆش دەوێت، نیشتمانی یەکەم و کۆتاییمە، نیشتمانی دووەم لای من نییە، بەهیچ کەسێکدا هەڵنالێم. لە ساتی لەدایکبوونمەوە تا ئەمڕۆ جەزائیریم، راستە لە (لوبنان) دەژیم و هاوسەرەکەم لوبنانییە، بەلآم من جەزائیریم و هەمیشە خۆم واپێشکەش دەکەم کە من (فەزیلە فاروق) نووسەرێکی جەزائیریم، بە زمانی دایك، واتا بەزمانی (بەربەری) بەجوانی قسە دەکەم، بەدیالێکتی جەزائیری بەجوانی قسە دەکەم و رقم لەوانەیە کە بەفەرەنسی لەگەڵم دەدوێن، بەوپێیەی کە من جەزائیریم و بە فەرەنسی قسە دەکەم، بەڵکو لە دڵەوە هەست بە ئازار دەکەم، چونکە هەندێك واگومان دەبەن کە ئێمە شانازی بەزمانی فەرەنسییەوە دەکەین. من بە پاسەپۆرتی جەزائیری سەفەر دەکەم و بە هەموو ئەو شتانە دڵخۆشم، راستە زۆر رەخنە لە جەزائیرییەکان دەگرم، بەلآم راستییەکەی ئەوەیە کە تەنها جەزائیر ئازادی ئەوەم پێدەدات رەخنەی لێبگرم. ئەمڕۆ کە رەخنەم لە تاکێکی عەرەبی گرتبێت لە یەکێك لە ولآتە عەرەبییەکان، زیاتر لە تۆمەتێکم بۆ دەتاشێت و راگەیاندنی ئەو ولآتەش دەکاتە کۆتوبەندێکی ئەمنی بۆم کە ناتوانم لێی دەرچم، تا ئێستا هیچ کەسێك هەست بەوە ناکات کە جەزائیر قوربانییەکی زۆری داوە لەپێناو ئەو دیموکراسییەتەی ئێمەی نووسەرانی جەزائیر سوودی

لێدەبینین، ئەوەی من لە جەزائیر دژی دەوەستمەوە یاسا کۆنەکانن کە دەبێ بگۆڕێن و ئەوەی کە لە جەزائیرییەکانیش ڕەفزی دەکەمەوە ئەو دەمارگیرییەیە کە بۆ (فیکری لە دەرەوە هێنراو) هەیانە و جەزائیری وێران کردووە.. وا هەست دەکەم کە ئێستا بیرۆکەکەم روونە.

***** لە مانگی مارتی (٢٠٠٤)دا ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هەڵمەتێکی ڕێکخست لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژی ئافرەت ڕاگرن) هەڵمەتەکە ئاراستەی حکومەتەکان و کۆمەڵگا ناوخۆیی و تاکەکان کرا بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، ئایا لەو باوەڕەدای کە ئەم ڕێکخراوە و ئەوانی تر توانیویانە ئەڵقەی توندوتیژی ترسێنەر بشکێنن و شێواندنی کۆمەڵگا و کوشتنی ئافرەت قەدەغە بکەن؟**

- جەنگ ڕەحم بە ئافرەت و منداڵ ناکات، هەمووشمان دەزانین کە ئەمڕۆ لە هەر کونجێکی جیهاندا شەڕ روو بدات بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی روو دەدات، با سەرەتا جەنگەکان ڕابگرن ئینجا ئەم دروشمانەمان بەسەر سەردا هەڵواسن، خۆم باوەڕم بە شتێك نییە بەناوی ڕێکخراو یان لێبوردن یان نێودەوڵەتی یان جیهانی.. هەمووی بۆ دزینی بڕێ پارەیە لێرەولەوێ، بە مەبەستی سازکردنی هەندێ ئاهەنگە بۆ مەبەستی دیاریکراو کە ئێمە نایزانین، ئێمە دروستکراوە سادەکانی خواین.

***** وا هەست ناکەیت کە تۆ ناشرینترین وێنەی جەزائیر و جەزائیرییەکانت بە جیهان داوە کاتێ لە (تائوخەجەل)دا دەڵێی " ..لە باخچەکاندا نەخۆش زیاد دەکات.." لە وێنەیەکی تردا دەڵێی " ..مۆڵگی عاشق بۆ خۆشەویستەکەی پیسە.. نازی کرد و ئەو ددانانەی بەدیارکەوت کە پیسی لەسەری کەڵەکە ببوو.."؟**

- ئایا (ڕۆژهەڵاتی ناوەند)ی (عەبدولڕەحمان مونیف)ت خوێندۆتەوە؟ هیچ کەسێك جورئەت ناکات کە بپرسێ بۆچی مونیف ڕەحمەتی خوای لێ بێ بەگشتی وێنای عەرەبی شێواندووە؟! (یادەوەری ئاو)ی (واسینی ئەلئەعرەج)ت خوێندۆتەوە؟ هیچ کەسێك جورئەتی ئەوە ناکات بپرسێ بۆچی وێنەی جەزائیرت شێواندووە؟! کۆمەڵگا عەرەبییەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە پیاو مافی قسەکردنی هەیە، بەڵام دەبێ ئافرەت ڕۆڵی تر ببینێ، وەکو ئەوەی ببێتە چێشتلێنەرێکی لێهاتوو، یان ئافرەتێکی ڕێکپۆش، یان سەماکارێکی سەرنجڕاکێش.. لە روانگەی پیاوانەوە زۆر ڕۆڵ هەیە کە بە ئێمەی ڕەوا دەبینن، بۆیە کاتێ ڕەخنەم لە جەزائیر گرتووە، وەکو دەڵێن (لە ڕەگەوە تا سەر)، زیاد لە تۆمەتێك ڕووبەڕووم بۆتەوە بۆ داخستنی دەمم، بەڵام دەڵێم من ئەرکەکانم جێبەجێ دەکەم لە روانگەی "هەرکەسێك لە ئێوە ئەگەر

خراپەیەکی بینی با بە دەست بیگۆڕێ، ئەگەر نـەیتوانی بـا بــە زمــان بیگــۆڕێ، ئەگــەر هــەر نەیتوانی بە دڵ، ئەمەش لە لاوازی ئیماندایە".

پێویستە جەزائیر روونــاکی خــۆی بــۆ بگەڕێتــەوە، پێویســتە هەڵــەکانی راســت بکاتــەوە، پێویستە نەخۆشییەکانی سارێژ بکرێت، بۆیەش پێویستە برینەکانی کەشف بکرێ.

**** عەلی حەرب دەڵێت: "نموونەی رۆشنبیری تاراوگە.. ئەو رۆشنبیرانەی هەستکردن بــە غوربەت و گۆشەگیری و پەراوێزخستن جیایان ناکاتەوە و ئــەو هەســتکردن بــە غوربەتــەی تەنها لەوانە کــورت نابێتــەوە کــە لــە ولأتــەکانیان دابــڕاون و رقیــان لەوەیــە لــە دووری ولأتەکەیان بژین، بەڵکو هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەســت بــە ئینتیمایــەکی تــەواو ناکەن بۆ کۆمەڵگاکانیان..." چۆن راوبۆچوونی خۆت دەربارەی ئەم بابەتە دەردەبڕی؟***

- چۆن راوبۆچوون دەربڕم لە سەر یەکێك کە دەست لە برینەکان وەردەدات؟

**سەرچاوە:**

**- حاورتها من ليبيا- غريان.**
**http://www.elaph.com**

## فەزیلە فاروق:

لە (٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧) لە جەزائیر لە دایك بووە.
لە ساڵی (١٩٨٧) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە بواری بیرکاریدا بەدەستهێناوە.
لە ساڵی (١٩٩٥) جەزائیری بەجێهێشتووە و لە بەیروتی پایتەختی لوبنان نیشتەجێ بووە.

## کتێبەکانی:

- (لحظة لإختلاس الحب)، (١٩٩٧).
- (مزاج مراهقة)، (١٩٩٩).
- (تاء الخجل).
- (اكتشاف الشهوة)، (٢٠٠٥).
- (أقاليم الخوف)، (٢٠١٠).

# سەرەتای هەموو گفتوگۆیەك بە ناسینی ئەویتر دەست پێ دەکات



**گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد بنیس**

سەیر نییە کە (فیستیڤاڵی بەرلینی جیهانی بۆ شیعر)، ژوانێکی تایبەت بە ئەزموونی شیعری (محەمەد بنیس)ی ساز کرد، لە ژێر ناونیشانی (جیهانەکانی محەمەد بنیس)، ئەم شاعیرە مەغریبییە، بەهۆی داهێنانە شیعرییەکانی و بەشداریکردنی لە رەخنەی ئەدەبیدا، بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی دیمەنی شیعری عەرەبی هاوچەرخ دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەش، لە رێگای (خانەی توبقال بۆ بلاوکردنەوە)، لە مەغریب رۆڵێکی گرنگی هەیە لە چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتێبدا.

**** لە (فیستیڤاڵی بەرلینی جیهانی بۆ شیعر) بەشداریت کرد و ئامادەبییەکی نیمچە بەردەوامت لە دیمەنی رۆشنبیری ئەڵمانی هەبوو، بەلای تۆوە ئەم بەشدارییە چی دەگەیەنێت؟***

- بەشداریکردنم لە (فیستیڤاڵی بەرلینی جیهانی بۆ شیعر)، بەدەمەوەچوونی ئەو بانگهێشتە بوو کە لە فیستیڤاڵەکەدا شیعری ولاتانی ناوەڕاستی (ولاتانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست و هەندێ ولاتی تر دەگرێتەوە.-و-) کردبووە تەوەرێکی فیستیڤاڵەکە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خۆم لەگەڵ بیرۆکەی فیستیڤاڵەکەدا دۆزیەوە، چونکە دەریای سپی ناوەڕاست پێگەیەکی تایبەتی لە کتێبەکانی من و رۆشنبیریی مندا هەیە، هەر لەبەرئەوەشە کە پێویستە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە قسەمان هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێمە رۆڵەی کەنارەکانی باشوورین و مێژوویێکی دێرینمان لەگەڵ کەناری باکوور هەیە، بۆیەش ئەم بەشداریکردنە بۆ من بۆنەیەك بوو بۆ گۆڕینەوەی را و روانگە لەگەڵ ئەو شاعیرانەی لە دەڤەرێکی دیکەی ولاتانی ناوەڕاست شتیان پێشکەش کردووە و لەگەڵ جەماوەرێك کە بایەخ بە شیعر و فیکری ناوەڕاست دەدەن.

**** پێشتر کارەکانی تۆ وەکو کۆڵەگەیەکی گرنگی شیعری عەرەبی وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئەڵمانی، زمان و کلتووری ئەڵمانی بەلای تۆ چی دەگەیەنن؟***

- زمان و کلتووری ئەڵمانی بەشێکن لە بنەما گرنگەکانی کلتووری نوێی جیهان، لە باوەشیدا گرنگترین ئەزموونی شیعری فێر بووم و بوومە خاوەنی فیکر و فەلسەفە و مۆسیقا، هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن، کە زمانی ئەڵمانی بۆنەیەکی گرنگە بۆ فێربوونی زیاتر و توانای پەراوێزێك لە گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر و رۆشنبیرانی ئەڵمانیا، ئەمەش جوانترین شتە کە من هەوڵی بۆ دەدەم، گفتوگۆ سەرەتا لە رێگای کارەکانەوە دروست دەبێت، ژووان و چاوپێکەوتنیش بۆ فراوانکردنی فەزاکانی ئەم گفتوگۆیانەیە.

**** وەك دەزانین وەرگێڕان بەشێکی گرنگی پرۆژەی شیعر و رۆشنبیریی تۆیە، ئایا ئەم رەگەزە لەمیانەی نووسینی شیعردا لای تۆ ئامادەیی هەیە؟ بەو مانایەی ئایا ئەوە***

***سەرقاڵت دەکات کە ڕەنگە وەرگرێکی دەرەوی ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبی بەرهەمەکانت بخوێننەوە؟***

- وەرگێڕان وەکو تاقیگەیەکی شیعر دەبینم، بەهۆیەوە نهێنی کارە شیعرییەکان دەزانم و بۆ فێربوون بۆ دوورترین شوێن سەفەر دەکەم، زۆریش ئاگادارم کە گەورەترین شاعیرەکانی ڕۆژئاوا لەسەردەمی نوێدا پەیڕەوی وەرگێڕانی شیعریان کردووە لە زمانەکانی دیکەوە، بەدەگمەن شاعیرێکی نوێ دەدۆزیتەوە شیعری ئەو شاعیرەی وەرنەگێڕابێت کە وەکو مامۆستایەك تەماشای دەکات، یان وەکو ئەزموونێکی بەسوود سەیری دەکات، نموونە زۆرن، (هێڵدەرلین) لە ئەڵمانیا، (بۆدلێر) و (مالارمێ) لە فەڕەنسا. خوێنەری بێگانە لای ئەم شاعیرانە هەمان پێگەیان لە کارەکانی مندا هەیە، بۆیە من بە عەرەبی دەنووسم.

**** فیستیڤاڵی شیعری بەرلین ڕۆژێکی بۆ شیعری مەغرەبییەکان (وڵاتانی بەشی ڕۆژئاوای باکووری ئەفریقیا دەگرێتەوە. -و-) و ڕۆژێکیشی بۆ شیعری مەشریقی (وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵات. -و-) تەرخان کرد، سروشتی ئەم دیالۆگە چییە کە لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە شیعر دەخرێتەڕوو؟***

- ڕێکخستنەکان لەمڕووەوە باش نەبوون، بۆیە دیالۆگ لە نێوان شیعرە بەشداربووەکان نەهاتە ئاراوە، نەك تەنها لە نێوان شیعرەکانی مەغریبی و مەشریقی، بەڵکو لە نێوان شیعرەکانی کەناری باکووریش، لەو باوەڕەدام سەرەتای هەموو گفتوگۆیەك بە ناسینی ئەویتر دەست پێ دەکات، ئەمەش لەلایەن مەشریقییەکانەوە بەرامبەر شیعری مەغاریبی و مەغریب بەشێوەیەکی گشتی زۆر سنووردارە. لەو باوەڕەشدا نیم کە ئێمە بە خێرایی لە دروستبوونی ئەم دیالۆگەدا سەرکەوتوو بین، هەروەها کاتیش بەشی ئەوە ناکات، هەندێك وا خەیاڵ دەکەن کە تەنها گۆڕینەوەی وشەی سوپاسگوزاری بەرامبەر یەکتر، دیالۆگێکە لەبەرزترین ئاستی مەعریفەدا، دیالۆگی مەعریفی لە نێوان ئەم دوو شیعرەدا مەرجی زۆر قورسی هەن، ئێمە هیواخوازین بارودۆخەکە دوور بێ لە لۆژیکی بەیەکداهەڵگوتن.

**** بە بڕوای تۆ دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ بزاوتی شیعری مەغاریبی بۆتە ڕەهەندێکی جدی دیمەنی شیعری عەرەبی؟***

- بێگومان ئەمڕۆ شیعری مەغاریبی خاوەن بەهایەکی بەرزە لە نەخشەی شیعری عەرەبیدا، هەروەها لە نووسینی شیعر لە زیاتر لە شوێنێکی جیهان.

**** وەکو کەسێکی دیار و کاریگەری زانکۆی مەغریبی، ڕۆڵی زانکۆ لە هاندان و بەرەوپێشبردنی شیعری عەرەبی چییە؟***

- زانکۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانێ بەشداری پێگەیاندنی شاعیران و ئەدیبان بکات، مەبەستم لە بەشداری ناراستەوخۆ ئەوەیە کە زانکۆی مەغریب هیچ بەشێکی پسپۆری تایبەت بە نووسینی تێدا نییە، هەروەکو چۆن ئەمە لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەراش نییە، بەلاّم بابەتە پسپۆرییەکانی خوێندنی شیعری کۆن و نوێ وا لە قوتابی دەکەن کە لە پرسیاری شیعر و نووسینی شیعر نزیك بێتەوە، نزیکبوونەوە واتا قوتابی دەتوانێ تایبەتمەندێتی شیعری عەرەبی و مێژووی بیری شیعر و رەخنە بزانێ و فێربێ، ئەمەش لەمیانەی دیوانە شیعرەکان و کارە رەخنەییەکان، هەموو ئەمانەش یارمەتی شاعیر دەدەن بۆ درککردن بە جیهانی شیعری عەرەبی و پرسیاری ئەو کرانەوەیەی کە جیهان پێویستییەتی.

**محەمەد بنیس:**

- شاعیرێکی مەغریبییە، ساڵی (١٩٤٨) لە شاری فاس لەدایك بووە.

- خوێندنی بالآی لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکان لە شاری (فاس) تەواو کردووە.

- لە ساڵی (١٩٧٨) مۆڵەتی ئەدەبی عەرەبی بەدەستهێناوە و لە هەمان ساڵدا بڕوانامەی خوێندنی بالآی لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکان، لە (ریبات) بەدەستهێناوە.

- لە هەمان کۆلێژدا لە ساڵی (١٩٨٨) دکتۆرای دەوڵەتی بەدەستهێنا و ئێستاش لە هەمان کۆلێژدا مامۆستای شیعری عەرەبی نوێیە.

- لەساڵی (١٩٧٤)دا گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)ی دامەزراند.

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (ماڵی شیعر) لە مەغریب.

- بەهۆی دیوانەکەیەوە (راپەڕینی بۆشایی) لە ساڵی (١٩٩٣) خەلاّتی مەغریبی بەدەست هێنا.

- ساڵی (٢٠٠٠) خەلاّتی ئەتڵەسی بۆ وەرگێڕان پێدرا، بەهۆی دیوانی (رووبارێك لەنێوان دوو تەرمدا).

- نزیکەی (٢٠) کتێبی چاپکراوی هەیە.

# من دەربارەی ترسی پیاو لە جەستەی ئافرەت دەنووسم



**گفتوگۆ لەگەڵ عەلەویە سوبح**

لەم گفتوگۆیەدا (عەلەویە سوبح) باس لە رۆمانەکەی (مریەمی حیکایەتەکان) دەکات.

***** تەوەری رۆمانی (مریەمی حیکایەتەکان) یادەوەری ئافرەتە، مریەمی حیکایەتخوان، چیرۆك دەربارەی ژیانی خۆی و ژیانی هاورێکانی و ژیانی نەوەی دایك و داپیری دەگێڕێتەوە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئافرەتە بە تەمەن بچووکەکان، خەبات لەپێناو یەکسانیدا دەکەن و وێنای ئەوەمان بۆ دەکات کە لەسەرەتادا ئەو ئافرەتانە ململانێیان لەسەر هەندێ لە ئازادییەکانیان کردووە، بەڵام لە سەردەمێکی تری ژیانیاندا دابڕانێك دروست دەبێت، وا بەدیار دەکەوێت کە ملکەچ دەکەن بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان و دەگەڕێنەوە سەر دروستکردنی پەیوەندییە خۆپارێزەکانیان، بۆچی ئەم ئافرەتانە لە کۆتاییدا شکست دەهێنن؟***

- لە رۆمانەکەدا شکستی ئافرەتان لە جەنگی ناوخۆی لوبنان دەبینین، مریەمی حیکایەتخوان کە خەون بە خۆشەویستی و دروستکردنی پەیوەندییەکی ئازادانەوە دەبینێت، لەگەڵ پیاوێك رووبەڕوو دەبێتەوە کە بیرێکی کۆنەپەرستانەی هەیە و درۆزن و دووڕووە، کەچی بە رواڵەت خۆی وا نیشان دەدات پیاوێکی روناکبیر و ئازادە و هەوڵدەدات پەیوەندییەکی یەکسان لەگەڵ ئافرەتدا دروست بکات، بۆیە دواجار لەگەڵ پیاوێك هاوسەرگیریی دەکات کە خۆشی ناوێت و لەسەرەتاکانی ژیانیدا رەتی کردۆتەوە، (ئیبتیسام)ی هاوڕێی رووبەڕووی هەمان ئەزموون دەبێتەوە.

وام هەست دەکرد هاندەرێك هەیە بۆئەوەی قسە لەسەر ئافرەت بکەم، لەسەر پەیوەندییان لەگەڵ پیاوان و لەسەر شۆکی جەنگ و زەحمەتبوونی ژیان لەم کۆمەڵگایەدا. من باسی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا دەکەم لە دوای جەنگ، باسی گەڕانەوەی تایفەگەریی و باسی ئەوەی ئافرەتان چۆن باجی ئەم بارودۆخەیان داوە.

سەرەڕای هەموو ئەو نیشانانەی شارستانییەت کە لە لوبنان و جیهانی عەرەبیدا هەن، توندڕەوی ئایینیش هەیە. پرۆژەی تازەگەریی هەیە، بەڵام وای دەبینم کە کۆمەڵگا کشاوەتەوە پاش، ئەمە تێڕوانینی منە لە رۆمانەکەدا، بەلایەنی کەم سەبارەت بەو نەوەیەی من باسی لێوە دەکەم.

***** چەندە لە خوێندنەوەی حیکایەتەکانی مریەم دەچینە پێش، دەبینین لێکچوونێکی گەورە لە نێوان حیکایەتی ئافرەتانی خێزانەکەیدا هەیە، لەوانەش: حیکایەتی دایکی و پوورەکانی و هاورێکانی... ئایا چارەنووسی ئافرەتان بەردەوام دووبارە دەبێتەوە؟***

- شکستەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، (مریەم و ئیبتیسام و یاسەمین) خەون بەگۆڕانەوە دەبینن، کەچی تووشی نائومێدی دەبن، نائومێدییەکانی ئەوان جیاوازە لە نائومێدی دایکیان، بەڵام بەرەو هەمان چارەنووسی هاوشێوەی دایکیان دەچن، چونکە بارودۆخەکە نەگۆڕاوە، یاساکان دژی ئافرەتانن و بنەماخوازیش بوژاوەتەوە.

ئەم رۆمانە دەربڕی بارودۆخەیەکەیە وەکو ئەوەی کە هەیە، بەهەموو توندوتیژی و گاڵتەجارییەکانییەوە، بۆیەشە لە لاپەڕەیەکدا شتێك هەیە وات لێ دەکات کە بگری و شتێکی دیکەش هەیە پێکەنیناوی و گاڵتەجارییە، ئەمە بەلای منەوە شتێکی زۆر گرنگە.

**** وەکو هەبوونی کتێبێك لە نێو کتێبدا، لە رۆمانەکەدا وەسفی ژیانی مریەم دەکەیت، کە وەکو ئامرازێکی پەیوەندییە لە نێو کۆمەڵگای نێرینەدا، لەلایەك لە گوند و لەلایەکی دیکە لە شار، دواتر خێزانەکان لە گوندەوە دەگوازنەوە بۆ شار، لێرەدا کەسایەتی دایك لەلای تۆ چ گرنگییەکی هەیە؟***

- لەو باوەڕەدام کە وێنای دایك لە رۆمانی عەرەبیدا وێنایەکی شێوەگەرییە، دایك کەسێکی لاواز و ئازارچەشتوو و گوێڕایەڵ و بێدەنگە... من لەم وێنایە دەرچوومە، مریەمم لە بێدەنگییەکەی دەرهێناوە، وێنام کردووە کە چۆن تۆڵە لە هاوسەرەکەی دەکاتەوە، چۆن دەمارگیریی لەناو خێزانەکەیدا دەکات، چۆن پەنا دەباتە بەر هەموو شتێك بۆ ئەوەی ئەو چەوسانەوەیە دەربڕێت کە رووبەڕووی دەبنەوە، چوومەتە ناو جەستە و گیانی و رووناکییەکی زۆرم لێی دەرهێناوە.

**** بەشێوەیەکی راشکاوانە دەربارەی ویستە سێکسییەکانی کەسایەتی ئافرەت دەنووسیت کە لە کاتی خۆشەویستیدا هۆشی لای خۆی نامێنێ، هاوکات دەربارەی لایەنی توندوتیژی پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەتیش دەنووسیت، لە لاپەڕەی رۆژنامە رۆشنبیرییە عەرەبیەکاندا، لەسەر ئەوە زۆر رەخنەت لێ گیرا. گرنگی سێکس لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تۆدا چییە؟***

- ئەگەر بتەوێ شتە شاراوەکانی پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت دەربخەی، دەبێ باسی سێکس بکەی. کاتێ وەسفی پەیوەندی نێوان دایکی مریەم و هاوسەرەکەی دەکەم، باسی ئەوەش دەکەم کە چۆن یەکەم جار سێکسی لەگەڵدا کردووە، لێرەشەوە هەموو کۆمەڵگای نێرینەیی و توندوتیژی سێکسی بەدیار دەکەوێت، ئەمە پەیوەندی بە ئابڕووچوونەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو شتە

قەدەغەکراوانەوە هەیە کە تا ئێستاش لەناو ئێمەدا پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، من دەربارەی خواستی سێکسی دامرکێنراو دەنووسم، دەربارەی ترسی پیاو لە جەستەی ئافرەت دەنووسم.

**** مریەمی حیکایەتخوان، (شەهرەزاد)مان بیر دێنێتەوە لە حیکایەتەکانی (هەزارویەکشەوە)، ئایا ئیلهامت لەم بەرهەمە ئەدەبییە وەرگرتووە؟***

- زۆربەی کات لە ئەدەبی عەرەبیدا حیکایەتخوان پیاوە و ژیانی ئافرەت دەگێڕێتەوە، بەڵام ژیانی راستەقینەی ئافرەت ناگێڕێتەوە، بەڵکو تێڕوانینەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لە چیرۆکەکانی (هەزارویەکشەوە)دا شەهرەزاد حیکایەت دەگێڕێتەوە بۆئەوەی خۆی و ئافرەتانی هاوڕەگەزی خۆی لە مردن رزگار بکات، من شەهرەزادێکی هاوچەرخم دروست کردووە. مریەم چیرۆك دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی یادەوەرییەکان بپارێزێت و منیش بگێڕێتەوە بۆ ژیان، ماوەیەکی زۆر بەهۆی جەنگەوە بێدەنگ بووم، ئەو ماوەیە نەمدەنووسی، بەمەش وام هەست دەکرد یەکێکم لەوانەی لە جەنگدا ون بوومە، بەلای منەوە بێدەنگی وەکو مردن وایە، بۆیە پەنام بردە بەر کەسایەتییەکی خەیاڵی بۆ ئەوەی لەجیاتی من چیرۆك بگێڕێتەوە، ئەو هەستەم لا دروست بووە کە نووسین ژیانی بۆ من گەڕاندۆتەوە و یادەوەی سێ نەوەی ئافرەتانم پاراستووە.

**سەرچاوە:**

**- ماڵپەڕی قەنتەرە**

## عەلەویە سوبح:

نووسەری لوبنانی (عەلەویە سوبح) ناوێکی دیاری ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخە، لە ساڵی (١٩٥٥) لەدایك بووە، ئەدەبی عەرەبی و ئینگلیزی خوێندووە. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا تیشك دەخاتەسەر ئافرەت و مەینەتییەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگای نێرینەدا.

کاری رۆژنامەوانی و سەرنووسەریی کردووە و لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی کردووە بە نووسین و بڵاوکردنەوەی رۆمان و شیعر و وتاری رۆژنامەوانی.

# هەموو وەرگێڕانێك ڕاڤەکردنە



گفتوگۆ لەگەڵ **فوئاد ریفقە**

وەك ڕێزێك بۆ ئەو وەرگێڕانە زۆرەی لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ زمانی عەرەبی دەیکات، شاعیر و فەیلەسوف و وەرگێڕی لوبنانی (فوئاد ریفقە)، میدالیای (گۆتە)ی پێ بەخشرا.

لەم گفتوگۆیەدا (فوئاد ریفقە) لەبارەی وەرگێڕان و پردی نێوان کلتوورەکان دەدوێت کە ژیانی خۆی لەپێناو زمانی ئەڵمانی و گەیاندنی شیعرەکانی (گۆتە) بە بەیروت و جیهانی عەرەبی تەرخانکردووە.

**** وەرگێڕ و شاعیر و نووسەر و فەیلەسوف (فوئاد ریفقە)، بە یەکێك لە ناوەندگەراکانی نێوان هەردوو کلتووری ئەڵمانی و عەرەبی دادەنرێت، ئێستاش (میدالیای گۆتە)ی بەدەست هێناوە، لەئێستادا (گۆتە) بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە لەکاتێکدا تەمەنت گەیشتۆتە هەشتا ساڵ؟***

- گۆتە بەلای منەوە وەکو مەتەڵێکە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ ببێتە فەیلەسوف، شتێکی سروشتییە، ئەگەر ببێتە شاعیر، دەتوانم لەوە تێبگەم، یان سەرەڕای ئەمە، ئەگەر کەسێکی یاسایی بێت، دیسان دەتوانم تێی بگەم، هەروەها ئەگەر وەکو زانایەکیش کاری کرد، دەتوانم بەتەواوی لە هەموو ئەمانە تێبگەم، بەلاّم ئەگەر مرۆڤێك هەموو ئەو شتە جیاوازانەی ژیانی تێکەڵ بەیەکتر کرد و هەموو ئەم شتە جیاوازانە لەژیانیدا بە جێگیریی مایەوە، ئەمە بەلای منەوە کارێکی سەرسوڕهێنەرە. بەمانایەکی دیکە، (گۆتە) بەلای منەوە کەسایەتییەکی (گەردوونی)یە، ئەمەش بەتەواوی نموونەیەکی گشتگیر و بەرفراوانە، گۆتە لە هەموو شوێنێك لە منەوە نزیکە، بەلاّم زۆر بە زەحمەتی دەتوانی لێی تێبگەی، لەبەرئەوەش کە کارەکە وایە؟ من خۆم وا دادەنێم کە کەسێکی زۆر بەخت باشم، چونکە میدالیای ئەوم بەدەست هێناوە، لەراستیدا ئەمە بەلای منەوە وەکو خەڵاتێکی ئاسمانی و دیارییەکی پیرۆزە، ئەم میدالیایە بەجۆرێك لە جۆرەکان ژیانی رزگار کردم، ئەمە تاجێکە بۆ ژیانی من لەسەر زەوی.

**** ئەمە وتەیەکی گەورە و سوپاسێکی گەورەیە لە تۆوە بۆ گۆتە، بەڕاستیش تۆ پێشەنگانە هەوڵی زۆرت داوە بۆ وەرگێڕانی شیعری ئەڵمانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، بەلاّم زۆرێك لە پسپۆران دەڵێن شیعر وەرناگێڕدرێ، مرۆڤ ناتوانێ شیعر وەربگێڕێ، چونکە زمانەکان زۆر لەیەکتر جیاوازن، لۆژیکی زمانی ئەڵمانی جیاوازە لە لۆژیکی زمانی عەرەبی، لەسەر ئەم بنەمایە و ئەگەر ئەمە راست بێت، دەبێ تۆ لەکار بوەستیت و بێ کار دەمێنیتەوە؟***

- ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە من تیایدا ژیاوم، لێرەوە ئەمە پرسیارەکەیە: ئایا ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بگاتە مانگ، لە دوورەوەش بیبینێ جوان نییە؟ ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بگاتە ئەستێرە، لە دوورەوەش سەیری بکات هەر جوانە!! هەروەها ئەگەر نەتوانرا بە وردی شیعر وەربگێڕدرێت و کارێکی نەکردە بوو، بەدەستهێنانی جێپەنجەی شیعر و پاراستنی زۆر جوانترە لەوەی هیچ شتێك نەبێت. پرسیار ئەوەیە: چ شتێك بۆ مرۆڤایەتی و بۆ درێژکردنەوەی پردی نێوان کلتوورەکان باشترە، تەواوکردنی وەرگێڕانێکی ناتەواو؟ یان نەبوونی هیچ وەرگێڕانێك؟ من ئەوەی یەکەمیانم هەڵبژاردووە.

**** ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لە راستیدا ناتوانرێ وەرگێڕانی وشە بە وشە بکرێت، بەڵکو دەتوانرێت راڤەی وشە و دارشتنەوەی بە دەستکارییەوە بکرێت؟***

- هەموو وەرگێڕانێك راڤەکردنە، لێرەشەوە هەندێك ناخۆشی دەبینرێت، بۆنموونە، پێویستە ئەو وەرگێڕەی شیعر وەردەگێڕێت شاعیر بێت، پرسیارێکی تر ئەوەیە کە وەرگێڕ تا چەند توانای بەسەر زمانی دەقەکەدا هەیە؟ ئەمە گرفتێکی زۆر جیدییە، بەتایبەتی خۆی لە پشت تێگەیشتنی راست و دروستی شیعرەکەوە حەشار دەدات، من بەردەوام چەندین جار پەیوەندی بە هەندێ شاعیرەوە دەکەم، لێیان دەپرسم: بەڕێز فلان کەس، ئەم دێرە مانای چییە؟ وەڵام دەداتەوە: "بەڕێز فوئاد ریفقە.. تکایە خۆت بۆ خۆت دەتوانی ئەوە دیاری بکەی کە مەبەستتە، من ناتوانم ئەمە دیاری بکەم، ئەم رووداوە تێپەڕیووە و کۆتایی پێهاتووە، من هەرگیز ناتوانم ئەم رووداوە بگەڕێنمەوە، پێویستە تۆخۆت بڕیاری لەسەر بدەی". ئەمەش مانای ئەوەیە کە وەرگێڕان بریتییە لە راڤەی راڤەکردن، دوو هەنگاو لە بنچینەکەیەوە دوورە، ئەمەش گرفتێکە کە پێویستە بیزانین ئینجا بڕیاری لەسەر بدەین، بەلاّم مرۆڤ دەتوانێ چی بکات؟ ئایا پێویستە بڵێین چیتر هیچ شتێك وەرناگێڕین؟! یان پێویستە لەسەر وەرگێڕان بەردەوام بین و پردی پەیوەندی نێوان کلتوورەکان پتەو بکەین و قوڵی بکەینەوە؟!

**** تۆ دەڵێی (پردی نێوان کلتوورەکان)، هەروەکو تۆ هەمیشە بەو سیفەتەی کە کەسێکی لوبنانی یان کەسێکی عەرەبی خۆت دەبەیتە ناو کلتووری ئەڵمانی و وا هەست دەکەیت کە لەناو کلتووری ئەڵمانی دای، ئێستا کە تۆ تەمەنت گەیشتۆتە هەشتا ساڵ، دڵت لە کوێ لێ دەدات، لە کلتووری ئەڵمانی یان لە کلتووری عەرەبی؟ ئایا تۆ دابەش بووی؟ یان تۆ وەکو جارێکیان گوتت: وڵاتی خۆت لە کلتووری ئەڵمانیدا دەبینییەوە زیاتر لەوەی لە کلتووری عەرەبیدا بیبینییەوە؟ شوێنی تۆ لە کوێیە؟***

- هەموو کلتوورێك شوناسی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە کە نابێ پەیوەندی لە نێوان تاکەکاندا هەبێت. شیعر دەتوانێ ببێتە پردێکی جوان، شیعر بە هیچ شێوەیەك هیچ ئامانجێکی کردارەکی نییە، پردێکە هەمیشە لەنێوان کلتوورەکاندا دەمێنێتەوە، ئەم پردە لە میانەی بیرکردنەوە و رێکخستنی شیعردا تووندوتۆڵ دەبێت، من هەموو ژیانی خۆم بۆ ئەدەبی ئەڵمانی تەرخان کردووە، زۆر خۆشحاڵم بەوەی زمانی ئەڵمانی فێربوومە و دڵخۆشیشم بەوەی کە زمانی ئەڵمانی راستەوخۆ لە سەرزەمینی کلتووری ئەڵمانیدا فێربوومە، ئەمەش لە بەختباشی منە، ئەمە لەوە زیاترە کە من شایانیمە.

**** نووسەر و وەرگێڕی ناسراو (شتیڤان فایدنەر) کە تۆی بۆ وەرگرتنی (میدالیای گۆتە) پێشکەش کرد، لەبارەی تۆوە دەڵێت کە باوەڕت بە وشە، تۆی کردۆتە شاعیرێکی عەرەبی رەسەن، ئایا تا ئیستاش وایت؟ تا ئێستاش بەبێ بڕانەوە بڕوات بە وشە و هێزی وشە هەیە؟***

- ئەمە راستە، بەو مانایەی ئێمە لە شیعرەکانماندا زۆر رێزی وشە دەگرین، زۆر پشت بەو شتە دەبەستین کە پێی دەڵێین رەوانبێژی، زمانی شیعر رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ئەو وشە و دەربڕینانەی شاعیر بەکاریان دێنێ زۆر گرنگن، بەمشێوەیەش زمان لەلامان وەکو سەنتەرێك دەمێنێتەوە، بەتایبەتیش لە جیهانی شیعردا.

**سەرچاوە:**

**- ماڵپەڕی قەنتەرە**

## فوئاد ریفقە:

لە ساڵی (١٩٣٠) لە سوریا لە دایك بووە، بەشێکی منداڵی لە دیمەشق بەسەر بردووە و پاشان لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاتەوە لوبنان.

فەلسەفەی لە لوبنان خوێندووە و بڕوانامەی دکتۆرای بە ناونیشانی (جوانی لای هایدگەر) لە زانکۆی (توبینگن) لە وڵاتی ئەڵمانیا بەدەستهێناوە.

چەند دیوانێکی شیعری هەیە و چوار دیوانیشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی.

لە شەستەکانەوە کاری وەرگێڕان دەکات و زۆر شیعری لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

# ناتوانم دەربارەی ئەو شتانە بنووسم کە لای ئافرەت گرنگن



**گفتوگۆ لەگەڵ هودا بەرەکات**

که قسه لەگەڵ (هودا بەرەکات)دا دەکەیت، دەبێ ئامادە بیت رووبەڕووی پرسیاریش ببییەوە، مادام لەگەڵ (هودا) دەدوێی، دەبێ ئامادەی وەڵامدانەوەش بیت. من هەندێجار ئەم کارە دەکەم بۆئەوەی زمان و فیکر و تەنانەت هەڵچوونەکانیشم ئامادە بکەم. کەمجار ئەزموون دەبێتەهۆی رێکخستنی قسەکردن، بەهەمان ئەندازە، کەمجاریش خودی قسەکردن دەبێتە ئەزموون.

بەمجۆرە قسەکردن لە پرسیار دوور دەکەوێتەوە و پرسیاری تایبەتی خۆی دروست دەکات، یان وەکو پرسیارێکی هەڵواسراوی گەورە دەمێنێتەوە، بەڵام بۆئەوەی بەردەوام بین لەژیان، پێویستە ململانێ بکەین و بیر بکەینەوە.

**** (نامە نامۆکان) کتێبێکە کە شتێك لە ژیاننامەی خودیی تێدایە، بەڵام کتێبەکانی سەرەتات بەجۆرێك بەدیاردەکەون، وەك ئەوەی پشت بە داپۆشین و شاردنەوەی ژیاننامەت ببەستن، یان لێی دووربکەویتەوە، نووسینەکانیش بە تەرزێکی رۆمانئامێزن. تێبینی من ئەوەیە کە (نامە نامۆکان) تەنانەت لە شێوازیشدا کتێبێکی جیاوازە.. ئایا لە ناخی تۆ دوو نووسەر هەیە؟ نووسەری رۆمان و نووسەری ژیاننامە؟***

- کاتێ دەربارەی (نامە نامۆکان)ت نووسی، گوتت کە ئەمە کتێبێکە زیاتر لە من دەچێت، لەوانەیە ئەمە راست بێت بەوەی کە واقعی ژیانم و ناوی منداڵەکانمی تێدایە، هەروەها ئافرەت تیایدا قسەدەکات. بەڵام من لەناخی خۆمدا کارەکە بەم شێوەیە نابینم. لەو باوەڕەدام کە کتێبەکانی ترم، ئەوانەی بۆ تۆ وا بەدیاردەکەون کە دوورن لەژیاننامەی من، ئەوان ژیاننامەی راستەقینەبن.

ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات کە لەخۆی بپرسێ: ئایا ئەو لەناخەوە لەکوێدایە؟ لەو رۆمانانەی کە بە کەمترین رادە لەو دەچن، چونکە ئەمە بەڕاستی جیهانی راستەقینەی ناوەوەی ئەوە، ئەو جیهانەی بەردەوام تیایدا دەژییێت، جیهانی ئەو بیرۆکە جێگیرانەی کە دەگەڕێنەوە، ئایا بوونی ئەو ئەوەیە کە رەگەزی نییە.. نە پیاوە و نە ئافرەت؟

لە (نامە نامۆکان)دا هەستم کرد پێویستم بە قسەکردنە دەربارەی کۆچ، بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کۆچبەرەکان نووسیویانە.. نە نۆستالژیا و نە جۆرێك لەسۆز بۆ نیشتمان. ئێمە لەم رۆژانەدا، لەم سەردەمە، لەجیهانی ئەمرۆدا، هەست بەوە ناکەین کە کۆچبەرین... من وا دەڵێم.

یەکەم شت کە ئەگەر لایەنی جوگرافی نەگرێتەوە ئەمە مانایەك دەگەیەنێ.. تۆ لە فەڕەنسا لەگەڵ لوبنانییەکان کاردەکەیت، چاوت بە هەندێکیان دەکەوێت کە لەوانەیە ئەگەر لە لوبنان بایت کەمتر چاوت پێ دەکەوتن، هەروەها هۆکار و رێگای جۆراوجۆر هەن کە دەتگەیەننەوە وڵات، بۆنموونە فرۆشگا هەیە بەرهەمی لوبنانیت پێ دەفرۆشێ.

سەبارەت بە من، وا هەست ناکەم کە ئەم کۆچە لە کۆچی سەردەمەکانی پێشتر بچێت، کاری تری بۆ زیاد دەبێ کە ناتوانی راڤەی بکەی... تۆ لە ولاتی خۆت ناژیت، لەبەرئەوەی تۆ لە تەمەنێکدا کۆچت کردووە کە دەزگای مێشکت توانای رێکخستنی نەبووە بەشێوەیەك کە جیاوازیت لە لادروست بکات لەگەڵ ولاتی یەکەم. بۆیە ئەو قسانەی پێشتر گوتراون، یارمەتیت نادەن بۆ تێگەیشتنی ئەم حاڵەتە. تۆ بەو ئەندازەیە ولاتەکەی خۆتت خۆشناوێت کە خەون بەوە ببینی بۆی بگەڕێیتەوە، واتا بەو ئەندازە و رێگایەی کۆچبەرەکان پێی دەنووسن.. هیچ کەسێکیش لەبەر هۆکاری سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر رێگەی گەڕانەوەت لێ ناگرێ. بۆیە دەبینی هەموو خەڵك لێت دەپرسن "چی دەکەی لەدەرەوە؟ فەرموو بگەڕێوە!". لەلایەکی تریشەوە، تۆ ناتوانی ئەدەبی تاراوگە بەرهەم بێنی وەکو ئەوەی هاورێ عەرەبە نووسەرەکانمان دەیاننووسی، ئەو نووسەرانەی گەڕانەوەی ولاتیان لێ قەدەغە کرابوو.

وا نازانم کە ئەوە لە رۆمانەکاندا زیاتر لە ژیاننامە نزیك بێت.. من بەم رێگایە بیر ناکەمەوە، هەروەها ئەم قسەکردنە ژیاننامەی راستەقینە نییە، قسەکردنی لەسەر ئەوە تێدایە کە چۆن مرۆڤ بتوانێ لەیەککاتدا لە دوو شوێن بێت و لەهەمانکاتیشدا لە هیچ شوێنێك نەبێت، هەستکردن بەوەی کە لە شوێنێکی دیاریکراو نەبیت، کارێکی تراژیدی نییە، بەلام پێویستە لەسەرت یارمەتی خۆت بدەیت بۆ نووسینەوەی ئەم هەستە لەسەر کاغەز، بۆئەوەی لەپێش چاویلکەکەتەوە بیبینی، ئەمەش لایەنە تراژیدییەکەی کۆچ ناگرێتەخۆ.

بۆئەوەی جارێکی تر وەلامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بەراستی لەوباوەڕەدام کە ئەو ناوچە قولانەی لە ناخی مندا هەن، دەتوانرێ لەناو ئەم رۆمانانە دروست بکرێن کە نووسیومن و کەمتر لەو ئەدەبەدا دەیبینین کە بە پێی زانینی تۆ زیاتر لە من دەچن.

**** بەلایەنی کەمەوە کتێبەکەت (نامە نامۆکان) ئینتیمای بۆ ئەدەبی تاراوگە نییە، بەلام شتێك هەیە کە لە (نامە نامۆکان)دا زۆر زۆر بە دیار دەکەوێت، لە ئەدەبی تاراوگەدا، پرسی نیشتمان و پرسی تاراوگە بە جۆرێك دەخرێنەڕوو کە دەگەنە میتافیزیکیا... وەکو دوو پرسیاری وجودی، لەوباوەڕەشدام کە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست نییە بە خودی تاراوگە، بەڵکو پەیوەستە بەو ولاتەی جێمان هێشتووە. دوای رووداوەکانی ئەم دواییەی ولات، لەوباوەڕەدای کە ئەم رووداوانە تێروانینی ئێمەیان بۆ ولات گۆڕی... تێروانینی ئێمەی بۆ خودی خۆمان گۆڕی؟ ئایا ئەمە پاڵت پێوە نانێت بۆئەوەی وا هەست بکەی کە پرسیارەکەی تۆ هەندێ شتی گۆڕی؟***

- لەوانەیە پرسیارەکە نەیگۆڕیبێ.. بەلام رووداوەکانی ئەم دواییە وات لێ دەکەن ملکەچ بی بۆ جووڵە و هەژانی وجودی بەهێز و توند. ئەم ولاتە، ولاتی ئێمە، وازی لێناهێنرێ. هیچ کەسێکی

لوبنانی بەئاسانی لوبنان جێناهێڵێ، بەهەمان ئەو هۆکارانەی کە من لەپێناویدا لوبنانم جێهێشتووە، تەنها شتێکی وەکو نەخۆشییەکی توند دەتوانێ وات لێ بکات ولاتێکی وەکو لوبنان جێبهێڵی.

هەروەکو پێشتریش گوتم: ئێمە چەوساوە و زۆرلێکراوی سیاسی نین تا لە ولاتەکەمان رابکەین.. وەکو باب و باپیرانیشمان لەبەر هۆکاری ئابووری کۆچ ناکەین، بەوپێیەی کە هەژار بین و لەپێناو کۆکردنەوەی پارە کۆچ بکەین، جێهێشتنی ولات، تەنانەت بانەڵێین (کۆچ) هیچ مانایەکی نییە، باکگراوندێکی باوەڕپێکەری نییە، هیچ شتێکی تێدا نییە کە بەهۆیەوە لە خۆت ببووری لەوەی جێتهێشتووە.. لەپاڵ ئەوەی کە ولاتێکی جوانە، ژیان تیایدا ئاسانە و سرووتەکەی جوانە.. هۆشیاری لەدەست دەدەیت.

وەکو ئەوەی شتێك بەدەست هاتبێت بەبێ ئەوەی بتوانی راڤەی بکەی، تێهەڵدان و پاڵدانت بۆ دەرەوەی ولات کارێکە کە ناتوانین تێیبگەین و وەریبگرین، ناشتوانین لە یەکێك لە پلەبەندییەکانی هۆشیاری خۆمانی دابنێین... شتێك کە ناوی جەنگە، هات و پاڵیدای بۆدەرەوە، خۆت لە دەرەوە بینییەوە بەبێ ئەوەی رووێکی باوەڕپێکەر بۆ بوونی خۆت لەوێدا ببینییەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەوە پەیوەستە بە ئارەزووێکی دڵنیاکەرەوە بۆ نەگەڕانەوە. تۆ ناتەوێ بگەڕێیتەوە. ئەوەی تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت، شتێکە بەڕاستی پەیوەندی بە ئازاری وجودییەوە هەیە. ئەدەبی تاراوگە نییە، ئەدەبی سیاسی و ئەدەبی گوماناوی نییە، تەنانەت نوستالژیاش نییە، جۆرێك لە کێشەیەکی قووڵە لە وجودی تۆ لە شوێنێکدا کە هیچ پاساوێك نییە بۆ بوونت لەم شوێنە، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ئارەزووێکی دڵنیاکەرەوە هەیە بۆ نەگەڕانەوە بۆ ولات.. بۆ نیشتمانی یەکەم.

کاتێ مرۆڤ هەندێ رووداوی لەجۆری رووداوەکانی ئەم دواییە دەبینێت، تووشی تێکشکانێکی گەورە دەبێت، لەوانەیە جارێکی تر بپرسێت "من لێرە چی دەکەم؟"، جارێکی تر "بەلام ئێمە پێشتر ئەم جۆرە کارانەمان تاقی کردۆتەوە و هیچ بەرهەمێکی نەبووە؟". جارێکی تر دەڵێت: "نەخۆشەکانمان تا ئێستا لە شوێنی خۆیانن و پاش کەمێکی تر بە دیاردەکەون"، لێرەدا تێکەلاوییەك لە گومان و نیگەرانییەکی توند هەیە، دەڵێت: پێویستە لەسەرت بگەڕێیتەوە بۆ ولاتەکەت، بەلایەنی کەم ئەمجارە، لەهەمان کاتیشدا باوەڕ بەوە ناکەی کە لەسەرت پێویستە بگەڕێیتەوە، شتێکی هاودژ هەیە و هەندێجاریش ئەم شتە بە رێگایەکی ئازاراوییە.

کاتێ کۆچبەرانی تر دەبینی، ناتوانی کۆچی لوبنانییەکان بەراورد نەکەی لەگەڵ کۆچی عەرەبەکانی تر لەتاراوگە (ئەگەر هاوڕابین لەسەر ناونانی بە —کۆچ-)، ئێمە لەوان ناچین، ناتوانین شێوەیەك لە بەخشین و وەرگرتن لەنێوان غەریبەکان دروست بکەین. ئێمە غەریبەین بەرەنگێکی زۆر تایبەت.

**** وەکو ڕۆمانەکانی پێشتر، دیسان دوا ڕۆمانت (گەورە و خۆشەویستم) جەنگی کردۆتە بابەتی سەرەکی. پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییە کە بیرۆکەیەك بلاّوبووەوە دەیگوت: لەوانەیە ئەم ڕووداوانە کۆتایی جەنگ بن.. ئایا سەرلەنوێ بیر لەوە دەکەیتەوە ڕۆمانێك بنووسی بەشێوەیەك باسی جەنگ بکات کە ماڵئاواییکردن بێت لە جەنگ؟***

- لەوەدا لەگەڵت هاوڕانیم کە دوا ڕۆمانم پەیوەست بێ بەجەنگەوە، ئەم خەڵکە...

**** جەنگی تێدا دەبیندرێ...؟***

- شارێکی پڕ تەنگەژە و شڵەژاوی تێدایە، نە یاسای تێدایە و نە هاووڵاتیبوون، شارێکی (بەرەلاّ)یە بە مانای خراپی وشەکە، لەپاڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا میلیشیا هەیە، بەبێ ئەوەی پاڵەوانەکە هاوکاریان بکات، هەوڵ دەدات لە دووری ئەوان بمێنێتەوە، لە پەراوێزێکی دووری ئەو جەنگەیە کە ڕوودەدات، دەتوانین ئەم ڕۆمانە بگوازینەوە بۆ ولاّتێکی تر، هەر بوونەوەرێکی مرۆیی تیادا بەجێهێڵراوە تاکو هێزی خۆی دابهێنی و هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی پاراستنی لە لانییە. ئەمەش واقعی زۆر کۆمەڵگای ترە نەك تەنها کۆمەڵگا عەرەبییەکان.. بۆنموونە، کۆمەڵگاکانی ئەمەریکای لاتینی، شێوەکانی دەسەلاّت لە ولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر دەگۆڕێت، بەلاّم تراژیدیاکان دەمێننەوە، کاتێ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لوبنان دەگرێتەوە، بەخێرایی چیرۆکی جەنگ دێتە پێشەوە بۆئەوەی تۆ ببیە خاوەنی. بەلاّم بەوەدا کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە لوبنانە، بەوەشدا ئەم ولاّتە بە جەنگی ناوەخۆدا تێپەریووە. سەرلەنوێ بەهانەیەك دەدۆزمەوە بۆئەوەی بڵێم چۆن مرۆڤ بەشێوەیەکی وجودی، خۆی ڕووبەڕووی جیهانێکی نارێکخراو دەکاتەوە بۆئەوەی پێشوازی لێ بکات و چۆن هێز و شوێنی خۆی دادەهێنێ؟ بەو مانایەی کە چۆن دەتوانرێ مرۆڤ کۆمەڵێ پەیوەندی دروست بکات کە هەموویان لەدژی ئەو بن؟ بۆنموونە، مرۆڤی هەژار چۆن بەدوای پاراستندا دەگەڕێت؟ ئەگەر کۆیلە بێت و بکەوێتە ژێردەستی خۆشەویستەکەی.. ئایا خۆپارێزی هەیە؟ لەوباوەڕە نیم کە کێشەی بەخشینی تاك لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا پەیوەست بێت بەجەنگەوە. کاتێکیش لەگەڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەگوازینەوە بۆ (قوبرس)، لەوێ کۆمەڵگایەکی جەنگ نییە، کۆمەڵگایەکی بەرەللاّ هەیە.. نە بونیادی سیاسی بەرگری لێ دەکات و نە بونیادی ئەخلاقیش کاریگەری هەیە. لەوانەیە ئەو بەدیلەی پێشکەشی دەکەن چارەسەرێکی ئایینی بێ.. گەڕانی مرۆڤ بەدوای پێگەیەکە لەو شوێنەی کە بۆ هەر یەکێك لە ئێمە خراوەتەڕوو.

ئایا دەتوانی شوێنێك بۆ خوت بدۆزیتەوە بەبێ ئەوەی باوەڕت بەوە بێ کە دەبێ ببیتە بەشێك لە بزوتنەوەیەکی گەندەڵی گەورە و داڕمانی ئەخلاقی و وەرگرتنی دەسەلاّتداریێتی تەنها بە مانای هێز لەگەڵ ئەوانی تر؟! ئەوەیە کە من ویستومە تیایدا قوڵ ببمەوە، چونکە ئەو پرسیارەی هەموو جارێك لەخۆمی دەکەم ئەوەیە کە کوڕەکەم خۆی لەبەردەم چەند هەڵبژاردنێك دەبینێتەوە... "ئایا پێویستە

لەگەڵ مامۆستادا بگونجێت؟" یان کاتێ لەشەقام لەگەڵ یەکێکیان تووشی پێکدادان دەبێت "ئایا دەتوانێ بە پارچە ئاسنێك لێی بدات یان نابێ لێی بدات؟". ئەمە پرسیارێکە رووبەڕووم بۆتەوە، نیگەرانم دەکات و ئازارم دەدات، چونکە بەردەوام رووبەڕووم دەبێتەوە، لەوانەیە ئەمە هەستکردنم بێت بە کەموکوڕییەکی گەورە... من و هەروەها هاوڕێکانیشم ناچارین بەوەی کە هەموو رۆژێك هێزە شاراوەکانمان دابهێنین. کاتێ لە کۆمەڵگایەکی پێشوەخت پلان بۆدانراو دەژی. زیاتر هەست بەمە دەکەیت. کە پێیان گوتی: "ئەمە سنوورە". تۆ ناچار نابی زۆر خۆت ماندوو بکەیت. ئەوە تۆی بڕیار دەدەی کە لە سیستەمی (باجدان) فرۆفێڵ بکەیت یان نا. هەموو شتێك وێنەی بۆ کێشراوە.. چەند کۆمەڵەیەك هەن کە وەکو تاك ژیانت رێك دەخەن و پەراوێزێك بۆ هەڵبژاردن دەمێنێتەوە. هەموو شتێك بەرەڵا نییە وەکو ئەوەی رووبەڕووی ئێمە بۆتەوە، ئێمە لە هەموو ساتێکی ژیانماندا بەدوای مەرجێکی ئەخلاقیدا دەگەڕێین، ئینجا ئەو مەرجە دینی بێت یان سیاسی یان هاولاتیبوون، بەلام بەگورجوگۆڵی ئەم مەرجەعەت بۆ دەهێنن "پەیوەندیم بە تۆوە نییە، بیر لە خۆت بکەرەوە".

لێرەدا لەوباوەڕە نیم کە ئەو پرسە پەیوەندی بە جەنگەوە هەبێ، پرسەکە ئەوەیە "هێز لە کوێیە؟" و "چۆن هەڵی دەبژێری؟".

**** قسەم لەسەر ئەوە نەکرد کە پێویستە جەنگ ببێتە بابەتی راستەوخۆ، لەوانەیە ببێتە باکگراوند، یان لەوانەیە بە مانای هەمان ئەو بەرەڵاییە بێت کە تۆ باسی دەکەیت.. ئەمەش تاڕادەیەك دنیای جەنگە...***

- قاهیرە زیاتر لەلای ئێمە بەرەڵایە....؟

**** لەوانەیە تارادەیەك (رێگەپێدان)ی رەها پەیوەندی بەد و خراپی بە هەڵگیرسانی جەنگەوە هەبێت. بەلایەنی کەم لە لوبنان، ئەم (رێگەپێدان)ە جەنگەکەی خراپتر کرد و جەنگ لەگەڵیدا لەدایکبوو، بەلام ئەمە رێ لەوە ناگرێ کە ئەم پرسیارەی خوارەوە بکەین: پاش رووداوەکانی ئەم دواییە کە تاڕادەیەك جۆرێك لە ئاماژەیان تێدایە بۆ کۆتایی هاتن بە جەنگ، ئایا تا ئێستا بیر لەوە دەکەیتەوە لەسەر جەنگ بنووسیت؟ یاخود دەکرێ جارێکی تر جەنگ ببێتە بابەتی نووسینی تۆ؟***

- تۆ سووری لەسەرئەوەی کە جەنگ بابەتی نووسینە...؟

**** لەوانەیە ناو لە جەنگ بنێین باکگراوندی نووسین، خاڵی دەرچوونی نووسین، زەمینەی نووسین...***

- جەنگ بۆ من جۆرێکە لە ئەزموونی بەشەری و مرۆیی کە لەژیانمدا پێیدا تێنەپەڕیووم، تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە کەسایەتی رووداوی رۆمانەکانم لەگەڵ من دەڕۆن و من لە

فەرەنسا نیشتەجێم، من کەسێکم لەناو ئەم ئەزموونە زل و گەورەیەدا ژیاوم، بۆیە هەر دەبێ نووسینەکانم وابن، جەنگ بە جۆرێك لە جۆرەکان دووبارە ئێمەی پەروەردە کردەوە، واتا لەو باوەڕەدا نیم رۆژێك لە رۆژان بەو مەرجە مرۆییە تێپەڕم کە لەمیانەی جەنگدا بینیمان، تەنانەت ئەگەر رووداوی رۆمانەکانم و کەسایەتییەکانی ناوی لە (بەیروت)یش نەبن.. ئەوەی نووسیویەتی کەسێکە بە (بەیروت)دا تێپەریوە، بەوەدا تێپەڕیوە کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین هەندێکمان بۆ هەندێکمانی ئەنجام بدەین.

ئەزموونەکە لە خودی خۆیدا ئەزموونێکی گەورەبوو، وەکو ئەو ئەدەبانەی لە دەرەوە دروستبوون، پاش ئەو هەژانە توندەی مەرجی مرۆیی. تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە پرسی (ئۆشفیتز) شی بکاتەوە... چۆن مرۆڤ گەیشتە ئەوێ؟ چۆن سوودی لەو ئەزموونانە وەرنەگرت کە پێیدا تێپەریووە؟ چۆن جەنگە ناوخۆییەکان دروستبوون؟! بێگومان ئەگەر جەنگە دەرەکییەکان قەدەغەبن جیهان ئامادەگی زیاتریشی هەیە بۆ جەنگی ناوخۆ!!

لە لوبنان ئەوەی پێیدا تێپەڕیووین، ئەو جەنگە ناوخۆییە، دەتوانی هەموو ئەو شتانەی کە روویاندا لە بیری بکەیت، دەتوانی شارێك بونیاد بنێیت و دەتوانی بریاری ژیان بدەی لەو شارە جوانەی بریاری راستکردنەوەی رێڕەوی خۆی داوە و دەبێتە شارێکی سەرسوڕهێنەر، بەلاّم بەوەی کە دەیزانی بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەو کاتەی ئاگات لە مەرجە مرۆییەکان هەیە بۆ کوێ دەڕۆی؟

تۆ (عەباس بەیزون)ی، کاتێ شیعرەکانت دەخوێنمەوە، ناتوانم وا دانەنێم کە تۆ لە (بەیروت) نەژیاوی...تەنانەت ئەگەر نووسینەکانیش پەیوەندییان بە (بەیروت)ەوە نەبێت، هیچ کەسێك ناتوانێ بڵێت: کاتێ (عەباس بەیزون) کەسی قسەکەر لە شیعرەکەی خۆیدا گوناهبار دەکات، کەسێکی بێگوناهە یان شڵەژاوە و نەژیاوە، ئەمە دەرئەنجامی ئەوەیە تۆ باسی ئەو جەنگە دەکەیت کە لە ژێر ئەو ماڵەدا روویداوە کە تۆ تیایدا دەژیت.. تۆ باسی ئەو برادەرەت دەکەیت کە گۆراوە... باسی کوڕەکەت دەکەیت کە ئاگاداری ئەو شتە نییە کە تۆ بۆت هێناوە، چونکە تۆ وەکو (عەباس بەیزون) زۆرجار وازت لە بیروباوەڕەکانی خۆت هێناوە... بیروباوەڕە سیاسییەکانت... پاشان وازت لە باوەڕت بە شەڕ و بەرنامەی خەونەکانت بۆ شەڕ هێناوە.

حەزدەکەی چی بە کوڕەکەت بڵێیت؟ زۆربەی جار ئێمە هیچ بە منداڵەکانمان ناڵێین؟ بۆیە ئەوان نیگەرانترین کەسن لە نێوان هاوڕێکانیان، ئەوەی تۆ دەینووسی ناتوانێ ببێت تەنها لێرە نەبێ.

**** دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەت لێ بکەم کە زۆر ئاراستەت کراوە، مانای چییە کە لە نووسینەکانی تۆدا هەمیشە (گێڕەرەوە) پیاوە؟ ئایا ئەمە وا لە رۆمان دەکات کە زیاتر رۆمانئامێز بێت؟ بەو مانایەی کە رۆمانەکە ببێتە کارێکی رۆمانی پوخت و***

***چوارچێوەی ئەدەبی خودبیت لێ بەدوور بکەوێتەوە، ئەدەبی سۆزداری یان ئەو ئەدەبەی کە نازانم ناوی چی لێ بنێم؟ ئەمە تا چ ئەندازەیەك بەلای تۆوە جوانە؟ بابەتی زۆر بۆ تۆ خراوانەتەڕوو.. ئەگەر حەزیش ناکەیت وەڵام بدەیتەوە دەتوانم لێت تێبگەم؟!***

- لەوانەیە زۆرجار ئەم پرسیارە سەرسامم بکات، چونکە بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت کە لە نووسەرێکی سپی پێستی ئەفریقیای باشوور بپرسێت "بۆچی دەربارەی رەش دەنووسیت؟" من بەرنامەی وا دانانێم و بریاری ئەوە نادەم کە ئەمجارە دەربارەی ئافرەت قسە بکەم و جاری داهاتووش دەربارەی پیاو، مرۆڤ بەمجۆرە مەبەستە گەورەیە بابەتەکانی هەڵنابژێرێ.

چ شتێك بۆ من سەرنجڕاکێشە لە نووسیندا؟ ئەوەیە کە من رووبەرێك لە شوێن ببڕم جیاواز بێت لە خۆم، ئەوشتەم لە لانییە کە دەربارەی خۆم هەواڵی پێبدەم... شتێکی گرنگ نییە... ئەگەر من تێکۆشەرێك بم لەبواری مافی ئافرەت، یان رووبەڕووی کێشەی راستەقینە ببمەوە لەبەر ئەو هۆیەی ئافرەتم لەناو کۆمەڵگاکەمدا... لەوانەیە رووبەڕووی پرسەکە ببمەوە، بەلاّم لە قولاّیی بیرکردنەوەی مندا نییە، ئەم بابەتە بۆ من بابەتی یەکەم نییە کە بەخۆیەوە سەرقاڵم بکات. ئەو بابەتانەی سەرقاڵم دەکەن رەگەزیان نییە... پەیوەندی بە کەسێکی رەگەزیی نییە لەبابەتەکەدا. من خۆم کێشەکانم زۆر رووکەشن، ناشتوانم چیرۆکێکی هەڵبەستراو لەژیاننامەی خۆم دابهێنم کەوام لێ بکات رووبەڕووی کێشە ببمەوە وەکو ئافرەتێك، ئەگەر بڕیاریشمدا کە دەربارەی ژیانم بنووسم، واتا ژیاننامەی خۆم بنووسمەوە، شتێکی ئاساییە کە من بە ئاراستەی جیاوازدا بڕۆم، واتا بەئاراستەیەکدا بڕۆم کە لە من نەچێت، قسەکردن دەربارەی خۆم بەشێوەیەکی تایبەت ماندووم دەکات، هەست بەوە ناکەم کە لە ژیانی مندا شتێك هەبێت قابیلی ئەوەبێ قسەی لەسەر بکەم، رۆژێك لەرۆژان بەندکراوی سیاسی یان تێکۆشەرێك نەبوومە... واتا لە هیچ شوێنێکدا ژیانم شکستی نەهێناوە بەهۆی ئەوەی کە ئافرەتم و جیاوازم. ناتوانم سەبارەت بەخۆم کێشە و گرفتی ناڕاستەقینە دروست بکەم و دابهێنم. ناتوانم باوەڕ بەخۆم بێنم تا دەربارەی ئەو شتانە بنووسم کە لە لای ئافرەت گرنگن تەنها لەبەرئەوەی ئافرەتم، بیرکردنەوەم وەلاّمی ئەو پرسیارانە ناداتەوە کە لە پێشتردا بۆ نووسین دانراون، بۆنموونە، کاتێ کەسایەتییەك دێت، یەکسەر بە خێرایی هەڵی دەبژێرم، دەبینم شتێکی ئاساییە پیاو لەگەڵیدا بدوێت... لەبەرئەوەی من ئافرەتم، ئەگەر هاوبەشی راستەقینەی من پیاو بێت بەو پێیەی من ئافرەتم، ئەوا هەر دەبێ خۆم وا ببینمەوە کە لە نووسیندا بە ئاراستەی ئەو بڕۆم.

لەبەرئەوەش کە ئەم نووسینە دانانە نەك وەبیر هێنانەوە، بەرەو رەگەزەکەنی جیابوونەوە دەڕوات و دەربارەی مەبەستی ئارەزووی تۆ پرسیار دەکات. لەمەشدا ئاراستەیەکی سروشتی دەبینم لە نێوان راکێشەری سلبی و راکێشەری ئیجابی. لە جیهانی ئێمەدا، کاتێ دەنووسم، زیاتر

به پیاوم دەچوێنن، ئەمە چۆن دەبێ؟! نازانم چۆن راڤەی بکەم؟! بەلاّم کاتێ دەنووسم، هەموو ئەو هەستە لەدەست دەدەم بەوەی کە ئافرەتێك هەیە... لە رۆماندا رەگەز لەلای من نییە. من دەنووسم و خۆم وادەبینمەوە کە هیچ سیفەتێکی رەگەزییم نییە، بەوە زۆر دڵخۆش دەبم کە مرۆڤ خۆی لەو شوناسە ئازادبکات کە ئەو کێیە؟! من کەس نیم و لەهەمانکاتیشدا هەموو شتێکم. ئەمەش شتێکە کە ناتوانم شی بکەمەوە، چونکە زۆر بیری لێناکەمەوە. بەلاّم کاتێ (ئەوانی تر) سوورن لەسەرئەوەی پرسیارت لێ بکەن، ناچار دەبێ بیر لە وەلاّمدانەوە بکەیتەوە.

سەبارەت بە من، خۆم وا نابینمەوە کە ناچارم پاساو بۆ ئەوە بهێنمەوە بەوەی لە شوێنێکم و شتێکی نائاسایی دەکەم. وای دەبینم کە شتێکی ئاساییە... ئەگەر هەندێ بابەتم لا نەبێ کە بەرگریان لێ بکەم، چ کۆمەلاّیەتی یان تەنانەت بیروباوەڕی سیاسیش، ئاساییە دوای ئەو شتە بکەوم کە ئیلهامم پێدەبەخشێ، ئەگەر پیاو بێت شوێنی دەکەوم و ئەگەر ئافرەتیش بێت لەوانەیە رێگاکەی لەگەڵدا تەواو بکەم.

**** وا هەست دەکەم کە مرۆڤ بەلای رەگەزی خۆیدا ناچێت، بۆنموونە، ئەگەر تۆ سپی پێست بیت، پاڵەوانی رۆمانەکەت رەش پێست دەبێت لەبەرئەوەی گرنگی بەبابەتی جیاوازی رەگەزیی دەدەیت، هیچ کەسێك لێت ناپرسێ "ئەمە چۆن دەبێت لەکاتێکدا تۆ سپی پێستی؟" لەرۆماندا بەرەو کوێ دەڕۆیت، ئایا بەرەو ئەو کەسایەتییانە دەڕۆی کە رێنمایت دەکەن؟***

***من ئەو هەستەم هەیە کە لە رۆماندا.. ئەمەش شتێکی نوێیە لە رۆمانی عەرەبی...سەرەڕای ئەوەی زۆر قسە لەسەر گەندەڵی دەکەین... بەلاّم مرۆڤ کەمجار شت لەسەر (مافیا) دەخوێنێتەوە.. مافیا بە شێوازە عەرەبییەکەی!!***

- (مافیا)ی گرگن و بوودەڵە، کە هیچ بایەخێکی نییە...

**** مافیای عەرەبی یان مافیای قوبرسی...(مافیا) بە مانا ئەمەریکییەکەی. لە هەموو رۆمانێکتدا گەڕان بەدوای شێوەیەکی جیاواز هەیە... لە (ئارەزووبازان)ەوە تێدەپەڕێت بە (تێکدەرانی ئاو) تا دەگاتە رۆمانی (مافیا). لەم رۆمانەدا لە سەرەتا وادەردەکەوێ کە کەمتر گرنگییەکی تەکنیکی هەیە... تا دەگەینە کۆتایی دوو دەنگ دەردەچن، ئایا دەتوانین وای دابنێین کە بونیادی رۆمان لەم دوو دەنگەدا خۆی حەشارداوە؟***

- سەرەتا هەستمکرد کە ئارەزووی نووسینی ئەدەبم نییە، بەڵکو حەزم لە رۆمانە بەو زمانەی کە خۆم هەڵمبژاردووە و لەپێناو گەیشتن پێی زەحمەتم کێشاوە. گەنج چۆن هاتۆتە کایەوە و بۆتە هەرزەکارێك؟! چۆنیش هێزێکی بایۆلۆژی دروستکردووە؟! ئەگەر ئاژەڵ وەکو نموونەیەك وەربگرین، ئەوە

وەکو پرەنسیپێکی بایۆلۆژی بۆمان دەردەکەوێت کە ئاژەڵە بچووك و بێهێزەکـان بـەردەوام خۆیـان بـە دەستەوە دەدەن، ئەوە ئەو هێزەیە وا لەدایك دەکات لەلایـەك شـێر لـە بـرا بێهێزەکـان دووربخاتـەوە و لەلایـەکی تـر لاواز و بێدەسـەڵاتەکان وا لێـدەکات کـە بـە مـردن رازی بـن، ئەمـە جۆرێکـە لـەو ئامادەسازییەی کە بەرە بەرە دروست دەبێت، بۆیە من پێویستم بـە چـوار تـا پێـنج سـاڵ هەیـە تـا رۆمانێك بنووسم، ئەمەش دوای ئەوەیە کە بیرۆکەی رۆمانەکە لەناو مێشکمدا دەخولێتەوە. ئەمجارەیان ویستم تا دەتوانرێ لە بایۆلۆژیا نزیك بکەومەوە و لە ئـەدەب دوور بکەومـەوە بـە مانـای پێکهـاتنی شێوازی، ئەمە سەرەڕای پێویستی ئابووری لە قسەکردن، هەستمکرد زیادەڕەوییەکی زۆر هەیە، تـەنها لە رۆمانەکان نا، بەڵکو تەنانەت لە ژیانیشماندا، ئێمە خەڵکانێکین بەردەوام قسە دەکەین و لە هەموو شتێك تێدەگەین و دەربارەی هەموو شتێك دەنووسین، بۆنموونە، لەرۆژئاوا کەم کەس دەبینی دەربـارەی هەموو شتێك قسە بکات، کاتێك لە تەلەفزیۆنێك بانگهێشت دەکرێت بۆ قسـەکردن، لەکاتێکـدا لای ئێمە تۆ لە هەر بوارێك پسپۆر بیت، دەتوانی لەسەر هەموو بوارەکانی دیکەش قسە بکەی: مۆسـیقا، هونەری شێوەکاری... هیچ کەسێك ناترسێت!! وەکو ئەوەی لە هەموو شتێك تێبگات!!

من ئەو هەستەم هەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی ناسروشتی زیادەڕەوی دەکەین، ئەوەی لەم هەستەشمدا پشتی پێ دەبەستم، خوێندنەوەمە بۆ نووسینە عەرەبیـەکان، وتـارە عەرەبیـەکان دوورودرێـژن تـەنها هەندێکیان نەبێ، لە رۆژنامە بن یان لێکۆڵینەوە.. لە پەخشـانی عـەرەبی و لـە رۆمـانی عـەرەبی و تەنانەت ئەگەر یەکێك لە رۆمانە جوانەکانیش بێت، دەتوانی زۆر لاپەڕەی لێ لابدەی.

سەرکەوتووبم یان نا، ئارەزوویێکی ئابوورییانـەم هەیـە، ئەگـەری ئـەوە نییـە کـە هەسـتم بـە گێڕانەوەیەکی تیکەڵاوی ئەدەبی بـەو مانـای کـە لـە (تێکـدەرانی ئـاو)دا چـوومەتە نـاوی، لـە (تێکدەرانی ئاو)دا چێژ لەوە دەبینم کە هەواڵی شتی بێسوود بگەیەنم... درێژەی پێ بدەم بـە بـێ ئەوەی ئەمە مانای زیادەڕەوی بگەیەنێ.. درێژەپێدان زیادەڕەوی نییە... کاتێك بابەتەکە دەگۆڕێ بۆئەوەی جۆرێك لە زانیاری یان شـێوەیەك لـە مەعریفـە بگەیـەنێ، وەکـو هـەموو رۆمانـەکانی ئێسـتا، تـۆ بـە خوێنـەر دەڵێیـت: "وەرە بـا بـڕۆین بـەرەو چـێژێکی تـر" پاشـان دەگەڕێیـەوە سەربابەتەکەی خۆت... کاتێ دەگەڕێیتەوە، دەزانی کە تاچ رادەیـەك درێژەپێـدان بۆتـە خـۆراکی بابەتەکەت.

ئەو بیرۆکانەی کە هەندێجار دەبنەهۆی زیـادەڕەوی، پەیوەنـدیان بـەجۆراوجۆرێتی گێڕانـەوەوە نییـە، ئەوەی کە بەرەو بابەتێکت دەبات، پەیوەستت دەکات بەوەی کە باوەڕت پێیەتی و زانیاری پێدەبەخشی.

کاتێ ئەم ڕۆمانەم نووسی، هەستم دەکرد کە ڕستەکە ڕوون بێت یان نا، پێویستی بەوە نییە ڕستەیەکی تری بۆ زیادکەم، نەم ویستووە بە گەڕانەوەی کارەکە دڵخۆشبم، لەوانەیە لەسەرەتای خوێندنەوە یان لەسەرەتای پەڕەگرافەکەدا ناڕوون بێت، داوام لە خوێنەر کردووە ئەگەر بابەتەکە بەلایەوە گرنگە بە وردی لەگەڵ مندا بیخوێنێتەوە، زۆر ڕاڤە ناکەم و ناگەڕێمەوە سەر بابەتەکە و لە نووسین و ڕستەشدا شتێکی جوان و سەرنجڕاکێش و شیرین پێشکەش ناکەم، بۆئەوەی هەم خەڵك و هەم منیش چێژی لێ وەرگرین.

ئەمجارەیان وەکو دەڵێیت، بە شێوەیەکی نوێ ڕووبەڕووی خودی خۆم بوومەتەوە... مەترسیدارانە هەڵساوم بە بەش بەشکردن تیایدا، بەو مانایەی کە بەشێك لە ژیانی کەسایەتی وەربگیرێت بە شپرزەییەکانییەوە و بە شپرزەییەکانی تۆ وەکو نووسەرێك، دەڵێیت ئەمە جاری یەکەمە ڕۆمانێك دەنووسم و دەزانم چەند لاپەڕە دەردەچێت.

من لە پێشەوە بڕیارمداوە کە هەڵنەستم بەگەڕانەوە و نەچمە ناو شتی (زۆر عەرەبی)... کە شیبکرێتەوە و دڵخۆش بێت. بەمجۆرە هەندێ شتی جیاواز هات و لەکۆتایشدا لێی ڕازیم. مرۆڤ یەکەمجار بۆ خۆی دەنووسێت، پاشان ئەوانی تر پرسیار دەکەن.

* بە چاوپۆشی لەوەی کە نووسەر بۆ خۆی دەنووسێت یان بۆ ئەوانیتر، مانای چییە کە نووسەرێکی عەرەبی لە فەرەنسا بژی؟ هەمیشە نووسەر بۆ خۆی دەنووسێت، بەشێوەیەکی لاوەکی لەناو مشتومڕی گشتی و گفتوگۆی گشتی دەنووسێت، تا ئەوەی یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی دەربارەی ڕۆمانێکی نیمچە هاوبەش بدوێین بۆ هەموو سەردەمێك... کە نووسەر لە فەرەنسا بژی، ئەمە وای لێ دەکات کە تاڕادەیەك دوور بێت، تاچەند وای دەبینی کە تۆ لەمیانەی تەوەر و دیالۆگی گشتی عەرەبی دەنووسیت و درێژەی پێ دەدەی؟ ئایا هیچ کەسێك هەیە کە وایان لێ بکەی بەرلەوەی ڕۆمانەکانت دەربچن بیخوێننەوە و ڕاوبۆچوونیان لەبارەیەوە وەربگری؟

- سەرەتا با تەماشای ئەوە بکەین کە ئایا شوێنی جوگرافیت تا چ ڕادەیەك جیابوونەوەیەکی ڕاستەقینە دروست دەکات؟! هەڵبەت من بەردەوام خوێندنەوەم هەیە بۆئەوەی کە لە ڕۆمانی عەرەبی ڕوودەدات... لەوباوەڕەشدانیم کە ئەگەر من بەو ئەندازەیە دوور نەبم، ئەمە جیابوونەوە دروست ناکات. ئەوەی بەم ڕۆمانانەت دەبەستێتەوە، ئەو زمانەیە کە پێی دەنووسرێت. من گرنگی بەپێگەی خۆم نادەم... نازانم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بنووسم "دەکرێ شوێنی من لەکوێ بێت؟". ئەمە شتێکە کە مرۆڤ لە داهاتوودا دەیبینێ و دەبێ ئەوە قبوولبکات کە شوێنی نییە. لە وڵاتێکی نا-عەرەبی بم کە بە عەرەبی قسە نەکەن سوودم پێ دەگەیەنێ... یەکەم: دەزانم کە کارێکی چەند گرانە ئەدیب بێت

و لەدەرەوە بیت.. بۆنموونە، چۆن رۆمان دەنووسیت و هیچ کەسێك ناتوانێ کاردانەوەی خۆیت پێ بڵێ؟ ناچیتە یەکێك لە قاوەخانەکانی (حەمرا) و بڵێیت لە پێشانگای کتێبدا فرۆشتم...

من ئاهەنگی ئیمزاکردنی کتێبەکانم ساز ناکەم، نە لە کتێبخانەکانی پاریس و نە ئەوکاتانەش کە خانەی (ئەلنەهار) ئەو داوایەم لێ دەکات... لەوانەیە لەبەر شەرم بێت، یان لەوانەیە لەبەرئەوەبێت کە نەمەوێ بناسرێم، یاخود لەبەرئەوەبێت کە من زۆر سەرقاڵم و ناتوانم مۆڵەت وەربگرم، بەشێوەیەکی کردەیی ناتوانم سەعاتێك لە لوبنان ئامادە بم کە خۆم دەمەوێ، هەروەها بەشێوەیەکی ماددیش کارەکە بەئەرکە و...هتد

تەنانەت لە فەرەنساش ئاهەنگ ئەنجام نادەم، گرنگە لەگەڵ خۆتدا دڵڕەق بیت، ئەگەر وەکو نووسەرێك لە لایەن خۆتەوە داوات لێ کرابێت، هەست بەو سەرکەوتن یان وەهمی سەرکەوتنە ناکەی کە ئەو پێت دەبەخشێ و کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر ئەو کەسە هەیە کە دەتخوێنێتەوە و رۆژی دواتر دەتبینێ، ئەوانەی لە قاوەخانەدا دەیانبینین، بە پەلە پیرۆزباییمان لێ دەکەن و کتێبەکانمان دەکڕن و لەسەری دەنووسن، چونکە ئێمە لە بەرامبەریانین و لە بیرمان ناکەن.

کاتێ مرۆڤ لە دەرەوە دەژی، زۆر گرنگی بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی نادات... جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە کە نووسەرێکی بەناوبانگ بیت یان ناوبانگت نەبێ... بۆئەوەی خاکەڕایی و خاڵی دەرکەوتن بزانیت، تۆ بەو ئەندازەیە کاریگەر نیت کە ئەگەر رۆمانێکی نوێت دەرکرد، ئەم رۆمانە ولاتێك بهەژێنێ... کەس هەستی پێ ناکات، بەڵام ئەگەر رۆمانەکەت شایستە بوو، بەرەبەرە رێگای خۆی دەبڕێت، ئەگەر وەریشگێڕدرا، بۆنموونە، بۆ زمانی فەرەنسی، ئەوا خوێنەری فەرەنسی پێت دەڵێت کە بۆچی گرنگی بەم رۆمانە داوە و بە چ جۆرێك خوێندویەتییەوە و بۆچی بڕیاریداوە بیخوێنێتەوە؟

ئەوەی دەیڵێم سوودوەرگرتنە لە نەبوونی کاریگەری راستەوخۆ لەسەر تۆ وەکو بوونەوەرێکی گشتی کە شایستەی ئاهەنگگێڕانە...

ئەمە کارێکی تاکگەراییە، بە ئەندازەیەك کە وا باشترە ئەگەر ئاهەنگگێڕانی بەدواداهات، پێویستە کاتێك بدۆزێتەوە بۆ بڕینی رێگای خۆی. لێرەشەوە ئەو کەسەی دوور بێت سوودمەند دەبێت... ئەوەی لە تاراوگە بژی، پرسەکان بەشێوەیەکی رێژەیی دەبینێت و پێویستیشە وابکات. تۆ هەموو کاتێ چاوت بەوە ناکەوێ کە لێی بپرسی "خوێندتەوە؟ پێی سەرسام بووی؟" ئەویش وەڵامت بداتەوە "زۆر جوان بوو!".

**سەرچاوە:** - السفیر- ٢٧/٥/٢٠٠٥. اجري الحوار: عباس بيضون -لبنان.

**http://www.jehat.com**

## هودا بەرەکات:

رۆماننووسێکی لوبنانییە و لە ساڵی (١٩٥٢) لە (بەیروت)ی پایتەختی لوبنان لەدایك بووە.
لە ساڵی (١٩٨٥) یەکەم رۆمانی نووسیووە.
لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە چووەتە فەڕەنسا.

## کتێبەکانی:

- (حجر الضحك).
- (أهل الهوى).
- (حارث المياه).
- (سيدي وحبيبي).

# نووسەری باش ئەو کەسەیە توانای لابردن و سڕینەوەی زیاتری هەیە لە توانای زیادکردن و خستنەسەر



گفتوگۆ لەگەڵ مەنسوورە عزەدین

رۆماننووسی میسری (مەنسورە عزەدین) حیکایەتەکانی بە گیانێکی هونەرمەندانە دەنووسێتەوە، دەزانێ چۆن نیگاری کەسایەتییەکانی دەکات. ئەوکاتەی دەنووسێ، بە خۆشەویستی و پیشەییانە دەنووسێت و نووسینەکانی بە یادەوەری خوێنەرەوە دەلکێنێت، رۆماننووس لە نەوەی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمە و دەیەوێ سەربەخۆی خۆی لە گێڕانەوەی دیمەنی رۆمانی میسری بەدەست بێنێ، بۆیە لە دوا رۆمانیدا کە بەناوی (دوای فیردەوس)ە، (لادێ)ی بە تاموبۆییەکی جیاواز پێشکەش کردووە، لەم گفتوگۆیەدا روانینەکانی رۆماننووس دەربارەی رۆمانی (دوای فیردەوس) دەزانین کە لێزانییەکی بالأی حیکایەتکردن و تەکنیکێکی بەرزی گێڕانەوەی تێدا بەکارهێناوە،

**** (زیا)، هاوسەرگیری لەگەڵ (سەلما)دا کرد و هێنای، دەڵێت: "هیچ هیوایەك بە تۆ نییە، قەت پێناگەی، هەرگیز نابییە کەسێکی واقعی"، ئایا ئەم دەربڕینە کورتکراوە و پوختەی کەسایەتی (سەلما)یە؟ کێشەکانی سەلما لە دیدی تۆوە چین؟***

– ئەم دەربڕینە پوختەی کەسایەتی (سەلما) نییە، بە ئەندازەی ئەوەی روانینی (زیا)یە بۆ ئەو و کێشەکانی ئەو، رۆمانەکە بەشێوەیەکی گشتی دژی ئەوەیە روانینێکی جێگیر و نەگۆڕی بۆ کەسێك یان بۆ رووداوێك هەبێت، بەدرێژایی رۆمانەکە تێکشکاندنێکی بەردەوامی ئەو تێڕوانینانە هەیە کە وەکو جێگیر خۆیان نیشان دەدەن، ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ دروستکردنی جۆرێك لە فرەگۆشەیی و فرەڕوانگەیی، نموونە بە پەرەگرافێك لە بەشی یەکەم دەهێنمەوە کە تێڕوانینی سەلمایە بۆ خۆی وەکو کەسێکی مانگیی کە بە فێڵ تیشك و گەرمایی برادەرەکەی بردووە، یەکسەر لە لاپەڕەی دوای ئەو، گومان لەوە دەکات کاتێ حیکایەتخوان دەڵێت: "لەوانەیە سەلما کەسێکی مانگیی فێڵباز نەبێ، بەڵکو جەمیلە وابێ، ئەوە جەمیلەیە کە خەون و ژیانی سەلمای بردووە و ناوی ئەوی وەرگرتووە، یان بەلایەنی کەم سەلما لەم سالأنەی دواییدا ئەو گومانەی لا دروست ببوو".

سەبارەت بە کێشەکانی سەلما لەساتی ئێستا و لەم شوێنەدا، لەم رۆمانەدا ئەوەیە کە لەدوای مردنی باوکی بەدەست جۆرێك لە تێکشکان و تووڕەییەوە دەناڵێنێ، هۆکارێکی تری تێکشکانەکە کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانییەتی، کە هەندێکیان تایبەتن بە خودی خۆی و هەندێکیشییان پەیوەستن بە کۆمەڵگاوە، کە رێگا بە تاکەکانی نادات بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن و خەونە تاکەکەسییەکانیان بەدی بێنن، ئەمە بەتایبەت لەو شوێنانە بەدیار دەکەوێت کە سەلما خۆی چیرۆکەکە دەیگێڕێتەوە، بەلأم لەو شوێنانەی کە حیکایەتخوانی ئاگادار لە دیدی خۆییەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، وادەردەکەوێت حیکایەتخوانێکی گوماناوی و بەشێوەیەك لە شێوەکان فێڵبازە، روانینی حیکایەتخوان بۆ واقعی دەوروبەری خۆی لەجووڵەدایە و جێگای باوەڕ نییە، تەنانەت پەرەگرافی کۆتایی رۆمانەکە، گومانێکی گریمانەیی هەڵگرتووە لە هەموو ئەو شتانەی سەلما گێڕاویەتییەوە، هەر ئەمە نا، بەڵکو گومانێکە بۆ تەواوی رووداوەکانی رۆمانەکە.

***** له رۆمانەکەدا زیاتر له حاڵـەتێکی دەسـتدرێژیی جەسـتەیی تێدایـە ، (لـۆلا ، بوشـرا ، جەمیله) بەڵام کاردانەوەکان له کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکه جیاوازە ، (بوشرا) ژیانێکی نـوێ لەگەڵ (جابر)دا دروست دەکات که دەستدرێژی کردۆته سەری، بەڵام (لـۆلا) دەبێتـه قوربـانی بێدەنگی و کەللەرەقییەکەی و دان بە کردەوەکەدا نانێت. بۆ (جەمیله)ش دەسـتدرێژی دەبێتـه هاندەرێك تاکو بە دوای تموحەکانی ژیانیدا بگەرێت، (سەلما) تاکه ئافرەتێکه کـه گومـان لـه رووداوی منداڵییەکـه دەکـات بـەم ئـاڵۆزی و نادیارییـەی لـه یادەوەرییەکانیـدا هەیـە ، لـه بیرکردنەوەیەکی قەیراناویدا دەژییت، بەهۆی ئەوەی روویداوە و ئەوەی رووی نەداوە. ئامادەیی ئەم حاڵەتانه چۆن دەخوێنیتەوە؟***

- لەو باوەڕەدام که ئەم سێ حاڵەتـەی پەیوەسـته بـه (لـۆلا) و (بوشـرا) و (جەمیلـه) لەسـەرەتاوە جیاوازن، بۆیەش دەبێ کاردانەوەکانیان جیاواز بێ، بەتایبەتیش ئەگـەر جیاوازییـەکانی نێـوان ئـەم سـێ کەسه لەبەر چاو بگرین له ئاستەکانی خوێندن و وشیاریی و چینایەتی. بۆنموونـه دەمـەوێ (لـۆلا) وەکـو عاشقێك ببینم که نایەوێ ناوی باوکی منداڵەکەی بڵێت، ئەویش لـه پێنـاو پاراسـتنی کەسـەکە، بـەڵام (بوشرا) دەکەوێته حاڵەتێك که سنوور له نێوان واقع و شته نامۆکان دادەنێـت، بێـوەژنێکی وەکـو ئـەو، بەدەست نەبوونی سۆز و خۆشەویستییەوە دەناڵێنێ، بەتەواوی باوەڕ بەوە دەکات که مێردەکەی مـردووە و مانگانه سەردانی گۆڕەکەی دەکات و تەنانەت لەگەڵیشیدا دەخەوێت، رۆمانەکه ئەم دۆخه واز لێ دێنێ و بەنادیاری دەیهێڵێتەوە، بەجۆرێك یەکلایی ناکاتەوە که بەراستی ئەمه تارمایی مێردەکەیەتی، یان تـەنها مەترسیی ئافرەتێکی تەنیای هەژارە. ئەوکاتەش پەیوەندی له نێوان ئەو و جابردا دروسـت دەبێـت کـه وا گوامان دەکات تارمایی مێردەکەیەتی، هەروەها به روانـین لـه سروشـتی کەسـایەتییەکەی و بـارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری لەم کۆمەڵگایه لادێییه خۆپارێزەدا، ئاسـاییه پێشـنیاری هاوسـەرگیری لەگەڵـدا قبوڵ بکات، ئەویش بەو پێیەی راستکردنەوەی هەڵەی ئەو هەڵەیەیه که روویداوە. ئەوەی مـن کردوومـه بەرجەستەکردنی هۆشیاریی مرۆییه و وای دەبینم ئەو کاردانەوەیەی ئەنجامی داوە زۆر گونجاو بووە بۆی.

سەبارەت به (جەمیله)، ناتوانین ئەوەی لەنێوان ئەو و (هیشام)دا روویدا، به دەستدرێژی وەسفی بکەین.

سەبارەت به (سەلما)ش رووداوی منداڵییەکەی سەرلەبەری جێـی گومانـە، ئـەو وەکـو لـەم بەشەدا بـەدیار دەکـەوێت، سـەر لـه پزیشـکەکەی دەشـێوێنێ و ژیـانی واقعـی و ئـەو ژیانـه رۆمانئـامێزەی دەینوسـێتەوە، تێکـەڵی یـەکتر دەکـات، ئـەو شـتەی لـه دانیشـتنێکدا بـۆ پزیشکەکەی دەگێڕێتـەوە و باسی دەکات، لەدانیشـتنی دواتـردا نکـوڵی لـێ دەکـات و رەتـی دەکاتەوە، لێرەدا ئێمه لەبەردەم هۆشیارییەکی شپرزە و فیلاوی داین.

**** تۆ دەربارەی لادێ میسرییەکان دەنووسی، ئەمەش شوێنێکە کەسایەتی شێوەیی بەرهەم دێنێ، کە لە رۆمانە میسرییەکاندا سیمایان دووبارە بۆتەوە، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم کەسایەتییانە لە دەقەکەتدا ناترسێنێ؟ بە دیدی تۆ روانینە جیاوازەکە چییە کە خوێنەری رۆمانی (دوای فیردەوس) دەیبینێ؟***

– بەو شێوەیە تەماشای رۆمانی (دوای فیردەوس)م نەکردووە کە رۆمانێکی لادێییە، لەو باوەڕەدام کە ئەم دابەشکردنە کلاسیکییەی (رۆمانی لادێی) و (رۆمانی شاری)ی لە میسر گونجاو نییە. لە روانگەی گۆشەی روانین و تەکنیکی نووسینەوە، رۆمانی (دوای فیردەوس) باسی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دەکات لە ساتی گۆڕانیدا بەرەو پیشەسازی، ئەگەرچی ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیش بێت. بەهەموو ئەو مانایانەی (گۆڕانی هەڕەمەکی) هەڵگرییەتی لە کاریگەری و دەرئەنجامی لەسەر هۆشیاری کەسایەتییەکان و پەیوەندییان بە شوێن و بە رێکخستنی چینایەتی و هەروەها لەسەر باکگراوندی میتۆلۆجی و ئەفسانەیی، هەروەها رۆمانەکە پڕیەتی لە کەسانی (شاریی) یان خاوەن رۆشنبیریی شاریی، رۆمانەکە کەسانی سەر بە کلتوورەکانی دیکەشی تێدایە، چ رۆژئاوایی بن یان رۆژهەڵاتی، لەلایەکی دیکەوە باسی تەنگەژەی وجودییەتیش دەکات کە زۆربەی کەسایەتییەکانی رۆمانەکە بەدەستییەوە دەناڵێنن و دەتوانرێ لە زۆربەی کەسایەتییەکان بدۆزرێتەوە لە هەر شوێنێکی جیهان بن، بۆنموونە ئەگەر تەماشای کەسایەتی (بەدر هەبلە) بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی پێشتر لە رۆمانە میسرییەکان دەبینران و وێنای کەسێکی گەوجیان بۆ کەسانی لادێ دەکرد، پێشکەوتووە، ناڵێم ئەمەیان باشترە، تەنها دەڵێم ئەمەیان جیاوازە و دوورە لەو سروشتە فۆلکلۆرییەی پێشتر بەکار هاتووە. (بەکر هەبلە) بە شێوەی مرۆڤێکی نەخشە بۆ کێشراو و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ خۆیدا دەکات و مافی خۆشەویستی و گەڕان بەدوای سۆزداری و بواری گرنگیدان بەخۆی رەوا دەبینێ، هەست بەوە دەکات کە لەبنەڕەتدا رێزێکی زۆری هەیە وای لێدەکات توورە بێت ئەوکاتەی (جابر) هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تردا دەکات کە ئەویش (بوشرا)یە.

لەمبارەیەوە یەکێك لە رەخنەگرەکان سەرنجی بۆ ئەوە راکێشاوە کە رۆمانەکە جۆرێك لە (بەمێینەکردن)ی تێدایە بۆ زۆربەی ئەو رەگەزانەی کە پێشتر لە رۆمانی لادێی میسریدا (نێرینەیین). لەمەشدا ئاماژە بۆ پیرە شەمسە و بەدر هەبلە دەکات، ئەمە شتێکە کە من بە مەبەست وام نەکردووە و پێشتر نەخشەم بۆی نەکێشاوە.

**** بە بینینی من رۆمانەکە هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات! باسی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانیش ناکات لە کۆمەڵگا لادێییەکاندا! بەڵکو رۆمانەکە ئەوەمان فێر دەکات کە چۆن یادەوەری مێژووی خێزانیی خۆی بگێرێتەوە، لەمەدا لەگەڵم هاوڕای؟***

- تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵتدام کە رۆمانەکە دەربارەی (یادەوەری)یە، دەربارەی ئەوەیە چۆن دەست بەسەر ئەوەدا بگیرێت کە ئاسان نییە دەستی بەسەردا بگیرێت و لە ململانێدایە لەگـەڵ (لەبیرچـوونەوە). لەوانەیە گرنگترین ئەو شتانەی لەبارەی رۆمانەکەوە نووسرابن، بـەلای منـەوە نووسـینەکەی رەخنـەگری گەورە (فەیسەڵ دەراج) بێت، چونکە لە نووسینەکەیدا خوێندنەوەی دیاردەگەرایی تێپەڕاندووە و چۆتە نـاو ئەو پرسیارە قوڵەی کارەکە وروژاندوویەتی، یان چۆتە چـینەکانی خـوارەوەی کارەکـە. وتارەکـەیم زۆر بـە سەرسامی و تێڕامانەوە خوێندەوە، بە جۆرێك نووسیویەتی وەکو ئەوەی ئاگای لەوە بێ لەکاتی نووسـینی ئەم رۆمانەدا چ بیرۆکەیەك بەمێشکمدا هاتووە و چی منی راگرتووە.

(یادەوەری) پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە، لەوانەیـە (سەرسـوڕمان)یش پاڵـەوانی رۆمانەکـە بێت، بەلاَم بەشێوەیەکی دیکە، لە رۆمـانی یەکەممـدا (ونسـتانی مریـەم) کـە بەمدواییـە چـاپی سێیەمی لە دەزگای عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بلاَوکردنەوە دەرچوو، مریەم رووبەڕوو خـۆی لەگـەڵ ئەوەدا دەبینێتەوە کە (یادەوەری)یەکەی خیانەتی لیَ دەکات و نکوڵی لـیَ دەکـات، (یـادەوەری) دەیەویَ ئەوە ئاشکرا بکات کە بەبێ ئەو یادەوەرییە، مرۆڤ بێ ناسنامە و بێ بوونی راسـتەقینە و واقعییە، چونکە دواجار ژیانمان ئەوەیە کە لە یادەوەریماندا هەیە و هەموو ئەو ژیانە نییە کە ئێمە تیایدا دەژیـن، لەسـەر ئاسـتی تاکەکەسـیدا دوو دێوەزمـەی سـەرەکی هـەن بـەلای منـەوە زۆر زەحمەتن، ئەوانیش: (لەدەستدانی یادەوەری) و (لەدەستدانی عەقل)ن،

رەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت کە دوانـەی (یـادەوەری و لەبیرچـوونەوە)، (عـەقل و شـێتبوون)، تیمەی سەرەکی بن لەوەی من دەینووسم، بەلاَم لەلایـەکی دیکـەوە ئەمـە لایەنـە کۆمەلاَیـەتی و دەروونی و لایەنە نامۆییەکەی (دوای فیردەوس) فەرامۆش ناکات، بە بڕوای مـن ئەمـە تێکەڵـەی هەموو ئەمانەیە، بەلاَم زۆر خۆشحاڵم کاتیَ دەبینم خوێندنەوەکان رووکار تێدەپەڕێنن و شۆڕدەبنەوە ناو پرسیارە بوونگەراییەکانی پشت کارەکە، یان کـاتیَ خوێندنـەوەکان لەسـەر تـەکنیکی هونـەری بەکارهاتووی نووسینەکە، لەسەر ئاستی کات و بونیادی کارەکە قسە دەکـەن، بـاوەڕ ناکـەم کـەس لەسەر (کات) و (میکانیزم)ەکانی رۆمانەکە قسەی کردبیَ، جگـە لـە دکتـۆر (ئامینـە رەشـید) و دکتۆر (ئەلیوت کۆلای)، وەگێڕ و مامۆستا لە زانکۆی (جۆرج تاون)ی ئەمەریکی.

**** سابیر، بەدر هەبلـە، کـەرەم غـەریق، لـۆلا .. ئـەم کەسـایەتییانە لـەنێوان مـردن و راکردنـدان و لـە دەقەکـەدا ونبوونـە، بـەلاَم کارەکانیـان کاریگـەریی مـاوە لەسـەر کەسایەتییەکانی دیکەی رۆمانەکە، فەلسـەفەی (ئامـادەبوون) و (ونبـوون) لـە لای ئـەم کەسایەتییانە چۆن دەبینی؟***

- سوپاست دەکەم بۆ ئەم پرسیارە، تۆ خاڵێکی سەرەکی ڕۆمانەکەت وروژاند، ئەمە تایبەتە بە کاریگەریی رابردوو لەسەر ئێستا، کاریگەری بزربوو لەسەر ئێستا، هەروەها کاریگەری پەراوێز لەسەر ناوەرۆك، کە لە دیمەنێك، دوودیمەندا بەدیار دەکەوێت، لەوانەش: بەدر و سابیر، یان لۆلا و کەڕەم، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە کۆی ڕۆمانەکەدا هێزی کەسایەتییەکان و خوێنەر ببنە درێژکراوەی یەکتر.

هەمیشە هەر کارێکم بەوە دەستپێ دەکەم کە سەرەتا شتێکی لە شێوەی فایلی بچووك بۆ کەسایەتییەکان دروست دەکەم، ئەمەش زۆر یارمەتی داوم، بەتایبەتیش لەگەڵ کەسایەتییە پەراوێزخراوەکاندا، ئێستا لەبەرچاومە کە زۆربەی وردەکارییەکانی نووسیومەتەوە، لە رەشنووسی ڕۆمانەکەوە دوورە، سەرەتا گەلێ لاپەڕەم لەبارەی هەندێ لەو کەسایەتییانەوە نووسیوە، بەڵام لە قۆناغی کۆتایی نووسینەکەدا کورتم کردۆتەوە و لێیم فڕێ داوە، مەبەستم لە قۆناغی بنیاتنانە، تەنها ئەو شتانەم هێشتۆتەوە کە ڕووداوەکان پێش دەخات، یان کەسایەتییە ئامادە و سەرەکییەکان ڕوونـاك دەکاتەوە، زۆر تەرکیزم کردۆتە سەر خاڵی بەهێزی کەسایەتییەکان و لەمەشدا ئەوەم بۆ بەدیار کەوتووە، کە ئەم کورتکرنەوەیە وای کردووە کەسایەتییەکان هەرچەندە زوو بزر دەبن، بەڵام ئامادەییان زۆرترە. دەربارەی هێزی کەسایەتییە ناسەرەکییەکان و کاریگەرییان، ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر بوومەوە، هەر لە خوێنەری ئاساییەوە تا رەخنەگر و نووسەران.

لایەنێکی تری تایبەت بە (ونبوون) لە ڕۆمانەکەدا، پەیوەندی بە یاخیبوون و دەرچوون لە بەهای کۆمەڵەوە هەیە، زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی نوێنەرایەتی دەرچوون دەکەن لە شتە باوەکانی کۆمەڵگا، لەلایەن زۆرداران و رەتکەرەوەی جیاوازییەکان، بە شێوەیەك لە شێوەکان بزرکراون. (بەدر) وا دەردەکەوێ کە دەنگی شێتەکانە لە جیهانی عاقڵاندا، بەشێوەی بزربوون نامێنێ، (کەڕەم) لەدەرەوەی دابونەریتی چین و توێژی خێزانەکەیەتی و خوێندەوارێکە لە خێزانێکدا کە هیچیان وەکو ئەو نین، ئەو بەشێوەی خنکان بزر دەبێت، (لۆلا)ی خاوەن خەون و عەشق لە چوارچێوەیەکدا قەتیس دەکرێ و ڕێگای پێنادەن بەو شێوەیە بێت کە دەیەوێ، بۆیە دەگاتە ئەوەی خۆی بکوژێت و ئیتر بەمشێوەیە..

**** خەون و چیرۆکە میللییەکان و ئەفسانە، بەو شێوەیە نەگەیەنراون کە حاڵەتی تەواو غەیبیین، بەڵکو بەشێوەیەکن کە ژیانی پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە دەچنن، بۆیە سنووری نێوان خورافیات و واقع کەمە، ئەمە ڕاستە؟***

- هونەرمەند و رۆماننووس رۆلیان ئەوە نییە وەکو شتێکی غەیبی مامەڵە لەگەڵ خەون و خورافیاتدا بکەن، لەوانەیە ئەمە بۆنموونە کاری بیرمەند یان کۆمەڵناس بێت، رۆماننووس ئەو کەسەیە کە وەکو تونایەکی هونەری و جوانیناسی مامەڵە لەگەڵ ئەم مادە خاوانە دەکات و هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی جوانیناسانە سوودیان لێ وەربگرێت، لە چیرۆکی یەکەمەوە هەوڵم داوە کار لەسەر پەیوەندی نێوان (واقع) و (خەون)دا بکەم، کار لەسەر (نامۆیی)یەکان و ژیانی رۆژانە بکەم، ئەمە لە دوو کۆمەڵەی یەکەمدا دەدۆزییەوە (رووناکییەکی لەرزیو) و رۆمانی (ونستانی مریەم)، بەلاّم بەشێکی ئەم لایەنە لە رۆمانی (دوای فیردەوس) هەندێ شتی جیاوازە، لە دوو کاری یەکەمدا (نامۆیی) لە لاوازی هۆشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە، یان ئاماژەکردن بە شێتی ئەوەبوو کە زۆربەی کەسایەتییەکان کەسانی شاریی بوون، بەلاّم لە (دوای فیردەوس) هەوڵم داوە (نامۆیی) پەیوەندی بە شوێنی لادێوە هەبێت، بۆ ئەوەی سەرکێشی بکەم و بڵێم هەوڵم داوە هۆشیاری شوێن بەرجەستە بکەم، لێرەشەوە نامۆیی لەمیانەی میتۆلۆژیا و خورافیات و ئەفسانەوە ئامادە دەبێت، تەنانەت خەون لێرەدا بە پێی راڤەکانی کەلەپوری ئیسلامی ئامادەیی هەیە، بە دیاریکراویش بە پشت بەستن بە راڤەی خەونەکانی ئیمام ئیبن سیرین.

**** گێڕانەوەکە نەرمە و زیاتر لە گەرمییەوە نزیکە، زمانەکەش هەر وایە، ئایا ئەمە بەرهەمی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە لەلایەن (سەلما)وە، ئەم کەسایەتییە کەسێکی خەونبینە؟***

- بە باوەڕی من ئەمە پەیوەندی بە شێوازی خودی هەر نووسەرێکەوە هەیە و وەکو پەنجەمۆر وایە بۆ نووسەر، بەلاّم سەرەڕای ئەمەش، رۆمانەکە چەند ئاستێکی لە گێڕانەوە تێدایە.

یەکەمیان: گێڕانەوەی حیکایەتخوانی ئاگادار بە شتەکان کە زمانەکەی زۆر رەوان و پاراوە و بانگەشەی بێلایەنی دەکات و لە هەندێك شوێندا لە زمانی مێژوو نزیك دەبێتەوە.

ئاستی دووەم: تایبەتە بەو سێ پارچەیەی کە سەلما دەیگێڕێتەوە و زیاتر بە زمانێکی پەتی و خودیی گەرم هاتووە و لەگەڵ کەسایەتی گێڕەرەوەکەیدا گونجاوە.

هەروەها زمانی حیکایەتگێڕانەوەی میللی بەکارهاتووە کە لە میانەی گێڕانەوەی حیکایەتی (کەموونە) بەدیار دەکەوێت و لە حیکایەتەکەدا، لە بەرامبەر کوشتنی منداڵەکان، نەرجسییەت و تۆڵەسەندنەوە هەیە.

هەروەها زمانی نارێکی بیانییەکانیش بەکارهاتووە لەو کاتەی کەسێکی بیانی دەیەوێ بە زمانی عەرەبی بنووسێ و بدوێ، هەروەکو لە گوتاری (کریستیا) بۆ (هیشام) بە دیار دەکەوێت.

وام هەست دەکرد بوونی ئەم ئاستە جیاوازانە لە دەقەکەدا جۆرێك لە زیندوێتی و ناسکی بە دەقەکە دەبەخشن.

*** رۆمانەکە زۆر گرنگی بەو کەسایەتییە (نێر)ان داوە کە نوێنەرایەتی نەوەی باوان دەکەن، لەوانەش: جابر و رەشید و سەمیح، لەبەرامبەردا کەسایەتییە گەنجە نێرەکانی فەرامۆش کردووە، یان هەوڵی قوڵبوونەوەی نەداوە لە ئامادەبوونیان، لەوانەش: هیشام و زیا و خالید. ئایا ئەم کارەت بە ئەنقەست کردووە، یان ئەمە بەرهەمی حاڵەتێك بووە کە دەقەکە سەپاندوویەتی؟***

- هەردووکیان بەیەکەوە... بەو مانایەی لەلایەك بەئەنقەستە چونکە بەرهەمی حاڵەتی دەقەکەیە، یان وەڵامدانەوەی گوێگرتنی لۆژیکێکی تایبەتی دەقەکەیە، ئەمەش پەیوەندی بە وەڵامدانەوەی من هەیە بۆ پرسیاری بزربوون و ئامادەبوون، رۆمانەکە لە بەشێکیدا باسی پەیوەندی نێوان (رابردوو) و (ئێستا) و کاریگەری رابردوو لەسەر ئێستا دەکات، ئەم ئێستایە بارمتەی رابردووە، لێرەوەیە کە (کەسایەتییەکانی باوان) ئامادەییان بەهێزترە، ئەمەش لە ئەنجامی قەبارەی کاریگەرییان لەسەر هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکەی رۆمانەکە و لەسەر ئەو ئایندەیەی تایبەتە بە هەردووکیان، بەڵام کەسایەتی هەریەکە لە هیشام و زیا و خالید کە من بە کەمی باسم کردوون، لەبەرئەوەبووە ویستوومە رۆلی دیاریکراویان پێ بدەم، زیا و پەیوەندییەکەی لەگەڵ سەلمادا، کێشەی سەلمامان بۆ بەدیار دەخات لەگەڵ جەستەی خۆیدا، ئەمەش لە میانەی هاوسەرگیرییە ماوە کەمەکەیدا بەدیار دەکەوێت، واتا وەکو ئافرەتێك لایەنێکی گرنگی کەسایەتییە ئاوێتەییەکەمان پێشکەش دەکات.

بۆ زانینیش ئەم سێ کەسایەتییە نێرە، لە رەشنووسی یەکەمدا ئامادەییەکی زۆریان هەبوو، دواتر زۆربەی وردەکارییەکانم لابرد و شتە گرنگەکانم هێشتەوە، بۆ ئەوەی ریتمی کارەکە بە گشتی بپارێزم، ئەویش ئەوکاتە بوو کە بینیم زۆربەی ئەم وردەکارییانە، زیاتر وەڵامدانەوە بوو بۆ ویستی من بۆ گێڕانەوە، نەك وەڵامدانەوە بێ بۆ لۆژیکی کارەکە و لۆژیکی کەسایەتییەکان، بۆ ئەم مەبەستە من گوتەیەکەم هەیە و بە تەواوی باوەڕم پێیەتی، ئەویش ئەوەیە کە "نووسەری باش ئەو کەسەیە توانای لابردن و سڕینەوەی زیاتری هەیە لە توانای زیادکردن و خستنەسەر".

**سەرچاوە:**

**.html٥٤٥٨٤٢/article٢٢/٠٧/٢٠١٠http://www.alriyadh.com/**

## مەنسوورە عزەدین:

لە ساڵی (١٩٧٦) لە میسر لەدایك بووە.

ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنی لە زانکۆی قاهیرە خوێندووە.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا کورتەچیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی میسر بڵاوکردۆتەوە.

کتێبەکانی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، ئیتاڵی فەرەنسی، سلۆڤینی وەرگێڕدراون.

## کتێبەکانی:

- (ضوء مهتز)، (٢٠٠١).
- (متاهة مريم). (٢٠٠٤) سێ جار چاپکراوە.
- (وراء الفردوس)، (٢٠٠٩).

# له نێوان جەنگێك و جەنگێکی دیدا.. مەنفامان گەورەتر دەبێتەوە و نیشتمانیش بچووکتر



گفتوگۆ لەگەڵ فازڵ عەزاوی

"شایەدی ئەوە دەدەم کە ژیانی خۆم بە تەواوی ژیاوم" بەمجۆرە شاعیری عێراقی (فازڵ عەزاوی) وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوە، کاتێ لێم پرسی: چۆنە ئەگەر بیر لە سەرتاپای کاروانی ژیانت بکەیەوە؟ لە چ کارێك پەشیمانی کە کردووتە و چ کارێکیش پێویست بووە بیکەی و نەتکردووە؟

(عەزاوی) بەوە وازی نەهێنا کە بە شیعرە بەناوبانگەکەی وەڵامم بداتەوە، وەکو چۆن لە هەموو ئەو ئێوارە شیعرییانەی بەشدارییان تێدا دەکات بەو دێڕە کۆتایی پێ دێنێ، ئەو زیاتریشی خستەسەر و گوتی: "هەمیشە خۆم دەخەمە ناو گەردەلوولەوە، بێ ئەوەی حیساب بۆ بردنەوە و دۆڕاندن بکەم، نازانم گەیشتوومەتە کوێ و دەگەمە کوێ؟! تەنها (سەرکێشییەکە) بۆ من بەسە!

عەزاوی لە هیچ شتێك هەست بە پەشیمانبوونەوە ناکات: نە مانەوەی لە مەنفا و نە دەرچوونیشی لە نیشتمان. خەونەکانی سادەن: شەیتان گرەوەکە دەدۆڕێنێ و دەچێتەوە جەهەننەم، بەهەشت لەسەرووی زەمینەوەیە، جەلاد بە قامچییەکەی خۆی لە خۆی دەداتەوە، جەهەننەم دەرگاکانی بە چیمەنتۆ دادەخات، رووبارەکان بە ژێر نیشتماندا دەڕۆن، دەسەڵاتدارەکان دەکەینە پاسەوانی شوێنەوارەکان، مەنفا شکۆمان بچووك ناکاتەوە و بێ هێزمان ناکات، ئازادی بێ کۆتاییە؟

ئایا هێنانەدی ئەم خەونانە قورسن؟ ئەو لێی پرسیم... منیش بە زەردەخەنەوە وەڵامم دایەوە.

* * *

له قاهیره له هوتێل هاتەخوارەوە بۆ ئەوەی بچێتە لایەکی دیکەی شەقامەکە، بەڵاّم زۆر راوەستا تا ئۆتۆمبێلەکان بوەستن، کەچی ئۆتۆمبێلەکان نەوەستان!

عەزاوی ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕأمەوە، وەکو ئەوەی کەسێکی لادێی بیّ و یەکەمجار بێت هاتبێتە شار: "برا ئێوە لە قاهیرە پاڵەوانن کە دەتوانن لەناو ئەم قەرەباڵغییەدا بژین!"

ئەو لە (بەرلین)ە، ئەو شارەی کە لەوانەیە لە قاهیرە هێمنتر بیّ، بەڵاّم تا ئێستاش لە بەغدا یان لە کەرکوك دەژییێت، لەو شارەی تێیدا لەدایکبووە.

هەمیشە تووڕەیە و دبلۆماسییەت نازانیّ، کاتیّ (قاسم حەداد) لە ڕاڕەوی هوتێلەکە گاڵتەی لەگەڵدا کرد و پێی گوت: "دیارە گەورە بووی فازڵ؟" لێی تووڕە بوو، بە توندی پێی گوت: "نا تۆ پیر بووی قاسم، تۆ (نەوە)ت هەیە".

قاسم و فازڵ لە یەکێك لە چێشتخانە میللییەکانی قاهیرە نانی ئێوارەیان خوارد، دواتر فازڵ تووشی سکئێشەیەکی توندبوو، لە هەموو ئەوانەی پرسیارکرد کە لەگەڵ ئەودا نانیان خواردبوو، بۆ ئەوەی بزانیّ ئایا کەسی تر تووشی سکئێشە بووە، هەموویان بە (نا) وەڵاّمیان دایەوە.

لەوانەیە تووڕەییەکەی بووبێتە هۆی جیاوازی، ئەو بڕوای بە بوونی باوکی شیعری بۆ خۆی نییە، چونکە هەموو ئەدیبەکان لەسەرەتای مێژووەوە برای یەکترن، ئەزموون و داهێنانەکانیان فێر دەبین نەك بۆ ئەوەی لاساییان بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی تێیانپەڕێنین.

نووسینەکانی پەیوەستن بە یاخیبوون لە هەموو ئەو پۆلێنبەندیانەی پێشتر ساز و ئامادەکراون. ئەو وەکو خۆی دەڵێت: خاوەنی یەکەمین دەقی کراوەیە کە چەند ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆری بەیەکەوە تێدایە: (شیعر و چیرۆك و مێژوو و سەردەمە جیاوازەکان..) ئەو دەقە کراوەیەش (مەخلوقاتە جوانەکانی فازڵ عەزاوی)یە، لە ناوەڕاستی شەستەکان نووسیویەتی، واتە پێش ئەوەی لە هەشتاکان لە ئەوروپا بەدیار بکەویّ.

(فازڵ عەزاوی) لە ساڵی (١٩٤٠) لە شاری کەرکوك لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٦) بەشی ئەدەبی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە.

لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە عێراقی جێهێشتووە و رووی کردۆتە ئەڵمانیا، تا ئێستا لەویّ دەژی.

دە دیوانی شیعری هەیە، لەوانە: (سلاّو ئەی شەپۆڵ.. سلاّو ئەی دەریا)، (درەختی رۆژهەلاّت)، (سفرەکان)، (لە کۆتایی هەموو گەشتەکاندا)، (پەپوولەیەك بەرێگاوە بەرەو ئاگر)، (گوندنشینێك لەژێر ئاسمانێکی نامۆدا).

کۆمەڵە چیرۆکێکی هەیە بە ناونیشانی (نیشتنەوە بۆ ئەبەدییەت بە تەنافەوە).

شەش ڕۆمانیشی هەیە بە ناوەکانی: (مەخلوقاتە جوانەکانی فازڵ عەزاوی)، (قەلاّی پێنجەم)، (دایناسووڕی کۆتایی)، (شارێك لە خۆڵەمیش)، (دوا فریشتە)، (کۆمیدیای تارماییەکان).

هەروەها دوو کتێبی ڕەخنەییشی هەیە بە ناوەکانی: (دوور لە ناوەوەی دارستان: بەیاننامەیەکی ڕەخنەگرانەی تازەگەری عەرەبی)، (روحی زیندوو: نەوەی شەستەکانی عێراق).

چەند کتێبێکیشی لە ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، لەوانەش: (خاوەنشکۆ دایناسووڕ)، (مێشکی لینین)، (ئەو پیاوەی هیچ خووێکی نییە).

* * *

لە یەکێك لە شەقامەکانی قاهیرە ئەم گفتوگۆیە دەستی پێکرد.. باوەڕی نەدەکرد کە لە شەقامێك دەڕوات هەمووان بە زمانی دایکی قسەیان دەکرد، ئەو زمانەی لەوکاتەوەی چۆتە ئەڵمانیا ونی کردووە، گوتی: "کاتێ سەردانی هەر ولاّتێکی عەرەبی دەکەم و بە شەقامەکانیدا دەڕۆم، وا هەست دەکەم بە ئەڵمانی لەگەڵم دەدوێن، لەناکاو بە ئاگادێمەوە و دەبینم بە عەرەبی قسە دەکەن، زۆر دڵخۆش دەبم". زمان سەرەتای گفتوگۆکەمان بوو.

* هەستت بەرامبەر (زمانی دایك) چییە کە لە نووسینەکانتدا بەکاری دەهێنی، بەلاّم بە درێژایی مامەڵەکردنی ژیانی ڕۆژانەت بە زمانێکی دیکە قسە دەکەی، ئایا لای تۆ زمانی دایك بە (لەناوچوو) دادەنرێت؟

- یەکێك لەو شتانەی بەختم لێی باش بوو، ئەوەبوو کە ئەو کاتەی لە عێراق دەرچووم خۆم وا دادەنێم نووسەرێکی دامەزراو و پێگەیشتوو بووم، هەندێ نووسەر ئەو کاتەی ولاّتیان جێهێشتووە، تەمەنیان لە دەوروبەری بیست سالاّن تێنەپەڕیبووە، ئەمەش کێشەی گەورەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی عەرەبی بۆ دروست کردوون، بەلاّم سەبارەت بە من، بە درێژایی کات زمانی عەرەبی زمانی منە، چونکە من شاعیر و نووسەرێکی عەرەبیم، بوونی من لە ڕۆژئاوا و کولتووری ڕۆژئاوا بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتووری عەرەبی من و زانینی زمانی دیکەی وەکو ئەڵمانی و ئینگلیزییە، هەروەها بوونم بۆ درکپێکردنی وردتری تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو زمانەیە، کە زمانی تۆش وردبینانەتر دەکات. بەداخەوە بە شێوەیەکی گشتی نووسینی زمانی عەرەبی فشۆڵە، ئەمەش بەهۆی هەڵەی زمانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی شێوازی

بەکارهێنانەکەیەتی، زمانە بێگانەکان فێری ئەوەت دەکەن چۆن خۆت لە فشۆڵی بپارێزی و بە زمانێکی بەرجەستەکراو بنووسی، ئەمەش شتێکی باشە، بۆ بەختباشیش پەیوەندیم لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی نەپچڕاوە، بەهۆی فیستیڤاڵە شیعرییەکانەوە زۆر گەشت دەکەم، ئەوە وای لێ کردووم پەیوەندیم لەگەڵ زمان و ئەدەبی عەربی نەپچڕێت، لە گۆشەگیریدا نەژیاوم، راستە دوور لە زمانی عەرەبی دەژیم، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵیدا هەیە.

* ئەی دەربارەی ماڵەوە چی؟

- خێزانەکەم عێراقییە، لەسەرەتاشەوە بڕیارماندا لەماڵەوە بە زمانی عەرەبی قسە بکەین، ئەمەش بۆ ئەوەی کوڕەکەمان فێری عەرەبی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار هەست دەکەین وشە رۆژئاواییەکان دزە دەکەنە ناو ئاخاوتنەکانمان.

* چۆن توانیوتە ئەم ئیشکالییەتە چارەسەر بکەی لەکاتێکدا تۆ لە (بەرلین)ی؟

- خەڵکی عەرەب زۆر لە بەرلینن، یانەی عەرەبیشی لێن، پچڕان لەگەڵ عەرەبی پچڕانێکی تەواو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر هەمیشە پێویستی بەوەیە بە شەقامێکدا بڕوات گوێبیستی دەنگی زمانەکەی خۆی بێت، هەموو جارێ کە گەشت بۆ وڵاتێکی عەرەبی دەکەم، وا هەست دەکەم بۆ شتێك گەڕاومەتەوە کە پێشتر ونم کردووە.

* هەندێ جار بە ئەڵمانی و ئینگلیزی دەنووسی.. تۆ کە بە زمانێکی جیا لە زمانەکەی خۆت دەنووسی، هەست دەکەی کە لە خەڵکانی سەر بە خودی زمانەکە زیاتر ئازادیت هەیە؟

- وەکو پێم گوتی من نووسەرێکی عەرەبیم، بەڵام بەهۆی بوونم لە رۆژئاوا، هەوڵ دەدەم سوود لە زمانەکەیان وەربگرم و لەبەرژەوەندی خۆم بەکاری بێنم، بۆ نموونە خۆم شیعرەکانی خۆم بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە و زۆرێك لە شیعرەکانم و شیعری نووسرانی دیکەشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، جارجاریش وتار بە هەردوو زمان دەنووسم و بڵاویان دەکەمەوە، بەڵام هەمیشە بە ئەڵمانەکان دەڵێم من نووسەرێکی ئەڵمانی نیم، بەڵکو زمانی ئەڵمانی دەزانم، جیاوازی زۆریش لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە. ئەو زمانە عەرەبییەی ئێستا بەکاری دێنم، سوودی زۆری لە زمانی ئەڵمانی وەرگرتووە، چۆن بە شێوەیەکی روون شتێك دەڵێم و خۆم لە لاوازی و بێ هێزی دەربڕین دەپارێزم، هەموو ئەو شتانە لە فێربوونی زمانی ئەڵمانی سوودم پێ

دەگەینن. ئەمەشم لەمیانەی وەرگێڕاندا بۆ دەرکەوتووە، هەندێ دەقی عەرەبی کاتێ وەریدەگێڕی دەبینی شتێکی زۆر نارێك دەردەچێت، رستەی لاواز و دارشتنی هەڵە و ناڕاست، کەچی کاتێ بە عەرەبی دەیخوێنییەوە ماناکان ئاشکران و بیر لە لاوازییەکەی ناکەیەوە. زانینی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وام لێ دەکەن زیاتر لە زمانی عەرەبی قوڵ ببمەوە.

* (نانسی هیوستین) ئافرەتەنووسەرێکە و خێزانی (تۆدۆرۆف)ە، لە بەشە ئینگلیزییەکەی (کەنەدا) دەژی، جارێکیان نووسیبووی کە ئەو زۆر بەختەوەرە بەوەی بە زمانی فەرەنسی دەنووسێ و زمانی دایکی نییە، چونکە وای لێ ناکات پابەند بێت بە بنەما قورسەکانی رێزمان، وەکو لە زمانی دایکیدا ئەمە هەیە، لێرەشەوە دەتوانێ زیاتر لە فەرەنسییەکان داهێنان بکات.. هەمان شتیش بەسەر نووسەرانی دوای کۆلۆنیالی وەکو (سەلمان روشدی) و (ئەهداف سویف) جێبەجێ دەبێ، کە بە زمانی کۆلۆنیالی کۆن دەنووسن و رێزمانەکەی تێکدەشکێنن لەپێناو بەرهەمهێنانی رێزمانێکی نوێی تایبەت بە خۆیان... ئەم کارە چۆن دەبینی؟

- لەوانەیە هەر لەبەرئەمەش بێت کە رۆژئاواییەکان (جوانی)ی لە زمانی ئێمەدا دەبینن، رێزمان بزانی و پێیەوە پابەند نەبی، چونکە تۆ کولتوورێکی دیکەت هەیە، دەتوانی لە زمانی دایکەوە بیگوازییەوە بۆ ئەوەی زمانە خوازراوەکەت زۆر جوانتر بێت، (سەلمان روشدی) وای دادەنێ مێژووی زمانەوانی پێشووی، لە زمانە ئینگلیزییەکەیدا بەدیار دەکەوێ، ئەمە بەتەواوی لەبەرژەوەندی ئێمەدایە.

* لە غوربەتتدا چۆن خۆت پۆلێن دەکەی؟ کۆچە.. یان مەنفایە.. یان نامۆبوون؟

- راستییەکەی من هەمیشە دژی پۆلێنکردنی خۆمم لە ئەڵمانیا، ئایا ئەمە کۆچە یان دوورخرانەوەیە یان پەنابەریی.. لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦) بە بیانووی خوێندن چوومە ئەڵمانیا، بەلاّم ئامانجی سەرەکیم ئەوە بوو بە ئازادی بنووسم، من بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێم کە بتوانم بە ئازادی تێیدا بنووسم.

*** پێشتر دەستگیر کراوی؟**

- زۆر جار دەستگیر کراوم، بەڵام دەستگیرکردن نەبۆتە هۆی ڕۆیشتنم، بارودۆخی سیاسی بەسەرتدا دەسەپێنێ کە یان لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتداردا بیت یان دژی بی، کە لەوانەیە ئەگەر لە دەرەوی ئەم حیزبە بی، یان بکوژرێیت یان دەسگیر بکرێی، ئەم دۆخەش سەبارەت بە من وەکو نووسەرێك زۆر قورسە، چونکە بە بۆچوونی من، نووسەر نەك هەر دەبێ دژی دەسەڵاتی چەوسێنەر بێ، بەڵکو دەبێ بە ڕەهایی دژی هەموو دەسەڵاتێك بێ، سەربەخۆیی گرنگە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ شتەکان ببینێ، ئەم هۆکارەبوو وای لێکردم عێراق جێبێڵم، بۆیەش ئەڵمانیام هەڵبژارد، چونکە دەمتوانی لەوێ دەرفەتی خوێندن بە دەست بێنم.

لەڕووی کردارییەوە من تەنانەت لە ناوەوەی عێراقیش ماوەیەکی زۆر لە پەناهەندەییدا ژیاوم، بەراستی ساڵانێکی مەترسیدار بوون، بەڵام نامەوێ بیانگۆڕم بۆ کارەسات و گریان، بۆیە دەڵێم: "ئەو شوێنەی دەتوانم لێی دانیشم و بە ئازادی بیربکەمەوە و بنووسم، ئەو شوێنە نیشتمانی منە، خودی نووسین نیشتمانی منە".

* لە ساڵی (١٩٧٢)دا قەسیدەی (بیابان)ت نووسی، کە تیایدا دەڵێی: "تورەگەکەم پڕی خۆڵ دەکەم و لەمەنفادا نیشتمانم دادەمەزرێنم". پێش ئەوەی بڕیاری ڕۆیشتن بدەی ئەمەت نووسی.. ئایا ئەمە پێشبینییەك بوو بۆ ئەو دۆخەی چاوەڕوانی دەکردی؟

- ئەو کاتەی لە عێراق بووم، لە مەنفایەکی بەردەوامدا دەژیام، ئەوەی دواتر ڕوویدا ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە سەرەتاییەکانی من بوو، مەنفا ئەوەیە ئینتیمات بۆ ئەو بارودۆخە نەبێ کە تیایدا دەژی، بارودۆخەکەش بە هەمان شێوەی تۆ، تۆ ڕەتبکاتەوە، ماوەیەکی زۆر پێش دەرچوونم لە عێراق، بیرم لە دەرچوون دەکردەوە، ئەو خۆڵەی لەگەڵ خۆشمدا هەڵم گرتووە، دەربڕینێکی سیمبولییە بۆ نیشتمان، واتا من لەگەڵ خۆمدا هەڵی دەگرم و وازی لێناهێنم.

* ئەگەر (خۆڵ) لە شیعردا دەربڕینێکی سیمبولی بێت بۆ نیشتمان کە لەگەڵ خۆتدا هەڵت گرتووە بۆ ئەوەی نیشتمانت بیربکەوێتەوە، ئەی ئەو کاتەی دەرچووی چ شتێکی دیکەت بەراستی لەگەڵ خۆتدا برد بۆ ئەوەی نیشتمانت بیربکەوێتەوە؟

- یادەوەری من کە (عێراق)ە، هەمیشە لەگەڵمدایە، لەسەر شانم هەڵی دەگرم، لە کتێبەکانمدا دەیبینی، سەرەڕای ئەوەی سی ساڵان دوور لەو ژیاوم، تەنانەت یەك ڕۆژیش لێی دانەبڕاوم.

*** پاش لەناوچوونی دیکتاتۆر بیر لە گەڕانەوە ناکەیەوە؟**

- لە وڵات دەرچووم لەبەرئەوەی دژی بارودۆخێکی دیکتاتۆریی بووم، بەڵام تا ئێستاش خەڵك دەتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن، سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانەی رژێمەکە کردی، من رەتم کردەوە و بەدوای بارودۆخێکی زیاتر مرۆییدا گەڕام، بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێراق روودەدات، ناتوانی بەرگەی بگریت و لەگەڵی بژی. ناگەڕێمەوە تا ئەو کاتەی نیشتمان وەکو نیشتمانەکەی جارانی لێ دێتەوە، ئایا ئێستا بگەڕێمەوە سەرزەمینێك کە وێران بووە؟! هەرچەندە ئارەزووی گەڕانەوەشم هەبێ، لەرووی دەروونییەوە ناتوانم بارودۆخەکە قبوڵ بکەم، دوای هەموو ئەو شتانەش من دەتوانم چ رۆڵێکم هەبێ لە ژێر سێبەری شەڕی ئایینی و تیرۆر و ئەو بیرکردنەوە تاریکەی هەموو وڵاتی گرتۆتەوە.

*** جۆرێك لە سۆز؟**

- ناوی نانێم سۆز، هەست دەکەم لێرە لە شوێنی سروشتی خۆمم.

* لە یەکێك لە قەسیدەکانتدا هاوشێوەییەك دروست دەکەی لەگەڵ قەسیدە بەناوبانگەکەی (سەییاب)دا، مەبەستم قەسیدەی (سروودی باران)ی سەییابە، بەڵام تۆ دەڵێی:

"لەبەرامبەرتان دان بەوەدا دەنێم کە لە چیرۆکی باران بێزارم
ئەمە ئەو سۆزەیە لە ئاست خۆر و مانگدا دەمخاتە مەترسی
لە شینایی ئاسماندا.."

قەسیدەکەت بەوە کۆتایی دێت "لە عێراقیش جەژنە.." ئەم سۆزە، سەرەڕای ئەوەی تۆ رەتی دەکەیەوە، بەڵام زۆر بە توندی بەسەر ئەم دەقەدا زاڵە؟

- لەوانەیە سۆز نەخۆشییەك بێت، بەڵام لای من نەخۆشی نییە، ئەمە نیشتمانی منە و زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بۆی بگەڕێمەوە، هەروەك چۆن بەوەش خۆشحاڵ دەبم کە دەچمە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، نیشتمان بەلای منەوە سنوور و بەرد نییە، بەڵکو مرۆڤ و خەڵکە، تا ئێستاش بڕوام بەوە هەیە کە لە یەکێك لە قەسیدەکانمدا گوتوومە:

"لە نێوان جەنگێك و جەنگێکی دیدا
مەنفامان گەورەتر دەبێتەوە و نیشتمانیش بچووکتر".
ئێمەی عێراقی بە خودی جەهەننەمدا تێپەڕیوین.

*** بەلاّم ئەو شتانە چین کە ئەگەر بێنە دی تۆ دەگەڕێیەوە ولاّت؟**

- دوای رووخانی سەدام بانگهێشتی زۆرم بەدەست گەیشتووە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکان و ئاهەنگەکانی رێزلێنان، هەموویم رەتکردۆتەوە، هیچ مەرجێکم بۆ گەڕانەوە نییە، یەکەم شت ئەوەیە دەمەوێ عێراق ببێتەوە نیشتمانی من. ئەوەی ئێستا لە ولاّت هەیە ململانێیە لە نێوان داگیرکار و هێزە تایفییەکان، ئەوەی هەیە تێکشکانێکی تەواوی هەموو بنەماکانە، ئەگەر عێراق ببێتەوە عێراق لەوانەیە بگەڕێمەوە، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ سەرزەمینێکی وێران، ماوەی سی ساڵی رابردوو خەونم ئەوەبووە دیکتاتۆرییەت کۆتایی بێ و نیشتمانێکی راستەقینەی ئازاد دروست بێ کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ، بۆئەوەی بگەڕێمەوە، دیکتاتۆرییەت کۆتایی هات، بەلاّم لەو خراپتر هاتە جێگای! ئایا ئێستا بچمەوە عێراق بۆئەوەی سەربازێکی ئەمەریکی رامبگرێت؟! ئەمە شتێکە بەرگەی ناگرم، بۆ ئەوە بچمەوە کە کەسێکی توندڕەو دەسگیرم بکات یان بمکوژێت؟! عێراق ئێستا لە خاکێکی وێران خراپترە، تیرۆر و داگیرکاری و کوشتنی رۆژانە لەسەر بنەمای تاییفی هەیە.

من دەتوانم لە مەنفاش بم و ئەو شتانەش ببینم کە لە عێراق روودەدەن، پێویستم بەوە نییە بگەڕێمەوە و کارەسات ببینم، دەتوانم لە دەرەوە بە رێگایەکی باشتر رۆڵی خۆم بگێڕم لەوەی لە ناوەوە بم، ئەگەر بگەڕێمەوە بە گوللەی تایفی دەسوتێم و ناتوانم لەگەڵ هیچ هێزێکی سیاسی ئەوێ بم، من کارێکی دیکەم هەیە، وەکو نووسەرێك کار بۆ ئایندە دەکەم، زیاتر لەوەی کار لەسەر ململانێ رۆژانەییەکان بکەم، بڕیارم داوە دژایەتی ململانێ رۆژانەییەکان بکەم.

*** بۆ نموونە کوڕەکەت باسی گەڕانەوەی لەگەڵدا نەکردووی؟**

- کاتێ لە ولاّت دەرچووین، ئەو تەمەنی حەوت مانگ بوو، ئەو کاتەی منداڵ بوو، لێرە هاوڕێ ئەڵمانییەکانی دەربارەی عێراق پرسیاریان لێ دەکرد، ئەو لە وەلاّمدا دەیگوت: هیچ شتێك دەربارەی عێراق نازانم! بەلاّم ئێستا تەمەنی لە بیستەکانە و هەست بە پەیوەستبوون بە عێراق دەکات، ساڵێك پێش ئێستا ویستی بچێتەوە بۆ عێراق، بەلاّم ئێمە ئامۆژگاریمان کرد بەوەی کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەو پەروەردەیەکی تەواو ئەوروپیانەی هەیە و لە بارودۆخێکی لەمجۆرەدا ناتوانێ هەڵسوکەوت بکات، گەڕانەوەی بۆ عێراق، هەم بۆ ئەو و هەم بۆ ئێمەش مەترسیدارە.

*** بەڵام ئایا دەرچوون و نەبوونی ویستێك بۆ گەڕانەوە.. دەربڕینی کەسێکی پاشگەزبووەوەیە؟**

- من خۆم کەسێکی پاشگەزبووەوە نیم، دەبینی کە لە سەردەمی دیکتاتۆردا لە ڕێگای نووسین و ڕۆمانەکانمەوە بە شێوەیەکی بوێرانە بەرەنگاری دیکتاتۆر دەبوومەوە، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە یادەوەریی کولتوور و داهێنانی عێراقی بپارێزم، گەڕانەوە بۆ من خزمەتی داهێنان ناکات، بەلایەنی کەم لەبارودۆخی ئێستا. نووسەر چۆن دەتوانێ دانیشێ و داهێنان بکات لەکاتێکدا هەست بە دڵنیایی نەکات؟! جەنگی راستەقینە ئەوەیە تۆ داهێنان بکەیت و وەکو کتێب بەرهەمی بێنی، من بەرهەمم هێناوە و تا ئێستاش هەوڵ دەدەم بە دەنگی عێراق بگەمە هەموو جیهان، نووسینی داهێنەرانە گەورەترین بەرگرییە لە عێراق.

* کاتێ دەنووسی، یادەوەرییەکانی ئەو نیشتمانەی تیایدا ژیاوی دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسینەکانت، یان مەنفا سەرچاوەی سەرەکییە؟ لە نووسیندا چۆن گەیشتییە حاڵەتێکی هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان هەردوو بیرۆکەی نیشتمان و مەنفادا؟

- سوود لە هەردوو ئەزموون وەردەگرم، مەنفا و نیشتمان بەلای منەوە تێکەڵ دەبن بۆ دروستکردنی دەق، سوود لەو شتانە وەردەگرم کە دەربارەی عێراق دەیانخوێنمەوە، ئەو وردەکاریانەش کە بەدوایاندا دەچم، هەروەها مەنفاش ڕۆلی گرنگی لە هەردوو ڕۆمانەکانم (پێشینەکان) و (دوا فریشتە)دا هەیە، لە سەرەتاوە هەوڵم داوە بە شێوەیەکی عەقلانی و فیکری لە پرسەکان تێبگەم، نەك بە هەست و سۆز، ناچار نەبووم لە وڵات دەرچم، دەمتوانی لەوڵات بمێنمەوە و لەوانەبوو دەستگیر کرابام، بەڵام دەرچوونم هەڵوێستێك بوو لەپێناو ڕێزگرتن لە نووسەر و مرۆڤ و دژی خۆسەپاندنی حیزبێك بەسەر هەمواندا و بوونی سەرۆکی حیزب بە دیکتاتۆر، تا ئێستا وا دەڕوانمە هەڵوێستەکەم کە عەقلانی بووە و بەمەش گەیشتوومەتە هاوسەنگییەك، هاوسەنگی وای لێکردووم گەڕانەوە ڕەتبکەمەوە، راستە من عێراقیم، بەڵام نامەوێ مردن ببێتە نرخی گەڕانەوەم بۆ عێراق. هەمیشە بیر لە ڕۆلی خۆم دەکەمەوە لەوەی کە گەڕامەوە عێراق چی بکەم؟! لە سێبەری بارودۆخی ئەوڕۆدا هیچ ڕۆلێکم نابێ، ناتوانم دەموچاوی لایەنێك جوان بکەم بۆئەوەی قبوڵ بکرێم، ئەوە لە خۆم قبوڵ ناکەم.

*** لــــه ســــەردەمی دیکتـــاتۆردا رووبـــەڕووی هـــیچ هەڕەشــەیەك بوویـــەوە بەتایبەتیش کە تۆ کەسێکی چالاك بووی؟**

- لە راستیدا من چالاکوانی سیاسی نەبووم، لەوانەیە بتوانی بڵێی چالاکوانێکی رۆشنبیریی بووم، لەگەڵ (سەعدی یوسف) و چەند نووسەرێکی دیکەی عێراقی (رایەڵەی نووسەرە عێراقییەکان لە مەنفا)مان دروستکرد و یەکەم کۆنگرەمان لە بەیروت بەست، لە کۆنگرەکەدا قسەم لەسەر بارودۆخەکە کرد، دوای کۆنگرە ماڵەکەم لە عێراق دەستی بەسەردا گیرا، تەنها چەند مانگێك پێش ئێستا توانیم لە رێگای پارێزەرێکی عێراقییەوە ماڵەکەم بگەڕێنمەوە، هەروەها پاسەپۆرتە عێراقییەکەم لێ سەندرایەوە و دە ساڵی رەبەق بە پاسەپۆرتی (یەمەنی دیموکراتی) هاتووچۆم دەکرد، پاش ئەوەی چەند برادەرێك هەوڵیان بۆ دام و توانیم بەدەستی بێنم، باڵیۆزخانەی عێراقیش ئەوکات زۆر فشاری خستەسەر لایەنە ئەڵمانییەکان، بۆئەوەی لەو وڵاتە وەدەرم نێن و درێژەدان بە خوێندنی دکتۆرام لێ قەدەغە بکەن، لەهەمانکاتدا دەیانویست دەمم چەور بکەن و کۆمەڵێ شتیان بۆ خستمەڕوو، داوایان لێ کردم بگەڕێمەوە و هەرچییەکم بویێ پێمی بدەن، بەڵام گەڕانەوە تەنها یەك رێگای لەبەردەممدا دەهێشتەوە، ئەویش ئەوە بوو پەیوەندی بە رژێمەکەوە بکەم و دووڕوویی لەگەڵدا بکەم.

*** گوتووتــە: "گەیشــتن بــە بــە فــیردەوس، پێویســتی بەوەیــە ســەرەتا بــە جەهەننەمدا تێپەڕی.." مەبەستت لەمە چییە؟**

- لە راستیدا ئەوە بیرۆکەیەکە لە رۆمانی (کۆمیدیای تارماییەکان)دا خستوومەتەڕوو، ئەمەش هەوڵێکە بۆ نووسینەوەیەکی سەردەمیانەی (کۆمیدیای خواوەند)ی (دانتی)، (ڤێرجیل)ی شاعیر، دانتی بە جەهەننەمدا دەبات، دواتر پاکی دەکاتەوە ئینجا دەیگەیەنێتە فیردەوس، من (ئادەم)م هەڵبژاردووە کە مرۆڤی یەکەمە و سیمبولە بۆ کۆی مرۆڤایەتی، لەسەردەمی ئێستامان دەژییێ و (ئادەمی یەکەم)ە کە لە بەهەشت دەردەکرێت، لە رۆمانەکەدا هەندێکی تر داوای دروستکردنی بەهەشتێك لەسەر رووی زەوی دەکەن، لەوانەش: دیکتاتۆر و پاشای سەردەم، لە کۆتاییدا بەدیار دەکەوێ کە چۆن پاشای سەردەم هەموو شتێك وێران دەکات و چۆن جەهەننەمی سەرزەوی زۆر لە جەهەننەمی ئاسمان خراپترە؟! ئەمە تێڕوانینێکە لەسەر جەنگ و وێرانکاری وەستاوە، ئەو جەهەننەمەیە کە ئێستا تێیدا دەژین.

## * ئەی دەربارەی بیرۆکەی مەنفا چی دەڵێی؟

- لەسەرەتای دروستبوونی ئەفسانەی خەلیقەتەوە، بیرۆکەی (مەنفا) بوونی هەیە، مەنفا ئەو ئەفسانەیە کە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان دەیگێڕنەوە، مەنفا وەکو سزایەك بووە، کاتێ (ئیبلیس)ی بێ باوەڕ ئەوەی رەتکردەوە کڕنووش بۆ ئادەم ببات، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە قورئان باسی لێوە کردوون، خوا لە بەهەشت دەریکرد و ناردییە جەهەننەم، لێشی قەدەغەکرد بگەڕێتەوە بەهەشت، پاشان ئەم چیرۆکە لەگەڵ (ئادەم و حەوا) دووبارە بووەوە، خوای گەورە لە بەهەشتی دانان کە نیشتمانی رەسەنی ئەوانە، دواتر لەسەر یەك کار نەهی لێ کردن، ئەویش ئەوەبوو لە بەرهەمی درەختە حەرامەکەیان خوارد، ئەو درەختەی بە (درەختی مەعریفە) ناسراوە و زۆرجار لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا بە (درەختی سێو) وێنا کراوە، بەڵام سەرەڕۆییان بۆ زانین و یاخیبوونیان لە قەدەغەکراوەکان و ویستی ئازادبوونیان لەپێناو زانین، وای لێ کردن لە فەرمانی خوا هەڵگەڕێنەوە و بەرهەمە حەرامکراوەکە بخۆن، بەمجۆرەش خوای گەورە لە بەهەشت وەدەری نان و ناردنییە سەر زەوی کە ماڵی تاقیکردنەوە و سزایە بۆیان، ئەگەر ئەوە سەلمێنرا کە لە ناو مەترسی و ناخۆشییەکاندا، کردەوە و هەڵسووکەوتیان باش دەبێ، دووبارە دەگەڕێنرێنەوە بەهەشت.

لێرەدا خۆمان لەبەرامبەر بیرۆکەی (خواوەندی سامی) دەبینینەوە لە تێڕوانین بۆ ململانێکان، واتا ئەو ململانێیەی دەشێ لە جیهان رووبدات، هەموو ئەو بنەما چەوسێنەرانە هەڵدەتەکێنێ کە هەندێك بە ناوی خوا و ئایین، یان بە ناوی هەر پیرۆزییەکی دی پەنای بۆ دەبەن، کاتێ (ئیبلیس) لە خودا یاخی بوو، ئەو خوایە گەورەیەی خاوەنی هێز و توانایەکی زۆرە، دەیتوانی لە ساتێکی زۆر کەم بیسڕێتەوە و لەبووندا نەیهێڵێ، تەنانەت پێش یاخیبوونیش خوای گەورە دەیتوانی نەیهێنێتە بوون، بەڵام خوا ئازادییەکی تەواوی پێ دا، بۆئەوەی بەراستی هەڵوێستی خۆی دەربارەی دروستکردنی ئادەم دەربڕێت، لەراستیدا ئەم بیرۆکەیە بنەما و جەوهەری هەموو دیموکراسییەتێکە لە جیهان، تۆ هەرچەندە شەڕانی بی، تەنانەت ئەگەر خودی شەیتانیش بیت، من مافی ئەوەت بۆ دەستەبەر دەکەم کە دژی من کار بکەی و لەڕووی فیکریی و پراکتیکییەوە رووبەڕووم ببییەوە، بەڵکو ئەمە زیاتر مرۆییبوون و لێبوردنە، دەسەڵاتدار چەندە گەورە بێت بەدڵنیاییەوە نابێتە خواوەند، یاخی و دژییش چەندە شەڕانی بن، شەڕەکەیان لە شەیتان کەمترە.

* وا دێتە بەرچاو کە لە مەنفا لەناو سزادا دەژی... لە شیعرەکانتدا هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێی کە ناوی دەنێی "ئەو بەهەشتەی لەسەر زەوییە"، ئەمە راستە؟

- ئەمە خەونە، هەموو کتێبێك، تەنانەت ئەوانەش کە هەڵگری ئایدۆلۆژیان و پەیوەستن بە حیزبەکانەوە، بۆئەوەی تووشی نائومێدی نەبن، خەونی یۆتۆپیاییان هەیە. فیردەوس هەڵگری درێژکراوەیەکە کە لە کولتوورە کۆنەکانەوە هاتووە، من نامەوێ بگەمە ئاسمان، بەڵکو دەمەوێ لەسەر زەوی فیردەوسم بۆ بەدەست بێ، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەموو گەڕانێکی مرۆڤ هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە جۆرێك لە جۆرەکانی فیردەوس.

* ئایا چەوسانەوە و پەشۆکان.. مەنفا.. جەهەننەم، ئەم شتانە وایان لێ کردی لە نووسینی رۆمان و شیعرەکانتدا پەنابەریتە بەر فەنتازیا.. ئایا بە فەنتازیا رووبەڕووی چەوسانەوە دەبییەوە؟

- ئەو لایەنە نامۆیانەی لە نووسینەکانی مندا هەیە، ئەوەیە کە نووسینەکانم واقعیین، چونکە زۆربەی ئەو شتانەی من دەیاننوسم لە واقیعەوە وەریاندەگرم، بەڵام بەهۆی زۆر ناماقوڵبوونیانەوە، دەگۆڕێن بۆ ئەفسانە، بارودۆخی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی و بارودۆخی عێراقی بە شێوەیەکی تایبەتی، لە خودی خۆیاندا ئەفسانەیین، هەروەکو من لە نووسینەکانمدا هەوڵ دەدەم بگەمە ئەوەی کە خەونی منە.. ئەم خەونەش جۆرێکە لە ئەفسانە!

### * ئێستا خەونەکانت چین؟

- جیهان لە وێرانکاری و دیکتاتۆری بەتاڵ بێتەوە، رێزی مافەکانی مرۆڤ بگیرێت.. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم خەونانە بەدی نایەن، خەونی من ئێستا ئەوەیە ئەو شتانە بنووسمەوە کە ئێستا کاریان تێدا دەکەم.

* سەبارەت بە داهێنان... تۆ لە چەند بوارێکی جیاوازدا دەنووسیت: چیرۆك و رۆمان و شیعر و رەخنە و وەرگێڕان.. ئایا ئەم فرەییە رەنگدانەوەی دۆخی ژیانی تۆیە کە لە هاتووچۆ دای و پەرشوبڵاوی؟

- سەبارەت بە خودی خۆم، وای دەبینم کە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان هەر یەکەیان پەیوەستە بەوی دیکەوە، نەك تەنها ژانرە ئەدەبییەکان، بەڵکو هەموو هونەرەکان پەیوەستن بە یەك گیانەوە، ئەو سیفەتانەم خۆشناوێت کە کتێبەکان دەپێچنەوە، لە شەستەکانەوە هەوڵم دا

هەموو شێوازەکانی نووسین تێکەڵ بە یەك بکەم و سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان تێك بشکێنم، بۆ نموونە دەبینی گیانی شیعریی بەسەر رۆمانەکەم (کۆمیدیایی تارماییەکان)دا زاڵە... هەموو کتێبە جیدییەکان گیانی شیعرییان بەسەردا زاڵە، ئەمە لە رۆمانەکانی (مارکیز و جیمس جۆیس و هیرمان هیسە)دا دەبینییەوە، هەروەها لە نووسینە فەلسەفییەکانی (نیتشە)دا هەیە، بەراستی من نازانم ئەو بیرۆکەیە لە کوێوە هاتووە کە شاعیر تەنها شیعر بنووسێ و رۆماننووس تەنها رۆمان بنووسێ؟! (هەمەنگوای و ڤۆکنەر و جۆیس و ئاراگۆن و کافکا و..) رێژەیەکی زۆر نووسەری گەورە، شیعر و رۆمانیان نووسیوە، پێشتر پێویست بوو نووسەر ئینسکلۆپیدیایی بێ، بۆیە من ئەوە بە ناجێگیریی دانانێم، بەڵکو هەمەجۆرییەکە نیشانەی تواناکانی داهێنەر و دەوڵەمەندی روحیین.

## * خۆت بە شاعیرێك دادەنێی کە بەرەو رۆمان رۆیشتووی؟

- من شاعیرم، بەڵام تێگەیشتنێکی ترم بۆ شیعر هەیە، بڕوام بە ئازادی و بەوە هەیە کە نووسەر ئازادە لە بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کە هەیەتی، حەزم لە شێوازە کۆن و چەقبەستووەکان نییە، بەڵکو پێویستە تۆ کە دەنووسی ئازادییەکی تەواوت هەبێ: رەسەنبە بۆئەوەی شێوە و شێوازی نوێ دروست بکەیت. کەواتە نووسین سەرکێشییەکە، بە پێکەوەگرێدانی هەموو ژانرە ئەدەبییەکان دێتە دی.

## * من پرسیارێکت لێ دەکەم دەربارەی پەرۆشیت بۆ ئەم پارادۆکسییە؟

- بە بۆچوونی من ئەمە گیانی تازەگەرییە، پێکەنین و فراوانی و پارادۆکس، ئەو روانینە تووندە ئایدۆلۆژییە تاکگەراییانە تێکدەشکێنێ کە دەڵێ دەبێ شتەکان تەنها بەم شێوەیە بن، من دەتوانم بڵێم هەموو شتێك یەك ملیۆن ئەگەری لەپێشە، بەتەواوی وەکو ئەوەی لە زانستی فیزیادا هەیە، ئەو دۆزینەوانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تا ئێستا هەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مێژوو پەرەدەسێنێ، واتا پێکهاتەکە یەك مێژوو نییە، بەڵکو هەموو مێژووە گریمانەکراوەکان دەگرێتە خۆ، من بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵ دەدەم ئەم بیرۆکەیە لە ئەدەبدا دووبارە بەرهەم بێنمەوە. تۆ تەنها یەك رستە بنووسی، بە شێوەی جۆراوجۆر سەدان رێگات لەبەردەمدا دەکرێتەوە، هەروەها وای دەبینم کە ئەدەب بۆئەوەی کاریگەری لەسەرت هەبێ و تووشی شۆکت بکات، دەبێ پەیوەست بێ بە چێژەوە.

* ئایا بیرۆکەی ئەو ئازادییەی هەمیشە باسی دەکەیت، وات لێ دەکات کە هەموو کات دەقەکانت دووبارە بەرهەم بێنیتەوە.. ئەمە ئەوکاتە روویدا کە لە ساڵی (١٩٦٩)دا (مەخلوقاتەکانی فازڵ عەزاوی)ت وەکو رۆمانێك نووسی، کاتێکیش لە ساڵی (١٩٨٠) دووبارە لە ژێر ناونیشانی (دایناسووڕی کۆتایی) بلاّوت کردەوە و وەکو (شیعر-رۆمان) پۆلێنت کرد؟

- هەر دەقێك کە دەینووسم نایسڕمەوە، بەڵکو دەمەوێ پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ خۆم تاقی بکەمەوە، بۆ نموونە بزانم چۆن دەڕوانمە هەمان بابەت، پاش بیست ساڵیش چ گۆڕانکارییەك روودەدات و بەمشێوەیە.. ئەمە جۆرێك لە چاودێریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ناخی نووسەر روودەدات! ئێستا بەنیازم بۆ جاری سێیەم (مەخلوقاتە جوانەکانی فازڵ عەزاوی) بنووسمەوە، نازانم ئەمجارە چۆن پۆلێنی دەکەم، لەوانەیە رۆمان و شیعر نەبێ، لەوانەیە تەنها نووسینێك بێ.

* باس لە دووبارە بەمولّکبوونەوەی شتەکان دەکەیت لە هەموو سەردەمێکدا.. ئەگەر ئەمە روویدا و بۆ نموونە دووبارە (بەیاننامەی رەخنەیی بۆ تازەگەریی عەرەبی) بنووسیتەوە، کە لە ژێر ناونیشانی (دوور لەناوەوەی دارستان) بلاّوت کردەوە... ئایا تا ئێستاش بیروبۆچوونە تیۆرییەکانت دەربارەی تازەگەریی وەکو جارانە، یان دووبارە پیّیدا چوویتەوە؟

- ئەو تێگەیشتنە بنەڕەتییەی لە (دوور لەناوەوەی دارستان) پێشکەشم کرد، تێگەیشتنی منە بۆ تازەگەری کە جیاوازە لە تێگەیشتنی زۆربەی شاعیرانی عەرەب بۆ تازەگەری، من وای دەبینم کە تازەگەری پێشکەوتنێکی ریشەییە لە مێژووی جیهاندا، گواستنەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، تازەگەری نزیکەی پێنج سەدە پێش ئێستا و بەدیاریکراوی لەگەڵ دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا و شۆڕشی (مارتن لۆسەر)ی ئایینی سەری هەڵدا، لەگەڵ کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی و تا دوایی بەردەوام بوو. تازەگەری قۆناغی گواستنەوەیە لە فیکری ئەفسانەی پێشووەوە بۆ فیکری زانستی و بەمەش ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە سەردەمی ئێمەدا. لەمیانەی تازەگەریشدا حەقیقەتی مرۆڤ و ماهییەت و ئازادی تەواوی لە رووی روحیی و جەستەییەوە لە هەموو بەرهەمەکانی پێشتردا دەدۆزینەوە. نووسین بە مانای تازەگەری: ئەوەیە پەیوەندی ببینییەوە لە نێوان ئەوەی کە سەردەمیانەیە و ئەوەی کە دەربڕی روحی گەردوون و سەردەم و مێژوو و چۆنییەتی پەیوەستکردنی (تێپەڕیوو) بە (نەمری) و (ئەبەدی)یە، هەروەها پەیوەستکردنی تاکە بە کۆ.

زۆربەی نووسەرانی عەرەب لەسەر ئەو بنەمایە لە تازەگەری گەیشتوون کە ئایا بە کێش و سەروا بنووسیت یان بە بێ کێش و سەروا، ئەمە کێشەکە نییە، کێشەکە خۆی لەپەنای تێگەیشتنی کۆمەڵگا و سەردەم و مرۆڤ و ئەوەی کە پێویستە لێی دەرچین حەشارداوە، تا ئێستاش بڕوام بەو فیکرە هەیە کە لەو کتێبەدا خستوومەتەڕوو، تا ئێستا بیرم لە دووبارە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە نەکردۆتەوە.

* نامەی دکتۆراکەت لەسەر کێشەکانی پێشکەوتنی کولتووری عەرەبییە.. ئێستا تێڕوانینت بۆ ئایندەی کولتووری عەرەبی بەگشتی و کولتووری عێراقی بەتایبەتی چییە؟

- ئاسان نییە باسی ئایندە بکەین، چونکە ئایندە بەشێکە لە ئێستا، ئێستاش نادیارە و پڕە لە ئەگەر، بەڵام ئەو شتەی لە ئێستادا سوورم لەسەری، ئەوەیە کە ئەو ململانێیەی ئێستا لە جیهان هەیە، ململانێیەکی رۆشنبیرییە، ئەو خەڵکانەی بیرۆبۆچوونی پێشکەوتنخوازانە و تازەگەرانەیان هەیە، پێویستە ململانێی رۆشنبیریی ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەمەش روویدا دەتوانی بارودۆخەکە بە شێوەیەکی سیاسیش بەرێوەببەی. لەوبڕوایەدام هۆکاری سەرەکی ئەو پێشکەوتنەی لە ئەوروپا رووی دا، ئەوەبوو کە نووسەر و هونەرمەندەکانیان لە سەردەمێکی زووەوە لەوە سەرکەوتوو بوون لە رووی فیکری و رۆشنبیرییەوە خەڵك بگۆڕن لە پەیوەندیان بە کۆمەڵگا و ئایین و رابردوو. جەنگە یەکلاکەرەوەکە ئێستا بەرێوە دەچێ و ماوەی چەند ساڵێك لەناو رۆشنبیرییدا دەمێنێتەوە، پێویستە کار بکەین بۆ دروستکردنی کولتوورێکی عەرەبی داهێنەرانە و مرۆڤانە، چونکە ئەزموونەکانی پێشتر کە بە شۆڕشگێڕانە ناودەبران لە زۆربەی کاتەکاندا لەسەر تاکێتی دەسەڵاتدار و سیستەمە دیکتاتۆرییە سەرکوتکەرەکان رادەوەستا، هەر ئەوەشە کە ئێستا باجەکەی دەدەین. بە بێ ئازادی، پێشکەوتن روونادات، چونکە بیروبۆچوونە رۆشنگەرەکان، رووبەڕووی سەرکوتکردن دەبنەوە و جگە لە بیروبۆچوونە تاریکەکان هیچی دی نامێنێتەوە.. مادام کەسە رۆشنگەرەکانیش رووبەرووی مەترسی کوشتن دەبنەوە، هیچ گۆڕانکارییەك روونادات.

**فازڵ عەزاوی:**

- لە ساڵی (١٩٤٠) لە شاری کەرکووك لەدایکبووە.

- لە ساڵی (١٩٦٦) بەشی ئەدەبی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە.

- لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە عێراقی جێهێشتووە و رووی کردۆتە ئەڵمانیا، تا ئێستا لەوێ دەژی.

بەرهەمەکانی:

**شیعر:**

(سلاڤ ئەی شەپۆل.. سلاڤ ئەی دەریا)، (درەختی رۆژهەلاًت)، (سفرەکان)، (لە کۆتایی هەموو گەشتەکاندا)، (پەپوولەیەك بەرێگاوە بەرەو ئاگر)، (گوندنشینێك لەژێر ئاسمانێکی نامۆدا).

کۆمەڵە چیرۆکێك بە ناونیشانی (نیشتنەوە بۆ ئەبەدییەت بە تەنافەوە).

**رۆمان:**

(مەخلوقاتە جوانەکانی فازڵ عەزاوی)، (قەلاًی پێنجەم)، (دایناسووری کۆتایی)، (شارێك لە خۆڵەمیش)، (دوا فریشتە)، (کۆمیدیای تارماییەکان).

**کتێبی رەخنەیی:**

(دوور لە ناوەوەی دارستان: بەیاننامەیەکی رەخنەگرانەی تازەگەری عەرەبی)، (روحی زیندوو: نەوەی شەستەکانی عێراق).

چەند کتێبێکیشی لە ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، لەوانەش: (خاوەنشکۆ دایناسووڕ)، (مێشکی لینین)، (ئەو پیاوەی هیچ خووێکی نییە).


**سەرچاوە:**

- سازدانی: **محەمەد** شوعەیر

لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە

http://www.jozoor.net/main/modules.php?name=News&file=article&sid=399

# شیعرەکانم بە توندی پەیوەستن بە ژیانمەوە



گفتوگۆ لەگەڵ سەعدی یوسف

(سەعدی یوسف) ئەو شاعیرەی بە هەستە تینووەکانی بە دوای شتەکاندا دەگەڕێ، تا ئەو کیشوەرە بدۆزێتەوە کە لە هەموو قەسیدەکانیدا لەسەروبەندی تەواوبووندایە و ڕێگایەك نادۆزێتەوە بۆ تەواوکردنی، تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕیووە و تا ئێستا کیشوەرە شیعرییەکەی دواشێوەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، سی کۆمەڵە شیعر ئەو پێویستییەیان پڕ نەکردۆتەوە، چونکە (سەعدی) تا ئێستاش خەون بە قەسیدەیەکەوە دەبینێ کە بە لووت هەستی پێ بکرێت و بۆن بکرێت. گەشتە درێژەکانی بەرەو قەسیدە، تەنها گەشت نییە بەرەو کات، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی گەشتە بەرەو شوێنەکان، ئەو هەرکە هاوئاهەنگی لەگەڵ شوێنێکدا دروستکرد، ئەو شوێنە بە ناچاری و بە ناچاری جێدیلێ. لە نێوان شوێنێك و شوێنێکی دیکەدا، سەعدی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە قسە لەسەر مەنفا بکات، چونکە ئەو هەموو جارێك پەنا بۆ ئەوە دەبات کە خودی خۆی بکاتە نیشتیمانی خۆی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ماوەی سی ساڵ دەبێ چێژی لە دیمەنی دارخورماکانی شاری بەسرە وەرنەگرتووە، بەرلەوە و لەوکاتەی بووە خاوەنی پەرچەمی شیعر لە هەموو ملکەچییەك یاخی بوو، جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. لە جەزائیر نیشتەجێ بوو، چەند لاپەڕەیەکی لە دۆسیەکەی (مەهدی بنبەرەکە) نووسیەوە، لە کاتی ئابلوقەی سەر بەیروت، نانی تاڵی لەگەڵ فەڵەستینییەکان دەکردە دوو کەرت. پێش ئەوەی گەشتە درێژەکانی لە لەندەن بگیرسێتەوە، ماوەیەکی زۆر لە درێژی و پانی پایتەختی وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکاندا، ژیانی لەژێر چاودێری سیخوڕەکان بەسەر دەبرد. سەعدی یوسف سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو شاعیرە.

کەسێکی مادییە بە هەموو ماناکانی ئەم وشەیە، بۆیە ئەو لە پێناوی دەستگرتن بەسەر ئەو وردەکارییانەی ڕوانگە پەرشوبڵاوەکان کۆدەکاتەوە، بە ناخی نەشتەرگەریی شیعرەکانی خۆیدا قووڵدەبێتەوە و لەمەش بێزار نابێت، ڕوانگەیەکی بەرز و شکۆمەندانە کە بەرەو ئاینده درێژ دەبێتەوە، بێ ئەوەی گومان لە ڕابردوو بکات، بۆیە ئەو ڕەخنەیەکی توووند لە هەندێك لە شیعرە نوێیەکان دەگرێت، چونکە ئەو تەنها ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە ئەمە شیعرە یان نا...
ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ سەعدی یوسف کارێکی زەحمەتە، نەك لەبەرئەوەی شارەزای پرسیارەکانە و بەشێوەیەك دەیانگونجێنێ کە ببنە بەشێك لە کۆنتێکستەکە، کۆنتێکستی خۆی، بەڵکو لەبەرئەوەش کە خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژە و ئاسان نییە بتەوێ قسە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو ئەزموونە بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بە هۆی هەموو ئەمانە، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.

* شاعیری گەورەی عەرەبی مامۆستا سەعدی یوسف، بەخێر بێی بۆ مەغریب و بۆ شاری مەکناس، دەمەوێ گفتوگۆکە بە پرسیارێکی راستەوخۆ دەست پێ بکەم: دوای زیاتر لە سی کۆمەڵە شیعر و دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ لە داهێنان، ئەزموونی شیعریت چۆن هەڵدەسەنگێنی کە سەرەڕای جۆراوجۆرێتی و ئاوازە جیاوازەکانی، رەنگە ئێستا شێوەی دارِشتنی (کۆ)یەکی وەرگرتبێ؟

- دوای نیو سەدە لە نووسین و ئەزموون، دەبینی کە تا ئێستاش لە ساتێکی شڵەژاویدام، هەر ئەم هەستکردنە بەردەوامەشم بە شڵەژاوی و بەرتەنگبوونەوە، توانای بەردەوامیی لە نووسین پێداوم، لەوانەیە هەلی نوێکردنەوەی ئەو دەقانەشی پێدابم کە دەیانووسم، هەندێ جار کردەی ئەو دەقەی دەینووسم، بەرهەمی پێداچوونەوەیەکی گشتگیرە، کە لەوانەیە دە ساڵێك بخایەنێت و لەوانەیە هەندێ جار زیاتریش بخایەنێت، بەڵام دوای ئەم دەیەیەش دەمبینی جارێکی تر رووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی قورس دەبمەوە، بۆیە دیسان هەوڵی بۆ دەدەمەوە و بەم شێوەیە.. خۆم وا دەبینم کە زۆر بەختم باشە، چونکە ژیان، لە شاعیرانی دیکە زیاتر دەرفەتی پێداوم، بۆ نموونە (بەدر شاکر سەیاب) زوو مرد، شاعیری دیکەش هەن کە زوو مردوون، ئەم ژیانە درێژەی من، دەرفەتی بەردەوامیی بە من داوە، بە تێپەڕینی ساڵەکان، ئەوەم بۆ روون بۆتەوە کە من جگە لە شیعر هیچ چالاکییەکی دیکەم نییە، ئەو چالاکییەی پشتی پێدەبەستم و هەوڵ دەدەم پەرەی پێ بدەم، تەنیا شیعرە، لە ئێستادا ژیانی راستەقینەی من چ لە مامەڵەکردنم لەگەڵ نووسین، یان مامەڵەکردنم لەگەڵ سروشت، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ جیهان، تەنانەت مامەڵەکردنم لەگەڵ سیاسەتیشدا، زیاتر مامەڵەیەکی ستراتیژیی هونەرییە، نەك مامەڵەیەکی تیۆری تاکتیکی سیاسییانە کە لە کاتێك بۆ کاتێکی دی، یان لە نێوان رووداوێك و یەکێکی تردا گۆڕانی بەسەردا دێت.

* هەندێ رەخنەگر هەوڵ دەدەن ئەزموونی شیعریی تۆ، لەسەرەتای دەستکردنت بە نووسینی شیعرەوە تا ئێستا، بەسەر چەند وێستگە و سەردەمێك دابەش بکەن. ئەو وێستگە گەورانە چین کە تیایدا هەست بکەی گۆڕانکارییەکی گەورەی لای تۆ دروست کردووە لە نووسینی شیعردا؟

- تا رادەیەکی زۆر راستە کە ژیانی شیعریی من بەسەر چەند قۆناغێك دابەش دەبێت، ئەمەش وەکو چۆن لەسەر شاعیرانی دیکە جێبەجێ دەبێ، بەسەر منیشدا جێبەجێ دەبێت، ئەگەر تەماشای ئەوەندە ژیانەی خۆم بکەم کە تێمپەڕاندووە، بە بۆچوونی خۆم، دەتوانرێ وا

دابنرێ کە سەردەمی جەزائیر، یان ئەوەی ناوی دەنێم سەردەمی وڵاتانی مەغریبی، بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکی سەرەکی بوو لە سروشتی گواستنەوەی نووسینی دەقەکانم بەرەو ئاسۆیەکی جیاوازی پێش ئەو کاتە، ئاسۆیەك کە زۆر ئەزموونی تێدایە، هەروەها رووبەرێکی فراوانی بەخشیوەتە نێوان واقیع و دەقە شیعرییەکان، بەتایبەتیش واقیعی سیاسی، لەو قۆناغەدا توانیم چاودێری شتەکان بکەم، نیشتەجێبوونم لە جەزائیر وای لێکردم لە مەترسی سەرنجدان و روانینی رووداوە سیاسییەکان رزگار ببم کە ئەو کات عێراق بە توندی و بە هەموو لقوپۆپەکانییەوە تێیدا دەژیا، لە جەزائیر لە دوورەوە چاودێریم دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەمان دەقەکانی پێشتر، مانای جیاواز لە جاران بگەیەنن. هەروەها مانەوەی زۆرم لە جەزائیر، ئەو دەرفەتەی پێدام زمانی فەرەنسییەکەم باش بکەم و زیاتر و زیاتر رۆشنبیریی فەرەنسی و شیعری فەرەنسیم خوێندەوە، ئەمە بۆ من شتێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی گرنگیم بەو شیعرانە دەدا کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبوونەوە، لەوێوە گرنگیم بەوانەش دا کە بە فەرەنسی بڵاو دەبوونەوە، ئەو سەردەمە، سەردەمی ئەزموونی ئازاد و پێداچوونەوەی هەڵوێست بوو، پاش گەڕانەوەم بۆ عێراق شتێکی گرنگ رووی نەدا، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٨) جارێکی دیکە عێراقم جێهێشت، پرۆسەی نوێبوونەوە دەستی پێکردەوە و تا ئێستاش هەوڵەکانم بۆ نوێبوونەوە بەردەوامە، ناتوانرێ بەش بەش بکرێت و بخرێتە ناو چەند سەردەمێکی جیاواز، وەکو ئەوەی نوێبوونەوە بووبێتە شتێکی رۆژانە و لە نێوان شیعرێك و یەکێکی دیکەدا رووبدات، تا ئێستاش بە هەمان گەرموگوڕییەوە دەژیم.

* قۆناغی جەزائیر و جارێکی تر جێهێشتنی عێراق لە کۆتایی حەفتاکان و ئاماژەکردن بەوەی کە ئەم دوو قۆناغە دوو قۆناغی گرنگ و یەکلاکەرەوەن لە ژیانی شیعریی تۆ، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەزموونی شیعرییت پەیوەستە بە مەنفاوە؟

- من وای دانانێم کە مانەوەم لە جەزائیر مەنفایە، وای دانانێم مانەوەم لە تونس یان دیمەشق یان بەیروت مانەوەمە لە مەنفا، تەنانەت تا ئێستا مانەوەی خۆم لە بەریتانیاش بە مەنفا دانانێم، خاك و نیشتیمانی عەرەبی، نیشتیمان و زمانی منن.. ئەمە شتێکی ئاساییە، بۆیە من وای نابینم تیایاندا لە غوربەتدام، لەوانەیە هەست بە جۆرە سۆزێك بکەم، ئەمەش شتێکە بە تێپەڕینی ساڵ بەسەریدا زاڵبوومە، بەڵام وای نابینم کە ژیانم لە دەرەوەی عێراق مەنفایە، چونکە من هەوڵی ئەوە دەدەم ئەو شوێنە بکەمە نیشتیمانی خۆم کە تیایدام، لە زەوی و لە سروشتدا پشت بە کۆکردنەوەی ماددەی خاو دەبەستم، ئەو ماددە خاوەیە کە بۆ

نووسین پشتی پێ دەبەستم، شیعری ئەبستراکت نانووسم، ئەوەی دەینووسم دەرئەنجامی لێکدانێکی هەستیارانەیە بە ماددە خاوەکان، بۆیە پێویستە خودی خۆم بکەمە نیشتیمان و لێرە و لەوێ خەڵك و مێژوو و دۆخی سیاسی بخوێنمەوە و بە پێی توانای خۆم بەشداری تێدا بکەم، لێرەشەوە دوورەپەرێز نابم لە سیاسەت، تا ئێستا لە بەریتانیا لەو خۆپیشاندانانە بەشداری دەکەم کە لەسەر شەقامەکان ئەنجام دەدرێن، بەشداری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەکەم کە سروشتێکی سیاسییانەیان هەیە.

* دیارە گرنگترین رەگەزێك وای لە تۆ کردووە وەکو شاعیرێك بەردەوام بیت و پێگەیەکی دیارت لە دیمەنی شیعریی عەرەبی نوێدا هەبێ، ئەوەیە کە تۆ لە زووەوە رووبەرێکت دروست کردووە لە نێوان ئەوەی کە سیاسییە و ئەوەی کە شیعرە، لە کاتێکدا کە هەر لەسەرەتاشەوە تێکەڵی سیاسەت بووی، دەکرێ باسی ئەم رووبەرەمان بۆ بکەی؟

- سیاسەت لە خودی خۆیدا چالاکییەکی مرۆیی سەربەخۆیە، شیعریش بە هەمان شێوە لە خودی خۆیدا چالاکییەکی مرۆیی سەربەخۆیە، ئەمە پرسە سەرەکییەکەیە، ئامرازەکان شتێکن و تێڕوانین بۆ جیهان جیاوازە و شتێکی ترە، تێڕوانین بۆ جیهان جیاوازە، بەو مانایەیە کە هونەر زیاتر شتێکی ستراتیژییە.

* ئەم پرسیارەم لێکردی لەبەرئەوەی هەندێ شاعیر هەن، لە سەردەمێکدا دەدرەوشێنەوە و ناوبانگ دەدەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بە شیعر کار لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانیان دەکەن و بە شیعر هەڵوێستە سیاسییەکانیان دەردەبڕن، بەڵام ئەم ناوبانگ و درەوشانەوەیان تەنها بە تێپەڕینی ئەو دۆخەی شیعرەکەیان تێدا نووسیوە دەکوژێتەوە و نامێنێ، ئەزموونی سەعدی یوسف لە پلەی یەکەمدا تەرکیز دەکاتە سەر شیعرییەتی قەسیدەکان، ئەمەش لەو قەسیدانەدا دەردەکەوێ کە لە پەنجاکان لە گۆڤاری شیعر بلاّوت کردنەوە و بە شیعر بەرگریت لە گوتاری سیاسی دەکرد، تۆ یەکێك بووی لەو شاعیرە کۆمۆنیستە دەگمەنانەی لەم گۆڤارەدا شیعرەکانی خۆیان بونیاد دەنا؟

- بە باوەڕی خۆم لە شیعرەکانمدا ئیلهامی زۆرم لە مارکسیزم وەرگرتووە، بە تایبەتیش سەبارەت بەو خاڵە، واتا پرسی چارەسەرکردنی رووداوە سیاسییەکان بە رێگایەکی هونەریی، سوودم لە مارکسیزم و لە هەوڵەکانی مارکسیزم لە جوانیناسیدا وەرگرتووە. بەڵام لە زماندا وەکو ئامرازێکی دژەمارکسیزم بەکاری دەهێنم، ئەمەش لەو زمانە خۆی دەبینێتەوە کە پێی دەگوترێ زمانی ماددی، ئەمە ئامرازی منە، ئەگەر بمەوێ کەمێك

شتەکە بە چەمکێکی عەرەبییانە روون بکەمەوە، دەبێ بڵێم من زیاتر (ناوی وەستاو) بەکار دەهێنم لە (ناوی ئاوێتە)، بە هیچ شێوەیەك (چاووگ) بەکار ناهێنم، چونکە چاووگ تەنها لە کات و لە شوێندایە، شتێکی ئەبستراکتە. لە هونەردا هەمیشە شتێکی بەرجەستەکراو بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی بگەینە شتێکی ئەبستراکت، بەڵام کاتێك ئامرازەکان تەنها دەبنە شتێکی ئەبستراکت، ئەوا پرسی داهێنان هەڵە دەبێت، پرۆسەی نووسین دەبێتە شتێکی هەڵە، چونکە شاعیر وەکو پەیکەرتاشە، پەیکەرتاش پێویستی بە ماددەی خاو هەیە، ئامرازەکانی شاعیریش ماددەی خاون، ماددەی خاویش (ناوی وەستاو) و (فرمان)ە، ماددییەتی جوڵاو و ناوێکی وەستاو، ناولێنانن بۆ ماددەی خاو، ئەمە لۆژیکێکی مارکسییە و سوودی زۆری پێگەیاندووم تا بتوانم لەبارەی هەموو شتێك بنووسم، لە جێگیربوون و چەقبەستنی دوورخستوومەتەوە و وای لێکردووم هەمیشە چاوەکانم بەرامبەر هەموو شتێك کراوە بن، دەتوانی هەموو شتێك بخەیە ژێرباری پرۆسەی پەیوەندییەکان، تاکو قەسیدەی لێ بەرهەم بێنی.

* لە شیعرەکانی تۆدا تەرکیز لەسەر شوێن هەیە، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە ناشوێن، یان لە چەندین شوێنی جیاواز ژیاوی کە ناوت ناوە بە نیشتیمانکردنی خود؟ وشەی مەنفاش بەکار ناهێنم چونکە حەزت لێی نییە؟

- شوێن لە شیعری عەرەبیدا هەیە، لە سەردەمی جاهیلییەوە گرنگی بە شوێن دراوە کە من وای دەبینم شیعری عەرەبی جاهیلی، تائێستاش گرنگترین شیعرن لەناو شیعری عەرەبیدا، ئەگەر تەماشای لایەنە هونەرییە سەرەکییەکان بکەین، ئەوە قەسیدەی جاهیلی باشترین جۆری شیعرە کە عەرەب نووسیبێتی، قەسیدەی جێی بڕوا و باوەڕپێکراون، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر (شوێن) تیایاندا روونە، بۆیە من لەم لایەنەوە شتێکی نوێم نەهێناوەتە ناو شیعری عەرەبی، بەڵام لەوانەیە لە سەردەمی ئێمەدا شتی زۆر بە هەدەر بدرێن و بەم هۆیەشەوە (شوێن) شێوازێکی جیاواز لە جارانی وەرگرتبێ، ئەمەش رێگایەکی زۆر زەحمەتە، ئەمە لە (ئیمرولقەیس)ە و فێربوومە و خۆم دام نەهێناوە.

* جارێکیان گوتووتە: ناتوانرێ شیعر بخوێنرێتەوە ئەگەر خاوەنەکەی لەبەرچاو نەگیرێ، ئایا ئەم گوتەیە لەسەر شاعیر (سەعدی یوسف) جێبەجێ دەبێت؟

- بەڵێ.. بەهۆی ئەوەی شیعرەکانم بە توندی پەیوەستن بە ژیانمەوە، ئەم گوتەیە لەسەر منیش جێبەجێ دەبێت، شیعر وردەکاری ژیانێکی دوورودرێژە، بۆیە زۆرجار بۆ منیش

وردەکاری ژیانمە، بەڵام شتەکە گشتگیر نییە، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا، کەسایەتی شاعیر و شیعرەکانی لەیەکتر جیاوازن و لەگەڵ یەك تەبا نین.

* ئەمە مانای ئەوەیە کە شیعر پەیوەستە بە ئەزموونی تاکەکەسییەوە؟

- پێموایە بەم شێوەیەیە، ئەمەش تەنها لە شیعردا وا نییە، بەڵکو کارەکە پەیوەندییەکی هونەرییە، پەیوەندی هونەرییش دەتوانرێ بونیادبنرێت. تەنانەت هاوپەیوەستبوونیش ئەزموونێکە و پەیوەندی بە گشتەوە هەیە.

* ئەگەر ئەزموونمان بەو مانایەش بەکارهێنا کە پەیوەستە بە تێڕوانینەوە، وەکو هەندێك تیۆریستی شیعری عەرەبی نوێ بەکاری دێنن و مەدلولەکانی لە بۆماوە سۆفیگەرییەکەی دادەبڕن، کارەکە بەهەمان شێوەیە؟

- بەخوا من لە شیعری تەسەوف تێناگەم، ئەوەی لەبارەی (ئیبن فارز) دەگوترێت شتێکی باوە، دیوانی (تەرجومان ئەلئەشواقی)ی محیەدین ئیبن عەرەبی جگە لە هەندێ دێر، ئەوانی دیکە شیعری زۆر ئاساین و دیوانەکە بە شێوەیەکی گشتی دیوانێکی زۆر لاوازە.

* لەم پرسیارەدا بەتایبەت مەبەستم شیعری سۆفیگەری نەبوو، بەڵکو مەبەستم نووسینە سۆفیگەرییەکان بوو، مەبەستم فەلسەفەی سۆفیگەریی بوو (ئەوە ئەگەر ڕاست بێ کە سۆفیگەری هیچ فەلسەفەیەکی هەبێ)، سۆفیگەرەکان بە شێوەیەکی روون و درەوشاوەتر تێگەیشتنەکانی خۆیان لە نووسینە پەخشانییەکانیان دەخەنەڕوو؟

- بە گشتی زۆر گرنگیم بە سۆفیگەرەکان نەداوە، چونکە ئەوان باوەڕدارن و بەم هۆیەشەوە سۆفیگەریی ئاسۆکەی سنووردارە، بەهۆی باوەڕداربوونیشییەوە سۆفیگەری هیچ ئیشکالیەتێك ناخاتەڕوو.

* بە درێژایی ئەو ساڵانەی تۆ ناوت ناوە ئەزموون، بە شێوەی جیاوازی نووسیندا گوزەرت کردووە، دەزانرێ تۆ یەکێکی لە کەسە بەپەرۆشەکانی (پەخشانەشیعر)، بەڵام زۆر بە کەمی پەخشانەشیعر دەنووسیت؟

- وەکو بنەما، ڕاستە من یەکێکم لە کەسە بەپەرۆشەکانی پەخشانەشیعر، ئەویش لەبەرئەوەیە کە پەخشانەشیعر ناونیشانێکی نوێ بۆ شیعری عەرەبی زیاد دەکات و دەرگای ئیجتیهاد و نوێبوونەوە و گۆڕان بە ڕووی شیعری عەرەبیدا دەکاتەوە، من چەند نموونەیەکی کەڵەکەبووی پەخشانەشیعرم هەیە. پەخشانەشیعر تا ئێستا سیستەمی مۆسیقایەکی دیاریکراوی نییە، زۆر بەکەمی نەبێ، نەیتوانیوە لە بازنەیەکی داخراو دەربچێت، وەکو

بەیاننامەیەکی عەرەبی ڕێکخراویش لە ئەدەبی عەرەبیدا نەنووسراوەتەوە، زۆربەی ئەوانەی دەینووسن، بە هیچ شێوەیەك زمانی عەرەبی نازانن، لایەنێکی لاساییکردنەوەشی هەیە، کە لاساییکردنەوەیەکی لاوازی شیعری فەڕەنسییە، لاساییکردنەوەی ناکام زۆرجار لە نەزانینەوەیە. ئەمانە شتی جیدی و راست و دروستن لەبارەی پەخشانەشیعر، بەلاٚم هیچیشیان لە هەڵوێستی من ناگۆڕن، بەوەی کە پەخشانەشیعر دەرگایەکی نوێ بە رووی شیعری عەرەبیدا دەکاتەوە، بەداخەوە کە ئەمە روودەدات، چونکە من لەوباوەڕەدام کە ئەگەر پەخشانەشیعر ڕێرەوی خۆی وەرگرت، دەبێتە ئامرازێکی جەماوەری، ئامرازێکی راستەقینە بۆ دەربڕینی ئەو رووداوانەی لەسەر ئەم خاکە ئازارچەشتووە روودەدەن کە خاکی ئێمەیە، بەلاٚم زۆربەی نموونەکانی پەخشانەشیعر وامان لێدەکەن هەست بە بەزین و دواکەوتن و تێکشکانی خودێك بکەین کە پێنەگەیشتووە و دڵخۆش نییە.

* لە دوادیوانتدا (نوێژی بتپەرستی)، بە هۆی گەورەیی دەسەلاٚتی وێنە و هەندێ ناتەواوی لە کێش و چڕی زمانەوانی، پەخشانەشیعر بەسەر دیوانەکەدا زاڵە، ئایا بەم هۆیانەوە هەوڵی ئەوەتداوە هاوئاهەنگییەك دروست بکەی بۆ کۆکردنەوەی پەخشانەشیعر و شیعری کێشدار بەیەکەوە؟

- من وای دادەنێم کە پەخشانەشیعر بەشێکە لە شیعری عەرەبی و پێویستە بە جیدی وەربگیرێ، لە سەرەتای هەشتاکاندا کۆمەڵە شیعرێکم بە ناونیشانی (رۆژانەکانی باشوور، رۆژانەکانی شێتی) نووسی کە زۆربەی پەخشانەشیعرە. من بە هیچ شێوەیەك سنوورێکی یەکلاکەرەوە لە نێوان جۆرەکانی شیعر دانانێم، بۆیە دێری ستوونی و کێشی شیعری درێژ و سادە دەنووسم، پەخشانەشیعر و شیعری تەفعیلی دەنووسم، هەندێجاریش بڕگە لە زمانی دیکە وەردەگرم.

* لە نووسینەکانی تۆدا، تەرکیز دەکرێتە سەر شتە رۆژانەییەکان، ئایا دەکرێ ئەمەش وەکو یەکێك لەو تایبەتمەندییانە تەماشا بکەین کە سەعدی یوسفی شاعیر، لە شاعیرەکانی دیکەی نەوەی خۆی جیادەکاتەوە؟ زۆربەی شاعیرانی پێشەنگی شیعری نوێی عەرەبی، هەوڵدەدەن کێشەی گەورە بوروژێنن، ئایا ئەم وردەکارییە، لەو باوەڕەوە هاتووە کە پێویستە گرنگی بە پەیوەندی نێوان (شیعر) و (کۆمەڵگا) بدرێت؟

- دڵنیا نیم کە مارکسە یان هیگڵە گوتوویەتی: هەستەکان دەرگای پێنج مەعریفەن، من لە نووسیندا پشت بە هەستەکان دەبەستم، بە لای منەوە هەستەکان سەرەتای پرۆسەی نووسین

دیاری دەکەن، لێرەشەوە ڕێگایەك دەدۆزمەوە بۆ درێژەپێدان: چاو، بەرکەوتن، بیستن.. هەموو هەستەکان کار دەکەن و پەیوەندی لە نێوان ئەوانەدا دروست دەکەم و کۆیان دەکەمەوە، لەبەرئەوەش من هەموو ڕۆژێك شیعر دەنووسم، تەنانەت هەندێ جار لە ڕۆژێکدا دوو شیعر دەنووسم، بۆیە هەمیشە ئەم تێبینییە جیدی و ڕاستەقینەیە لەبەرچاو دەگرم، ئەمە وەکو مێزێکە کە گلاس و چەرچەف و تەپڵەکی جگەرەی لەسەرە، بە وردی تێبینی ئەو شتانە دەکەم و پەیوەندیان لە نێواندا دروست دەکەم و لە میانەی لۆژیکێکدا ڕێکیان دەخەمەوە کە پەیوەندییە کۆنەکان وەلاوە بنێت و ببێتەهۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان شتەکاندا.

* ئایا لەمەدا پەیوەندییەك هەیە لە نێوان شیعر و شێوەکاری؟

- لەوانەیە لە پێکهاتەی وێنە و بەکارهێنانی ڕەنگ و لێکۆڵینەوە لەو پێکهاتەیەدا پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت، من گرنگییەکی زۆر گەورە بە هونەری شێوەکاری دەدەم، (ئەندریانا)ی هاوڕێم نیگارکێشە، لەگەڵی دەچمە زۆر پێشەنگا، پێکەوە گفتوگۆ لەبارەی پرسەکانی وردەکاری تابلۆکان و دابەشکردنی ڕەنگەکان و دەلالەتەکانیان و.. دەکەین، هونەری شێوەکاری ڕەنگدانەوەی زۆری لە شیعرەکانی مندا هەیە، هەروەها مۆسیقاش ڕەنگدانەوەی لەسەر شیعرەکانم هەیە، من لە ماڵەوە بە درێژایی ڕۆژ و بێ پچڕان گوێ لە مۆسیقا دەگرم، زۆرجار دەق لە لای من جگە لە بەهایەکی مۆسیقی، هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

* هەروەها لە شیعرەکانی تۆدا مامەڵەکردنێکی تایبەت لەگەڵ زماندا هەیە، زمانت لە زمانی ڕۆژانەوە نزیکە، بەلاّم بە شێوە بەکارهێنانێکی تایبەتیش، شیعرییەتی خۆی دروست دەکات؟

- زمانی شیعریم لە زمانی ڕۆژانەوە نزیکە، بەلاّم بە پەرۆشیشم بۆ پاراوی زمانی عەرەبی، من بە پەرۆشم بۆ پاراویی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا زمانم لە زمانی ڕۆژانە نزیکە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە بە دیدی من زمانی ڕۆژانە نزیکترە لە ماددەی خاو، بۆیە لە شیعرەکانمدا بەکارهێنانی (ناوی وەستاو) لە زیادبووندایە، بیرۆکەکە وەکو شتێکی ئاسایی دەردەکەوێ، بەلاّم لەوپەڕی پاراویدایە، هەندێ جار وشەی لەناوچوو بەکار دەهێنم و وەکو دەڵێن لە فەوتان ڕزگاریان دەکەم و لە شیعردا بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاریان دەهێنم. هەندێ جاری تر داتاشینی زمانەوانی تایبەت بەکار دەهێنم، بەتایبەتیش زیاتر لە فرمان و هەروەها لە ناویش، بۆ نموونە من لە یەکێك لە شیعرەکانمدا ئەوەم بەکارهێناوە (کڵێساکە ناقوسەکەی لێدەدا

(یرترن) له جیاتی (یرن))ئەمەش فرمانێکە لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەڵام بەکارهێنانی بەم شێوەیە مانایەکی دیکە دەبەخشێ.

* بەکارهێنانی هەستەکان بەو شێوەیەی باست کرد و مامەڵەکردن لەگەڵ زمان بەشێوەیەك کە زیاتر لە زمانی رۆژانەوە نزیکە و پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ پاراویی، ئایا هەموو ئەمانە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەتوانین ناوی لێ بنێین شێوەی گێڕانەوەیی و بەسەر کارە شیعرییەکانی تۆدا زاڵە؟

- شێوەی گێڕانەوەیی، یان بابڵێین شوێنەواری چیرۆکئامێز، پرەنسیپێکی سەرەکییە لە لای من، بەشێکە لە هەوڵی من بۆ بەشدارییپێکردنی خوێنەر لە نووسینەکانم، دەرچەیەکە لە دەست خوێنەردایە تا بتوانێ لەگەڵ دەقەکەدا بڕوات، من بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی خوێنەر دەدەم بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، گرنگ ئەوەیە دواجار ئامانجەکە خوێنەرە و پێویستیشە داهێنەر چاوی خەڵك بەرووی جوانی و بەرووی ژیاندا بکاتەوە.

* هەندێ لە رەخنەگران ئەم حەزەی تۆ بۆ بەکارهێنانی گێڕانەوە لە شیعردا، وا لێکدەدەنەوە کە دەلالەتی ئارەزوویێکی شاراوەی نووسینی رۆمانە لای تۆ، بەتایبەتیش کە تۆ ئەم جۆرە ئەدەبەت لە (سێگۆشەی بازنە)دا تاقی کردۆتەوە و کۆمەڵە چیرۆکیشت هەیە؟

- من خوێنەرێکی چلێسی رۆمانم، لەوانەیە رۆمان لە شیعریش زیاتر بخوێنمەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش گرنگی بە رۆمانی ئەفریقی دەدەم، (سێگۆشەی بازنە)ش هەوڵێکی رۆمانئامێزی منە کە بلاوم کردۆتەوە، پێش ئەوەش کۆمەڵە چیرۆکێکم بلاوکردەوە بەناوی (پەنجەرەی ماڵێکی مەغریبی).

* ئەمە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە کە چیرۆکێکی لەسەر (مەهدی بنبەرەکە) تێدایە بە ناونیشانی (ژوورەکەی مەهدی)؟

- ئێستا نایەتەوە یادم، بەڵام ئەو شیعرە درێژەم لەبیرە کە بە ناونیشانی (چەند لاپەڕەیەك لە دۆسیەی مەهدی بنبەرەکە) بوو، من لە جەزائیر بووم کە مەهدی رفێنرا، پاش رفاندنی رۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی چەند دۆسیەیەکی لەبارەی کێشەکەی مەهدی بنبەرەکە بلاوکردەوە، من نیمچە ئەرشیفێکم بۆ پرسەکە دروست کرد، واتا سەرەڕای قسەی برادەرە مەغریبییەکان کە ئەوکات لە جەزائیر بوون، لای منیش دۆسیەیەك دروست بوو، لەژێر رۆشنایی ئەم دۆسیەیە قەسیدەیەکم نووسی، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی پێم گەیشتەوە، قەسیدەکە لە مەغریب دەنگوسەدایەکی گەورەی هەبوو، خەڵك لە بازنەیەکی بەرفراواندا دەستاودەستیان پێ دەکرد.

* ئەم وەڵامەت دەقۆزمەوە کە تیایدا گرنگیدانەکانی پێشووی خۆت بە کارەکانی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی روون کردەوە، بۆئەوەی پرسیارێکت لەبارەی پەیوەندیت بە رۆشنبیریی وڵاتانی مەغریبییەوە لێ بکەم، پێت وایە رۆشنبیریی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی، هیچ زیادەیەکی خستۆتەسەر رۆشنبیریی عەرەبی لە وڵاتانی مەشریق؟

- من هەمیشە پێداگریی دەکەم لەسەر لێکۆڵینەوە لە مەغریب لەمیانەی ئەوەی ناوی دەنێم، توێژینەوەی مەغریبی، لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و زانستەکانی زمان و ئابووری و مێژوو و جوگرافیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و... لە هەموو ئەمانەدا بەردەوامییەکی مێژوویی دەوڵەت دەبینم کە جگە لە مەغریب لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نییە، ئەم بەردەوامبوونە شارستانییە، مەینەتی زۆری بینیوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە، بە چەند سەردەمێکی زۆر ناخۆشدا تێپەڕیووە، بەڵام جەستەی سەرەکی مەغریب، بە شێوەیەکی زیندوو و چالاك ماوەتەوە، کاریگەری ئەم بارودۆخە ناخۆشە تەنها لەسەر یەك وڵات نەبووە، بەڵکو رووبەڕووی سەرتاسەری وڵاتانی مەغریبی عەرەبی بۆتەوە، بۆیە من رێزی رۆشنبیریی وڵاتانی مەغریبی دەگرم.

* چۆن دەڕواننە شیعری نوێی مەغریب؟

- هەموو شاعیرانی مەغریبی هاوڕێمن، پەیوەندییەکی کۆن و تووندوتۆڵم لەگەڵیاندا هەیە، دیمەنی شیعری مەغریبی جێگای دڵنیایی و ئاسوودەییە، تەنانەت لەسەردەمەکانی دواکەوتوویيشدا شیعری عەرەبی بە زیندوویی ماوەتەوە.

* ئەی لەبارەی (ئۆدێسەی کەسایەتی) چی دەڵێی کە بەڵێنت بە خوێنەرەکانت داوە رۆژێك لە رۆژان تەواوی بکەی؟

- تا ئێستا لە سەروبەندی نەخشەدانانێکی وردم بۆ ئەم کارە، سوورم لەسەر تەواوکردنی، پێش ئەوەی عێراق ئەوەی بەسەر بێت کە بەسەری هات، خەریك بوو تەواوی بکەم، رووداوەکانی عێراق پرسێك بوو زۆر کاری تێکردم، لەگەڵ رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ئەمستردام بووم، لە ژوورەکەی خۆم بووم کە بۆردومانکردنی بەغداد دەستی پێکرد، رۆژێکی تەواو تووشی ئیفلیجی بووم، جووڵان و رۆیشتنم لەدەستدا، رۆژی دواتر بارودۆخم تۆزێك باشتر بوو. لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا بەهۆی ئەوەی کە روویداوە و روودەدات، تا ئێستاش زۆر تووڕە و پەشۆکاوم، هەر ئەمەش تەگەرەی خستە پێش دەستپێکی پرۆژەکەم، ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان هێور بوومەتەوە، چونکە دەزانم عێراق دەیان ساڵ بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، کەواتە پێویستە لەسەر نووسینی شیعر و بەتایبەتیش نووسینی ئەم پرۆژەیە بەردەوام بم.

* کەمتر لە مانگێك پێش جەنگی سەر عێراق گوتت: عێراقی ئێستا لەناوچووە، یان لەسەروبەندی لەناوچووندایە، پرسیاری ئەوە کرا: ئایا عێراقێکی دیکە بەدیار دەکەوێت؟ ئایا عێراقێکی دی دەرفەتی ئەوەت پێ دەدات کە تیایدا بژیت؟ ئێستا پاش سێ ساڵ لە داگیرکردنی عێراق، پێشبینییەکانت چین؟

- کاتێ عێراق داگیر کرا، وتارێکم نووسی بەناونیشانی (سەدساڵ لە داگیرکاری)، ئەوەی پێشبینی دەکەم هەر ئەوەیە، واتا سەدەیەك لە داگیرکاریی، کاتێ لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەریتانیا هاتە ناو عێراق، تا نیو سەدە لە عێراق نەڕۆیشت، ئەوەی ئێستاش روودەدات شتێکی هاوشێوەی ئەوکاتە، بەلایەنی کەم تا نیوسەدە عێراق بە دەست توندوتیژیی داگیرکار و شێوە جیاوازەکانی حکومەتە بەکرێگیراوەکانەوە دەناڵێنێ، سەرلەنوێ خۆپیشاندان لەسەر شەقامەکان دەست پێدەکاتەوە و داوای داخستنی بنکە و پێگەی بێگانەکان دەکرێت.

* لە زۆر بۆنەدا گوتووتە کە تۆ عێراقت بە کۆیلەیی جێنەهێشتووە تا بە داگیرکراوی بگەڕێیەوە ناوی؟

- کاتێ عێراقم جێهێشت، لەبەرئەوە جێمهێشت کە خەڵك دەچەوسێنرایەوە و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری هەبوو، پێم وابوو ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە مرۆڤی دەکردە کۆیلە، لەبەرئەوەبوو رۆیشتم، بۆئەوە بەجێم نەهێشت کە وەکو عێراقێکی داگیرکراوی مەترسیدارتر لە جاران بۆی بگەڕێمەوە.

* تا ئێستا سووری لەسەر ئەو هەڵوێستەت کە مادام عێراق لە ژێر دەستی داگیرکاردایە نەگەڕێیەوە؟

- بەڵێ ناگەڕێمەوە.. ناگەڕێمەوە یەکەم: لەبەرئەوەی کاتێکی کەمم لەسەر زەوی ماوە، دووەمیش: نامەوێ زیان بە هەڵوێستی خۆم بگەیەنم و عێراقیش داگیر کرابێ.

* بەڵام بە شیعر لە دیوانی (نوێژی بتپەرستیدا) گەڕایتەوە عێراق؟

- ئەمە بەرگریکردنە لە وڵاتەکەم و ئەرکە لەسەرم ئەمە بکەم، یەکێك لەوانەی لەسەر ئەم دیوانەی نووسیوە دەڵێ: دەتوانین ناو لەم دیوانە بنێین شیعری بەرگری.

* ئایا ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ئەو چەمکەی کە لە پەنجاکان و شەستەکان ناویان دەنا (شیعری بەرگری)؟

- من زۆر رێز لە زاراوەکە دەگرم، هونەرمەند ئەگەر بەرگریکار نەبێ بەرامبەر بە دۆخێکی لەم جۆرە، چی لە دەست دێت بیکات؟!

* هەست دەکەی شیعری عەرەبی هاوکاریت دەکات لە پێدانی هەموو ئەو شتانەی کە شایستەی کێشەکانی عێراقە؟

- بە دیاریکراوی شتێکی لەمجۆرەم لا کەڵەکە نەبووە کە ڕێگا بدات حوکمی لەبارەوە بدەین.

* ئەگەر وامان دانا شیعری عەرەبی هاوچەرخ، ملکەچی ئەو هەڵبەزودابەزە مێژووییانەیە کە هاوشێوەی کێشەکانی عێراقن، ئایا داگیرکردنی عێراق دەتوانێ ئاسۆیەکی نوێ بۆ شیعری عەرەبی بدۆزێتەوە؟

- لە کاتی هەڵبەزودابەزی بزووتنەوە نیشتیمانی و جەماوەرییەکاندا، شیعری عەرەبی جووڵاوەتەوە و نوێبوونەوە بەخۆوە دەبینێ، شیعری نوێ لەگەڵ ئەم بزووتنەوانە لەدایکبووە و بڵاوبۆتەوە. هەروەها خەڵکیش سەرمەشقن، خۆبەخشی دەکەن بۆ فەلەستین، ئێستا دۆڕانێکی سیاسی هەیە کە بە هۆیەوە نیشتیمانی عەرەبی لە مێژوو دووردەکەوێتەوە، لە پەخشانەشیعردا ئەمە بەدیارکەوتووە، هەرچەندە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوانەی پەخشانەشیعر دەنووسن، بەڵام کەوتۆتە ژێر زەبروزەنگێکی نەشیاو، بۆ نموونە (قەسیدەی بیابانی محەمەد باهی)ی شاعیر حەسەن نەجمی پڕە لە هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی، ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە پێکهاتەی شاعیر کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بابەتەکە هەیە.

* ڕێگام بدە دوا پرسیارت لێ بکەم: ئەو قەسیدەیە چییە کە بە ئاواتەوە بووی بینووسی و نەتنووسیووە؟

- ئەو قەسیدەیەیە کە هەموو هەستەکان لە یەك دەقدا کۆ دەکاتەوە، بەتایبەتیش هەستی (بۆنکردن)، هەرچەندە ئەمە تووشی سەرەگێژەت دەکات کە چۆن لە ڕێگای زمانەوە دەگەیتە بۆنکردن؟! دەزانم کارێکی گرانە، بەڵام تا ئێستاش خەونی پێوە دەبینم و ئەو ڕۆژەی خەونەکەم هاتەدی زۆر دڵخۆش دەبم.

**سەعدی یوسف:**

- لە ساڵی (١٩٣٤) لە ئەبی خەسیب لە شاری بەسرە لە عێراق لە دایکبووە.

- قۆناغی ناوەندی لە بەسرە تەواوکردووە.

- لیسانسی شەرەفی لە ئادابی عەرەبی هەیە.

- لە بواری وانەگوتنەوە و رۆژنامەگەریی رۆشنبیرییدا کاری کردووە.

- لە زۆر وڵاتی عەرەبی و رۆژئاواییدا ژیانی بەسەر بردووە.

- ماوەیەك لە بەندیخانە ژیانی بەسەر بردووە.

- چەند خەڵاتێکی شیعریی بەدەستهێناوە لەوانە: خەڵاتی سوڵتان عەویس، خەڵاتی ئیتاڵی جیهان، خەڵاتی (کافافی) لە کۆمەڵەی هێلینیە.

- لە ساڵی (٢٠٠٥) خەڵاتی فیرۆنیای ئیتاڵی بۆ باشترین نووسەری بێگانەی بەدەست هێناوە.

**بەرهەمەکانی:**

**- شیعر:**

"القرصان (١٩٥٢)"، "أغنيات ليست للآخرين (١٩٥٥)"، "٥١ قصيده (١٩٥٩)"، "النجم و الرماد (١٩٦٠)"، "قصائد مرثيه (١٩٦٥)"، "بعيداً عن السماو الاولى (١٩٧٠)"، "نهايات الشمال الإفريقى (١٩٧٢)"، "الاخچر بن يوسف و مشاغله (١٩٧٢)"، "تحت جداريه فائق حسن (١٩٧٤)"، "الليالى كلها (١٩٧٦)"، "الساعه الاخيره (١٩٧٧)"، "كيف كتب الاخچر بن يوسف قصيدته الجديده (١٩٧٧)"، "قصائد اقل صمتاً (١٩٧٩)"، "الاعمال الشعريه (١٩٨٠)"، "من يعرف الورده (١٩٨١)"، "يوميات الجنوب يوميات الجنون (١٩٨١)"، "مريم تأتى (١٩٨٣)"، "الينبوع (١٩٨٣)"، "خڤ ورده الپلج، خڤ القيراونيه (١٩٨٧)"، "محاولات (١٩٩٠)"، "قصائد باريس"، "شجر ايپاكا (١٩٩٢)"، "جنه المنسيات (١٩٩٣)"، "الوحيد يستيقڤ (١٩٩٣)"، "ايروتيكا (١٩٩٤)"، "كل حانات العالم (١٩٩٥)"، "الٲعمال الشعريه - پلاپه مجلدات- (١٩٩٥)"، " قصائد ساژجه (١٩٩٦)"، "قصائد العاصمه القديمه (٢٠٠١)"، "اربع حركات – قصائد مختاره- (١٩٩٦)"، "حانه القرد المفكر (١٩٩٧)"، "يوميات اسير القلعه (٢٠٠٠)"، "حياه صريحه (٢٠٠١)"، "الٲعمال الشعريه -أربعه مجلدات- (٢٠٠٢)"، "الخڤوه الخامسه -المجلد الخامس من الٲعمال الشعريه- (٢٠٠٣)"، "صلاه الوپـــنى (٢٠٠٤)"، "حفيد امرىو القيس (٢٠٠٦)"، "مختاراتى (٢٠٠٧)"، "الشيوعىّ الٲخير يدخل الجنّه (٢٠٠٧)"، "أغنيه صياد السمك و قصائد نيويورك (٢٠٠٨)"، "قصائد الحديقه العامه (٢٠٠٩)"، "الٲعمال الشعريه -المجلد السادس- (٢٠٠٩)"، "الديوان الإيگالىّ (٢٠١٠)"، "فى البرارى حيپ البرق (٢٠١٠)".

**- شیعری وەرگێڕدراو:**

"أوراق العشب– والت ويتمان (١٩٧٩)"، "وداعاً للإسكندريه التى تفقدها– كافافى (١٩٧٩)"، "إيماوات - يانيس ريستوس (١٩٧٩)"، "الٲغانى و ما بعدها– لوركا (١٩٨١)"، "ديوان الٲمير و حكايه فاگمه– غونار أكيلف (١٩٨١)"، "شجره ليمون فى القلب– فاسكو بوپا (١٩٨١)"، "سماو صافيه- أونغاريتى (١٩٨١)"، "قصائد– هولان

(١٩٨١)"، "باب سيوه و قصائد أخرى- توم لامونت (٢٠٠١)"، "حليب مراق– ساره ماغواير (٢٠٠٣ )".

## – وەرگێڕانی تر:

"تويجات الدم– (روايه)- نغوجى واپيونغو (١٩٨٢)"، "الحواله- (روايه)– عپمان سمبين (١٩٨٣)"، "زمن القتله- (مقاله عن رامبو)– هنرى ميللر (١٩٧٩)"، "تصفيه استعمار العقل- (دراسه) -نغوجى واپيونغو (١٩٨٥)"، "المفسّرون– (روايه) – وولى سوينكا (١٩٨٦)"، "الشمس الپالپه عشره– (روايه)- دانياتشو ووركو (١٩٨٥)"، "خرائگ– (روايه)- نور الدين فراح (١٩٨٧)"، "حياه متخيله–(روايه)- ديفيد معلوف (١٩٩٦)"، "ملعبه گفل– (روايه) – ديفيد معلوف (١٩٩٨)"، "الصرخه الصامته– (روايه) – كينزابورو اوى (١٩٩٩)"، "متشرداً فى باريس و لندن – (روايه)- جورج اورويل (١٩٩٨)"، "باراباس- (روايه )- بار لاغركفيست"، "الأمير الصغير– أنگوان دو سانت إكســوبرى – (٢٠٠٢)"، "فى بلادٍ حُـرّه – ف٠س٠ نايبول (٢٠٠٢)".

## – بەرهەمی تر:

"نافذه فى المنزل المغربى – قصص قصيره (١٩٧٤)"، "سماو تحت رايه فلسگينيه- يوميات (١٩٨٣)"، "يوميات المنفى الأخير (١٩٨٤)"، "أفكار بصوت هادئ– مقالات (١٩٨٧)"، "عندما فى الأعالى– مسرحيه (١٩٨٩)"، "مپلپ الدائره– روايه (١٩٩٤)"، "خگوات الكنغر– يوميات و مقالات (١٩٩٧)"، "يوميات الأذى (٢٠٠٥)"، "يوميات ما بعد الأذى (٢٠٠٧)".

– ئەمە سەرەڕای چەند بەرهەمی تر بە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتاڵی.

**سەرچاوە:**

**– ماڵپەڕی تایبەتی سەعدی یوسف**

www.saadiyousif.com

# من سەرکردەی سوپایەکم کە سەربازەکانی خوێنەرەکانمن



**گفتوگۆ لەگەڵ رۆماننووسی**

**جەزائیری (ئەحلام موستەغانمی)**

ئەو هەمیشە وایە.. ئافرەتێکە لە کەناری دانپێدانان و دۆزینەوەدا رادەوەستێ، وشەکانی بێ جوانکاری و بێ پێچ و پەنان.. وەکو خووێکی هەمیشەیی، سوورە لەسەر ئەوەی خوێ بە قولاّیی برینەکاندا بکات، نەك لەبەرئەوەی کەسێکی سادییە و لە خۆڕا وا بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی تەواو هەست بەوە دەکات کە ئەمە دوا چارەسەری سووتانە.

ئافرەتی هەزاران کێشەیە.. نووسەرێکە پارێزگاری لە شێوەزارە جەزائیرییەکەی خۆی دەکات و پێی وایە ئەمە دواهەمین قەلاّی غوربەتە.

لە غوربەتیشدا ویستوویەتی بناغەی ئەو بیرۆکەیە دابنێ کە (ئەو ولاّتەی چەکی لێ دەڕوێ بەهەمان ئاست قەڵەمیشی لێ شین دەبێ). شانازی بە رۆژانی گۆرانی رەسەنی جەزائیری و پیاوەکانییەوە دەکات. زۆر بەتوندیش رەخنە لەم لاساییکردنەوەیەی ئەمڕۆ دەگرێ، هیچ کات خەمە قووڵەکانی ناشارێتەوە لە ئاستی بچووکبوونەوەی کێشەکانمان و لە ئاستی ئەوەی کە چۆن خوێنی ئێمە بەو جۆرە بێ بەها بووە و هیوا و ئاواتەکانمان بچووك بوونەتەوە.. (ئەحلام) کە لە هەموو شتێکدا بە دوای نموونەییدا دەگەڕێ، وەکو نووسەرێکی نێرگزی تووشی شۆك بوو لەوەی (یادەوەریی جەستە)ی لە تەلەفزیۆن بە شێوەی زنجیرە بینی و لە نیوەی دووەمیدا بەرەو ئاراستەیەکی خراپ برابوو، رووبەڕووی وەستایەوە تا بە پێی توانای خۆی رزگاری بکات، سەرزەنشتی کۆمپانیای بەرهەمهێنانەکەشی کرد، بە هۆی ئەوەی هەندێ بەشی جوانی شاری (قسەنتینە) و جەزائیری شاردۆتەوە.

(ئەحلام موستەغانمی) نووسەرێك کە دەبێ وەکو گشتێك وەریبگری و ناتوانی وردەکارییەکانی دابەش بکەیت، لەم گفتوگۆیەدا مرواری بیروبۆچوون و راستییە جیاوازەکانی بۆ جێهێشتین بە جیاوازی هەموو ئەو کێشانەی هەن و وەکو مەترسییەکی ناوەکی دەردەکەون.

* هەرکەسێکی جەزائیری خۆشحاڵە کە باسی تۆ دەکات، چونکە وا هەست دەکات تۆ لە هەر شوێنێك بیت، هەڵگری شوناسی جەزائیری، تەنها بە شێوەزار و دەربڕینە میللییەکانیش قسە دەکەی، چۆنە ئەوە ماوەی سی ساڵە تۆ لە غوربەتی و ئەو هەموو هاتووچۆیە عەرەبی و جیهانییە نەیانتوانیوە جێپەنجە لەسەر کەسایەتی و زمانەکەت دابنێن؟

- ئەمە پرسیاری زۆربەی ئەو جەزائیرییانەیە کە لە رۆژهەلاّتی عەرەبی و کەنداوی عەرەبی دەیانبینم و لێمی دەکەن، ئەوان پشتگیریم دەکەن، سۆزێکی گەرمیان تێدا دەبینم بەهۆی ئەوەی قسەکانم بە پەندی میللی و دەربڕینە (دورزی)یەکان دەوڵەمەند دەکەم، لەوانەش: بەڕێز و خۆشەویست (خەدیجە بن قنە) و راگەیەندکاری هاوڕێم (محەمەد حونەیبش) و (دەحو

عەبدولحەفیز) کە لە دەوحە دەیانبینم، هەروەها هاوڕێی ئازیز (فەزیلە سویسی) و هاوڕێم (مودنی عامر) کە چەند جاری دەچمە (ئەبوزەبی) لەگەڵیان دادەنیشم، هەموویان بە سۆز و خۆشەویستییەکەیانەوە لە دەورەم کۆ دەبنەوە و ئەوەی کۆشمان دەکاتەوە، ئەو زێدە ڕەسەنیبوونەی جەزائیرە کە سەرەڕای ساڵانی زۆری غوربەت لە ویژدانماندا نیشتەجێیە، ئێمە لە مینبەرەکانەوە بە زمانێکی پاراوی باڵا دەدوێین، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بسەلمێنین کە ئێمە (عەرەبیبوون)مان لەوان کەمتر نییە، لە ژیانی ڕۆژانەشدا بە شێوەزاری پەتی جەزائیری قسە دەکەین بۆ ئەوەی لەو جەزائیرییانە کەمتر نەبین کە لە جەزائیر دەژین. لەوانەیە من وەکو خۆم حاڵەتێکی ریزپەڕ بم بە بەراورد لەگەڵ ئەو جەزائیرییانەی لە دەوربەرمدان و چەند ساڵێك دوای من گەیشتوونەتە لوبنان، هەندێکیان تازە بە تازە گەیشتوون، بەڵام بە ڕەوانی بە شێوەزاری لوبنانی قسە دەکەن و پێی کاریگەرن، ئەوەی من توانیومە دوای سی ساڵ بیکەم، ئەوەیە کە بە شێوەزاری ڕۆژهەڵاتی عەرەبی قسە دەکەم، تا ئەو رادەیەی کاتێ قسە لەگەڵ هەندێکیان دەکەم وا دەزانن من تازە گەیشتوومەتە لوبنان و دەربارەی ئەوە پرسیارم لێدەکەن کە لوبنانم بەلاوە چۆنە؟! لەو باوەڕەدام کە شێوەزاری مرۆڤ، دواهەمین قەڵایەتی لە غوربەتدا، پێویستە بەرگری لێبکات، چونکە زمان خوێنە، مرۆڤ ناتوانێ گروپی خوێنەکەی تەنانەت لەگەڵ براکەشیدا بگۆڕێتەوە، ئەمە ئەگەر رەسەن بێت، شێوەزاریش وایە، کەچی هەندێك لە ڕۆژهەڵاتییەکانی وڵاتانی عەرەبی تا ئێستاش باوەڕ بەوە ناکەن کە ئێمە لە جەزائیر بە عەرەبی دەدوێین، لەکاتێکدا لەوانەیە بە هۆی شارەزاییمان لە زمانەکە هاوشێوەی ئەوان و هەندێجار لەوانیش باشتر بە عەرەبی قسە بکەین، هەمیشە بەو جۆرە کەسەم گوتووە: ئێمە لە نەوەیەکین شانازی بەوە دەکەین کە عەرەبی لە ناو جەزائیر فێربووین نەك لە دەرەوەی جەزائیر، وەکو من و هەموو ئەو راگەیەندکارە جەزائیرییانەی ئەمڕۆ ئەستێرەی شاشە عەرەبییەکانن، یان بەڕێوەبەریانن، ئێمە لە زانینی عەرەبی لە کەس بەرزتر نین، بەڵکو خۆشەویستیمان بۆ عەرەبی زیاترە، هۆگریی و شەیداییمان بۆ ئەم زمانە، نهێنی قەڵەمە عەرەبییە نایابەکانە کە ئەدەبی جەزائیری و نووسەرەکانی نەوەی منی لێ لەدایکبووە، وەکو ئەوەیە لە هەموو ئەو شتانەی دەیڵێن و دەینووسن، بەردەوامی بە جەنگێك بدەن، لەوانەیە ئەمە ڕاست و ڕەوا بێت، چونکە من ئاواتەخوازم بیسەلمێنم لە وڵاتێکدام تەنها چەکی لێوە سەرهەڵنادات، بەڵکو قەڵەمیشی لێ لەدایك دەبێ و بە قەڵەم دەچێتە شەڕەکانەوە، بۆیەشە نەتەوەکان بەو ئەندازەیەی شانازی بە سەرکردە و پیاوە ئازاکانیانەوە دەکەن، بە هەمان ئەندازە شانازی بە نووسەرەکانیشیان دەکەن.

* بەلاّم تۆ لە وتارێکتدا بە ناونیشانی "ولاّتی گۆرانیبێژان.. نیشتمانەکانمن"، دەلێیت کە نیشتمانەکان وایان لێهاتووە بە گۆرانیبێژەکانیانەوە پەیوەست دەکرێن و ناوبانگ دەردەکەن، نەك بە پیاوە ئازاکانیان، ئەم وتارە بەمدواییە لە زیاتر لە شوێنێك بلاّوبووەوە، ئایا ئەم وتارەت تا ئێستاش کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەمداین گونجاوە؟

- بەسروشتی وایە، چونکە ئێمە ئێستا لەسەردەمی گۆرانیبێژەکاندا دەژین.. بەلّگەش ئەوەیە کە بەداخەوە هەموو هیوا و ئاواتی گەنجی عەرەبی لەوەدا بچووك بۆتەوە چۆن ببێتە گۆرانیبێژ، بەلای ئەو گەنجانە، ئەمە رێگایەکی کورت و خێرایە بۆ پایەبەرزی و ناوبانگ و دەولّەمەندبوون، بەبێ ئەوەی بخوێنن و خۆیان بۆ پلەوپایە بەرزەکان ئامادەبکەن، نەتەوەش ئامادەسازی بۆ کردوون و پشتگیری ئەم دەستە بێ ئومێدەی گەنجەکانی ئەمڕۆ دەکات، بە دیدی من، ئەمە کورتترین رێگای کوشتنی کێشە گەورەکانی عەرەبە.

* یەك جار کوشتن؟

- تەنانەت کێشەکانیش نەماون، کێشەکان کوژراون.. تەماشاکە.. نەوەی ئێمە ئامادەیی ئەوەمان تێدابوو لە پێناو ئەوەی کێشەیەك ببینین، خۆمان بەکوشتن دەدا، بەلاّم ئێستا هیچ کەسێك لە پێناو نیشتمان یان لە پێناو بیروباوەڕ نامرێ. ژاپۆنییەك دەمرێ و ناگری، تەنانەت خۆشی دەکوژێ، ناگری، بەلاّم هاوولاّتییەکی عەرەبی دەگری و بە ریزە لەبەردەم بالّیۆزخانەکان دەوەستن بۆ ئەوەی ناویان بنووسرێ، بە ریز راوەستاون بۆ ئەوەی فۆرمی بەرنامەی (ستار ئەکادیمی) پڕ بکەنەوە، خوێنی ئێمە چەندە هەرزان بووە، هیوا و ئاواتەکانمان بچووك بوونەتەوە، جێی داخە گۆرانیبێژ بۆتە ئەو ئەستێرە و پێشەنگ و مامۆستایەی کە نەوەکان پێدەگەیەنێ و بوونەتە مەرجەعی ململانێی شتە تازەبابەتەکان.

* بە چاوپۆشی لە جوانی و قەشەنگییەکەی، خۆ ئەم گۆرانیبێژەش پەیامی خۆی هەیە؟

- ئەم پەیامە پڕشکۆیە لە کوێیە؟ ئایا نەوەی (ستار ئەکادیمی) پەیامێکی شکۆمەندانەیان هەیە؟ لەسەر ئەوە بەلّگەم بدێ؟

* سەبارەت بە گەنجێکی وەکو خالید، من لەکاتێکدا گوێم لێدەگرت کە جەزائیر لە گۆشەگیرییدا بوو، تۆ لە وتارەکەتدا بە گەمژە وەسفت کردووە، ئایا رەخنەکانی تۆ توندوتیژ نەبوون؟

- نەمگوت گەمژەیە، بەلّکو گوتم: "پێکەنینەکەی گەمژانەیە"، چونکە وەلاّمی هەموو پرسیارەکانی بە پێکەنین دەدایەوە، لە هەموو هەلّوێستەکانیدا جگە لە پێکەنین هیچی دیکەی

نەبوو، سەبارەت بەوەی لە سەردەمێکدا ناوبانگی دەرکرد کە جەزائیر گۆشەگیر بوو، ئەمە دەبوو هەستی بەرپرسیاریێتی ئەو زیاد بکات، ڕێگەم بدە ئەوە روون بکەمەوە کە گۆرانیبێژی رۆشنبیریش هەن، من داوام لە خالید نەکردووە کەسێکی رۆشنبیر بێت، بەڵام بەهۆی ناوبانگەکەیەوە وێنەیەکی راستی جەزائیری پێشکەش نەکرد، وێنەیەکی پێشکەش کرد کە لە ئێمە نەدەچوو، پێش چەند ساڵێك لە بەرنامەیەکی فەرەنسیدا بینیم، گوارەی لە گوێ کردبوو، سەگێکیشی لەپەنای خۆی دانابوو، ئەمە نموونەی گەنجی جەزائیریی نییە، لە سەردەمی مندا، ئەوەی گۆرانی دەگوت پەیامێکی شکۆمەندانەی هەبوو، بۆ نموونە (عەبدولحەمید عەبابیسە و رابیح دەریاسە و ئەحمەد وەهبی)، ئەمانە نوێنەرایەتی هونەری جەزائیرییان دەکرد، بە رووخسار و بە بە توانا و پیاو بوون.

* کەواتە بە دیدی (ئەحلام موستەغانمی) لەم سەردەمەدا جگە لەو گۆرانیبێژانەی هیچ پەیامێکیان نییە، کەسی دی جێگەی نابێتەوە، ئایا سەردەمی رۆشنبیر بەسەر چووە؟

- هەڵبەت گەیشتووینەتە ئەم سەردەمە و حکومەتەکانیش هانی ئەم جۆرە کەسە دەدەن کە خۆیان دەرخەن و باڵ دەربێنن، لە بەرامبەر ئەو وزەیەی گەنجان هەیانە، ئەمڕۆ ناوبانگ و بە ئەستێرەبوون لە نێوان دوو کەسدا دابەش دەبێ، ئەوانیش: (گۆرانیبێژ) و (وەرزشوان)ن، فیکر چۆتە پلەیەکی لاوەکی، بەتایبەتی رۆشنبیریی لە زۆربەی وڵاتاندا بۆتە گاڵتەجاڕی و پشت بە سیاسەتێك نابەستێ بۆ بونیادنانی مرۆڤێکی نوێ کە بتوانێ رووبەڕووی تەحدا مەعریفییەکانی ئەم سەردەمە ببێتەوە، جێگەی سەرنجە کە وتارەکانت لە رۆمانەکانت کەمتر بڵاوبنەوە، کەم وتار هەیە کە چەند ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕیبێ و بەردەوام چاپ نەکرێتەوە و بە گەرموگوڕییەوە نەخوێندرێتەوە، راستە ئەم وتارە بە شێوەیەکی ترسناك بڵاوبووەوە، ئەمە بەڵگەی دەسەڵاتداریێتی تەکنەلۆژیایە، ئەمڕۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێت گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك، لەو باوەڕەدام کە ملیۆنێك و تا دوو ملیۆن خوێنەری عەرەبییش ئەم وتارەیان خوێندۆتەوە، چونکە دوو هەزار کەس لە لاپەڕەکانی فێیس بووك دابەشی دەکەن کە منیان هەڵبژاردووە و گوێم لێ دەگرن و سەرسامن پێی، ئەوانیش لای خۆیانەوە دابەشی دەکەن و بەمەش ژمارەیان دەگاتە سەرووی نیو ملیۆن کەس، بە پێی ئامارەکانیش هەر وتارێك کە بڵاوی دەکەمەوە، بە جۆرێك دەستاودەست دەکرێ کە جارانی چوار دەکرێت، بۆ زانیاریش من ئەم وتارەم لە ماڵپەڕەکەی خۆم بڵاو نەکردەوە، بەڵکو گەلێ ماڵپەڕ بە نۆبەت بڵاویان دەکردەوە، چونکە وتارەکە تەنها بیرۆکەیەك نییە، بەڵکو کێشەیەك دەخاتە ڕوو، ئایا ئەمە

نەنگی نییە وڵاتێك پێشتر بە پاڵەوانەکانی دەناسرایەوە، ئێستا بە چەند هەرزەکارێك بناسرێتەوە کە تازە لە سەر پلاتۆکانی ستار ئەکادیمی و هاوشێوەی ئەو لەدایکبوونە، هەروەکو ئەمە لە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی وایە، ریزی گۆرانبێژێکی لاوازی بێتوانا دەگرن، لەکاتێکدا وڵاتەکە پڕە لەو تێکۆشەرانەی لە بەندیخانەکانی ئیسرائیل دەرچوونە و شایستەن، کەچی ریزیان لیّ ناگیریّ، بۆ نموونە (مەحمود سوارکە) کە کۆڵەگەی بەدیلگیراوەکانی میسر بوو، ئەم پیاوە دوای بیست و دوو ساڵ زیندان، کاتیّ گەڕایەوە یەك کەسی لەو جەماوەرە لە پێشوازی خۆیدا نەبینی کە لە پێناویاندا خەباتی کردبوو و لەسەریان چووبووە زیندانەوە، تەنانەت جگە لە چوارگۆشەیەکی بچووکی رۆژنامەیەك کە هەواڵی ئازادکردنەکەی بڵاوکرایەوە، هیچی دیکەی پیّ رەوا نەبینرا. بەڵام لەبەرامبەردا بەرپرسە ئەمنییەکان لە فڕۆکەخانەی قاهیرە، ناچارکران (محەمەد عەتیە)ی ئەستێرەی (ستار ئەکادیمی) لەناو دەستی خەڵك رزگار بکەن. پاش ئەوەی لە ئەنجامی قەرەباڵغی گەنجە کوڕ و کچەکان، خەڵك بریندار بوون، لە فڕۆکەخانە، بە دوودڵییەوە چاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەی بەیروت بوون. من ئەم قسانەم پێش پێنج ساڵ نووسیوە و ئێستا لەبیرم کردوون، بەڵام ئەوەی شتێکی جوانە ئەوەیە کە چەپەکان و ئیسلامیەکانیش وەکو یەك لە ماڵپەڕەکانی خۆیان لە ئینتەرنێت بڵاویان کردۆتەوە، بەمەش دەستاودەستکردنەکەی وەکو تۆپی بەفر لە زیادبووندایە.

* دیارە تۆ وتارەکەت لەبیر کردووە بەڵام خوێنەران لەبیریان نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە وڵاتانی نیشتمانی عەرەبی تەنها وڵاتی گۆرانیبێژەکان نین، بەڵکو وڵاتی نووسەری وەکو تۆشن؟

- ئەوە جوانە کە خوای گەورە نووسەر بەوە منەتبار دەکات کە دەتوانیّ کاریگەری لەسەر ملیۆنان خەڵك هەبیّ، ئەمە دەسەلاتی ئەو ناوەیە کە نووسەر هەموو ساتێك بە بەرگریکردن و پاراستنی ناوەکەی و دەرخستنی هەڵوێستەکانی بەدەستی دێنیّ، چونکە چەکی نووسەر هیچ نییە جگە لە ناوێکی پاك، شتەکە پەیوەندی بە پایەبەرزییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو بەرپرسیارێتییەوە هەیە کە نووسەر وا لێدەکات لە ترسێکی مێژووییدا بژییّ و ترسی لەناوچوون و سڕانەوەی قەڵەمەکەی هەبیّ، بەتایبەتیش کە ئێمە لەسەردەمی ئینتەرنێتداین، هەموو ئەو شتانەی نووسەرێك دەینووسێت هەتا هەتایە جێگیر دەبێت، بۆیە دەبینی لە هەر وشەیەك دەترسم کە بڵاوی دەکەمەوە یان ناوی منی بەسەرەوەیە.

* خانمی رۆمانی عەرەبی تا ئەو ئەندازەیە لە وشە دەترسێت؟!

- من وەکو سەرکردەی سوپایەکم کە سەربازەکانی خوێنەرەکانمن، پێشتریش گوتوومە: "کاتێ چەك هەڵدەگری تۆ سەربازی، کاتێ قەڵەمیش هەڵدەگری، تۆ سوپایەکی و چەك و کەلوپەلەکانیشت ژمارەی خوێنەرەکانتە"، کاتێ ژمارەی خوێنەرەکانت لە هەندێ سوپای وڵاتانی عەرەبی زیاتر دەبێ، پێویستە بەرەو جەنگێکی سەرکەوتوو پێشەوایەتی سوپاکەت بکەیت و کێشەیەکی گەورە بخەیتە بەر باس، نووسەر یەکسانە بەو کێشەیەی دەیخاتەڕوو، نەك یەکسان بێ بەوەی کە کارەکانی بۆ چەند زمان وەردەگێڕدرێن یان چەند خەڵات بەدەست دێنێ.

* سەرەڕای گۆرانیبێژەکان و لە پاڵ ئەو کەسایەتییانەی دیکەی بوونەتە پێشەنگی گەنجەکانمان، کەسانێکی دیکەش بوونەتە پێشەنگ، ئەوانیش: ئەستێرەکانی تۆپی پێن، ئایا وتارەکەت ئەوانەش دەگرێتەوە، ئایا ئێمە لە بەردەم ناونیشانێکی نوێداین کە ئەویش (وڵاتی وەرزشوانان.. نیشتمانەکانمن)؟

- ئەمە راستە.. ئەمڕۆ ناوبانگی هەموو وڵاتێك دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەستێرەکانی تۆپی پێی ئەو وڵاتە، جەزائیری هەشتاکان بە پاژنەپێ زێڕینەکانی (رابح ماجر) دەبەسترایەوە و جەزائیری ئەمڕۆش بە لێدانەکانی کەللەسەری (زەینەدین زێدان)ەوە گرێ دەدرێت، (تۆفیقی حەکیم) لە کۆتاییەکانی ژیانیدا پێشبینی ئەمەی کردبوو، گوتبووی: "سەردەمی قەڵەم بەسەرچووە، ئێستا سەردەمی پێیە". ئەمەش هاتەدی، شتێکی جوانە کە هەموو وڵاتێك وەرزشوان و ئەستێرە و تیپ و یاری نێودەوڵەتی خۆی هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەمە هاوشان بێ لەگەڵ پێشکەوتنی بوارە رۆشنبیریی و زانستییەکانی دی، واتا ئەم پێشکەوتنە وەرزشییە، لەسەر حیسابی بوارەکانی دیکەی لەو گرنگتر نەبن کە کاریگەری لەسەر ئایندەی وڵاتەکان هەبێ.

* ئایا ئەحلام موستەغانمی لە گۆرانی (دی دی واە)ی خالیدی ئەستێرەی (ستار ئەکادیمی) تێگەیشتووە؟

- تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووم و بەلاشمەوە گرنگ نییە لێی تێبگەم، کات درەنگە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو رۆمانەی کە تا ئێستاش دوای چەندین ساڵ لە دەرچوونی، رووداو دروست دەکات، مەبەستم رۆمانی (یادەوەری جەستە)یە، تا ئێستا بیستوهەشت جار بە پچڕپچڕی چاپکراوەتەوە، هەر ئەوەنا، بەڵکو نۆرەکانی چاپکردنەوەی گەیشتۆتە سیوچوار جار لە خانەی ئاداب، سەد هەزار دانە لە چاپکراوەکانی (ئەحلام موستەغانمی) چاپکراون، سەرەڕای چاپە تایبەت و فەرمییەکان لە جەزائیر، بە دزییەوەش بێ ئەندازە لە جیهانی عەرەبی چاپکراونەتەوە، کە بە هەمووی دەکاتە نزیکەی یەك ملیۆن دانە.

* وای نابینی کە سەرکەوتنی ئەم رۆمانە وای کردووە ئەم هەموو تیرە بەرامبەر (ئەحلام موستەغانمی) رابگیرێ و هەوڵی بچووك کردنەوەی شکۆی بدرێت؟

- بیرمە کە یەکێك پێش چەند ساڵێك لەمیانەی ئەو جەنگەی دژی من دەکرێ و رۆمانەکەم دەخرێتە پاڵ یەکێکی دی و گوایە من دزیومە، وتارێکی بۆ بەرگریکردن لە من نووسیبوو، بە ناونیشانی (یادەوەری چاوتێبڕین). هەندێ جار سەرکەوتن شکستی ئەوانی دی دیار دەخات، نووسەر لە هەموو شتێکی نووسەرێکی دیکە دەبووریێ تەنها لە سەرکەوتنەکانی نەبێ، هەندێك خۆزگەم پێ دەخوازن، هەندێکیش چاوم تێدەبڕن، هەندێکیش زۆرم بەسەردا هەڵدەڵێن و ستایشی جەزائیریش دەکەن بە هۆی ئەم سەرکەوتنەی من، بۆ نموونە بەڕێز و خۆشەویست خوا لێی خۆش بێ (تاهیر وەتار) شایەدی بەرامبەر من دەدا، بەڵام من ئەم قۆناغەم تێپەڕاندووە، بیست ساڵ تێپەڕیووە و ئەم رۆمانە بەردەوام خۆی بەرگری لە خۆی دەکات، تازە ناتوانرێ رووناکییەکەی خامۆش بکرێتەوە.

* لە چوارچێوەی ئەم هێرشانەدا، وتارێکی تۆم خوێندەوە کە وەڵامی ئەو دژایەتییانە دەدەیتەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کە تۆ ئەم هێرشانە پەیوەست دەکەیت بەوەی کە کۆمەڵگای پیاوسالاری سەرکەوتنی ئافرەت رەت دەکاتەوە، ئایا ئەمە زوڵم نییە لە پیاوان و جۆرێك لە زۆرداری تێدا نییە؟

- نا.. بەم جۆرە نییە، هەندێ کەس هەوڵیان دا خاوەندارێتی رۆمانەکە بۆ پیاوان بگێڕنەوە.. بەدوای چەند پیاوێکدا دەگەڕان کە رۆمانەکە بکەنە هی ئەوان، گرنگ ئەوەی کە بڵێن ئەم رۆمانە ئەحلام خاوەنەکەی نییە، گوتوومە ئەوانە لە نەستی خۆیاندا پێشبینی ئەوە ناکەن و قبوڵی ناکەن ئاستی ئافرەتێك لە نووسیندا لەوان بەرزتر بێت، وەڵامەکەی من روونە، چەندە ئافرەتێك کارێك ئەنجام بدات، یان سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بێنێ، بە دوای پیاوێکدا دەگەڕێن بیکەنە خاوەنی.

* لەوانەیە بە ئەنقەست رووبەڕووی موستەغانمی ببنەوە، بۆ ئەوەی لە رووی راگەیاندنەوە سوود لەو ناوبانگە وەربگرن کە بەدەستی هێناوە؟

- ئەمە کورتترین رێگایە بۆ گەیشتن بە ناوبانگ، لەجیاتی ئەوەی چەند ساڵێك خەریکی نووسین بن، بە دوای نووسەرێکی بەناوبانگدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ناوی خۆیانی پێوە بلکێنن و سەرکەوتنەکانی لەگەڵ دابەش بکەن.

* دەگەڕێینەوە بۆ (یادەوەری جەستە)، بەڵام ئەمجارەیان وەکو ئەو زنجیرەدرامایەی پێشکەش کرا، رۆمانەکە تا چەند لەگەڵ زنجیرە تەلەفزیۆنییەکە یەك دەگرێتەوە؟

- تا ئێستا هیچ لێدوانێکم سەبارەت بەم زنجیرەیە نەداوە و ئەمە یەکەمجارە قسەی لەبارەوە دەکەم، تکامولیە قسەکانم بە ئەمانەتەوە بگوازنەوە.. نامەوێ کارێك بەرگومان بکەم کە ناوی منی بەسەرەوەیە، ئەو شتە دەڵێم کە لە کارەکەدا خراپە، بەڵام بەراستی نیوەی یەکەمی زنجیرەکە، واتا پازدە ئەلقەی یەکەم، زۆر باشە و بە باشی لەگەڵ نووسینەکە یەك دەگرێتەوە، سیناریۆ و مۆنۆلۆگە جوانەکان بە تەواوی و بە جوانی لە رۆمانەکە وەرگیراون، چونکە زمانێکی گەرم و خۆشی هەیە و ئەوەیە کە من لە رۆمانەکەدا ویستوومە بیگەیەنمە خوێنەران، بەڵام بۆ درێژکردنەوەی کارەکە و بۆ ئەوەی بیگەیەننە سی ئەلقە، لە بەشی دووەمدا بەتەواوی لە دەقەکە لایانداوە، هەندێ کەسایەتی هاتنە ناو کارەکە کە تێکیاندا، چەند ئافرەتێکی هیستیری ناکارامە هاتنە ناو ئیشەکە، (خالید) سەرخۆش دەبێ و بە مەیخانەکاندا دەسوڕێتەوە، من ئەم شتانەم قبوڵ نییە و باوەڕناکەم خوێنەرەکانیشم قبوڵی بکەن، رەهەندێکی سیمبولی لە کارەکەدا هەیە کە بەداخەوە نەگەیشتۆتە بینەر، لەوانەیە مامۆستا (نەجدەت ئەنزور) هەستی بەم رەهەندە نەکردبێت، (حەیات) سیمبولی جەزائیرە، کاتێ رۆمانەکەشم لە هەشتاکاندا نووسی گرنگیم بە ژیانی جەزائیر دەدا کە سەرباز داگیریان کردبوو، (حەیات) موجاهیدەکان و رۆشنبیرەکانی خۆش دەویست و ئەوەش خۆی لە سیمبولییەتی (خالید) و تێکۆشانەکانی (زیاد)دا دەبینییەوە، بەڵام سەربازەکان کۆسپ لەبەردەم ئەم خۆشەویستی و لێکنزیکبوونەوەیە دروست دەکەن، (وەکو لە زۆربەی رژێمە عەرەبییەکانیش وایە)، بەڵام (ئەنزور) ئەم رەهەندەی هەست پێنەکردووە، ئەمەش وایکردووە کە زۆربە، لەو لۆژیکە تێنەگەن و ئەم ئافرەتەش وەکو ئافرەتێکی فێڵباز و رارا و دوودڵ بەدیار بکەوێت، بە سۆزەوە پیاوێکی خۆش دەوێ و هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی دی دەکات بەبێ هیچ لۆژیکێك، ئامادەنەبوونی ئەم رەهەندانە، (حەیات)ی کردۆتە ئافرەتێکی ئاسایی لە دەستی دەرهێنەرەکە، جارێك پیاوەکەی لێی دەدات و جارێکیش بە ئەڵماس دەیڕازێنێتەوە، ئەمەش هاوشێوەی سیفەت و رەفتارەکانی پیاوی جەزائیریی نییە، سەرەڕای بە توانایی ئەکتەری بەڕێز (جیهاد ئەندری) کە رۆڵی هاوسەری (حەیات) دەبینێ، بەڵام ئەوەی کەموکوڕییە لێرەدا رۆڵبینینەکە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە پێویست بوو ئەم کەسایەتییە سەرەکییەی کارەکە، لە جەزائیر دەستنیشان کرابا و هاوشێوەی کەسایەتی مامی با کە ئەکتەری بەڕێز (نورەدین شەلوش) بە لێهاتوویی رۆڵەکەی بەرجەستە کردووە، ئەو ئەم هاوسەرەی هەڵبژاردووە وەکو باوکێك بۆ ئەوەی بیپارێزێ، وەکو چۆن گەلەکان سەربازیان هەیە بۆ پاراستنیان، بەڵام ئەم کەسایەتییە سیفەتی باوکایەتی کەمە، هەندێك شتی دیکەش هەن کە لە جەزائیر ئازارم دەدەن و ئەگەر پێشتر پرسیان پێ کردبام قبوڵم نەدەکرد.

* وەكو؟

- من تەماشای سیناریۆیەكەم نەكردبوو، هیچ لێژنەیەكیش لە جەزائیر نییە بە سیناریۆ و دیمەنەكاندا بچێتەوە، بۆ نموونە ئەو ئۆتۆمبێلەی ناسر لێیدەخوڕێ، نابێ ئۆتۆمبێلی كوڕی شەهید بێت.. ئەمە سووكایەتیكردنە بە حكومەتی جەزائیر، حكومەت لەم كاتە ناخۆشەدا ئۆتۆمبێلێكی وا كۆن ناداتە كوڕی یەكێك لە گەورە شەهیدەكانی جەزائیر، سەبارەت بەوە تێبینیم دا.. هەروەها ئەو خانووەی دیمەنەكانی (قسەنتینە)ی لێ گیراوە، گونجاو نییە بە درێژایی رۆژ خەڵك لە ناو ماڵەكەی خۆی لە دەورەی یەك سفرە كۆ ببێتەوە، ئەمە (قسەنتینە) نییە و ئەوەش دابونەریتی ئێمە نییە، كەسێك پرسیاری دەربارەی ئەمە نەكرد، لایەنی بەرپرسیار لە جەزائیر بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە نەكرد، ئەو كۆمپانیایەی بەدواداچوونی بۆ بابەتەكە كرد، وردەكارییەكانی بەهەند وەرنەگرت.

* بەڵام تۆ دەتتوانی ئەوەندە راست بكەیەوە كە لە تواناتدابوو؟

- لەسەر ئەركی خۆم دە رۆژ لە نێوان (جەزائیر) و (قسەنتینە) هاتووچۆم كرد بۆ ئەوەی ئاگام لە كارەكانی زنجیرەكە بێ، بەڵام هیچ كەسێك بۆی روون نەكردمەوە كە چی روودەدات، سەیركە.. من ئەو كەسەم كە زەماوەندی هاوسەرگیرییەكەم رزگار كرد كە ترسێكی گەورەم لێی هەبوو، چونكە دابونەریتەكانمان لە ژنهێناندا دەچێتە هەموو ماڵێكی عەرەبییەوە، هەروەكو دەرفەتێكیشە بۆ ناساندنی جلوبەرگ و دابونەریتەكانمان بە جیهانی عەرەبی، بەڵام ئەگەر ئەم كارە نەكەی، ناتوانی جلی كلاسیكی (قسەنتینە) بخەیە ڕوو، هەروەكو لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەكە وابوو. هەر بەو بۆنەیەشەوە سوپاسی نەخشەسازی جلوبەرگ (عزی) دەكەم، چونكە پاش ئەوەی پەیوەندیم پێوە كرد تاكو جلێكم بۆ ئامادە بكات بۆ ئەوەی لە دوا ئەلقەی زنجیرەكە پێی دەركەوم، ئەو جلی كلاسیكی پێشكەش كردین، دواتر بۆم دەركەوت كە ئەم جلە زۆر لەو جلە نابووتانە جوانترە كە بووكەكە پێی دەردەكەوێ، وەختبوو شێت بم، چونكە ئەمە جوانیی كەلەپووری جەزائیری نیشان نادا، خوا (عزی) بۆ ئێمە نارد بۆ ئەوەی لەوە رزگارمان بكات و من سووربووم لەسەر ئەوەی هەموو ئەو جلوبەرگە كلاسیكییانە دەستەبەر بكات كە لە ئاهەنگی ژنهێنانەكە بەدیار دەكەون، بەڵام بەداخەوە ناوی ئەو لە (جنیرك)ی فیلمەكە بە پیتی بچووك نووسرابوو و گرنگییەكی ئەوتۆی پێ نەدرابوو، ئەمە لەكاتێكدا ئەو جوانترین شتی لە لایەنی جەزائیرییەوە پێشكەشی ئێمە كرد.

* ئاگات لە هیچێك لەو گۆڕانكارییانە نەبوو كە لە سیناریۆكەدا دەكرا؟

- زۆر شت هەبوو بۆ من لەناكاو بوون.

* دەربارەی ئەم گۆڕانكارییانە هیچ قسەت لەگەڵ دەرهێنەرەكە نەكرد؟

- تەنانەت كاتیشی نەبوو، تەنها چوار رۆژان هاتنە (قسەنتینە) و كۆتاییان بە وێنەگرتنەكە هێنا، بێ ئەوەی پێشتر هیچ ئامادەكارییەكیان كردبێ بۆ ناسینی شارەكە و روحی شارەكە، بزانە.. كێشەكە كەمی كات بوو، چونكە ئەوان دەیانویست بە پەلە كارەكە تەواو بكەن و مەسرەفێكی كەم بكەن، من زۆر خەمم بۆ ئەو كارە خوارد، چونكە ئەگەر كاتێكی زۆرتریان پێدابا كارەكە زۆر جوانتر دەبوو، ئەگەر كارەكە بە شەیدایی و هۆگرییەكی زیاترەوە بكرابا، دەبووە دەرفەتێك بۆ ئەوەی جەزائیر بچێتە ناو هەمووماڵێكی عەرەب، ئەوەندە بەسە كە حەوت كەناڵی ئاسمانی بەیەكەوە زنجیرەكەیان پەخش دەكرد.

* ئایا رۆڵی تۆ تەنها لەوە كورت بووەوە كە رۆمانەكەیان بدەیتێ؟

- كارەكە بووە موڵكی كەناڵی ئەبوزەبی، سەبارەت بەوردەكارییەكان زۆر پرسم پێ نەكرا، بەڵام كاتێ (ئەمەل بوشووشە)م هەڵبژارد بۆ رۆڵبینین و بەرگریم لێكرد بەوەی دەتوانێ رۆڵێكی جوان ببینێ، رایەكەی منیان پەسندكرد، دەرهێنەر دوای ئەوەی راهێنانی پێكرد بڕوای پێهێنا.

* ئایا ئەوە رەتكرایەوە كە (ئەمەل بوشووشە) رۆڵەكە ببینێ و لەبەر تۆ پەسند كرا؟

- نەخێر.. بەڵام من بە پێداگرییەوە پێشنیارم كرد و سوور بووم لەسەری.

* ئایا (ئەمەل بوشووشە)ت لەبەر كەسایەتییەكەی هەڵبژارد؟ یان لەبەر ئەوەبوو كە جەزائیرییە؟

- یەكەم لەبەرئەوەی جەزائیرییە، چونكە هەردەبوو پاڵەوانەكە جەزائیریی بێت، لەبەرئەوەش (بوشووشە)م هەڵبژارد كە جوانی جەزائیرم تێدا دەبینییەوە، ئەو هەندێ لایەنی تێدابوو كە زۆر لە كەسایەتی رۆمانەكە دەچوو، من دڵخۆشم بەوەی بێ ئەوەی نرخەكەی بدەم پێی گەیشتم، لە لایەكی دیكە ئەگەر ئەو كاری لەو زنجیرەیەدا نەكردبا و من لەگەڵ كەسانی تر كارم كردبا، رۆڵەكە نەدەگەیشت و ناتەواو دەبوو، یانیش دەبا ئەو نرخەم بدابا كە زۆرێك بۆ گەیشتن بە ئەكتەرەكان دەیدەن، (ئەمەل) لە ژێر سەرپەرشتی مندا گەورە بوو، بۆ ئەمانەتیش دەیڵێم كە لەلایەن هەمووانەوە بە رێزێكی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا كرا، بەتایبەتیش لەلایەن (نەجدەت ئەنزور)ەوە.

* هیچ دەرفەتێکت نەبوو بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەشی دووەمی زنجیرەکە بکەی؟

- من هیچ شتێکم نەبینی.. تەنها شتێك کە بینیم زاواکە بوو، بەپێی تواناش رزگارم کرد بە داوای لێبوردنەوە.

* ئەم تێبینی و خۆپارێزیانەت بە (ئەنزور) راگەیاندووە؟

- ئەم قسەیەم بە هەموان گوتووە، بەو کۆمپانیا جەزائیرییەشم گوت کە لە کارەکە بەرپرسیارە، پێم گوتن کە ئەمە نەنگییە.

* وەڵامەکەیان چی بوو؟

- وەڵامیان نەبوو.. کاتێ وێنەی زەماوەندی بووکێنییەکە گیرا، دەیانتوانی جوانترین ئافرەتەکانی جەزائیر بێنن، بەڵام کۆمپانیاکە تەنها ئەو ئافرەتانەی هێنا کە لەبەردەستیدا بوون، سەبارەت بە ئامادەبوونی پیاوانیش، بانگەوازێك لە رۆژنامەیەکی ناوخۆ بڵاوکرایەوە، ئەمەش وایکرد بە بێنە و بەردە هەندێك پیاو لە وێنەگرتنی دیمەنەکان ئامادە بن. من ئەو رۆژە گریام، چونکە هەندێ ئافرەتم بینی کە جوانی (قسەنتینە)یان تێدا بوو، دەیانتوانی ئامادەبن و لەم زەماوەندەدا لەپێناو جەزائیر سەما بکەن.

* ئایا ئەمە هەڵەی دەرهێنەرەکەیە یان هەڵەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکەیە؟

- هەڵەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکەیە، دەبوو گرنگییەکی زۆری بەم دیمەنە بدابا، چونکە گرنگترین دیمەنی زنجیرەکەیە کە تایبەتە بە (قسەنتینە)، ئەوە بیانوو نەبوو کە بڵێن ئافرەتەکانی (قسەنتینە) خۆپپارێزن و ناتوانن لە دراماکان دەرکەون، جەزائیر گەورەیە و سوپاس بۆ خوا ئەو توانایە هەبوو کە ئافرەت لە ناوچەکانی دیکەی جەزائیر بێنن، هەروەها دەتوانرا پیاوانێك دەستەبەر بکرێن کە هەرەتی (جەزائیرییبوون) نیشان بدەن، (ئەخزەر تورکی) پێی گوتم: ئەگەر داوایان لێکردبام جوانترین ئافرەتم بۆ دەهێنان، دەبوو خۆنەویستی و پەرۆشی لە کارەکەدا بۆ نیشتمان هەبا، پەرۆشی بۆ وێنەی جەزائیر هەبا، ئەو دانیشتنەی لە ئەلقەکاندا بینیمان دەرهێنەرەکە داینەنابوو، کۆمپانیاکە دابینابوو، ئایا ئێمە لەناو ماڵدا تەنانەت بێ بالیفیش دادەنیشین، ئەمە سوکایەتی بوو بە (قسەنتینە)، کە بە خانەدانیی دانیشتنەکانی و سنییە مسینییە پڕ لە قاوەکانی دەناسرێتەوە.. تاکە شتێکی جوان لەوانەیە تەنها وێنەگرتنی پردە هەڵواسراوەکانی ئەو شارە بێت.

* پاش هەموو ئەمانە بەرای تۆ ئایا زنجیرەکە سەرکەوتوو بوو؟

- (نەجدەت ئەنزور) دەرهێنەرێکی گەورەیە و گەورەترین دەرهێنەری عەرەبە، بەلاّم گلەییم لێی هەیە چونکە ئەو لە ساڵێکدا دوو زنجیرەی بەرهەمهێنا، هیچ کەسێك ناتوانێ لە شەست ئەلقەدا داهێنان بکات، ئەلقەکانی کۆتایی چەند رۆژێك پێش جەژن وێنەگرتنەکەیان تەواو بوو، هیچ داهێنەرێك ناتوانێ کار بکات و شمشێری کاتیش لەسەر گەردنی بێت، لەوانەیە زنجیرەکە لە رووی بازرگانییەوە سەرکەوتوو بێت، بەلاّم ناتوانێ نەمر بێ، نەمریی شتێکی ترە، (یادەوەری جەستە) وەکو رۆمان سەرکەوتوو بووە، چونکە من چوار ساڵان وشە بە وشە چنیوومە، بەلاّم (نەجدەت ئەنزور) بە چوار مانگ وێنەی سی ئەلقەی گرت، لەوانەیە ئەم کورتکردنەوەیە لەبەر جیاوازی کارەکان بێت، بەلاّم من دوای بیست ساڵ لە نووسینی (یادەوەری جەستە) هێشتاش بە شانازییەوە ناوی خۆمی دەخەمەوە پاڵ، بە ئەندازەی ئەوەی تۆ بەکارێکی دەبەخشی، بەو ئەندازەیەش کارەکە بە تۆ دەبەخشێت، بۆیەشە زنجیرەی (یادەوەری جەستە) هیچ خەلاّتێکی پێ نەبەخشرا کە شایستەی دەرهێنەرەکەی یان شایستەی ئەو کەسانە بێت کە کاریان تێدا کرد.

* لە قسەکانتدا هەست بەوە دەکرێ کە زۆر خەفەتباری بەوەی روویداوە؟

- دان بەوەدا دەنێم کە پازدە ئەلقەی یەکەم زۆر جوان بوو، شتی جوان لە زنجیرەکەدا هەبوو، بۆ نموونە ئەو مۆسیقایەی تێیدا بەکار هاتبوو کە ئیلهامی لە سروودی نیشتمانی وەرگرتبوو، بەلاّم دواتر بە تەواوی لە بابەتەکە دەرچوو، مرۆڤ بۆ ئەوەی داهێنان بکات، دەبێ ئاسوودە بێ. زنجیرەکە دەرفەتێك بوو بۆ (نەجدەت ئەنزور) تا کارێکی خورافی پێ ئەنجام بدات، بەلاّم ئەو لە نێوان دوو زنجیرەدا پەرتەوازە ببوو، ئەمەش وای لێکرد مافی تەواو نەداتە ئەم زنجیرەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە چیتر مەترسی لەسەر من نەماوە، چونکە بووە کارێك کە لە دوای منەوەیە و بۆتە رابردوو، ئەوەی ئێستا بەلامەوە گرنگە پرۆژەی فیلمی (یادەوەری جەستە)یە، کە باس لە چەند ناوێکی گەورە دەکرێت بۆ ئەوەی دەرهینانێکی جوان و گەورەی بۆ بکەن، وەکو کارەکانی هەردوو کۆچکردوو (یوسف شاهین) و (مستەفا عەقاد).

* لەو ئەکتەرانە رازی بووی کە بەشداری زنجیرەکەیان کرد؟

- (نەجدەت ئەنزور) لە دابەشکردنی رۆڵەکان بەسەر هەموو ئەکتەرە باشەکان بێ جیاوازی سەرکەوتوو بوو، هەموویان لە رۆڵەکانیان سەرکەوتوو بوون، بە تایبەتیش ئەو ئەکتەرە سووریيانەی رۆڵی کەسایەتی جەزائیرییان پێ بەخشرابوو، لە دڵەوە لە کارەکە نزیك بوون، وەکو

کەسایەتییە کۆنەکانی (ناسر و خالید)، کە خەڵك وا دەزانێ خۆیان جەزائیرین، بەڕێز (جەمال سلێمان) بەو ئامادەگییە بە هێزەی، کارەکەی رزگار کرد، من سوپاسی دەکەم بۆ هەموو قوربانیدانەکانی کە بۆ سەرکەوتنی کارەکە و لەپێناو خۆشەویستی رۆمانەکە ئەنجامی دان، سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕییانەی لێی بێدەنگ بووم بۆ ئەوەی ناوبانگی کارەکە نەشێوێنێ، بەڵام بەڕێز (بەهیە راشیدی) ئامادەگییەکی شکۆمەندانەی هەبوو، هەم وەکو دایك و هەم وەك جوانیی جەزائیر.

* لە کۆتاییدا.. ئایا چ ئەکتەرێکی عەرەب هەیە هیوای ئەوە بخوازی لە ئایندەدا کاری لەگەڵدا بکەی؟

- بە زۆرێك لە ئەکتەرە سورییەکان سەرسامم و هەندێکیشیان لە رووی ناوبانگەوە مافی تەواویان پێ نەدراوە، بەڵام بەراستی جوانن.. بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیرنییە، بەڵام لە کاتێکی گونجاودا بەدوایاندا دەگەڕێم، هەروەکو بە (هیند سەبری و ئەمەل عەرەفە و سلاف فەواخرەجی) سەرسامم، بە تایبەتیش لە رۆڵەکەی لە زنجیرەی (ئەسمەهان) کە ئەکتەری بەتوانا (عابد فەهد) بەشداری تێدا کردووە، هیواخوازم و دڵخۆش دەبم ئەگەر لە کاری داهاتووم کە بەناوی (رەشێك کە شایستەی تۆیە) هاوکاریم بکات، لەبەرئەوەی وای دەبینم بۆ ئەم رۆڵە رۆمانسی و لەهەمانکات قووڵە گونجاوە، هەروەکو بە (عەباس نوری)ش سەرسامم کە پێشتر چاوم پێی کەوتووە، هەروەها بەڕێز (غەسان مەسعود) کە کەسایەتییەکی نزیك لە کەسایەتی جەزائیریی هەیە، بە هەموو جوانی و جوامێرییەکەوە.

## ئەحلام موستەغانمی:

لە سێزدەی نیسانی ساڵی (١٩٥٣) لەدایکبووە، نووسەرێکی جەزائیرییە، بەلاّم لە تونس لەدایکبووە، رەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ شاری (قسەنتینە)ی پایتەختی رۆژهەلاّتی جەزائیر، لە رادیۆی نیشتمانی جەزائیر کاری کردووە و وەکو شاعیرێك ناوبانگی دەرکردووە، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو چۆتە فەرەنسا، مێردی بە رۆژنامەنووسێکی لوبنانی کردووە، لە هەشتاکاندا لە زانکۆی سۆربۆن بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە، ئێستا نیشتەجێی لوبنانە، لە ساڵی (١٩٩٨) خەلاّتی نەجیب مەحفوزی بۆ رۆمانی یادەوەری جەستە پێ بەخشرا.


## بەرهەمەکانی:

- لە بەندەری رۆژەکاندا (١٩٧٣).
- نووسین لە ساتی رووتبوونەوەدا (١٩٧٦).
- یادەوەری جەستە (١٩٩٣)، کە ناوی لە ریزی باشترین سەد رۆمانی عەرەبیدا هاتووە و کراوەتە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیش.
- ئاژاوەی هەستەکان (١٩٩٧).
- رێبواری پێخەف (٢٠٠٣).
- لە بیرچوونەوە.
- دڵەکانیان لەگەڵمانە، بۆمبەکانیشیان لەسەرمانە.

**سازدانی: یاسین بن مەنور.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی شروقی جەزائیری لە ئینتەرنێت.**

# باوەڕم بە کەسانی لاواز هەیە و رقم لە پاڵەوان دەبێتەوە



گفتوگۆ لەگەڵ سەنەعەڵلا ئیبراهیم

(سەنعەڵلاّ ئیبراهیم) بە شایەدی رەخنەگر و لێکۆڵەران، یەکێکە لە رۆماننووسە گەورەکانی عەرەب، لە ساڵی (١٩٣٧) لە قاهیرە لەدایکبووە، لە گەنجیدا پەیوەندی بە یەکێك لە رێکخستنە چەپەکانی میسرەوە کردووە، لەمیانەی ئەو هەڵمەتە ئەمنییەی یاخییەکانی سەردەمی (جەمال عەبدولناسر)ی گرتەوە، ئەویش دەستگیر کرا و نزیکەی پێنج ساڵی لە بەندیخانە بەسەر برد، رۆمانی یەکەمی کە رۆمانی (ئەم بۆنە) بوو، هێمای گۆڕانێکی نوێ بوو لە نووسینی رۆمان لە ناو ئەو نەوەیەی بە (نەوەی شەستەکان) ناسرابوون، دوای ئەوە چەند رۆمانێکی تری بلاّو کردەوە: (لێژنە)، (ئەستێرەی ئۆگۆستۆس)، (بەیروت، بەیروت)، (شەرەف)، (گولّ)، (ئەمەریکانلی). کتێبێکیشی دەربارەی ژیاننامەی خۆی هەیە بەناوی (یادەوەرییەکانی بەندیخانەی واحات)، هەروەها رۆمانی (دزیکردن)یشی هەیە کە ژیاننامەیە و رۆمانێکی تریشی بە ناوی (مێزەر و شەبقە) هەیە، سەرەڕای ئەمە کۆمەڵێ چیرۆکی بۆ هەرزەکاران نووسیوە و کۆمەڵێ کتێب و رۆمانیشی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە، دوارۆمانی بلاّوکراوەشی بە ناوی (یاسای فەرەنسی)یە.

رۆمانەکانی تێکەڵەیەکن لە ژیاننامەی خۆی لە لایەك و مێژوو و ئێستای کۆمەلاّیەتی و سیاسی میسر لە لایەکی دی، سەرەڕای ئەوەی بەشێکیشی پەیوەندی بە جیهانی عەرەبی و رۆژئاواوە هەیە. (سەنعەڵلاّ) هیچ یەکێك لە کێشەکانی ولاّتەکەی و جیهانی عەرەبی و رۆژئاوای بە بێ پرسیارکردن و لێکۆڵینەوە تێنەپەڕاندووە، خەریکە رۆمان لە لای ئەو دەبێتە مینبەرێك بۆ بیرکردنەوە و گفتوگۆی ئازاد لە نێوان هەموو گوتارە جیاوازەکان و بۆچوونە دژبەیەکەکان، لە هەموو ئەمانەشدا هانی خوێنەر دەدات بۆ بیرکردنەوە و پرسیارکردن و سەرکەوتن، بۆ لێکنزیکبوونەوەی زیاتری عەقلانییەت و بیرکردنەوەی پتەو.

* خەریکە رۆمانەکانی تۆ دەبنە مینبەرێك بۆ ئەو گوتارە ئایدۆلۆژیانەی پێشبڕکێ لەگەڵ واقیعدا دەکەن، لە رۆمانەکانتدا حیکایەتبێژێکی بەهرەمەند بە چالاکی کار دەکات بۆ فڕێدانی دەمامکەکان لەو گوتارانەی بانگەشەی بێ تاوانی خۆیان دەکەن، دەتوانین بڵێین: تۆ لە میانەی گێڕانەوەدا پەنا بۆ هونەر نابەی، بەڵکو پەنا بۆ تیۆرەکانی هونەر و بیرکردنەوە دەبەی، نووسین لای تۆ کۆڕبەندێکە بۆ کاری سۆسیۆلۆژیا و شیکردنەوەی دەروونی و خستنەڕووی ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی، کەسێکیش پێشەوایەتی ئەمە دەکات کە لێکۆڵەرێکی تەنزئامێزە و گومانکردن لە روانگەکانیدا هەیە، هانی خوێنەرەکانی دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەی بڕندە و تیژ پرسیار

بکەن، زۆربەی جار بە بیرکردنەوەیەکی گوماناوی ئەوتۆ بۆ بابەتەکانی دەڕوات، کە ئەوە دەردەخات حەقیقەتی تەواو لای ئەو نییە و ئەوەی هەیە مایەی گومانە، هەوڵیش بۆ گەیشتن بەم حەقیقەتە نادات بە ئەندازەی ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵگە و توخمەکانی وەڵامدانەوە دەدات، ئەم وەسفە چۆن دەبینی؟

- من زۆربەی جار رۆمانەکانم بە پرسیار دەست پێدەکەم، بۆ نموونە: لە رۆمانی (ئەمەریکانلی) دەپرسم: بۆچی گەیشتووینەتە ئەم ئەندازەیەی دواکەوتن و تێکشکان؟! لەکاتێکدا ئەو کاتەی میسر دەستی بە ئەزموونی نوێبوونەوە کرد، هەمان ئەو کاتە بوو کە ژاپۆنیش دەستی پێکرد. بۆچی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ماوەی دوو سەدەدا توانی ببێتە هێزێکی گەورە؟

لە رۆمانی (لێژنە)دا دەربارەی چیرۆکی کۆمپانیا فرەڕگەزەکانی جیهان پرسیار دەکەم کە کیشوەرەکان تێدەپەڕێنێ، دەمەوێ لەمە تێبگەم. لە رۆمانی (بەیروت، بەیروت) مادەیەکی وروژێنەری رۆمانم دۆزیوەتەوە، ئەویش گەڕانێکی تایبەتە بە دوای جەنگی ناوەخۆی لوبنان. بە هەمان شێوەش لە رۆمانی (ئەستێرەی ئۆگۆستۆس) بەدوای بەنداوی بەرزدا دەگەڕێم، کە حەوت ساڵی کارکردن و گەڕانی لێ گرتم.

* سەبارەت بە ئەزموونی نووسینی رۆمان لای تۆ، ئاراستەیەکی رەخنەیی هەیە پێی وایە رۆمانەکانت پەیوەستن بە رۆمانی فەڕەنسی و ئەم ئاراستەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ. ئاراستەیەکی دیکەی رەخنەیی هەیە وای دەبینێ کە کارەکانت ئەزموونەگەرین. سێیەمین ئاراستەش تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کە رۆمانەکانت ناوەرۆکی ئایدۆلۆژییان هەیە، لە ئاراستەی سێیەمدا هەندێ رەخنەگر رەخنەیان لەو تێڕوانینە هەیە کە تۆ بۆ ئایدۆلۆژیای واقیعی میسری هەتە، وای دەبینن روانگەکانی تۆ نیهلیستین و بە رەهایی نائومێدکەرن، دەڵێن تۆ جگە لە شوێنە تاریکەکان هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم واقیعە نابینی، لەمبارەیەوە چی دەڵێی؟

- چاوەڕێی هیچ نووسەرێك نیم ئەوەم بۆ روون بکاتەوە کە کارەکان وەکو پێویست نارۆنە رێ، خۆی هەڵە لە واقیعەکە و لە بووندا هەیە و باشترە بە دوای چارەسەردا بگەڕێین، پێویست نییە بە من بڵێی چارەسەرەکە چییە؟! لە ولاّتێکدا کە پڕە لە پیسی و بۆگەنبوون، پێویست نییە نووسەر پێیدا هەڵبدات و گۆرانی بۆ باخچەکانی ولاّت بڵێت.

چاوەڕێی ئەوە دەکەی کە بە بە شەقامی نێوان (مەیدانی تەحریر) و (مەیدانی دەقی) لە قاهیرەدا بڕۆیت و گۆرانی بۆ جوانی و سروشت بڵێی؟! لەکاتێکدا لەم نێوانەدا یەك درەخت نابینییەوە. ئایا لەو باوەڕەدای ئەگەر بۆ نموونە وەسفی پاریس بکەم، تەرکیز دەکەمە سەر ئەو خاوێنی و جوانییەی کە پێی دەناسرێتەوە و ئەو شتانە لە بیر دەکەم کە لە پشت ئەم جوانییەوە هەن؟! ئایا ئەو نائومێدی و کێشە و زۆردارییەی فەڕەنسییەکان و کۆچبەرەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە بیر دەکەم؟!

* هەمیشە وادەڕوانرێتە ئایدۆلۆژیا کە توخمێکە ڕۆمان سادە دەکاتەوە و لاوازی دەکات، دەیخاتە ناو گوتارێکی ڕاستەوخۆ و لەو گوتارەی نقوم دەکات، بەلاّم لە ئەزموونی تۆدا، ئایدۆلۆژیا بۆتە توخمێکی قووڵ و دەوڵەمەند و هەمەچەشن، سەرەڕای هەبوونی لایەنگریت بۆ ئایدۆلۆژیا، بەلاّم ئایدۆلۆژیا لە ئەزموونی تۆدا بە جۆرێك بەهێزە، بۆتە توانایەك بۆ باوەڕپێهێنان و بە شاخوێنبەرەکاندا شۆڕدەبێتەوە و مایەی سەرسامییە، تا ئەو رادەیەی کە هەندێك حەسوودی پیێ دەبەن؟

- هیچ کارێکی هونەری و ئەدەبی نییە باکگراوندێکی ئایدۆلۆژی لە پشتەوە نەبێ، جا ئەم ئایدۆلۆژیایە بە ئاشکرا راگەیەنرابێت یان نا، بە ئاگا بێ یان بێ ئاگا.

سەبارەت بە خۆم، من لە بیرکردنەوە و شیکردنەوەدا کاریگەری میتۆدی مارکسیم لەسەرە. کاتێ ڕووبەڕووی کێشەیەکیش دەبمەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بنەماکانی دیالێکتیکی مارکسی بەسەردا جێبەجێ دەکەم، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر کارەکانم هەیە.

زۆر بابەت هەیە کە ئاسان نییە رای کۆتایی لەبارەیەوە بڵێی، یەکێك لە کێشەکانی بزووتنەوەی فیکریی جیهانی ئەوەیە کە هەندێ کەس وێنای حەتمییان بۆی هەیە، بۆ نموونە حەتمییەتی شۆڕشی پرۆلیتاریا، من دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەم و تەنانەت میتۆدی مارکسیش ئەمە ناڵێت، میتۆدەکە بە ڕووی خوێندنەوە و گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراودا کراوەتەوە، بە هۆی دۆزینەوە زانستییەکانیشەوە، میتۆدەکە ئایندەش دەگرێتەوە، ئینجا من وێنای ئەلتەرناتیڤی شتەکان ناکەم و خۆمی پێوە سەرقاڵ ناکەم، بۆ نموونە ئەگەر باسی ئازاردان بکەم، خۆ هەر ئازاردان خۆی نابێتە ئەلتەرناتیڤ و چارەسەر، بەڵکو ئەلتەرناتیڤی دیکە هەن، بەلاّم ئەمە چۆن دەبێت و ئەلتەرناتیڤ و چارەسەر چییە؟ ئەمە بەلای منەوە گرنگ نییە و پەیوەندی بە منەوە نییە.

* له روانگەی ئەوەی باست کرد، ئایا وا تێبگەم کە تەوزیفکردنی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەکان لە چەند رۆمانێك لە لایەن تۆ، بەڵگەن لەسەر ئەوەی تۆ هەوڵ دەدەی لە لایەك روانگەی خۆت پەیوەست بکەی بە واقیع و لە لایەکی دیکەشەوە پێداگری تۆیە لەسەر ئەوەی کە بەڵگەنامە واقیعییەکان و پێدراوەکانی واقیع و توخمی بەڵگەهێنانەوە، زیاتر بابەتەکان دەسەلمێنن.

- بیرم لەمە نەکردۆتەوە.. بەکارهێنانی بەڵگەنامە لای من هیچ راڤە و لێکدانەوەیەکی نییە، هەموو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە من لە منداڵییەوە شەیدای ئەوەم ئەو پارچەیە لە رۆژنامە بکەمەوە کە بەکەڵکم دێ، لەسەرەتاشەوە کە دەستم بەم کارە کرد، هیچ روانین و لێکدانەوەیەکم بۆ کارەکە نەبوو.

* بەلاّم لە رۆمانی (خود)دا تێبینی ئەوە دەکەین کە بەڵگەنامەکان بە شێوەی هەڕەمەکی دانەنراون، بەڵکو بە شێوەی چیرۆکئامێز و بە رێکوپێکی و یەك لە دوای یەك دانراون، کە دەشێ لە هەواڵی پەرشوبلاّو دەرهێنرابن و وەرگیرابن، ئایا ئەمەت بە مەبەست کردووە؟ چۆن؟

- من مەبەستم بووە میتۆدی دیالێکتیکی لە رێکخستنی بەڵگەنامەکان پەیڕەو بکەم، پێشتریش دەرهێنەری رووسی (ئیزنشتاین) ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە لە مۆنتاژکردنی شریتی (کاولکاری پۆتمکین)، دیمەن و دژەدیمەن، لێرەدا بینەر کاری نووسینەوە و تێگەیشتنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

* بەو لێکۆڵینەوە مێژوویی و بەڵگەنامانەی لە هەر یەکێك لە رۆمانەکانی تۆدا وەکو پێویستییەك بەکار هاتوون، دەشێ تێبینی ئەوە بکەین کە وێنەی نووسەر لای تۆ، ئەو نووسەرە نییە کە بە تەنیایە و لە کتێبخانەکەی خۆی دانیشتووە و تەنها پشت بە خەیاڵەکانی خۆی دەبەستێت، بەڵکو ئەمە بەڵگەیە بۆ هۆشیارییەکی نوێ بەوەی کە نووسینی رۆمان، گەڕانێکی فرەمیتۆد و فرەسەرچاوەیە، تەنانەت لە کارکردنی بە گروپ دەچێت، بە بەڵگەی ئەوەی تۆ چەند لاپەڕەیەکت بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و پەراوێزەکان و سوپاسکردنی ئەو کەس و دەزگایانە تەرخانکردووە کە لە تەواوکردنی کارەکەدا یارمەتیان داوی؟

- ئەمە راستە.. چۆمسکی لە وتارێکی بەناوبانگدا جیاوازی لە نێوان دوو جۆری (بەهرە) دەکات. (جۆری داهێنان) کە دەگاتە ئاستی فەنتازیای پوخت و هەروەها (جۆری بەهرەی پێکهاتەیی)، من سەر بەوەی دووەمیانم، تەنانەت ئەو چیرۆکانەی بۆ هەرزەکارانیشم نووسیوە. بە شێوەیەکی زانستی راست و دروستم نووسیون، بۆ نموونە کاتێ چیرۆکێك دەنووسم کە تیایدا

شێرێك پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵە دەکەم و شتی لەبارەوە دەخوێنمەوە، لە یەکێك لە رەگەزە زانستییەکانی چیرۆکەکەشەوە چیرۆکەکە دروست دەکەم.

لە رۆمانەکەمدا (مێزەر و شەبقە)، نووسینەکە بەو جەدەلە دەستپێدەکات کە چەند ساڵێك لە میسر سەری هەڵدابوو دەربارەی هەڵمەتی فەرەنسی بۆ سەر میسر، ئایا ئاهەنگ بۆ هەڵمەتی فەرەنسا بۆ سەر میسر بگێڕین یان ئاهەنگی بۆ نەگێڕین؟ ئاهەنگ بۆ ئەو چاپخانەیە بگێڕین کە هێنایان و سوودمان لێ بینی، یان خەمبار بین بۆ ئەو تۆپخانەیەی رووی داگیرکاریی نیشان دەدا؟! بۆ تێگەیشتن لەمە، گەڕامەوە بۆ مێژووەکەی مێژوونووس (جبرتی) کە زانا و مێژوونووسێکی بەناوبانگە.

* ئایا هەمیشە لە سەرسامییەکی فیکری و سیاسییەوە دەست بە نووسین دەکەیت؟

- خاڵی دەستپێکردنی جەوهەری لە لای من، ئەزموونی خودیی خۆمە، کە برینێکی تێدایە لە پەیوەندی نێوان باوك و دایك، یان ئافرەت، پاشان کێشەکە دەگۆڕم بۆ کێشەیەکی فیکریی مەعریفی لە رۆماندا.

* لە رۆمانەکانی تۆدا پاڵەوان یان کەسایەتییەکی نامۆ و نائاسایی نابینین، بەڵکو کەسایەتییەکان ئاساین، رووبەڕووی ئازار دەبنەوە، هەوڵ دەدەن بەرگری لە خۆیان بکەن، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە تۆ زۆر شەیدای ئەوە نیت نهێنی ناخی کەسایەتییەکان بشارییەوە، زۆر جار ئەو کەسایەتییانەی پێشکەشیان دەکەی، وا دەردەکەون بە تەواوی ئاشکران، ئایا ئەمانە هەڵبژاردەیەکی مەبەستدارن لە لای تۆ؟

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدی من لە بیرکردنەوەدا و کاریگەرییم بە مارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونی، لە روانگەی دیالێکتیکییەوە وای دەبینم کەسایەتییەکان بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانن، هەروەها زۆرجار تەرکیز دەکەمە سەر رەفتاری سێکسی کەسایەتییەکان، وای دەبینم کە سێکسکردن کلیلی ناسینی کەسایەتییەکانە، بۆ نموونە ئەوەی لەسەر پێخەف لە نێوان دوو هاوسەردا روودەدات، زۆر بە توندی جیهانی ناوەوەیان دەردەخات. ئەمەش هەموو کەسایەتی و هەموو مرۆڤێك لە هەموو کلتوورەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ سووربوون لەسەر ئەوەی کە لە کلتووری ئێمەدا کێشە و رێگریی زۆر هەن ناهێڵن قسە لەبارەی ئەم وردەکارییانەوە بکەین.

* تێبینی ئەوەش دەکرێت کە تۆ گرنگی بە کەسایەتییەکان نادەی وەکو جیهانێکی داخراو و نامۆ لەناو خودی خۆیاندا، بەڵکو گرنگی بە پەیوەندی نێوان کەسایەتییەکان دەدەی، واتا لەو

رووبەرەی کەسایەتییەکان تیایدا وێنە و دەمامکەکانی خۆیان فڕێ دەدەن، ئەو وێنە و دەمامکانەی هەموو کەسێك لە ناخی خۆیدا هەیەتی بۆ ئەوەی لەبەرامبەر کەسانی تر خۆی نمایش بکات؟

- ئەمە راستە و هیچ کۆمێنتێکم لەسەری نییە.. تەنها ئەوەی دەخەمەسەر کە من باوەڕم بە کەسی لاواز هەیە، رقم لە پاڵەوانەکان دەبێتەوە، تەنانەت باوەڕم بەوە نییە کە پاڵەوان هەبن، سەبارەت بە خوێنەریش حەزدەکەم کەسایەتییەکی ئاسایی بۆ بخەمە ڕوو، بە جۆرێك وا هەست بکات ئەمە خۆیەتی، هەر جولاًنەوەیەکی پاڵەوانئاساش لەم کەسایەتییە دەربکەوێ، جۆرێکە لە پاڵەوانێتی کە خوێنەریش لەبەر دەستی دایە و ئەویش دەتوانێ هەمان کار ئەنجام بدات، چونکە پاڵەوانێتییەکی لەرادەبەدەر و نائاسایی نییە، ئەگەر پاڵەوانێتییەکەش تێکشکێنەر بێت، بە بۆچوونی من شتێکی هەڵەیە، چ لە تێگەیشتنی ئێمە بۆی، چ لە سروشتی یانیش لەو وێنەیەی پێشکەشم کردووە.

نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە لەسەر بابەتی شەهیدبوون، خۆم بەرگرییم لەو شەهیدانە کردووە کە لە پێناو ئازادی ولاًتەکانیاندا دەمرن، بەلاًم وای دەبینم کە هەڵەیەك لەو کەسایەتییە هەیە کە کەسەکە بەرەو خۆکوژی دەبات، من وای بە باش دەزانم کە ئەو کەسە کار بکات و ماوەیەکی زۆر لە پێناو ئامانجەکەی تێبکۆشێ بە بێ هەڵچوون و هەڵەشەیی، بە بێ ئەوەی بیەوێ کارێك ئەنجام بدات کە وەکو پاڵەوان دەربکەوێ، بە هەر شێوەیەك بێت ئەم جۆرە خۆنواندنە ئەوە ئاشکرا دەکات کە کەسەکە ناهاوسەنگ و بێ ئومێدە.

کاتێ سوپای ئیسرائیل گەیشتە بەیروت، شاعیری لوبنانی (خەلیل حاوی) وەکو نارەزاییەك دژی هێرشەکە خۆی کوشت.. باشە.. بەلاًم خۆ ئەوەی لە دوای ساڵی (١٩٨٢)ەوە رووی دا زۆر لەوکات خراپتر و مەترسیدارتر بوو، ئایا دەبوو لە دژی ئەمە دۆخە هەمووومان خۆمان بکوژین؟! بۆیە لەوانەیە لە ناخی کەسایەتی خەلیل حاوی پاڵنەر و کێشەی دیکەی دەروونی هەبن کە ئێمە نەیزانین، خۆم هەندێ جار بە ساتەوەختی نائومێدکەرانەدا تێدەپەڕم، بەلاًم بە خۆم دەڵێم بۆچی لەجیاتی ئەوەی خۆم بکوژم، کتێبێکی خۆکوژیی نەنووسم و هەموو شتێکی تێیدا بڵێم و تیایدا ئەو خەڵکانەش ئیدانە بکەم کە دەمەوێ لە دژیان خۆم بکوژم.

* لە چاوپێکەوتنێکدا کە تاهیر بن جەللون لەگەڵ تۆیدا ئەنجام داوە، گوتووتە: نەمتوانی ببمە تێکۆشەر بۆیە بوومە نووسەر؟

- لەو چەند ساڵەی کە بەندکرابووم ئەوەم بۆ ئاشکرابوو کە من کەسێکی خەباتکار نیم، یان وردتر بڵێم پێشەوایەکی سیاسی نیم، ئەم جۆرە کەسایەتییە پێویستی بە چەند مەرجێکە،

لەوانەش جۆرێك لە هێز و کاریزما و جۆرێك لە یەقینی رەها، ئەم مەرجانەش لەمندا نین، تەنانەت من ئەوە رەتدەکەمەوە کە حەقیقەتی رەها هەبێت و ئامادەش نیم بڕوا بە خەڵکی تر بێنم کە حەقیقەتی رەها هەیە.

* نووسەری فەڕەنسی (فیلیپ هاموون) لە کتێبەکەیدا (دەق و ئایدۆلۆژیا) باس لە رۆڵی تەنز دەکات وەکو جۆرێك لە بیرکردنەوە بۆ رزگارکردنی گێڕەرەوە و کەسایەتییەکان لە ئایدۆلۆژیای کوێرانە، بە دیدی ئەو، تەنز بۆ ئەم مەبەستە وزەیەکی لەبننەهاتووە، هەروەها (ئەمبرتۆ ئیکۆ)ش جەخت لەسەر بەهای گەشت و گەڕان دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی نوێ و لێکۆڵینەوە لە نووسینی رۆماندا، بەو پێیەی ئەم گەڕان و لێکۆڵینەوانە، هێمایەکن بۆ ویستی زانینی نوێ نەك تەنها زانینە کۆنەکە؟

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە.. من یەکێکم لەوانەی زۆر بە (جۆرج سیمۆن)ی رۆماننووس سەرسامم، بە دیدی من یەکێکە لە باشترین نووسەرەکانی سەدەی بیستەم، ئەو وای لە کەسایەتی لێکۆڵەر (میگری) کرد کە وێنەیەکی بەهێزی بۆ شوناسی رۆماننووسی راستەقینە هەبێت، بەوەی دەبێ لێکۆڵینەوە بکات و بگەڕێ و پرسیار بکات. بۆ رۆماننووس یان لێکۆڵەر هەموو کەسەکان وەکو یەکن، هەموویان تاوانبارن و سروشتەکەیان هەرچۆنێك بێت هیچیان بێ تاوان نین، بۆ نموونە کەسایەتییەکە پاسەوانی ئەپارتمانێك بێت، یانیش پیاوێکی ئایینی...

لە رێکخستنی رستەکاندا بە ئەنقەست وا دەکەم کە رستەکان سادە و بێلایەنانە بن و دوور بن لە هەڵچوونی زیادەڕەوانە و بێ پاساو، واتا هەڵوێستێکی پێشینە نییە کە رستەکان پێشتر ئامادە و کراوە و پرسیارلێکراو بن، رستەکان یەقینیی نین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر راستی قسەکەی تۆ.

* دیارە لای تۆ لە نووسینی رۆماندا، هەموو شتێك مەبەستدارە، بەڵام وا دەردەکەوێ زمانت گەمارۆ دراوە و تا رادەیەك فەرامۆشت کردووە، تەنانەت زمانی نووسینت وەکو ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیش بە دیار دەکەوێ.. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە تۆ کێشەت لەگەڵ زماندا هەیە؟

- لەم رووەوە رووبەڕووی کێشەی زۆر گەورە دەبمەوە.. زەحمەتترین شت لای من وەسفکردنی کەسێك یان شوێنێکە، خۆم زەحمەتی زۆر لە وەسفکردندا دەبینم، لەوانەیە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە، لەوانەش: کردەی نوێکردنەوەی زمانی عەرەبی زۆر لەسەرخۆیە.

نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە: دەمەوێ ناوێك بۆ ئەو بەشە سێکسییەی تایبەتە بە ئافرەت ببینمەوە، زمانی عەرەبی بۆ ئەمە جگە لە چەند وەسفێکی نامۆ و کلاسیکی نوێنەکراوە و کەڵکەبوو، هیچی دیکەم پێنادات.

* نووسەر و ڕۆماننووسانی نەوەی تۆ هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندی نێوان نووسین و دەسەڵات کرد، تۆ لە هەموویان توندتری و تەنها لەگەڵ نووسیندا دەژی، لە رووی فیکری و سیاسییەوە کەسێکی یاخی، تەنانەت تۆ خەڵاتی ڕۆمانی عەرەبیشت رەتکردەوە کاتێ لە خولی سێیەم لە کۆڕبەندی ڕۆمانی عەرەبی لە قاهیرە پێت بەخشرا، ئەوەشت راگەیاند کە هۆکاری رەتکردنەوەکە سیاسییە، ئایا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ویستی تۆ لەسەر پاکی و روونی ئایدۆلۆژیا؟

- پاکی بوونی نییە، ئەمە تەنها تێڕوانینێکی زەینییە.. من خۆم ئەوەم هەڵبژاردووە کە لە رووبەرێکی هاوپەیوەستبوون لەگەڵ نووسیندا بژیم و دەسەڵاتیش لێم گەڕاوە تا رای سەربەخۆم هەبێت، بە ئاسانی رەخنە لە بۆچوونێك ناگرم ئەگەر نەمپشکنیبێ و لێم نەکۆڵیبێتەوە، لە هەڵبژاردنە فیکری و سیاسییەکانیشدا هیچ کەسێك زۆریم لێ ناکات و هیچم بەسەردا ناسەپێنن.

* لەوباوەڕەدای کە ئاسان بێ نووسەرێکی عەرەبی بە نووسین بژییێت و بەردەوام بێت لەسەر نەیارێتی رژێمی وڵاتەکەی، بۆ نموونە زۆربەی نووسەرەکان مامۆستان یان فەرمانبەرن لە وەزارەتەکانی حکومەت، یان لە دەزگا حکومییەکان راگەیەندکارن؟

- من باوەڕم بە وازهێنان و خۆ یەکلاکردنەوە هەیە، واتا مرۆڤ دەتوانێ (ئەگەر ویستی) واز لە هەندێك شت بێنێ کە وادەردەکەوێ بۆ کەسانی دی پێویستن.

* ئەمە لە بەندیخانە فێربووی؟

- لەوانەیە لەوێ فێربووبم.. بەڵام لەهەمانکاتدا لەوانەیە بەندیخانە فێری چلێسی و هەلپەرستیشت بکات، سەبارەت بە خۆم، لە لایەك ئەو میتۆد و هەڵبژاردەیەم دیاری کردووە کە خۆم باوەڕم پێیەتی و لەسەریان دەڕۆم، لە لایەکی دیکەش، من منداڵم نییە، هاوسەرگیریم لەگەڵ ئافرەتێك کرد کە خۆشم دەویست، منداڵێکی هەیە و گوتم تەواو.. پێویستم بە منداڵی دیکە نییە، سەرەڕای ئەمەش خێزانەکەم کار دەکات و مووچەیەکی باشی هەیە، خۆشم کاتێ بۆ نموونە کتێبێك وەردەگێڕم، ماوەیەك چاوەڕێ دەکەم تا پاداشتەکەی وەردەگرم، ئەو کات خۆم و خێزانەکەم شوێنی خۆمان ئاڵوگۆڕ دەکەین بۆ مەسروفاتی رۆژانە و من مەسرەف دەکەم.

ئەوە بێنە پێش چاوت بۆ نموونە ئەگەر من منداڵم هەبا، ناچار بە کارکردن و هەناسەبڕکێ دەبووم بۆ ئەوەی پارەیەکی پێویستم دەستبکەوێ، بۆ ئەوەی خوێندن و تەندروستی و... بۆ منداڵەکەم دابین بکەم.

لەو باوەڕەدانیم بچووبامە خۆپیشاندان لەکاتێکدا منداڵەکەم پێویستی بە شیر هەبا. پێشینە بۆ ئەو دەبوو، ئامادەدەبووم لە پێناوی ئەودا هەموو شتێك بکەم، تەنانەت ئامادە دەبووم درۆش بکەم، لەوانەیە من یەکێك بم لەوانەی بەختم باشە بەوەی بارودۆخ ناچاری نەکردووم رەفتارەکانم بگۆڕم.

* لە قسەکانتدا ئەوە دەردەکەوێ کە ناتەوێ هیچ پاڵەوانێتییەك بنوێنی و ئەو شتانەی خۆت هەڵتبژاردوون بۆیاخیان بکەی، ئێمە نووسەرانێك دەبینین هاوشێوەی تۆن و هەمان دۆخیان هەیە، بەلاّم ئەمە چلێسی و هەلپەرستییان زیاد دەکات.. بە باوەڕی من ئەمە پەیوەندی بە تێڕوانینە فیکرییەکانی تۆ هەیە، سەبارەت بەوەی مرۆڤەکان ئیرادەیان لێسەندراوەتەوە و توانای ئازادبوون و تێپەڕاندنی ئەو دۆخەیان نییە کە تیایدا پێداویستییە تەواوکارییەکان، بوونەتە پێداویستی سەرەکی؟

- لەوانەیە وابێ.. نازانم.. بەلاّم ئەوە دووپات دەکەمەوە کە شتەکە مرۆڤی عەرەبی و رۆژئاواییش دەگرێتەوە، ئەو مرۆڤە لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا رووبەڕووی جۆرە نامۆبوونێکی نوێ دەبێتەوە، نامۆبوونێك کە کەسەکە وەکو جۆرێك لە ئازادی ساختە تیایدا دەژییێت.

## سەنەعەڵلا ئیبراهیم:

لەساڵی (١٩٣٧) لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە دایکبووە، لایەنگری بیری چەپە و لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٤) دەستگیر کرا، لە میانەی ئەو هەڵمەتەی (جەمال عەبدولناسر)ی سەرۆکی ئەوکاتی میسر کردییە سەر چەپەکان.

لە ساڵی (٢٠٠٣) لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای رۆشنبیری عەرەبی، خەڵاتی رۆمانی عەرەبی پێ بەخشرا، بەڵام ئەو رەتیکردەوە و خەڵاتەکەی وەرنەگرت.

لە ساڵی (٢٠٠٤) خەڵاتی (ئیبن روشد بۆ فیکری ئازاد)ی پێ بەخشرا.

## بەرهەمەکانی:

رۆمان: (ئەم بۆنە)، (لیژنە)، (ئەستێرەی ئۆگۆستۆس)، (بەیروت، بەیروت)، (خود)، (شەرەف)، (گوڵ)، (ئەمەریکانلی)، (بەستەڵەك)، (یادەوەرییەکانی بەندیخانەی واحات-ژیاننامە)، (دزیکردن)، (مێزەر و شەبقە) (یاسای فەرەنسی). هەروەها کورتە چیرۆکەکانی.

**سازدانی: کەمال شیحاوی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەلئاوان.**

# هەمووومان وەکو یەك توانای گۆڕانمان هەیە



گفتوگۆ لەگەڵ رەجا ئەلعالم

ئافرەتە رۆماننووسی سعودی (رەجا ئەلعالم)، لە شاری مەککە لەدایك بووە، ئەو یەکەم ئافرەتی عەرەبی و سعودیە کە کۆپییە عەرەبییەکەی خەلاتی پۆکەری لە خولی چوارەمدا بەدەست هێنا، (عالم) بە رۆمانە زۆرەکانی، هەوڵ دەدات باز بەسەر مێژووی ئەم کۆمەڵگایەدا بدات، لەسەرەتای دەستپێکی مێژووەکەوە تا دەگاتە سەردەمی ئەمڕۆ.

ئێمە دەرفەتمان بۆ رێککەوت کە ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ (رەجا ئەلعالم)دا ئەنجام بدەین.

** بەو پێیەی تۆ یەکەم ئافرەتی عەرەبی کە (خەلاتی پۆکەر)ت بەدەست هێناوە، چۆن دەڕوانییە ئەم سەرکەوتنە؟*

- بردنەوەم بۆ خەلاتی پۆکەر، بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە هەموومان وەکو یەك توانای گۆڕانمان هەیە، ئافرەتی عەرەبی رۆل و توانای گۆڕانی هەیە، چ بە دابەزینی بۆ شەقامەکان و رەتکردنەوەی توندوتیژی و زوڵم و زۆرداری، یانیش بە هاندان لە رێگای نووسینەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم زوڵم و زۆردارییە.

** چۆن دەڕوانییە بڕیارەکەی لێژنەی دادوەری خەلاتەکە، کە ئەمساڵ بڕیاریدا خەلاتەکە بە هاوبەشی بە تۆ و بە رۆماننووسی مەغریبی (محەمەد ئەلەئەشعەری) بدرێت؟*

- بە لای منەوە بڕیاری دابەشکردنی خەلاتەکە بە هاوبەشی ئاسایی بوو، بە هیچ شێوەیەك زیانی نەبوو، چونکە هەڵسەنگاندن دابەش ناکرێ، رۆمانەکەی من و رۆمانەکەی (ئەشعەری) خەلاتی پۆکەریان بەدەست هێنا، ئەوەی لەلایەنە مادییەکە و بڕە پارەکەشەوە تەماشای خەلاتەکە دەکات، ئەم پرسە بەلای منەوە گرنگییەکی گەورەی نییە.

* هەمیشە نووسینەکانی تۆ دەربارەی کۆمەڵگای سعودین، جیاوازی چییە لە نێوان رۆمانی (کەمەربەندی کۆتر) و رۆمانەکانی پێشترت؟

- وەکو یەك بوونەوەر دەڕوانمە کتێبەکانم، ئەم بوونەوەرە هەزاران ساڵ پێش ئێستا ژیانی دەست پێکردووە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەرەو ژیانی ئێستامان دێت، لە نووسینەکانمدا دەبینی (مەککە) قسە دەربارەی خودی خۆی دەکات و هەوڵیش دەدات بۆ ئەوەی باز بەسەر (مەککە)دا بدات، مەبەستم ئەم کیانە تەواو و دروستەیە لە میانەی رێڕەوە مێژووییەکانیدا، بۆیە من سەر بەو جیهانە (نوێبووەوە)م.

** چ پەیامێکت هەیە هەم بۆ ئەوانەی لە پێشانگای ریاز بۆ کتێب ئاژاوەیان نایەوە و هەم بۆ ئەوەش کە خەڵاتی پۆکەرت بەدەستهێنا؟*

- لەو باوەڕەدام کە ئەمانە خەڵکانێکن بە بەرنامە ئەم کارەیان کرد، هەوڵیان دا چەند کتێبێکی دیاریکراو دووربخەنەوە، ناشتوانن ئەم پەیامەی خۆیان بگەیەنن، باوەڕناکەم بردنەوەی من هیچ گرنگییەکی بۆ ئەوان هەبێ، لەوانەیە نووسینەکانی من دەربارەی (مەککە) شتێکی لەناکاو بێت بۆ ئەو کەسانەی دەیخوێننەوە. بە گشتی خەڵکی ئاسایی کتێبەکانی من ناخوێننەوە، بەڵکو کەسانێك بە دوای کتێبەکانمدا دەگەڕێن کە لەوباوەڕەدان نووسین بریتییە لە کردەی (هەڵکەندنی خود).

** ئایا نووسینەکانی تۆ دەتوانێ نەوەیەك دروست بکات کە توانای دوورخستنەوەی سعودییەکانی لە سەلەفییەکان هەبێ؟*

- لەو باوەڕەدام کە فیکر بە هەمان شێوەی هەر شوێنێکی دی لە سعودیەش هەیە، من هەمیشە دژی ئەو بۆچوونەم کە دەڵێن سعودیە خاوەن (فیکرێکی خۆماڵی)یە، نەوە نوێکان هەموویان بە شارستانییە کۆنەکان پەیوەست بوونە و توانای گۆڕانیان هەیە، منیش یەکێکم لەو شەپۆڵە زۆرانەی کە لەوانەیە ئەوانیتر نەیانناسن، بەڵام ئێستا بوونیان هەیە، زۆرێك لە هونەرمەندە پیاو و ئافرەتەکان و نووسەرەکان و دەرهێنەرە سعودییەکان پەیوەندیم پێوە دەکەن و دەیانەوێ لەگەڵ ئەزموونەکەی من کار بکەن و بەردەوام بن، بۆیە ناتوانین بڵێین سەرکوتکردنی فیکر لە سعودیە هەیە، من لە مەککە لەدایکبوومە و زۆربەی ژیانی خۆم تێیدا بردۆتە سەر، تا ئێستاش یەك کەس منی سەرکوت نەکردووە.

** ڕەوتی سەلەفی تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ کاریگەری لەسەر نەوە نوێیەکان هەبێ؟*

- لە سعودیە عەقلە گەشەکردووەکان هیچ کاریگەرییەکی فیکری سەلەفییان لەسەر نییە، چونکە بوونەتە بوونەوەری گەردوونی، تازە توانای داخرانی هیچێکیان نەماوە، ئێمە ئێستا لە سەردەمی نەوەیەکین کە لە تەواوی جیهان پێگەیشتووە، لەو باوەڕەدام ئەوەی لە تونس و میسر ڕوویاندا و ئەوەی ئێستاش لە لیبیا ڕوو دەدات، کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەیە، ئەم نەوە نوێیانە کاریگەری ڕەوتی سەلەفی و کۆنترۆڵکردنی عەقلەکانیان کەم کردۆتەوە، لە پێنج شەش ساڵی دیکە نەوەکانی سعودیە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە و گۆڕانێکی ریشەیی لە شانشینی

سعودیەدا دەبینین، سەرەڕای ئەمە، ئەو ڕووداوانەی ئێستا ڕوودەدەن، کاریگەرییان لەسەر ئەو نەوەیە دەبێ کە بەرەبەرە پێدەگەن، ئینجاش ئەو چەمکە نەماوە کە بڵێین کەسێك لە ناوچەیەکی دیاریکراو پەروەردە دەبێت، کەسێك نابینییەوە کە بتوانێ بڵێت من کوڕی حوسێن یان کوڕی شامیەم، ئێمە بووینەتە ڕۆڵەی جیهان، تاکە گروپێك چۆن دەتوانێ دەرگا بەڕووی جیهان دابخات.

** چ شتێك وای لە ڕەجا ئەلعالم کرد ببێتە خاوەنی ئەم بیرە ڕۆشنگەرانەیە؟*

- باوکم.. من لەوەدا بەختم باش بوو کە لە خێزانێك لە دایکبووم پڕی بوو لە زانای سۆفیگەر، خێزانەکەی ئێمە بە هۆی باپیرمەوە نازناوی عالم (زانا)ی پێ بەخشرا، چونکە پیاوی زانست بوو، باوکم ئەو کەسە بوو کە هەموو قورئانی پیرۆز و شیعریشی لەبەر بوو، بە (ساز)یش گۆرانی دەگوت، هیچ کات وای نەکردووە من وا هەست بکەم کە ئازادی من موڵکی ئەوە.

## رەجا ئەلعالم:

رەجا محەمەد عالم، رۆماننووسێکی سعودیە و لە شاری مەککە لەدایکبووە، رۆمانەکانی لە سەر رێبازی گێڕانەوەی سیمبولیانەی سۆفیگەری قووڵ و لە روانگەی تێڕوانینێکی گەردوونیانەی کراوە دەنووسێت.

## بەرهەمەکانی:

- خَبّی.
- موقد الگیر.
- خاتم.
- سیدی وحدانه.
- نهر الحیوان.
- الرقص علی سن الشوکه.
- الموت الآخیر للممپل.
- پقوب فی القهر. (نص مسرحی).
- أربعه - صفر.
- گریق الحریر.
- مسری یا رقیب.
- گوق الحمام.

**سازدانی: بیلال رەمەزان**

**سەرچاوە:**

http://www.youm7.com/NewsPrint.asp?NewsID=371154

# کاتێ ڕۆمان دەنووسم، بیر لە بڵاوکردنەوەی ناکەمەوە



گفتوگۆ لەگەڵ میرال تەحاوی

رۆماننووسی میسری (میرال تەحاوی)، سەرەڕای کەمی ڕێژەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بەڵام توانیویەتی خەڵاتی زۆر بە دەست بێنێ، رۆمانەکەی (برۆکلین هایتس)، توانی خەڵاتی (نەجیب مەحفوز) بەدەست بێنێ، هەروەها رۆمانی (پەناگە)ی وەکو باشترین رۆمانی ساڵی (١٩٩٦) لە میسر دەسنیشان کرا. (رۆمانی دەنگی پێی کارمامزەکان) خەڵاتی (پێشانگای قاهیرەی نێودەوڵەتی بۆ کتێب)ی بەدەستهێنا، رۆمانی (برۆکلین هایتس) بۆ خەڵاتی پۆکەری عەرەبی ناسراو بە (خەڵاتی جیهانی بۆ رۆمانی عەرەبی) لە ساڵی (٢٠١١) پاڵێورابوو، خەڵاتی لیستی کورتی لە پۆکەر بەدەست هێنا.

**** لەبارەی خەڵاتی (نەجیب مەحفوز)ەوە چی دەڵێی کە بەدەستت هێنا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ماوەی چەند ساڵێك لە ناوەندی رۆشنبیریی دووركەوتبوویەوە؟***

- پێشبینی ئەو هەموو رێزگرتن و نووسینە رەخنەییانەم نەدەکرد کە لەسەر رۆمانەکەم نووسران، ئەمە بۆ من شتێکی لەناکاو و دڵخۆشکەر بوو.

**** ئەی دەربارەی پاڵاوتنی رۆمانەکەت بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی پۆکەری عەرەبی دەڵێی چی؟***

- بوونی ناوم لە لیستی خەڵاتی پۆکەری عەرەبی، شتێکی دیکەی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو بوو کە بە هیچ شێوەیەك پێشبینیم نەدەکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی رەخنەگران گوتیان ئەم رۆمانە بەراستی شایستەی خەڵاتەکەیە.

**** کاتێ رۆمان دەنووسی، ئەوەت بە بیردا دێ خەڵات بەدەست بێنی؟***

- کاتێ رۆمان دەنووسم، بیر لە بڵاوکردنەوەی ناکەمەوە، بەتایبەتیش ئەوە بۆ من ئەزموونێکی نوێیە و لەبەر ئەو هۆکارانەش کە پەیوەستن بە خوێنەرەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی چەند ساڵێك لە ناوەندەکە دووركەوتمەوە. ژیانی ئەدەبیشم وای لێکردم لە گەڕانەوە بۆ دنیای ئەدەب بترسم، ترسی ئەوەم هەبوو رۆمانەکە لەلایەن رۆشنبیرانەوە رەتبکرێتەوە.

**** ئەو مشتومڕانە چۆن دەبینی کە لە میانەی بەدەستهێنانی خەڵاتەکە دروست دەبن و رات بەرامبەر بەو تۆمەتانە چییە کە رووبەڕووی لێژنەکە دەبنەوە؟***

- هەموو خەڵاتێك مشتومڕ دەوروژێنێ، چونکە تەنها یەك براوە بۆ خەڵاتەکە هەڵدەبژێردرێت، باوەڕم وایە ئەم مشتومڕانە ئیجابین و خوێندنەوە چێژی خۆی هەیە، لەگەڵ

جیاوازبوونی دادوەرانیش، پاڵێوراوانی خەڵاتەکە دەگۆڕێن، من خۆم دوورەپەرێز دەگرم لەو کاردانەوە جیاوازانەی لەسەر خەڵاتەکە هەن، پێویستە ئێمە کێبڕکێ قبوڵ بکەین و بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ داهێنان بکەین کە دۆخێکە لە دۆخەکانی لێبووردن، بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی ئەم بەرهەمە سەر بە چ هەرێمێکە، گرنگ ئەوەیە هەموو دەقەکان عەرەبین و دەچنە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی عەرەبییەوە.

**** تا چەند دەتوانین بڵێین: نووسین هۆکارێکە بۆ پاکبوونەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ جیهان، بەتایبەتیش رووخساری (هیند)ی پاڵەوانی رۆمانی (برۆکلین هایتس) زۆر لە رووخساری تۆ دەچێت؟***

- لە کاتی نووسینی رۆماندا، زۆر گرنگی بەوە نادەم رووخساری خۆم بەدیار بخەم، بەڵام هەست دەکەم کەسایەتی (هیند) لە رۆحی منەوە نزیکە، لە رووی دەروونیشەوە بەشێك لە رواڵەتی منی هەڵگرتووە، هیوای ئەوە دەخوازم رەخنەگران وەکو دەقێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ رۆمانەکەدا بکەن.

**** ئایا دەتوانین رۆمانەکە لە ژێر ناوی (ئەدەبی دانپێدانان) یان (یاداشتنامەی ژیان) پۆلێن بکەین؟***

- ناتوانرێ رۆمانی (برۆکلین هایتس) لە ژێر ئەم دوو ناونیشانە پۆلێن بکرێ، ئەگەر ئەمە یاداشتنامە بێ، کەواتە من بیرەوەریی دەگێڕمەوە نەك رۆمان، بەتایبەتیش ئەم جۆرە ئەدەبە، پێویستی بە بڕوامەندبوون و پێشوەختە هێنانی ناوی راستەقینەی کەسەکان و هەڵوێست و شوێنە جیاوازەکان هەیە، بەڵام دەتوانرێ بەناوی (رۆمانی خودی)ی پۆلێن بکرێت، کە تیایدا رۆماننووس کەسێکی دیاریکراو دەهێنێ و ئەم کەسەش لێکچوونی لەگەڵ ئەزموونەکەیدا هەیە و هەمیشە کاروانی ژیانی سێ نەوە دەگێڕێتەوە، داپیر و دایك و کچ. بە بڕوای خۆم لە (برۆکلین هایتس)دا من ئەمەم کردووە.

**** رۆمانەکەت بە کەلەپوورە بۆماوە مىللییەکانی ئافرەتان دەوڵەمەند کراوە، بۆ نموونە گۆرانی باو و باپیرە دەشتەکییەکان.. ئایا دەتوانین ئەمە بە جۆرێك لە سەرکەوتنی ئافرەتە پەراوێزخراوەکان دابنێین؟***

- لە کۆمەڵگایەکی دەشتەکی(بدوی)دا دەستم بە نووسین کردووە، چونکە ئەمە بەشێکە لە مێژوو و پەیوەندی من بە ناوچەکەوە، لە نووسینەکانمدا، پشت بەوە دەبەستم کە دەیزانم، پشت بەو ئەزموونە کەڵەکە بووە دەبەستم کە لەبارەی ئەم جیهانەوە هەمە.

**** لە پشت ئەو بارگرژییەی لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا هەیە، ئەم ڕۆمانە پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە باس دەکات، چ شتێکە وای کردووە ڕۆمانەکە ئەم کێشەیە، کە وەکو ناوچەیەکی دڕکاوییە بخاتە بەر باس؟***

- ڕۆمانەکە لەبارەی ئایینە جیاوازەکان دەدوێ، ئەمە یەکێکە لەو بەهایانەی ڕۆمانەکە دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە، بیرۆکەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا هەمیشە گەلێ پرسیار دەربارەی ئایین دەوروژێنێ، بەتایبەتیش خەڵك کە دەچنە ڕۆژئاوا، جیاوازییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە و دەیانبەن. ئەم تاراوگەیە جیاوازییەکی زۆری ئایینی دروست دەکات، کاتێ منداڵێك دەچێتە ئەمەریکا، ئایینەکەی جیاواز دەبێ و لەگەڵ ئەزموونێکی نوێدا دەژی، لەم ڕۆمانەدا بەرگریم لە مەسیحییەکان نەکردووە، بەڵکو بەرگریم لە ئازادی مرۆڤ کردووە، کە چۆن سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەی هەیەتی، لەو کۆمەڵگا نوێیەدا قبوڵ دەکرێ و لەگەڵیان دەگونجێ.

**** بەوپێیەی تۆ نووسەری و لە کۆمەڵگای ئەمەریکی دەژی.. پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوای ڕووداوەکەی یازدەی سیپتێمبەر چۆن دەبینی؟***

- بە بڕوای من دوای ڕووداوەکانی یازدەی سێبتێمبەر، پردی فیکری لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە توندی تێکشکا و پەیوەندییەکانیش دابەش بووە، بەشێکی هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی کلتوورمان لە میانەی گرنگیدان بە ئەدەبی عەرەبی و لۆبی عەرەبی، بەشێکی دیکەش پەیوەستە بە پێکدادانی نێوان کلتوورەکانەوە، ئەم بارگرژییانە ڕۆژانە لە زیادبووندان، بە تایبەتیش لەگەڵ تێنەگەیشتن و دەستێوەردانی ئەمەریکا لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە سەرەڕای هەبوونی ئەم هەموو کارە تیرۆرستییە، پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیوەندییەکی گرژ و ئاڵۆزە، ئەم دۆخە تا سەدەی داهاتووش بەردەوام دەبێت، هۆکارەکەشی ئەو وێنا شێوەگەرییەیە کە هەریەکەیان بۆ ئەویتر دروستی دەکات.

*** ئایا وەرگێڕان کاریگەری هەیە لەسەر گەیاندنی وێنەیەکی میانڕەوانەی ئێمە بەرامبەر جیهان؟**

- بە بۆچوونی من وەرگێڕان تاکە شتێکە دەتوانێ ئالۆزییەکان بڕەوێنێتەوە، ڕێگا بە دروستکردنی پەیوەندی نێوان ولاّتان دەدات. لە میانەی وەرگێڕاندا (ئەویتر) دەتوانێ راوبۆچوونی خۆی دەربارەی من بلێت و بمبینێ و کلتوور و شارستانییەتی من بناسێ، وەرگێڕان تاکە چارەسەرە نەك تەنها بۆ باشترکردنی وێنەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئافرەتی موسولمان، بەلکو بۆ تێپەڕین بەسەر زۆر ناوچەی سەخت لە نێوان کلتوورەکان و گۆڕانی تێڕوانینی باوی رۆژئاوا لەسەر عەرەب و موسلمان.

*** لەمیانەی زنجیرەی (هاری پۆتەر)دا دەست بۆ هونەری نووسینی منداڵان دەبەی؟**

- بلاّوکەرەوەی (هاری پۆتەر) ئەوەی بۆ پێشنیار کردم کە لەبارەی سەرکێشییەکانی مندالاّنی عەرەبەوە بنووسم، ئەمە بیرۆکەیەکی باشە. نووسین بۆ ئەم تەمەنە چێژبەخشە، بەلاّم من لەمە داوای لێبوردنم کرد، لەبەرئەوەی خۆم وا دەبینم نووسەرێکی ئاساییم، پێشتر هەولی نووسینی مندالاّنم نەداوە، بەلاّم لە هەموو نووسینەکانمدا ستایشی تەمەنی مندالیی دەکەم.

*** بە بۆچوونی تۆ دیارترین ئەو کێشانەی رووبەڕووی رۆماننوس دەبنەوە چین؟**

- زۆر کێشە هەن رووبەڕووی رۆماننووسان دەبنەوە، لەوانەش: گەڕەلاوژەی بلاّوکردنەوە، کێشەی گەیشتنی کتێب بە دەستی خوێنەری راستەقینە، گرانی نرخی کتێب، ئینجا دەبێ نووسەر ململانێیەکی قورس بکات، بازاڕەکە گەورە بووە و زۆر ناوی گەورە هاتوونەتە پێشەوە، هەمیشە و بە بەردەوامیش کێشەی دارایی هەیە.

*** رات چییە بەرامبەر داهێنانی ئافرەتان لە میسر؟**

- گۆڕەپانی رۆشنبیریی لە هەموو رووەکانەوە پڕە لە داهێنان، رێژەی نووسینی ئافرەتان بەردەوام لە زیادبووندایە، بۆیە ئەم سەردەمە بە گەشانەوەی ئافرەتان دەناسرێتەوە، هەم لە رووی ژمارەیان و هەم لە رووی داهێنانیشەوە، ئافرەتان گەیشتوونەتە باشترین خەلاّت، نەوەی ئێمە پڕە لە چەندێتی و چۆنییەتی، پێگەیشتنێك هەیە لە مامەلەکردن لەگەل دەقی ئافرەتاندا، کاری ئەدەبی لە ئێستادا لەسەر بنەمای داهێنان هەلدەسەنگێندرێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی جۆر و رەچەلەك و ئایین و هەرێم.

***ئارەزووی ئەوەت هەیە رۆمانەکەت (برۆکلین هایتس) بکرێتە فیلمی سینەمایی؟**

- هەموو نووسەرێك حەزدەكات مامەڵە لەگەڵ سینەمادا بکات، دەقی رۆمان بۆ ئەوە نووسراوە مامەڵە لەگەڵ سینەما بکات، بەڵام زۆر جار ئەو دەقانەی دەینووسین لەگەڵ کەشوهەوای سینەما و پێویستییەکانی بەرهەمهێناندا ناگونجێ.

هەمیشە نووسەر چاوی لەسەر سینەمایە، بەڵام سینەماش تەماشای سیناریست دەکات، سیناریست لە نێوان دەق و سینەما دەوەستێ، سینەما وەکو گۆچانێکە بۆ نووسەر، دەخوازم گرنگی بە دەقە ئەدەبییەکان بدرێت.

## میرال تەحاوی:

لە ساڵی (١٩٦٨) لە میسر لەدایکبووە، لە خێزانێکی دەشتەکی (بدوی) گەورە بووە، بە خوێندنی ئەدەب رووبەڕووی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بۆتەوە، لە زانکۆی (زەقازیق)ی قاهیرە خوێندویەتی، لەگەڵ یەکەم رۆمانیدا کە بەناوی (پەناگە) بووە لەساڵی (١٩٩٦) ناوی دەرکرد.

رۆمانی (پەناگە)ی لە ساڵی (١٩٩٦) وەکو باشترین رۆمان لە میسر دەسنیشان کرا.

لە ساڵی (٢٠٠٠) وەکو یەکەم ژنەنووسەری میسری، بەهۆی رۆمانی (باینجانی شین)، بۆ (خەلاٚتی دەوڵەت بۆ هاندانی ئەدەبی) دەسنیشان کرا.

ساڵی (٢٠٠٢) رۆمانی سێیەمی (دەنگی پێی کارمامزەکان) خەلاٚتی پێشانگای قاهیرە بۆ کتێبی پێ بەخشرا.

## بەرهەمە ئەدەبییەکانی:

- ريم البراري المستحيله — کۆمەڵەچیرۆك.
- الخباو — رۆمان.
- الباذنجانه الزرقاو — رۆمان.
- نقرات القباو — رۆمان.
- برۆکلین هایتس- رۆمان.

**سەرچاوە:**

http://www.baladnews.com/article.php?cat=10&article=9399